# پرسی کورد

گۆڤارێکی ڕۆشنبیریی گشتی سەربەخۆی وەرزییە
ژمارە (٢) ساڵی یەکەم - پاییزی ٢٧٢٤ ک ٢٠٢٤ ز




## - نێرگز لە دۆزەخی ئەنفالدا



## - ئێزدییەکان کوردن (ئێمەین مامەڵەی کوردیان لەتەکدا ناکەین)

## - مێژووی ژن و هەنگاوێکی بوێر

## - ماڵی کتێب



# سوپاس و پێزانین

سوپاس و پێزانینی خۆمان ئاڕاستەی ئەم بەڕێزانە دەکەین بەهاوکاریکردنیان بۆ چاپکردنی دووەم ژمارەی گۆڤاری پرسی کورد:



١- بەڕێز / شەریف حاجی ڕەسوڵ (خاوەنی کۆمپانیای سەفرە).




٢- بەڕێز / حاجی محەمەد عەباس ڕەشید سیوەیلی.



٣- بەڕێز/ شێخ سەردار شێخ قادر کارێزە.

هەر بژین بۆ خزمەتی کوردو کوردستان..

گۆڤاری پرسی کورد



پاییزی کوردستان

# پرسی کورد

گۆڤارێکی ڕۆشنبیریی گشتی سەربەخۆی وەرزییە
ژمارە (٢) ساڵی یەکەم - پاییزی ٢٧٢٤ ک ٢٠٢٤ ز



خاوەنی ئیمتیازو سەرنووسەر
جەمال مەلا سەعید
٠٧٧٠٧٦٥٤٥٦٤
Jamal Mala Saeed
jamal.rashed957@gmail.com



بەڕێوەبەری نووسین
عومەر ئیسماعیل
aumerasmail@yahoo.com
Ûmer Îsmail
٧٥٠١٥٤٤٥١٨ - ٧٧٠١٤٢١٨٦٩



ڕاوێژکاری یاسایی
بێستون عەلی قادر

ستافی نووسین

عەتا مەحمود | ڕاز ئەسعەد | داناز عەبدولڕەحمان | سەرهەنگ عەبدولڕەحمان






گۆڤاری پرسی کورد جگە لە سەروتار بەرپرسیار نییە لە سیاسەت و ناوەڕۆکی وتار و بابەتەکانی نوسەران

دیزاین
جەلیل حسێن

چاپ
چاپخانەی کارۆ

نرخ
(٣٠٠٠) دینار
تیراژ (٥٠٠) دانە

ناونیشان: سلێمانی - تەلاری کۆمەڵەی کەلەپورو فۆلکلۆری کورد

# ناوەڕۆک

سەروتار :
- پرسی زمانی کوردی...جەمال مەلا سەعید....................................................................5
بیروڕای ئازاد:
- نێرگز لە دۆزەخی ئەنفالدای عارف قوربانیدا...د. سەردار فایەق/ م.ی. عیماد شکور.............................6
- کورد دەبێت ئەنفال بکرێت...محەمەد حەمە تەقی........................................................................19
- گروپی بێڵدربێرگ، یان دەوڵەتی سێبەری جیهان... عومەر ئیسماعیل باوزێیی.................................23
- مارەکانی زوحاک...د. کامەران محەمەد..........................................................................................32
- ١٧ ی تەمووز...ڕەسوڵ بەختیار......................................................................................................36
- ئەو سەختییانەی ژیان دروست دەکەنەوە!...د. کامەران مەنتك.........................................................40
- پەیڤیک لە میحنەکانی نیشتیمانەوە... ئەحمەد حەمەساڵح مەعروف....................................................42
- کچانی کۆبانێ...جەواد ئیسحاقیان/ و: ئەرسەلان حەسەن..................................................................45
- شەڕی گەرم بە هێزی نەرم ؟!...هاوار مستەفا.....................................................................................58
ڕوانگەی ژن:
- پەرلەمان و ژنان...لە فارسییەوەوە جەواد حەیدەری.........................................................................62
- مێژووی ژن و هەنگاوێکی بوێر...ڕاز ئەسعەد.....................................................................................64
ئەدەب و هونەر:
- ئانارشیزمی زمانی لە شیعردا...ساڵح سووزەنی.................................................................................68
- ماڵی کتێب...عەتا محمود.................................................................................................................77
- ڕیسایکل پێدانی شوناسێکی تر...ڕێبوار سەعید.................................................................................82
- نیشتمان مێردێکی ناحەزە لێی جیا دەبمەوە...نەزەند بەگیخانی..........................................................89
- سینەمای کوردی هونەرێکی سارد لە شەقامێکی تووڕەدا...عەتا حەمەساڵح............................................94
- دەنگبێژی وەک بەشێک لە ناسنامەی کولتووری کورد...ڕێژەن حەسەن..................................................98
- شیعرێکی بڵاونەکراوەی بێسارانی...ڕزگار جەباری...........................................................................104
- کاروان عوسمان، دەنگێک، هەڵقوڵاوی سروشتە جوانەکەی شاربازێڕ...ئا: ئازاد تەها.........................111
مێژوو:
- ئێزدییەکان کوردن ئێمەین مامەڵەی کوردیان لەتەکدا ناکەین...سۆران حەمە ڕەش..........................112
- ئاسیا تۆفیق وەهبی ئەستێرەیەکی گەشە لە ئاسمانی...داناز عەبدولڕەحمان.......................................117
- شۆڕشگێڕ و مێژوونووسی شۆڕشەکانی دێرسیم...د. فەرەیدون عەبدولستار.......................................124
- خۆشنووسانی کورد: عەبدوڵڵا بەگی میسباح دیوان...ئا: ئەحمەد سەعید..........................................129
- تەنگ و دەربەندەکانی سەر چەمی قەڵاچوالان و...و: محەمەد حەمەساڵح..........................................133
- قادر عەبدوڵا و کوردەکان...لەتیف فاتیح فەرەج...............................................................................144
هەمەڕەنگ:
- حەمە عەرەب: زۆرم پێ خۆشە کورد سەربەخۆیی خۆی ڕابگەیەنێت...ئا: سەرهەنگ عەبدولڕەحمان.......146
- پرسی پەروەردە لە کوردستاندا...ڕزگار خدر مستەفا...........................................................................150
- وزەی خۆر solar power...م. محمد احمد کریم...................................................................................153
- کاریگەری جەنگ لەسەر سیستەمی تەندروستی جیهان...د. گۆران عبدالقادر.......................................158
- بۆچی گرنگی بە یارییە جۆراوجۆرەکانی بواری وەرزش بدرێت؟...ئومێد محەمەد پیرۆت.......................161



جەمال مەلا سەعید

# پرسی زمانی ستانداردی کوردی بەرەو کوێ؟!

پرسی زمانی یەکگرتوو (ستاندار) هاوبەش یەکێک لە هەرە کێشە سەرەکییەکانی شوناسی نەتەوەیی و نیشتیمانییە، بە هۆی ئەو فرەزار و بنزارو فرەچەشنی و جوگرافیای جیاواز نەتوانراوە ئەلفبێیەکی یەکگرتووی کوردی و ڕێنووسێکی یەکگرتوو لە هەموو زارەکان بکات بە ڕێزمان و زمانی فەرمیی خوێندن و نووسین و قسەکردن. هەموو ئەو دیالێکتانەی کە لە بەشەکانی کوردستان و شوێنەکانی تر بە نووسین و خوێندنەوە و گفتوگۆکردن وەک زمانی دایک بەکار دێن مافی هەموو تاکێکی کوردە بەڵام دەکرێ وەک گەلانی دنیا زمانێکی یەکگرتووی فەرمی هەبێ. بە پێی بەڵگەنامەو نووسینەکانی زمانناسان و مێژوونووسان و بیرمەندان و شارەزایان سەرەتا و بنەماکانی زمان و فەرهەنگ لە مێژوودا بیروبۆچوونی جیاوازی لەسەرە.

بەڵام ئەوەی زۆرێک لە زمانناسان و شارەزایانی کورد و لە بەشەکانی کوردستان و دەرەوەی وڵات دیالێکتەکانیان بەم شێوازە پۆلێن کردوون، ئەوانیش:

١) کرمانجی ژووروو. ٢) کرمانجی ناوین. ٣) کرمانجی خواروو. ٤) گۆران ٥) زازاکی.

هەریەک لەم دیالێکتانەش دابەش بوون بە پێی ناوچەکان:

١) کرمانجی سەروو: بایەزیدی-بادینی- هەکاری- بۆتانی- ڕۆژئاوا- شەمدینان.

٢) کرمانجی ناوین: سلێمانی – سۆرانی- موکری- گەرمیانی- ئەردەڵانی.

٣) کرمانجی خواروو: کەڵهوڕی -لوڕی -بەختیاری- لەکی- مامەسەنی- گومگڵۆ.

٤) گۆران: هەورامانی- باجەلانی-ماچۆ- شەبەک- فەیلی- دەملی.

٥) زازاکی: دەرسیم -ئەزرنگان -خارپێت -چۆلیک.

لەگەڵ هەندێک بۆچوونی جیاواز کە ڕایان وایە سەرچاوەی زمانی کوردی دەگەڕێتەوە بۆ بەرەی هیندۆئەورووپی و ئاری ڕەگ و ڕیشەکان وردترن. بەم شێوازە:

هۆمەری- خالدی- لوولو- نوراتۆ- سوومەری- سوبازۆ- ئەلامی- ساسانی- کاردۆکی- ئاری گۆتی- متانی- مانی- پارتی- مەدیا- کاردۆک. لە قۆناغەکانی ڕابردوودا بەدرێژایی مێژوو، بە هۆی داگیرکاریی تورک و فارس و عەرەب و ڕۆمەوە و دابەشکردنی نیشتیمان و ئاوارەبوون و کاریگەریی ئاین و مەزهەبە جیاوازەکان، لەسەر زمان و فەرهەنگی کوردی و سیاسەتی چەواشە و خراپی باری ئابووری، نەتوانراوە کورد بێتە خاوەنی زمانێکی یەکگرتووی خۆی. لە سەردەمی دەسەڵاتی یەکێتیی سۆڤیەتدا، کورد کە لە قەفقاز- ئازەربایجان و ئەرمەنستان – کورجستان کەلاچین بە کوردستانی سوور ناسراو بوو. زمانی کوردی لە قوتابخانەو چاپەمەنییەکان گەشەی کردبوو بۆ نووسین و ئاخاوتن. لە ئێستادا لە باکوور و ڕۆژئاوای کوردستان زیاتر دیالێکتی کرمانجی ژووروو بۆ نووسین و خوێندنەوە و قسەکردن بەکار دێت، هەروەها ڕێنوسی لاتینی بە هەمان شێوە بەکار دەهێنرێت وەک زمانی هاوبەش. لە باشوور و ڕۆژهەڵاتی کوردستانیش دیالێکتی کرمانجی ناوین زیاتر سۆرانی بەکار دەهێنن، بۆیە ئەو هۆکارە بووەتە لێکتێنەگەیشتنی ئەو بەشانەی کوردستان ئەوەشی بووەتە گرفتێکی گەورەی زمان و فەرهەنگ و هونەر. لەم قۆناغەی سەردەمی بەجیهانبوون (عەولەمە) و سەرمایەداری گەیشتنی ژمارەی کورد بە زیاتر لە ٦٠ ملیۆن مرۆڤ، کە تا ئێستا نە زمانێکی ستاندار و یەکگرتوومان هەیە نە دەوڵەتێکی سەربەخۆ ئەوەی هەیە لە باشووری کوردستاندا ماوەی زیاتر لە ٣٣ ساڵە هەرێمێکمان بە پێی دەستوور هەیە ئەویش نەیتوانیوە دامەزراوەیەکی نیشتیمانی دابمەزرێنێت تاکوو زمان و فەرهەنگ و سوپای یەکگرتوو و ئابووری سەربەخۆ دروست بکات.

بۆیە لە ئێستادا کە خەباتی ڕزگاری نیشتیمانی بەردەوامی هەیە و ماوەی چەند ساڵێکە ئیدارەی خۆسەری لە ڕۆژئاوای کوردستان هەیە، پێویستە دڵسۆزان و بیرمەندان شارەزایانی زمان و مێژوونووسان و ئەکادیمییەکان بیر لە بەستنی کۆنفرانسێکی نەتەوەیی و نیشتیمانی بکەنەوە، بەمەبەستی چارەسەری کێشەی زمانی ستانداردی کوردیزمانێکی هاوبەش و یەکگرتوو بۆ ڕێنوس و چاپ بڕیاری لەسەر بدرێ لە قوتابخانەو زانکۆکان بخوێندرێ و تاببێتە شوناسی کورد لە جیهاندا.

# کاریگەرییەکانی ئەنفال لە بیرەوەرییەکانی (نێرگز لە دۆزەخی ئەنفالدا)ی عارف قوربانیدا



د. سەردار فایەق مەجید



م.ی. عیماد شکور مەحمود

هەواڵنامەی کتێب

**بەشی یەکەم:**

**ڕۆمانی ناخەیاڵی، دۆکیۆمێنتاری، ئەنفال.**

١-١- ڕۆمانی ناخەیاڵی (non-fiction novel).

ژانرێکی ئەدەبییە، بە شێوەیەکی گشتی هەوڵی داوە کەسایەتییە ڕاستەقینە مێژووییەکان و ڕووداوە ڕاستییەکانی نێو مێژوو پێکەوە وابەستە بکات، لە هەمان کاتدا ڕێگە بە نووسەر دەدات لە کاتی گێڕانەوەدا تەکنیکی خەیاڵیش بەکار بهێنێت.


١-٢- دۆکیۆمێنتاری.

لە ڕووی زمانەوانییەوە بە مانایی () باوەڕپێکراو بە واتای متمانەداری، بە باوەڕەوە وەرگرتنی شتێک دێت.)) (حجازی، ٢٠٠١: ٧٨). سەرجەمی ئەو بەڵگانە دەگرێتەوە کە دەکرێت بە ڕەمز و هێما گوزارشت لە بیرەوەرییەکانی کەسێک بکات، یاخود بە «کاغەزی نووسراو، یان تۆمارێکیش دەگوترێت.» (حسەین، ٢٠١٣: ١٧٣).

دۆکیۆمێنتاری وەک و ژانرێک زۆرجار پەیوەندیی بە فیلم و وێنەگرتنەوە هەیە، لەبەر ئەوەی دۆکیۆمێنتارییەکان هەوڵی وێنەگرتنی دەوروبەریان دەدەن تەکنەلۆجیای کامێراش ئامرازێکی بەهێزە و دەستبەجێی کارەکان دەکات، بەڵام هەندێک لایەنی دیکەش هەیە نەک تەنیا میدیای بینراو بەڵکوو شاعیرانیش دەتوانن بەیت لەگەڵ توخمە نافەرمییەکان بۆ دروستکردنی کاری هونەری بەکار بهێنن، ئەم بابەتە لە سەدەی بیستەمدا شاعیرانی وەکوو موریل ڕوکیسەر(١٩١٣- ١٩٨٠) و ویلیام کارلۆس(١٨٨٣- ١٩٦٣)، توانییان پوختەی

ڕۆژنامە و ڕاپۆرتەکانی حکومەت و نامیلکە سیاسی و شایەتی شایەتحالان، هەروەها دۆکیۆمێنتەکانی دیکە بەکار بهێنن لە بونیادنانی دەقێکی شیعریی کۆمەڵایەتیدا، بەبێ ئەوەی کامێرا بەکار بهێنن، لە هەمان کاتدا هانی شاعیران و نووسەرانی دیکەشیاندا تاوەکوو برەو بەم کارەیان بدەن.( لۆبۆ، ٢٠٢١: ...). بەشێکی زۆری نووسەران و ڕەخنەگرانی ئەم بابەتە لەو بڕوایەدان کە ژانرە ئەدەبییەکان دەتوانن ڕۆڵیان هەبێت لە بەدۆکیۆمنتکردنی ڕووداوە مێژووییەکاندا، ((شیعر دەتوانێت بە باشی فیلمێکی دۆکیۆمێنتاری بونیاد بنێت)) (موراد، ٢٠٢٠: ٢).

دۆکیۆمێنتاری وەکوو ئامرازێکە بۆ دووبارە پەیوەندیدروستکردن لەگەڵ واقیعدا، لە ڕێگەی دۆکیۆمێنتارییەوە دەتوانین وێنەیەکی ڕیالیستییانەی واقیعی کۆمەڵایەتی، سیاسی، ... هتد




بکێشین، (ماجی،٢٠١٦: ٢). ئەدەب بە بەردەوامی لە نوێبوونەوە و گۆڕانکاریدایە هەمیشە بابەت و بیرۆکە لە واقیعی کۆمەڵگاوە دەگوێزێتەوە بۆ نێو ژانرە جیاوازەکانی، دەتوانێت ببێتە ئاوێنەی کۆمەڵگاکەی، ڕۆڵی دیاریشی هەبووە لە دەرخستنی بابەتە شاراوەکانی نێو کۆمەڵگادا، لە دیوێکی دیکەدا توانیویەتی ڕووداوە مێژووی و سیاسی و ئاینی و کارەساتە مرۆییەکان بئاخنێتە نێو ژانرەکانییەوە، ڕۆڵێکی دیکەی ئەدەب ئەوەیە کە دەتوانێت وەک بەڵگەیەکی مێژوویی بەکار بهێنرێت لە تۆمارکردنی ڕووداوەکاندا، ئەمەش بە شێوەیەکی زانستی دەکرێت، چونکە ئەو ڕووداوانەی کە باسیان لێوە دەکرێت لە زۆر باردا لە زاری بینەر و شایەتحاڵەکانەوە وەردەگیرێن، لە کاتی لێکۆڵینەوە لە ڕاستی و دروستیی ئەو بابەتەی کە گێڕراوەتەوە، دەتوانین سەلمێنەری ڕووداوەکە ببین و وەک دۆکیۆمێنتێک بەکاری بهێنین.

بیرەوەرییەکانی نێرگز یەکێکە لەو پەرتووکانەی کە دەتوانین وەک و دۆکیۆمێنتێک بەکاری بهێنین، چونکە ئەو ڕووداوانەی کە گێڕراونەتەوە لە زاری شایەتحاڵێکەوە گێڕراونەتەوە، کە خۆی قوربانیی تاوانەکە بووە، لە لایەکی دیکەشەوە بە بەڵگە و دۆکیۆمێنت دەتوانین ڕاستی و دروستیی قسەکانی کاراکتەری سەرەکی، کە خاتوو نێرگزە بسەلمێنین، هەر ئەمەشە ڕۆڵی ئەدەب لە دۆکیۆمێنتارکردنی ڕووداوە مێژووی و هەنووکەییەکاندا دەردەخات.

١-٣- زاراوە و چەمکی ئەنفال.

سەرەتای دەرکەوتنی زاراوەی ئەنفال دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی گریکەکان، کە چەمکی (Genocide) یان بەکار هێناوە، ئەم چەمکە لە دوو بەش پێک هاتووە.(Genus )ی یۆنانی بە

واتای کۆمەڵ یاخود گرووپ دێت.(Caeder)ی لاتینیە بە واتای کوشتن و فەوتاندن دێت. (گوڵ، ٢٠١٠: ٢١).

لێکدانەوەی هەردوو زاراوەکە بە واتای کوشتن و لەناوبردنی بنچە دێت. لە لای عەرەبەکانی چەمکی ئەنفال بەکار دەهێنرێت خودی چەمکەکە بە واتای «غەنیمە، تالانیکردن، ڕووتکردنەوە... هتد»(عومەر، ٢٠١٥: ١٣). دێت. دەرکەوتنی چەمکی ئەنفال لە نێو نەتەوەی عەرەبدا لە پێش هاتنی ئاینی ئیسلامیشدا هەر هەبووە لە «سەردەمی جاهلی ( عنتر بن شداد) لە دێرە هۆنراوەیەکی دا باسی ئەنفالی کردووە و دەڵێت: انا اذا حمس الوغى نرو القنا ... ونحن عند تقاسم الانفال»(فەقێ، ٢٠١٢: ١٦). لە پاشاندا لە قورئانی پیرۆزدا ئەم چەمکە بەکاربراوە لە سورەتی (الانفال)کە دەفەرموێت: (يَسْأَلُونَكَ عَنِ الْأَنْفَالِ قُلِ الْأَنْفَالُ لِلَّهِ وَالرَّسُولِ فَاتَّقُوا اللَّهَ وَأَصْلِحُوا ذَاتَ بَيْنِكُمْ وَأَطِيعُوا اللَّهَ وَرَسُولَهُ أَنْ كُنْتُمْ مُؤْمِنِينَ) {الانفال،١} لێرە دا ئەنفال لە کۆی (نفل)ەوە وەرگیراوە بە واتای دەستکەوت دێت، لەم ئایەتەدا ئەنفال بە سێ واتا دەردەکەوێت، «ئەنفال/ أموال ، واتا شتومەک، ئەنفال/ من الكفار، واتا لە بێباوەڕانی جەنگدار، ئەنفال/ قهرا بقتال، شتومەک، شتی بەجێماوی جەنگ، نەک هیی ماڵ و نێو لادێ و شارەکان.»(سدیق، ٢٠١١: ٦). لە فەرهەنگە عەرەبییەکاندا (نفل) بە چەندین واتا هاتووە لەوانە بە واتای زیادەش بەکار هاتووە (عبدالعزیز، ٢٠٠٥: ١٧). لە نێو نەتەوەی کورددا کۆمەڵکوژیی پێ دەگوترێت، لە پاڵ ئەم چەمکەدا هەردوو چەمکی (جینۆساد و ئەنفال)یش بەکار دەبرێت.

١-٣- پێناسەی ئەنفال.

تاوانی ئەنفال لە دیارترین و نەگریسترین ئەو تاوانە درندانەیە، کە لە بەرانبەر مرۆڤایەتیدا کرابێت، تاوانێک بوو، کە بووە هۆکاری لەناوبردن و قەڵاچۆکردنی مرۆڤی بێتاوان، هەروەها بووە هۆکاری وێرانکردن، خاپوورکردنی خاک، ئاو، فەرهەنگ و کولتووری نەتەوەیەک، کە ئەویش نەتەوەی کوردە. ئەم کردەیە «ترۆپکی تاوانێکە کە لەسەر کۆمەڵێ سەرەتا بنیات نراوە و لەمێژە وەک ستراتیژێک کاری بۆ کراوە.»(قوربانی، ٢٠٠٢: ١٥)، بۆیە ئەو ڕایەش ڕاستە کە دەڵێت: ئەنفال پرۆسەیەکی پلانبۆدارێژراوە. پرۆسەیەکی نەخشەبۆکێشکراو بوو، لە فیکر و فەلسەفە و بەرنامە و ئەجێندای کارکردنی بەعسدا لە سەرەتای گرتنەدەستی دەستەڵاتییەوە.(گەرمیانی، ٢٠١٠: ٢٤).

ئەنفال «ئەو ناوەیە کە بەعسییەکان لە زنجیرەیەک کردەی سەربازییان ناوە»(عەبدالرحمن، ٢٠٠٦: ١٣٧)، بۆ پێناسەکردن و ناساندنی ئەنفال و تێگەیشتن لێی، بەختیار علی(١٩٦٠_ ...) دەڵێت: ((بۆ ناساندن و پێناسەکردنی ئەنفال تەنیا یەک ڕێگامان لەپێشدەمدایە، ئەویش تێگەیشتنە لە (بەعس)، ئەنفال هەر سەرچاوەیەکی هەبێت، هەر ڕەگ و ڕیشەیەکی مێژوویی، یان ئایدۆلۆجی هەبێت، پێشتر ئەو هۆکارانە بە هەناوی بەعسییزمدا ڕابوردوون، لە نێوەندی ئەو هەناوەدا شێوەیەکی نوێ و مۆرکێکی تازەی وەرگرتووە و بوون بە بەشێک لە کولتووری بەعس»(علی، ١٩٩٩: ١٧١).

ئەنفال، ناوێکە بۆ زنجیرەیەک هێرش و پەلاماری چڕوپڕی سەربازی، کە سەرجەم هەشت پەلامار بوو لە شەش ناوچەی جوگرافیی جیاوازدا بەڕێوە چوو، فەرماندەی گشتیی پرۆسەکە لە دەستی نووسینگەی باکووری ڕێکخراوی حیزبی بەعسدا بوو، کە بنکەی لە

شاری کەرکووک بوو، لە مارتی (١٩٨٧) بەدواوە لە لایەن عەلی حەسەن مەجید (١٩٤٤- ٢٠١٠)ەوە سەرپەرشتی دەکرا. (دزەیی، ٢٠١١: ٢٩)، بۆیە دەتوانین بڵێین، ئەنفال پرۆسەیەکی گشتگیر و هەمەلایەن بوو، لە دژی نەتەوەی کورد، تێیدا مرۆڤ و جوگرافیا و ئابووری... هتد، کرایە ئامانج، ئەم پرۆسەیە، نەخشەبۆکێشراو بوو، بە وردی کاری لەسەر کرابوو، ڕاستەوخۆ لە ژێر چاودێریی ڕژێمی حکومەتی بەعسدا چاودێریی وردی بۆ دەکرا و کردەکەش بە سەرپەرشتیی (علی حەسەن مجید)ەوە و بە هاوکاریی جاش و ڕاوێژکارەکان جێبەجێ کرا و بوو بە هۆکاری فەوتان و قڕکردنی بەکۆمەڵی نەتەوەی کورد.

١-٤- جۆرەکانی ئەنفال.

لە پەیماننامەی جینۆساید و سزادانی تاوانکاری کە لە (٩/ ١٢/ ١٩٤٨) ڕاگەیەنراوە لە بەندی دووەمی پەیماننامەکەدا، ئاماژە بە چوار جۆری جینۆساید کراوە لەوانە:

١- جینۆسایدی فیزیکی. هەموو جۆرەکانی کوشتن دەگرێتەوە، لە ڕێگەی بەکارهێنانی گوللە و چەکی قورس و کۆمەڵکوژی وەک گازی کیمیایی و بەکارهێنانی چەکی قڕکەر و زیندەبەچاڵکردن و گوللەبارانکردن و خنکان و لەسێدارەدان و ... هتد(مەحمود، ٢٠١٣: ٢٥).

٢- جینۆسایدی بایۆلۆجی. سەپاندنی ئیجرائاتێکی وا کە مەبەستی پێشگرتن بێت لە زیادبوونی زاوزێ و وەچەخستنەوە، بە شێوازێک کە ژن و پیاو لێک جیا بکرێتەوە، کە نەتوانن نەوە بخەنەوە (مستەفا، ٢٠١٠: ٣١).

٣- جینۆسایدی کولتووری. قەدەغەکردنی زمان و کولتوور و شێواندنی مێژوو و سڕینەوەی تایبەتمەندێتیی نەتەوەیی و سڕینەوەی یەکگرتنی هاوبەشی نێوان خەڵک و وێرانکردنی ئاسەواری کۆن، کە گوزارشت لە تایبەتمەندێتیی نەتەوەیی دەکەن.(فەقێ، ٢٠١٢: ٢٢).

٤- جینۆسایدی ئابووری. وێرانکردنی سامان و سروشت و بەروبوومی ناوچەکان، تاڵانکردن و فەرهوودکردنی ماڵ و سامانی خەڵکی، هەر لە شتومەکی ناوماڵ تا مەڕ و ماڵات و کەرەستەی ژیان، (گوڵ، ٢٠١٠: ٢٤).

١-٥- مێژووی ئەنفال.

لە سەرەتای دروستبوونی دەوڵەتی عێراقەوە و لکاندنی کوردستان بەم دەوڵەتەوە، چەندین کێشەی سیاسی و نەتەوەیی و جوگرافی سەری هەڵداوە و بەردەوام نەتەوەی کورد و ڕژێمە یەک لە دوای یەکەکانی دەوڵەتی عێراقی لە کێشمەکێش و بەرەبەرەکانیدا بوون، ئەمەش بە هۆی ئەوەوە بووە، کە حکومەتی عێراقی هەمیشە نکۆڵییان کردووە لە مافی نەتەوەی کورد و بەردەوام لە دژی مافەکانی نەتەوەی کورد وەستاونەتەوە و هەوڵی پاکتاوی نەژادییان داوە، لە دیارترین ئەو تاوانانەی، کە لە دژی نەتەوەی کورد کراون و دەخرێنە چوارچێوەی ئەنفالەوە، «١٩٣٣- ١٩٣٤ بۆ دامرکاندنی ڕاپەڕینی بارزان، هێزی سوپای عێراق و بەریتانیا کەوتنە هێرش و وێرانکردن، (بەرۆژ و مزوری شیروان)، ٧٩ گوند وێرانکران، ٢٣٨٢ خانووبەرە ١٣٦٥خانوویان سووتاند و ڕووخاند، واتا ٦٠٪ی وێران کرا.»(شەمزینی، ١٩٨٩: ١١٧).

گوندەکانی دەورووبەری هەولێر کەوتنە بەر شاڵاوی هێرشی حکومەتی عێراقی لە ٦/١٣/ ١٩٦٣ ڕژێمی بەعس بەربووە گیانی گوندەکانی دەوروبەری (کەندیناوە) لە ناوچەی هەولێر، مزگەوت و قوتابخانەکان سووتان و وێران کران، کۆمەڵێک خەڵک شەهید کران و هاوکات حکومەتی بەعس کەوتنە تەعریبکردنی ناوچەکە،

قۆناغی یەکەم لە ١٩٦٣وە دەستی پێکرد و قۆناغی دووەم لە ١٩٧٥، هەروەها قۆناغی سێیەم لە ١٩٨٧ دەستی پێ کرد، سەد و پەنجا و سێ گوند تەعریب کران و تەنانەت ناوی گوندەکانیش کران بە عەرەبی.(سۆفی، ١٩٩٢: ٣).

حکومەتی بەعس لە ساڵانی ١٩٨٣ گازی کیمیاوی لەسەر زیندانە کوردەکان تاقیی کردووەتەوە و هەروەها لە ناوچەکانی حاجی ئۆمەران و پێنجوێن بەکاری هێناوە،(قادر، ٢٠٠٨: ١٤٨)، بەڵام ئەم تاوانە بە شێوەیەکی بەرفراوان نەکراوە، بە بەراورد بە تاوانەکانی دیکە، لە (١٩٨٧/٤/١٥) لە چەند گوندێکی دیکەی سنووری شاری سلێمانی دیسانەوە گازی ژەهراویی بەکار هێناوە(وچ، ١٩٩٩: ٧٦).

تاوانی جینۆساید لە ساڵانی ١٩٨٧ و ١٩٨٨ دا گەیشتە چڵەپۆپە، ئەوە بوو بە شێوەیەکی زۆر بەرفراوان گازی کیمیایی بەکار هێنرا، هەزاران کەس بوونە قوربانی و زۆربەی ناوچەکانی کوردستان وێران کران، لە ڕۆژی ١٩٨٧/٦/٢٨ ڕژێمی عێراق بە بۆمبای ژەهراوی بۆردومانی شاری سەردەشتی ژێر دەستەڵاتی ئێرانی کرد و (١٣٢)کەس کوژران و (٥٠٠٠) کەسیش بریندار بوون.(گوڵ، ٢٠١٠: ٤٥).

لە ساڵانی ١٩٧٨ بە بیانووی شەڕی نێوان عێراق و ئێرانەوە، بۆ باراستنی سنوورەکانی خۆی دەستی بە وێرانکردن و چۆڵکردنی گوندەکانی کوردستان کرد، بۆ ئەم مەبەستەش «دەزگایی ئەمنیی عێراق لە پارێزگای کەرکووک لە نامەی ڕۆژی (١٩٨٧/٩/١٧) دا ژمارە (٥٨٦٦) داوا لە ڕێکخراوی ئیستخباراتی ناوچەی ڕۆژهەڵات دەکات، کە دەربارەی ئەو گوندانەی کە هێشتا وێران نەکراون چونکە ناوچەکانیان بە مەترسیدار نازانن لەسەر ئەمنی حکومەتی عێراق... دەزگای ئیستخبارات بە نووسراوی ژمارە (کەرتی٣/ بەشی ٣/ ٢١٢٧لە ١٩٨٧/٩/٢٨ دا بە شێوەی نهێنی و تایبەت وەڵامی داوەتەوە و ئاڕاستەی هەموو ناوەند و لیژنەی ناوچەکانی کردووە، کە ئەو گوندانەی مەترسی لەسەر ئاسایش دروست ناکەن، پێویستە هەر بە بڕیاری (علی حەسەن مجید) بەرپرسیاری بەڕێوەبەرایەتیی ڕێکخراوی باکوور، ئەو گوندانە وێران بکرێن.»(قوربانی، ٢٠٠٢: ٢٢). لە جێبەجێکردنی ئەم بڕیارەدا بە شێوەیەکی ڕێکخراوەیی و بە چەند قۆناغێک پلانەکەیان جێبەجێ کرد.

قۆناغی یەکەم: (١٨-٢-١٩٨٨ز تا ١٩-٣-١٩٨٨ز) دۆڵی جافایەتی

ئەم هێرشە لە مێژووی ئەنفالی (١٩٨٨) دا بە یەکەم قۆناغی ئەنفال دادەنرێت، کە ناحیەکانی «دووکـــان، بنگرد، قەلاچوڵان، سەرچنار، سورداشی گرتنەوە))(علی، ٢٠٠٢: ١٣)، ئەم هێرشە بە سەرپەرشتیی سوڵتان



هاشم(١٩٤٥- ٢٠٢٠) جێبەجێ کرا، ئەو هێزانەی کە لەم قۆناغەدا بەشدار بوون بریتی بوون لە (٢٠) لیوا و (٦٠) فەوج و (١٠) فەوجی سووک و مەفرەزەی تایبەت و دەیان دەبابە))(فەقێ، ٢٠١٢: ٢٥). لەم قۆناغەی ئەنفالدا، زیاتر لە (٦٠٠) پێشمەرگە شەهید بوون، ئەو پێشمەرگانەی لە پەلامارەکە دەربازیان بوو بەرەو سنوورەکانی ئێران ڕۆشتن، لێرە بەدواوە و لە بەرواری (١٩-٣-١٩٨٨)بە شێوەیەکی فەرمی بەیانی کۆتایی ئەنفال ڕاگەیەنرا (مەلا هاوار، ٢٠٠٧: ١٧).

قۆناغی دووەم: (٢٢/-٣-/١٩٨٨ز تا ١-/٤-/١٩٨٨ز)

قەرەداغ

ئەم قۆناغەی ئەنفال لە ناوچەکانی «قەرەداغ، بازیان، دەربەندیخان جێبەجێ کرا»(مەحمود، ٢٠١٣: ١٠). لە چوارچێوەی ئەم هێرشەدا، پلانێکی تۆکمە دارێژرابوو، توانرا بە شێوەیەکی چڕوپڕ و بە وردی جێبەجێ بکرێت، لەم هێرشەدا، چەندین ئۆتۆمبێلی سەربازی بۆ گواستنەوەی دانیشتوانی ئەم ناوچانە دابینکران، لە هەمان کاتدا گوندی ناوچەکەیان سووتاند و خاپووریان کرد، ئەم هێرشە بە سەرپەرشتیی لیوا ڕوکن ایاد خلیل زەکی (١٩٤٤- ٢٠١٣)»عەبدە، ٢٠١٠: ٥٣)، لە (٢-٤-١٩٨٨ز) سەرکردایەتیی گشتیی هێزە چەکدارەکانی عێراق بەیاننامەی ژمارە( ٣١٠٩) دەرکرد لە بارەی داگیرکردنی ناوچەی قەرەداغەوە، ناوی ئەنفالی دووی لێ نا»(فەقێ، ٢٠١٢: ٢٧).

قۆناغی سێیەم: ٧-/٤/-١٩٨٨ز تا ٢٠-/٤-/١٩٨٨ز

ئەنفالی گەرمیان

ئەم قۆناغەی هێرشی ئەنفال، قەزاکانی کەلار، کفری، دوزخورماتوو لەگەڵ ناحیەکانی باوەنوور، سەنگاو، قادرکەرەمی، گرتنەوە (مەحمود، ٢٠١٣: ١٠). ئامانج لە ئەنفالکردنی سێ وێرانکردنی گشت گوندە کوردییەکانی ئەم ناوچەیە و لەناوبردنی بەشێکی زۆری دانیشتوانەکەی بوو( مەلاحەکیم، ٢٠١٠: ٧٢)، بۆیە دەکرێت ئەوە بگوترێت کە «کارەساتبارترین قۆناغی پەلامارەکان بوو، کە ڕژێمی بەعس بە شێوەیەکی دڕندانە و دوور لە گیانی مرۆڤایەتی ناوچەکانی گەرمیانی بە شێوەیەکی گشتی ئەنفال کرد و هەموو جۆرەکانی جینۆسایدی تێدا پێڕەو کرد. ئەمەش وای کرد، کە زەرەرمەندترین قۆناغەکانی ئەنفال بێت.»(فەقێ، ٢٠١٢: ٢٨).

قۆناغی چوارەم: (٣-/٥-/١٩٨٨ز تا ٨-/٥-/١٩٨٨ز)

کۆیە، کەرکووک، قەڵا سێوەکە و شێخ بزێنی

ئەم قۆناغە (٣-٥-١٩٨٨)دەستی پکرد، هەموو ناوچەکانی دەوروبەری ( شوان و تەقتەق، ئاغجەلەر)ی گرتەوە(زۆراب، ٢٠٠٨: ٢٩)،ئەم هێرشە بە فەرماندەی (لیوا ڕوکن سوڵتان هاشم)بوو. لەم قۆناغەدا ڕژێمی بەعس بە چەکی کیمیاوی بۆردومانی ناوچەکانی کرد، سەرجەم ناوچەکانی وێران کرد و لەم هێرشەدا نزیکەی (١٠) هەزار مرۆڤی بێتاوان بەر ئەم شاڵاوە کەوتن، نزیکەی (٧)هەزار کەسیان لە بیابانەکانی خواروو و ناوڕاستی عێراقدا زیندەبەچاڵ کران. (فەقێ، ٢٠١٢: ٢٩)، ئەم هێرشە لە (٨-مایسی ١٩٨٨) کۆتایی پێ هات.(مەحود، ٢٠١٣: ١٠).

قۆناغی پێنجەم، شەشەم، حەوتەم(٢٤-/٥/-١٩٨٨ز، تا ٣١/-٨-١٩٨٨/ز)

ئەنفالی ناوچەکانی پارێزگای هەولێر

ئەم شاڵاوە ناوچەکانی شەقڵاوە و ڕەواندوزی لە پارێزگای هەولێر گرتەوە. (مەحمود، ٢٠١٣: ١٠)، هەروەها ناوچەکانی خەلەکان و هیران و

بالیسانیش داگیر کران. (زۆراب، ٢٠٠٨: ٢٩). لە سەرەتادا تەنیا ئەم ناوچانەی گرتەوە، بەڵام بە هۆی فراوانیی ناوچەکەوە، ڕژێمی بەعس هێرشی کردە سەر چەند ناوچەیەکی تری وەکوو (کۆیە و دێگەڵە) پاشانیش بەرەو (قەندیل، ڕانیە، چوارقورنە، هیزۆپ و چیای باواجی)، لە دوای (سێ) حەفتە لە هێرش و بۆردومانکردن پەلاماری (دۆڵی سماقوڵی و نازەنین)ی دا، لێرە بە دواوە هێزەکانی ڕژێمی بەعس کۆتاییهاتنی قۆناغی پێنجەمیان ڕاگەیاند.(فەقێ، ٢٠١٢: ٣٠). قۆناغەکانی شەشەم و حەوتەم، بە فەرماندەیی عەقید یونس محمد الزرب(١٩٣٩- ) بوو، کە فەرماندەی فەیلەقی پێنج بوو(عبدە، ٢٠١٠: ١٧)، لەم شاڵاوەدا (٤٠٣) گوند تێک دران و وێران کران (ڕەشید، ٢٠٠٩: ٦٣)، لەم هێرشەدا تەنیا مرۆڤ نەکرا بە ئامانج، بەڵکوو تەواوی مەڕ و ماڵات و ئاژەڵێش لەناو بران (عبود،٢٠١٠: ١٤٦).

## بەشی دووەم: کاریگەرییە ئابووری، کۆمەڵایەتی، دەروونییەکانی تاوانی ئەنفال

### ٢-١- کاریگەرییە کۆمەلایەتییەکانی تاوانی ئەنفال.


تاوانی ئەنفال، چەندین لێکەوتەیی نەرێنی بە دوای خۆیدا هێنا، کە دیارترینیان کێشەی کۆمەڵایەتی و تێکدانی شیرازەی خێزان بوو، ئەگەر کەسایەتییەکی قوربانی شاڵاوی ئەنفال بەراورد بکەین بە کەسایەتییەکی دیکەی ئەنفالنەکراو، ئەوا دەبینین، کەسایەتیی ئەنفالکراو «کەسایەتییەکی جیاوازە لە کەسایەتییە ئاساییەکانی تری کۆمەڵگا، چونکە بەردەوام هەست بە ئازار و نارەحەتی دەکات و تووشی جۆرەها نەخۆشیی جۆراوجۆر بووە و دەبێت.»(مەلا حەکیم، ٢٠١٠: ٦٣). ئەم کەسایەتییانە لە پێش ئەنفالکردن و پرۆسەی ئەنفالدا، کەسایەتییەکی بەهێز و خاوەن ئیرادە بوون، بەڵام بە هۆی ئەو بارە ناهەموارەی بەسەریاندا هاتووە ئەم کەسایەتییەی ئێستایان لێ دروست بووە، زۆر جاریش بە هۆی پچڕانی پەیوەندیی خێزانی و دوورکەوتنەوە لە زێد و نیشتمانی خۆیانەوە بووە، هەر ئەمەش یەکێکە لە پێناسەکانی ئەنفاڵ و جینۆساید، لە یاساکانی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکاندا کە هاتووە: پەلکێشکردنی گرووپێک و ناچارکردنی ئەندامانی بەوەی لە بارودۆخێکی ژیاریی وادا ژیان بەسەر ببەن، کە لەوانەیە ببێتە هۆی لەناوچوونی بەشێک یان هەموویان.(سۆران، ٢٠١٠: ٦٣). بە وردبوونەوە لەو یاسایە و بەراوردکردنی بە بەرئەنجامی شاڵاوەکانی تاوانی ئەنفال ئەوە روون دەبێتەوە، کە ئەم تاوانە بە هەموو شێوەیەک دەچێتە خانەی جینۆسایدەوە، چونکە هەموو لێکەوتەکانی بە ڕوونی دیارە. لە زاری (نێرگز)ەوە تەوای بەسەرهاتەکانی گێڕاوەتەوە، کە خۆی یەکێک بووە لە ڕزگابووەکانی شاڵاوەکانی ئەنفال، بۆیە لە زاری ئەوەوە ئەو کاریگەرییانە دەخەینە ڕوو، کە زیانی زۆری بە تاکی کۆمەڵگای کوردی گەیاندووە، لە دیارترینیان (مەرگ، بێسەروشوێنکردن، دابران، هەژاری)، وەکوو بەڵگە (دۆکیۆمێنت) لە بەردەستدان.

- مەرگ.

مەرگ، یەکێکە لە هۆکارەکانی تێکچوونی شیرازەی خێزان، کە ئەمەش «بە هۆی نەمانی سەرپەرشتیاری خێزان، یان زۆر لە ئەندامانی خێزان»ەوە ڕوو دەدات (عومەر، ٢٠١٩: ٥١). لە گێڕانەوەی تەواوی (بیرەوەرییەکانی نێرگزدا) تارمایی مەرگ تەوای ڕووداوەکانی داپۆشیوە،

هەواڵنامەی کتێب

هەر لە مەرگی مێردەوە، تا مەرگی برا و منداڵ و کەسوکار، هەروەکوو لە زاری خۆیەوە وەکوو دۆکیۆمێنت دەیگێڕێتەوە لە پێش مردنی جگەرگۆشەکەی لە چ بارێکی نالەباری ژیاندا بوون، لە پێش مردن تارمایی مەرگ ڕوخسار و ڕەفتاری منداڵەکەی داپۆشیبوو، داواکاریی کوڕەکەی بە شێوەیەک بوو جیاواز لە ڕۆژانی تر هەر وەکوو دەڵێت: «دەمەویست شیری خۆمی بدەمێ، هەرچیم ئەکرد مەمکەکەی خۆمی نەدەگرت، هەر هاواری دەکرد برسیمە داوای نانی دەکرد، داوای خەیاری دەکرد، ئێستاش نەمزانی بۆ وا خەیار کەوتبووە سەر دەمی، هەر ئەیوت نان، خەیار ئەخۆم، ئەو ڕۆژە نۆرەمان بوو بیینەوە تەواو کەوتبووە هیلاکەتەوە، لە باوەشم ڕۆحی دەرچوو، کردمانە شین و گریان هەر هار و شێت بووین، ئاخر ئێمە ئەبوو ئەمرۆ بەرببین و بە ڕۆح زیندوو بیهێنمەوە بۆ لەم کاتەیا گیانی بەخشی»(قوربانی، ٢٠٢٠: ١٣٧). ئەم دیمەنە خەمناکانە لە گێڕانەوەکەدا زۆر دووبارە دەبێتەوە و گوێبیستی دەبین، لە لایەکی دیکەشەوە هەر لە زاری نێرگزەوە ئەوە دەگێڕرێتەوە، کە هەرکەس کۆچی دوای بکردایە هەر لەوێدا دەیانخستە گۆڕەوە و لە زۆر باردا هەر لەوێدا و بە بەرچاوی ئەوانی دیکەوە سەگ لە گۆڕی دەردەهێنا و تەرمەکەی دەخوارد، بۆ ئەوەی کوڕەکەی ئەمیش بە هەمان شێوەی بەسەر نەیەت نەیهێشت کوڕەکەی بخەنە گۆڕەوە، هەر وەک خۆی دەیگێڕێتەوە. «حەرەسەکان چەند هەوڵیان دا تەرمەکەیان بدەمێ نەمهێشت بیبەن ئەموت کوڕەکەم زیندووە، خۆم گوێم لە ترپەی دڵیەتی، ئەمنووسانە خۆیەوە و ئەموت ئەوەتا دەنگی دێت، خۆی ئەمزانی مردووە، بەڵام ئەمەویست جەنازەکەیان نەدەمێ و لەگەڵ خۆم بیهێنمەوە«(هەمان: ١٣٧). لە پاش هێنانەوەی تەرمی کوڕەکەی دیسانەوەی نائومێدییەکی دیکە بەرۆکی دەگرێت ئەویش ئەوەیە، کە نازانێت بە چی شێوەیەک باوکی کوڕەکەی ئاگادار بکاتەوە و کارەساتێکی لەم شێوەیەی بۆ باس بکات و دەگێڕێتەوە، کە «کەوتینە ڕێ بەرەو چەمچەماڵ ئیتر ئازاری نەهرۆی کورم جارێکی تر سوێی خستە برینمان، ئەبێت باوکی ئێستا چی بکات ئاوا جەنازەکەی ببینێت، ئەبێت چەند بەهیواوە چاوەڕێی بینینەوەیانی کردبێ، چەند نائومێد بێ جەنازەکەی بەسەر دەستمەوە ببینێت»(هەمان: ١٤١)، ئەم جۆرە دیمەنانە لە گێڕانەوەکەدا زۆر دووبارە دەبێتەوە و بە وتەی نێرگز کەم کەس هەبووە منداڵی لەو کارەساتەدا تێیدا نەچووبن نەمردبن هەر وەکوو دەڵێت: «هەر ئەوەندەت دەزانی قیژەیەک هاوارێک لەولاتەوە بەرز ئەبووەوە و دایکێک ئەیدایە سەروچاو خۆیا مناڵەکەم مرد، دەبوو لە پەنجەرەکەوە بانگ



حەرەسەکان بکەین وەرن منالّمان مردووە، منالّ مردن هەر بەدەم ئاسانە، ئیتر دوان ئەهاتن ئەیانبردە دەرەوە و ئەمانزانی چی لێ دەکەن»(هەمان: ١١٦).

- بێسەروشوێنکردن.

یەکێک لەو ئازارە نەبڕاوانەی، کە لە تاوانی ئەنفالدا بەسەر نەتەوەی کورددا هات، بێسەروشوێنکردن بوو، تا ئێستاشی بەدواوە بێت ئازارەکەی سەختتر دەبێت، بێسەروشوێنکردن بوو، بەشێکی زۆری ئەو خەڵکەی ڕاگواستران و بران بۆ نوگرەسەلمان و تۆپزاوا و شوێنەکانی دیکە لە لایەن حکومەتی بەعسەوە بێسەروشوێن کران و تا ئێستاش تەرم، یان گۆڕەکانیان نەدۆزراونەتەوە و خۆشیان نەگەڕاونەتەوە و چارەنووسیان نادیارە، هەر وەکوو نێرگز بەسەرهاتەکایان دەگێڕێتەوە بەشێکی زۆری کەسوکارەکەی بێسەروشوێنن و شوێنەواری کەسوکارەکەیان نادیارە، «بورهانی شوو برام و محەمەد باوک منداڵەکان و هەرسێ براکەم و سیان لە خوشکەزاکانم ئێستاش نەمانزانی چییان بەسەر هات»(هەمان، ١٤٥).

ئەم کارەساتە تەنیا لە ناوچەی گەرمیان، یان لەو ئۆردوگایەی نێرگز و خانەوادەکەی بۆ گوێزاوەتەوە بەو شێوەیە نەبووە، بەڵکوو لە تەواوی کوردستان و ئۆردوگا جیاوازەکاندا بە هەمان شێوە تاوانێکی لەم شێوەیە لە بەرانبەر نەتەوەی کورددا کراوە و بێ گوێدانە جیاوازیی تەمەن و ڕەگەز، نێرگز لە زاری خوشکەکەیەوە دەگێڕێتەوە و دەڵێت: «سێ دانە کوڕی جاحێڵی هەر لە تۆپزاوا لێیان جیاکردەوە و ئەوە هەتا ئێستاش وەکوو سالّح برام هەواڵیان نییە.»(هەمان، ١٤٥).

٢-٢- کاریگەرییە دەرونییەکانی تاوانی ئەنفال.


پرۆسەی ئەنفال بە هۆی ئەو بارە نالەبارەی بەسەر تاکی ئەنفالکراودا هێنای دەکرێت بگوترێت، کە تاوانێک بوو چەندین ڕووداوی تراژیدیا و ترس و تۆقاندن و خەمۆکی بەسەر تاکی ئەنفالکراودا هێناوە، کە تاوەکوو ئێستاش بەسەر ڕوخساری تاکی ئەنفاکراوەوە دیارە، ئەم حاڵەتە «حاڵەتی تراومای بەکۆمەڵی دروست کردووە، ئەم حاڵەتەش چارەسەرکردنی هەر وا ئاسان نییە، بە خزمەتکردنی کەیسەکە لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی و پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری بە کەسوکاری ئەنفالکراوان و قوربانییانی زیندوو لا ناچێت و شوێنەوارەکانی ناسڕێتەوە.»(عومەر، ٢٠١٩: ٥٢١). نموونەی زیندوو لە بەردەستدایە وەکوو دۆکیۆمێنتێک، کە کەسی ئەنفالکراو پاش تێپەڕبوونی ٣٤ ساڵ بەسەر کارەساتەکەدا «ئێستاش ئافرەتێکی پاشماوەی ئەنفال جیاوازە لە ڕوخساری ئافرەتێکی ئەنفالنەکراو. ئافرەتان دەیان و سەدان گرێی دەروونییان بۆ دروست بووە و بە دەستییەوە دەناڵێنن. یەک ئافرەتی ئەنفال نییە یان مێردەکەی یاخود کوڕ و کچەکەی یان برا و خوشکەکانی یان کەسێک و دوان و سیانی نزیکی لە پەلامارەکەدا لە دەست نەدابێت.»(مەلا حەکیم، ٢٠١٠: ٦٤).

- ترس.

ترس، هەمیشە وەکوو تەمێک بووە بەسەر تاکی ئەنفالکراودا، ترس لە لەدەستدانی زێد و ماڵ و منداڵ و کەسوکار، بە هۆی ئەو شاڵاوە دڕندانەی کە بەسەر ئەم ناوچەیەدا هات، خەڵکی ئەم ناوچانە بە بەردەوامی ترسی لەدەستدانی شتێک یاخود کەسێکیان هەبوو، نێرگز لە ناو گەرمیی ڕووداوەکانەوە دەڵێت: «کە جەیش هات ئیتر تەواو ترساین و بووە زریک و زاری منالّ

و قیژ و قاوی ژن، ئەو شیو و دۆڵە پڕ بوو قیژە و هاوار.»(قوربانی، ٧١).

گوندنشینەکان لە سەرەتای شاڵاوی ئەنفالدا تەنیا ترسیان لەدەستدانی خاک و زێدەکەیان بوو، نەیاندەزانی لە خاک و زێد زیاتر لەدەست دەدەن و تەواوی کەسوکاریشیان تێیدا دەچن و بێسەروشوێن دەکرێن نێرگز دەڵێت: «خەڵکەکە ئەترساین ئەیانوت صەدام کورد ڕەوانەی شارەکان ناو عەرەبستان دەکات و عەرەب دێنێت بۆ کەرکووک.»(هەمان، ٣٥). بەشێک لە ترسی خەڵکەکە بۆ ئەو پێکدادانە دەگەڕێتەوە کە لە نێوان پێشمەرگە و حکومەتدا ڕووی دەدا، نێرگز دەڵێت: «ئەترساین وتمان حکومەت بەیانی ئەداتەوە بەسەرمان و تۆڵە لە ئێمە ئەکاتەوە، پێشمەرگەکان ڕۆشتن و ئێمەش لە ترسا ناچار بووین ڕەو بکەین.»(هەمان، ٤٣)، بەڵام ئەم بیانووەی حکومەت کە کردبوویە بیانوویەک




بۆ پەلاماردانی دێهاتەکان، هەر وەکوو نێرگز دەڵێت: «ئەگەر پێشمەرگە بهاتایە یان نا، جەیش و جاش هەر دەچوونە سەر لادێکەمان. بە دوای فیرارا ئەگەڕان.»(هەمان، ٤٥).

ترس لە جیاکردنەوەی خزم و کەسوکار و ئەندامانی خێزان دیسانەوە بەرۆکی خەڵکی بێتاوانی ئەنفالکراوی گرتەوە، چونکە هەر لە سەرەتای تاوانەکەوە حکومەت کەوتە جیاکردنەوەی ژن و پیاو و گەنج و پیر هەر وەکو نێرگز دەڵێت: ((ئەوەنەی پێ نەچوو ئەو کومەڵە خەڵکەی ئێمە کە لەو چوار پێنج ئاواییەوە پێکەوە هێنابوومانیان، لەوێش لە ناو لیواکەی چەمچەماڵ هەر پێکەوە لە لایەکەوە کۆمەڵمانیان کرد، هەنێ عەسکەر ئەملاو ئەولایان لێ گرتین، خوایە ئەبێت چیمان لێ بکەن وا لێرەش جیا کرایینەوە لەو خەڵکە، لە تاوا و لە ترسا هەر ئەگریاین و ئەپاڕاینەوە.))(هەمان، ٨٣).

- دڵەڕاوکێ.

ئەو قوربانییانەی گواسترانەوە بۆ زیندانەکانی نوگرەسەلمان و تۆپزاوا، بە بەردەوامی لە دڵەڕاوکێ و ترسدا ژیانیان تێدەپەڕاند، هەر ڕۆژە و ڕووداوێک بەرۆکی پێ دەگرتن. هەر جارە و خەمێک لە دەرگای زیندانەکەی دەدا، زیندانیکراوەکان جگە لەوەی کە خەمی خۆیان بوو، کە کەی بێت و ئازاد بکرێن و بگەڕێنەوە سەر ماڵ و حاڵی خۆیان، خەمی منداڵ و برا و خوشک و مێرد و کەسوکاریان بوون، چونکە لێک دابڕابوون و نەیاندەزانی چارەنووسی ئەوانی دیکە چییە. کاتێک کە بڕیاری لێبووردن بۆ بەشێکیان دەردەکرا، ئەم بەشە خۆشاڵ نەبوون بە بێ کەسوکارەکەیان ئازاد بکرێن بۆیە بەردەوام لە دڵەڕاوکێدا بوون بۆ ئەوانی دیکەش هەر وەکوو نێرگز دەگێڕێتەوە: ((خەمی

ئەوەم بوو کە پرسیارم لە کاک هادی نەکرد، کە عەفواتەکە عامەیە یان تەنیا بۆ ژن و منداڵەکانە، ئەو ڕۆژە تا هەڵگەڕاوەتەوە بەیانی و ئەو پیاوەمان بینیوەتەوە هەزار داڵغەم کردووە، جاریٚ ئەهاتنە بەر چاوم لەگەڵ باوک و برا و باوک و بابای منالەکان هەموویان ئەچینەوە ئەگەر حکومەت ڕێگەی دا لە ئاوایی ئەبین و ئەگەر نەشیانهێشت ئەچینە موجەممەع، لە ناکاو ختووکەیەک بە دڵما ئەهات ئەی ئەگەر عەفواتەکە هەر بۆ ئێمەبێت و بڕۆینەوە و زەلامەکان بەرنەدەن چی بکەین؟)) (قوربانی، ١٣٥).

- ئازار.

لە ژیانی مرۆڤدا، ڕووداوگەلێک هەن کە تەنیا لە ساتی ڕووداوەکەدا هەست بە ئازار و نائارامییەکەی دەکەین بە تێپەڕبوونی کات ئازارەکەی کەمتر دەبێتەوە، یاخود هەر پاشماوەی نامێنێت، هەندێک ڕووداوی دیکە هەن تاوەکوو مرۆڤایەتی بمێنێت ئاسەواری ناخۆشی دەمێنێت و هەست و زەینی مرۆڤ داگیر دەکات، ڕووداوی کارەساتی ئەنفال لەو ڕووداوانەیە کە قوربانییەکانی هەرگیزاوهەرگیز لەبیری ناکەن و ئازارەکەی تا بێت زیاتر و زیاتر دەبێت، چونکە قوربانییەکە بە بەردەوامی وێنەی ڕووداوەکە لە پێش چاوانیەتی، ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە کەسی نزیکی بە دڕندانە ترین شێوە کوژراو و نادیار و بێسەروشوێنکراوە، ئێستاشی لەگەڵدا بێت چاوەڕوانی هاتنەوەی کەسوکاریان دەکرێت و هەموو ساتێک ئەو دیمەنە خەمناک و ئازاربەخشە بە پێش چاوانیان دێت و برینیان تازە دەکاتەوە، نێرگز لەم بارەیەوە دەگێڕێتەوە و دەڵێت: ((هەرچەندە هەمووی هەر ناسیاو و کەسوکاربووین، بەڵام ئازاری دوادیمەن و دوادیداری براکانم و باوک منالەکان قەت لە بەرچاوم لا ناچیٚ.))(هەمان، ٧٢)

٢-٣- کاریگەرییە ئابوورییەکانی تاوانی ئەنفال.

هەڵکەوتەی شوێنی جوگرافیای کوردستان و بەتایبەتییش گوندەکانی ناوچەی گەرمیان شوێنێکی لەبار بوون بۆ کشتوکاڵ و ئاژەڵداری، بۆیە خەڵکی ئەم ناوچەیە بەزۆری خەریکی کاری کشتوکاڵ و ئاژەڵداری بوون، تەنانەت دەیانتوانی بەروبوومی خۆیان بۆ دەرەوەی ناوچەکانی گەرمیانیش بنێرن، دیارە «ڕووخاندن و وێرانکردن و تالانکردنی گوند و ئاوەدانی و سووتانی زەوی و ڕەز و باخ و هەموو تاوانێکی لەو شێوەیە بۆ خۆیان کاریگەریی ئابووری دروست دەکات.»(عومەر، ٢٠١٩: ٥١). حکومەتی بەعس بە مەبەست دەستی بە ڕووخاندن و سووتانی گوندەکانی گەرمیان کرد، بە پلان و بەرنامەی سیستەماتیککراوەوە دەستی بە تێکدانی گوندەکان کرد هەر وەکوو لە زاری نێرگزەوە بە شێوەیەکی بەڵگەنەویست دەست بە گێڕانەوەی کارەساتەکە دەکات و دەڵێت: «پەلاماری دێیەکانیان ئەدا و مەڕ و ماڵاتیان بەتالان ئەبرد، ماڵ و حاڵمانیان ئەسووتاند، لە کەل (قەرەوەیس)ەوە تۆپیان ئەنایە ئاواییەکەی ئێمەوە، قایمە و دەغڵودانمان هەمووی ئەسووتان، ڕەنج ئەو ساڵەمان بەبا چوو، خانوو و ماڵیشمان ئاور تیٚ بەردا»(قوربانی، ٢٨).

دیارە ئەم کارەساتە کە لە لایەن حکومەتی بەعسەوە بە تەنیا جارێک نەبوو، بەڵکوو هەر جارە و بە بیانوویەکەوە دەهاتە سەر گوندەکان و وێرانی دەکرد، زۆرترین جەیش و جاشی ڕەوانەی گوندەکان دەکرد و ماڵ و سامانی گوندنشینەکانی وێران دەکرد و ڕەشبگیری و کوشتنی دەست پیٚ دەکرد، ئەم دیمەنانە لە بیرەوەرییەکاندا زۆر دووبارە بووەتەوە

هەر وەکوو نێرگز دەڵێت: «تازە بەیانی دابوو چاومان پێوە بوو جەیش دابارینە سەر ئاواییا و دووکوڵ بەرزەوە بوو. تەپوتۆز ئەچووە ئاسمانا و کەوتنە وێرانکردنی گوندەکەمان، قاژەی جەرگمان ئەهات لەوە ناخۆشتر نییە ماڵت وێران بکەن، ئێستا ئەگەر یەکێ خۆی بەسەری نەهاتبێ ڕەنگە نەزانێ ئازاری ماڵرمیان چەند ناخۆشە، چا وەرە خۆشت چاوت پێوە بێت ماڵەکەت وێران بکەن و هیچ دەستەڵاتێکیشت نەبێ))(هەمان، ٤٩-٥٠). نێرگز خۆی و بنەماڵەکەی یەکێکە لە قوربانییەکانی تاوانی ئەنفال بۆیە زۆر بەتاسەوە وێنای ئەو تاوانە نامرۆڤانەیە بەو جوانییە و بە تاسەوە دەگێڕێتەوە، باس لەو ئازارە تاڵ و ناخۆشانە دەکات کە بەسەریدا هاتووە و ئەو ڕەنج و ماندووبوونەیان بە تالان چووە، کەچی نەشیانوێراوە هیچ بڵێن جگە لە خەم و تاسە و گریان زیاتر، ئازاری ئەم کاولکاری و وێرانکارییە ئەبەدیە هەر وەکوو دەڵێت: ((چاومان پێوە بوو تا بەردەکەی ئەلحەدیش ئەخەنە سەرمان هەر لە بەرچاومان لا ناچێ کە چی زوڵمێکیان لە ئێمە کرد ئەو ئەو ئاواییەیان وا لێ کرد))(هەمان، ٥٢).

ئەنجام

لە کۆتایی توێژینەوەکەدا گەیشتووین بە چەند ئەنجامێک گرنگترینیان ئەمانەن:

١- دۆکیۆمێنتاری، سەرچەمی ڕووداوە مێژووییەکان دەکرێت بگوازرێنەوە بۆ نێو دەقە ئەدەبییەکان، بەمەش دەگوترێت ئەدەبی دکیۆمێنتاری، کە بابەتەکانی (شیعر، پەخشان، ڕۆمان، بیرەوەری.. هتد) دەگرێتەوە.

٢- زاراوەی ئەنفال لە قەسیدەکانی سەردەمی جاهیلیدا بەکار هێنراوە، پاشان لە سەردەمی ئیسلامدا لە قورئانی پیرۆزدا ئاماژەی پێ دراوە، بەڵام لە سەردەمی بەعسدا بەرگێکی کولتووری و ئاینی و سیاسی بە بەردا کراوە و دوورە لەو ناوەڕۆکەی کە لە قورئانی پیرۆزدا بەکار هێنراوە.

٣- پەلاماری شاڵاوی ئەنفالی کورد بە هەشت قۆناغ کرا و تێیدا زیانێکی زۆری گیانی و ماددی و کۆمەڵایەتی و دەروونی بە نەتەوەی کورد گەیشت.

٤- بیرەوەرییەکانی نێرگز لە دۆزەخی ئەنفالدا، هەڵقوڵاوی ڕووداوەکانی شاڵاوەکانی ئەنفالە و خاتوو نێرگز تەواوی ڕووداوەکانی بە چاوی خۆی بینیوە، بۆیە دەکرێت وەک دۆکیۆمێنتێک مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت.

٥- کاریگەرییەکی نەرێنیی خراپی هەبوو لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە، بەوەی کە بووە هۆکاری کوژران و بێسەروشوێنکردن و دابڕانی کۆمەڵایەتی، کە ئەمەش شیرازەی کۆمەڵایەتی تا ڕاددەیەکی زۆر تێک دا.

٦- کاریگەرییە دەروونییەکانی شاڵاوی ئەنفال هێندە زۆر و مەترسیدار بوون ئێستاش پاشماوەکەی بە ڕوخساری قوربانییانەوە دیارە، لە گرنگترینیان (ترس، دڵەڕاوکێ، هەروەها ئازاری دەروونی).

٧- کاریگەرییەکی زۆری لەسەر نەتەوەکەمان دانا لە ڕووی ئابوورییەوە و بووە هۆی ڕووخانی چەندین گوند و پەکخستنی کشتوکاڵ و ئاژەڵداری، کە سەرچاوەی داهاتی نەتەوەی کورد بووە لەو سەردەمەدا.


لیستی سەرچاوەکان

١- پەرتووکەکان (بە زمانی کوردی)

- دزەیی، یوسف (٢٠١١)، ئەنفال- کارەسات، ئەنجام و ڕەهەندەکانی، چاپی یەکەم، هەولێر.

- میدڵ ئیست ۆچ،(١٩٩٩)، جینۆساید لە عێراق و پەلاماری ئەنفال بۆ سەر کورد، و: سیامەند موفتی زادە، چاپی

یەکەم، چاپخانەی خاک، سلێمانی.

– قادر،ئەمیر (٢٠٠٨)، دۆزی جینۆسایدی خەڵکی کوردستان، ڕۆڵی کۆمپانیا و دەوڵەتانی بیانی و ڕۆژئاوایی لە جینۆسایدی خەڵکی کوردستان، پرۆژەی ئەرشیفی جینۆسایدی گەلی کورد ژمارە (٣)، کتێبی کۆنگرەی بەجیهان ناساندنی جینۆسایدی گەلی کورد، چاپی یەکەم، چاپخانەی دەزگایی ئاراس، هەولێر.

– قوربانی، عارف(٢٠٠٢)، شایەتحاڵەکانی ئەنفال، بەرگی یەکەم، چاپی یەکەم، چاپخانە و ئۆفیسی ئاسا، سلێمانی.

– عبدالرحمن، فرمان، (٢٠٠٦)، پاکتاوی ڕەگەزی کورد لە کوردستانی عێراقدا، چاپی یەکەم، چاپخانەی حەمدی، سلێمانی.

– عبدالعزیز، محمد عمر(٢٠٠٥)، ئەنفال و ڕەهەندە سۆسیۆلۆجییەکان، چاپی یەکەم، چاپخانەی تیشک، سلێمانی.

– عومەر، سەیوان(٢٠١٥)، ئەنفال لە تەرازووی ئیسلام و بەعسدا، چاپی یەکەم.

– عبدە، زەمان(٢٠١٠)، مەرگەساتی ئەنفال، بەرگی یەکەم، چاپی یەکەم، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر.

– عبود، زوهێر کاضم( ٢٠١٠)، دادگای ئەنفال، و. محمد گۆمەیی، چاپی یەکەم، سلێمانی.

– علی، جاسم محمد محمد(٢٠٠٢)، ئەنفالی گەرمیان، چاپی یەکەم، چاپخانەی زانست، سلێمانی.

– مەلا هاوار، مەلا عەباس(٢٠٠٧)، بەشێک لە حیکایەتەکانی ئەنفالی سێ، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕەهەند، سلێمانی.

– مەلا حەکیم، نەسرین(٢٠١٠)، ئەنفال و گرێ دەروونیەکان، چاپی یەکەم، چاپخانەی هێڵ، سلێمانی.

– فەقێ محەمەد، زانا(٢٠١٢)، جینۆساید لەباشوری کوردستان ئەنفالی گەرمیان بە نمونە، چاپی یەکەم، چاپخانەی یاد.

– گەرمیانی، مەلا تەحسین،(٢٠١٠)، ڕەهەندەکانی پشت کارەساتی ئەنفال، چاپی یەکەم، چاپخانەی هێڵ، سلێمانی.

– گوڵ، عمر مارف (د) (٢٠١٠)، جینۆسایدی گەلی کورد لەبەر ڕۆشنایی یاسای تازە نێودەوڵەتاندا، چاپی پێنجەم.

– مەحمود، سالار (٢٠١٣)، ئەنفال، جینۆسایدی گەلی کوردستان، چاپی یەکەم، چاپخانەی کارۆ، کەرکوک.

– شێخ مستەفا، گۆران( ٢٠١٠)، کاریگەرییە ئابورییەکانی جینۆساید لەگەرمیان، چاپی یەکەم، چاپخانەی هێڵ، سلێمانی.

– سدیق، عبدالرحمان(د)، (٢٠١١)، ئەنفال لە ڕوانگەی قورئانەوە، چاپی یەکەم، چاپخانەی شەهاب، هەولێر، کوردستان.

– سۆران، حسێن، ئەنفال لە مەنفاکانی ناسیونالیزمەوە بۆ کوشتنی زمان و جەستەیە، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕەهەند، سلێمانی، ٢٠١٠، ل ٦٣.

٢– سەرچاوە عەرەبییەکان.

– حجازی، محمد منیر(٢٠١٣)، الموسوعة الأعلامية، المجلد السابع، دار الفجر للنشر والتوزيع، القاهرة.

٣– نامە ئەکادیمییەکان.

– عومەر، مەهدی فاتیح(٢٠١٠)، پرۆسەی ئەنفال و ڕەنگدانەوەی لە ئەدەبی کوردیدا، نامەی دکتۆرا، زانکۆری سلێمانی، کۆلێژی زمان، بەشی کوردی، سلێمانی.

٤– گۆڤارەکان

– حسەین، د. هەڤاڵ ابوبکر(٢٠١٣)، ئەدەب وەک دۆکۆمێنتی مێژوویی، گۆڤاری زانکۆی سلێمانی، ژمارە ٤٣، تشرینی دووەم، بەشی (B ).

– سۆفی، محمد سعید(١٩٩٢)، کەندیناوە و سیاسەتی تەعریب و ڕاگواستن، کوردستانی نوێ، ژ(١٥٤)، هەولێر.

– علی، بەختیار، (١٩٩٩)، لە ئارەزووی کوشتنەوە بۆ ئارەزووی فەرامۆشکردن، گۆڤاری ڕەهەند، ژ(٧).

٥– گۆڤارە ئینگلیزییەکان

– Murad(dr) Ibrahim Ali (History Served: A Critical Study of English and Kurdish Docupoems, Journal of Universtiy of Garmian, Volume ٧ Lssue١.

٥– سەرچاوە ئەلیکترۆنیەکان.

– Lobo, Julius (٢٠٢١), What is Documentary Poetry? ٥ Contemporary Works To Get You Started, https://bookriot.com/documentary-poetry/amp/.

– Magi, Jill (٢٠١٦), poetry in Light of Documentary https://www.chicagoreview.org/poetry-in light of-documentary/.


هەواڵنامەی کتێب

# کورد دەبێت ئەنفال بکرێت



محەمەد حەمە تەقی

ڕەنگە ئەمە ناونیشانێکی سەیر بێت بۆ وتارێک کە لە لایەن کوردێکەوە بنووسرێت، نەتەوەیەکی دێرینی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، نەتەوەیەک کە ژمارەیان لە سەروو پەنجا ملیۆن مرۆڤەوە بێت و هەزاران ساڵە لەسەر خاکی خۆیان نیشتەجێن و خاوەنی کولتوور و مێژووی خۆیانن و لە کۆی ڕووداو و شارستانیەتەکانی ناوچەکەدا بەشدارییەکی کارایان هەبووە، بۆ دەبێت ئەنفال بکرێن؟

بەڵام لەوە سەرسوڕهێنەرتر تێنەگەیشتنی کورد خۆیەتی لەوەی، کە بۆچی زیاتر لە سەد و پەنجا ساڵە ڕووبەڕووی ئەنفال و قڕکردن و جینۆساید دەکرێتەوە؟ هەم ئەنفالی فیزیکی، هەم ئەنفالی کولتووری، سەرەڕای پەراوێزخستن و تواندنەوە بە ڕێگە و شێوازی جیا جیا. بۆیە دەڵێم سەد و پەنجا ساڵ، چونکە پێشتر هەستی نەتەوایەتی لە ناو کۆمەڵگەی کوردیدا زۆر سەرەتایی و ناکامڵ بوو، گەرچی کۆنەستی نەتەوایەتی لە ناو کۆمەڵگەی کوردیدا تا ئەمڕۆش، بە هۆی کاریگەریی ئاینی و مەزهەبی و ناوچەیی و خێڵەکییەوە تەواو نەخەملیوە.

لە ئێستادا کورد لەگەڵ سێ نەتەوەدا هاوسێ و تێکەڵاوە، فارس لە ڕۆژهەڵاتەوە تورک لە باکوورەوە، عەرەبیش لە باشوور و ڕۆژئاواوە، تێکەڵاوییەکە بە شێوەیەکە خەریکە وەک تانوپۆ یان وەک تۆڕی جاڵجاڵۆکە بە یەکدا دەئاڵێن، ناتوانرێت بە شێوەیەکی ڕەها بوترێت تا ئێرە نیشتمانی کوردە و لێرەوە ئیتر نیشتمانی ئەوانی ترە، کورد بە ڕێژەیەکی بەرچاو لە بەغداد و دیمەشق و تاران و ئەستەمبوڵ و ئەنقەرە نیشتەجێن و خاوەنی کار و پیشەی تایبەتی خۆیانن، یان لە دەزگا دەوڵەتییەکاندا کار دەکەن. لە کارگوزارێکەوە تا پلەی بەڕێوەبەری گشتی و وەزیر، کورد لەو شارانەدا هەن، بە هەمان شێوە لە دیاربەکر و هەولێر و کرماشان، کە پایتەختی ڕۆحی و کولتووری و کارگێڕیی کوردن،

ڕێژەیەکی بەرچاو لە نەتەوەکانی تورک و عەرەب و فارس لەو شارە کوردییانەدا نیشتەجێن و خاوەنی کارن یان فەرمانبەرن و خاوەنی پۆست و پلەی دەوڵەتین.

لە جیهانی ئەمڕۆدا وڵاتانی ئێران، تورکیا، عێراق و سوریا، وەک دەوڵەتی فارس و تورک و عەرەب دەناسرێن، زمانی فارسی و تورکی و عەرەبی زمانی فەرمی و یاسایی و کارگێڕییانە، لە کاتێکدا پانتاییەکی زۆری ئەو دەوڵەتانە لەسەر خاک و نیشتمانی کورد دامەزراوە، بەڵام هیچ کام لەو دەوڵەتانە ناسنامەی کوردییان هەڵنەگرتووە، کورد جگە لە حکومەتۆکەیەکی لەرزۆک و ئابڵوقەدراوی ژێر باڵی دەوڵەتێکی عەرەبی (عێراق)، کە حکومەتێکی نیمچە فەرمییە، هیچ ناوەندێکی دانپێدانراوی سەربەخۆی نییە. درێژەکێشانی ئەم ڕەوشە و هێشتنەوەی کورد لە پەراوێزدا، لە هەمان کاتدا ڕووبەڕووبوونەوەی بەردەوامیان بەرانبەر لەشکر و سوپای ئەو دەوڵەتانە، لە چەند دەیەیەکی تردا کورد وەک هندییە سوورەکانی ئەمەریکا، یان وەک جووەکانی نیمچە دورگەی عەرەبیان لێ دێت، بستە خاکێکیان بۆ نامێنێتەوە ناوی کوردستان یان نیشتمانی کوردان بێت.

پێش سەرهەڵدانی ئاینی ئیسلام، یان ڕاستتر وایە بڵێین پێش فتوحاتی ئیسلامی، نە عەرەب لە عێراق و شامدا هەبوون، نە تورک لە تورکیای ئێستادا، بەڵام کورد لە ناوچەکەدا خاوەنی دەوڵەت و ئیمپراتۆریای خۆیان بوون، بۆ نموونە ئیمپراتۆریای ماد و دەوڵەتی ساسانی، لە ڕۆژئاوای شامیش (لوبنان و فەلەستین و خۆرئاوای تورکیای ئێستا)، یۆنانییەکان هەبوون، ململانێی نێوان یۆنانی و ماددەکان مێژوویەکی دیارە و سەلمێنەری ئەو ڕاستییەیە کە ئەو



قەڵای نوگرە سەلمان

دوو ئیمپراتۆریەتە، پێش سەرهەڵدانی فتوحات لە گۆڕەپانەکەدا بوون، ئەم بوونەشیان تەنیا لە ڕووی هێزی سەربازییەوە نەبووە، بەڵکوو بە هەموو بوونێکی کولتووری و ئابووری و حکومڕانییانەوە لە ناوچەکەدا بوون.

ئیسلام وەک هێزێکی نوێ لە نیمچەدورگەی عەرەبی (بەتەیبەتی لە هەردوو شاری مەکە و مەدینە)وە سەری هەڵدا، ئەم هێزە نوێیە کە هەڵگری پەیامی ئیسلامی و خاوەنی لەشکرێکی جەربەزە و شەڕکەر بوو، سنووری دورگەی عەرەبیی بڕی و وەک ڕمێک بە نێوان ساسانی و بیزانییەکاندا هەڵکشا، لە ماوەیەکی کەمدا توانیی ڕووبەرێکی فراوان لە عێراق و شام داگیر بکات و بیخاتە ژێر دەسەڵاتی خۆیەوە و دەوڵەتی ساسانییش بڕووخێنێت، ئەم داگیرکارییەی هێزە ئیسلامییەکان لە سەرەتاوە زۆر بە تین و تاو بوو، دواتر بە هۆی ململانێکانی ناوخۆیانەوە لەسەر دەسەڵات خاو بوویەوە، بەڵام دەتوانین بڵێین کە شاڵاوی هێزە ئیسلامییەکان زیاتر لە هەزار ساڵی تەواوی خایاند، لە سەدەی حەوتەمی زایینییەوە تا سەدەی هەژدەهەم، کە هێزە ئیسلامییەکان لە بەڵقان شکان و پاشەکشەیان کرد.

ئەم هێزە ئیسلامییە، تەنیا وەک هێزێکی سەربازی نەهاتنە ناوچەکەوە، بەڵکوو ئاین و کولتوورەکەی خۆشیان سەپاند و لەسەر خاکی عێراق و شام مانەوە و نیشتەجێ بوون، دواتر تورکە

مەغۆلەکان لە سەدەی دوانزهەمەوە پەلاماری ناوچەکەیان دا و لە ژێر کاریگەریی هەمان ئایندا (ئاینی ئیسلام)، زۆربەی ناوچەکانیان داگیر کرد و تیایدا نیشتەجێ بوون و ئیمپراتۆریەتێکی زەبەلاحیان بە ناوی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی تێدا دامەزراند.

لە گێڕانەوەی ئەم کورتە مێژووەوە بەوە ئاشنا دەبین، کە بوونی هەردوو نەتەوەی تورک و عەرەب لە ناوچەکەدا، بوونێکی مێژوویی نییە، بەڵکوو بوونێکی داگیرکارییە، واتە بە هێزی سەربازی و لە ئەنجامی داگیرکاریدا توانیویانە لە ناوچەکەدا، نەک هەر شوێنپێی خۆیان بکەنەوە، بەڵکوو دەوڵەتی بەهێزیش بۆ خۆیان دامەزرێنن. گەرچی ئێمەی کورد کەمتر بەو مێژووە ئاشناین، گەر ئاشناش بین بە بیانووی جۆربەجۆر پاساومان بۆ هێناوەتەوە و هیچ لێکدانەوەیەکمان بۆ نەکردووە، تەنانەت لە کۆنەستی نەتەوایەتیماندا ڕەنگی نەداوەتەوە، بۆیە زۆر جێگەی سەرسوڕمان نییە، گەر کوردێکیش وەک عەرەبێک بڵێت عێراق وڵاتێکی عەرەبییە، یان وەک تورکێک بڵێت تورکیا وڵاتی تورکانە.

لەو ڕوانگەوە کە تورک و عەرەب چاک هەستیان بەو ڕاستییە کردووە، کە ئەم سەرزەمینەی شام و عێراق و تورکیا، خاکی ڕەسەنی خۆیان نییە، بەڵکوو خاکی ڕەسەنی کورد و ئەرمەن و یۆنانییەکانە، بۆیە هەموو هەوڵێکی خۆیان خستووەتە گەڕ بۆ سڕینەوەی هەر ئاسەوار و بەڵگەنامەیەکی مێژوویی کە پێچەوانەی خواستی ئەوانە و ئەو ڕاستییە دەسەلمێنێت، کە ئەوان بە داگیرکاری هاتوونەتە ناوچەکەوە، لە هەمان کاتدا پەلاماردان و شاڵاوی کۆمەڵکوژی دژ بەو نەتەوە ڕەسەنانەی ناوچەکە دەکەن، بە هەموو شێوەیەکی کولتووری و فیزیکی، بۆ ڕەواندنەوەی ئەو ترسەی لە داهاتوودا ئەم نەتەوانە هۆش بهێننەوە بەر خۆیان و داوای خاکی داگیرکراویان بکەنەوە.

کورد لە دەرەوەی ئەو هاوکێشەدا نییە، کورد لە ژێر بەرداشی دەسەڵاتدارانی تورک و عەرەبدایە، ئەوان (دەسەڵاتدارانی تورک و عەرەب) ڕێگا ڕاستەکەیان گرتووەتە بەر، ڕێگای سڕینەوە و کۆتاییهێنان بە بوونی نەتەوەیی کورد، ئەوان کە دڵنیان لەوەی بەشێکی گەورەی دەوڵەتی خۆیان لەسەر خاکی کورد بنیات ناوە، ئیتر چۆن ڕێگە دەدەن کورد وەک نەتەوەیەکی سەبەخۆ ببینن؟ کورد لای ئەوان یان تورکی شاخاوییە یان نەوەی جنۆکە، لە باشترین حاڵەتدا کورد وەک میوان و پەناهەندە وێنا دەکەن، ئیتر چۆن ڕێگە دەدەن کورد ببێتە خاوەن هێزێکی ئەوتۆ، کە ڕۆژێک لە ڕۆژان بتوانێت لەسەر پێی خۆی ڕابوەستێ و داوای خاکی داگیرکراوی خۆی بکاتەوە؟

ئەوەی لەم هاوکێشەیە تێناگات تەنیا کوردە، بەتایبەتی ئەوانەی تا ئێستا خۆیان بە ڕابەر و سەرکردەی شۆڕش و خەباتی کوردایەتی زانیوە، هەمیشە بە بیانووی جۆربەجۆر خۆیان و نەتەوەی کوردیان لە بەردەم ئەو داگیرکەرانەدا زەلیل و داماو کردووە. زۆر جار بە بیانووی هاوئاینی و هاوچارەنووسییەوە لە چوارچێوەی دەوڵەتێکدا، خزاونەتە پیلانی داگیرکەرانەوە، هاوئاینی و هاونیشتمانی، کاتێک ڕێگەپێدراوە کە تۆش وەک ئەوان خاوەنی پێگە و سنووری دیاریکراوی خۆت بیت، مافە کولتووری و ئابووری و سیاسییەکانت وەک ئەوان پارێزراو بێت.

**چۆن کورد خۆی لە لەناوچوون بپارێزێت؟**

پێش ئەوەی کورد بیر لە هیچ ڕێگا چارەیەک بکاتەوە بۆ دەربازبوون، دەبێت تەواو ئەو ڕاستییە

لای خۆی بچەسپێنێت، کە ئەوان داگیرکەرن و هەموو هەوڵێکیان بۆ سڕینەوەی ناسنامەی نەتەوەیی و کولتوور و زمان و مێژووی کوردە، بە هەرڕێگەیەک بۆیان بکرێت، بە ڕێگەی نەرمی تواندنەوە و پەراوێزخستن و پەرش و بڵاوەپێکردنەوە بێت، یان بە ڕێگەی زۆرەملێ و شاڵاوی سەربازی، تا ئاستی کۆمەڵکوژی.

بۆ دیاریکردنی ڕێڕەوی خەبات و دەربازبوون لە مەترسیی لەناوچوون، کورد دەبێت لە یەک کاتدا لەسەر سێ هاوکێشە یان سێ بازنەی تەواوکەری یەکتر کار بکات، ئەوانیش:

یەکەم/ بازنە جیهانییەکەیە، بازنەیەکی فراوان و گشتگیرە، ئەم بازنە جیهانییە ئەو دەوڵەتە گەورانەی جیهان ڕۆڵی تێدا دەبینن، کە خاوەنی ئابووریی بەهێز و سوپای بەهێز و چەکی پێشکەوتوون، لە سەرتاسەری جیهاندا خاوەنی بەرژەوەندیی گەورە و تایبەتی خۆیانن، وەک: ئەمەریکا، ڕوسیا، بەریتانیا، فەرەنسا و چین. ئەم دەوڵەتە گەورانە بە پلەی یەکەم چاویان لەسەر پاراستنی بەرژەوەندییەکانیانە لە هەموو قوژبنێکی ئەم جیهانە فراوانەدا، کە خۆی لە پاراستنی ڕێڕەوی بازرگانی و سەرچاوەی وزە و بازاڕی ساخکردنەوەی کاڵاکانیاندا دەبینێتەوە. لەم بازنەدا کورد دەبێت بەرژەوەندیی ئەو دەوڵەتانە بپارێزێت، هەم لە ناوەندی بڕیاری ئەو دەوڵەتانەدا هەوڵی دروستکردنی لۆبیی ناساندنی نەتەوەیی و پێگەی کاریگەری خۆی بدات لە بازنەی بەرژەوەندیی ئەواندا. لە هەمان کاتدا دەبێت ئاگاداری گەمە شەیتانییەکانیان بێت.

دووەم/ بازنە هەرێمایەتییەکە، ئەم بازنەیە بچووکترە لە بازنەی یەکەم، تا ئاستێکی بەرچاویش دەوڵەتانی ناو ئەم بازنەیە، لە ڕێگەی بەرژەوندیی هاوبەشەوە گرێدراوی یەکێک یان زیاتر لە دەوڵەتانی بازنەی یەکەمن، نموونەی دەوڵەتە هەرێمایەتییەکان وەک: ئێران، تورکیا، میسر، سعودیە و ئیسرائیل. گەرچی کورد لە دوو دەوڵەتی ئەم بازنەیە (تورکیا و ئێران)، بە قەبارەیەکی گەورە هەن و خاوەنی جوگرافیایەکی فراوانە تیایاندا، بەڵام بەردەوام ململانێ و ناکۆکی مێژوویی و کولتووری و ئابووری لە نێوان ئەم دەوڵەتانەدا هەیە، کورد دەتوانێت سوود لەو ناکۆکیانە وەربگرێت لە بەرژەوەندیی دۆزە ڕەواکەیدا.

سێیەم/ بازنە ناوخۆییەکە، ئەمە بچووکترین و کاریگەرترین بازنەیە، ئەم بازنەیە تەنیا پەیوەندی بە کۆمەڵگەی کوردی و هێز و ئابووری و کولتووریی کوردییەوە هەیە. کۆمەڵگەی کوردی بەردەوام لە کەرتبوون و جیابوونەوەدایە، ناکۆکی و ململانێیەکی کوشندە کۆمەڵگەی کوردیی داغان کردووە، ناکۆکیی سیاسی، تایەفی، ئاینیی، ناوچەگەرێتی و بنەماڵەیی، ڕاستە ئەم ناکۆکیانە دەستی داگیرکەرانی لە پشتە، بەڵام کورد دەبێت لەو ڕاستییە تێبگات، کە ئەوانە دەوڵەتی داگیرکەرن و پەرتەوازەیی کۆمەڵگەی کوردیان دەوێت. لەم بازنەدا کورد دەبێت هێڵی سووری نەتەوەیی و نیشتمانی بۆ خۆی بکێشێت، لە ژێر هیچ پاساو و بیانوویەک لەو هێڵە سوورە دەرباز نەبێت.

لە کاتێکدا کورد وەک نەتەوە خاوەنی دەوڵەتی دانپێدانراوی خۆی نییە، دەبێت دەست بە کولتوورەکەیەوە بگرێت، زمان و ئەدەب و هونەرەکەی بپارێزێت، هەوڵی یەکڕیزیی ناوخۆ و کۆکردنەوەی هەموو هێز و تواناکانی بدات، دەنا سەد ساڵی تر یان زیاتر، دەبێت کورد بە دوای هەرتزلێکی کوردیدا بگەڕێت تا لە دورگەیەکدا پارچەکانی کۆ بکاتەوە.

# گروپی بێڵدربێرگ، یان دەوڵەتی سێبەری جیهان



عومەر ئیسماعیل باوزێیی

گرووپی بێڵدربێرگ، ڕێکخراوێکی بەهێزی پێک هاتووە لە ڕێبەرانی سیاسی، بیرمەندان، سەرمایەدارانی نێودەوڵەتی و خاوەن کۆمپانیا گەورەکانی جیهان، هەروەها کاربەدەستانی پایەبەرزی هەندێک دەوڵەت لە ئەورووپا و ئەمریکای باکوور و کۆمەڵە کەسانی ناوداری وەک (دەیڤید ڕاکفلەر)ی بانکدار، (هێنری کیسنجەر)ی بە ڕەچەڵەک ئەڵمانی و پێشتر وەزیری دەرەوەی ئەمریکا، (کۆنت کلارک) پێشتر وەزیری دارایی بەریتانیا، لۆرد (پیتەرکرینگتۆن)، خاتوو (پیئاترکس)ی شاژنی هۆڵەندا، (ئاتیسار)ی سەرۆککۆمار و (ئیسکۆئاهۆ) سەرۆکوەزیرانی فینلەندا، (هێلت موهل) پێشتر ڕاوێژکاری ئەڵمانیا و (فرانتس ڤیرانتسک)ی سەرۆککۆماری نەمسا، یەکێکن لە کاراکتەرە دیار و دێرینەکانی ئەم ڕێکخراوە، هەروەها سەرانی دەوڵەتانی ئەورووپا و کەسایەتییە باڵاکانی حکومەتی ئەمریکا لە کۆشکی سپی، وەزارەتی بەرگری، وەزارەتی دەرەوە، کۆنگرێس و هیی تریشیان تێدایە. هەریەک لە سەرۆکانی پێشتری ئەمریکا (بێل کلینتۆن) و (هیلاری کلینتۆن)ی هاوسەری، (جیراڵد فۆرد) و (ڕیچارد نیکسۆن) بەشدارییان تێدا کردووە.

گرووپەکە، لە وەرزی بەهاری هەموو ساڵێک و بە دیاریکراوی لە کۆتایی مانگی ئایار، یان سەرەتای مانگی حوزەیران بۆ ماوەی (٣) ڕۆژ و لە ڕۆژی پێنجشەممە، هەتا ڕۆژی شەممە لە ژێر چاودێرییەکی توندی پاسەوانیدا، بە شێوەیەکی نهێنی کۆ دەبێتەوە بۆ دیاریکردنی نەخشەڕێگای ئاڕاستەکردنی جیهان. ئەم ڕێکخراوە نزیکەی

(١١٠) ئەندامی هەیە، هەریەکە لە خێزانی (ڕۆکفلەر) لە ئەڵمانیا، خێزانی (ڕوگێلد) لە بەریتانیا و خێزانی (ڕاکفلد) لە ئەمریکا، بەشداری تێدا دەکەن، هەرساڵەش چەند کەسێکی تازە بانگهێشت دەکەن. ئەگەر ئامادەبوونی ئەوان بە قازانج بزانن، لە کۆبوونەوەکانی ساڵانی دواتریش بەشدارییان پێ دەکرێت و بە پێچەوانەشەوە لە بەرنامەدا نامێنن. ئەو بڕیارانەی ئامادەبووان لەم کۆبوونەوە نهێنییانەدا پێی دەگەن، کاریگەری لەسەر چارەنووسی هەر تاکێکی ئەمریکی و زۆربەی وڵاتانی جیهان دادەنێت.

بنەچەی بێڵدربێرگ بۆ چەندین سەدە لەمەوبەر دەگەڕێتەوە، کە سەرمایەدارانی نێودەوڵەتی ئاڕاستەی سروشتی ئابوورییان دەستکاری دەکرد، هەتا گیرفانی خۆیان پڕ بکەن و خەڵکی ئاسایی بکەن بە کۆیلە، دواتر لە ساڵی (١٩٥٤) دا سەرمایەدارانی نێودەوڵەتی لە میوانخانەی بێڵدربێرگ لە نزیک شاری ئۆستربیک لە وڵاتی هۆڵەندا، یەکەمین کۆبوونەوەی ساڵانەیان کرد و ناویان لە خۆیان نا (گرووپی بێڵدربێرگ).

ئەندامانی گرووپەکە ساڵانە لە خۆشترین ناوچە و هۆتێلە گرانبەهاکان بە ئاسایشی پاسەوانی چەکدار و بە ئۆتۆمبێلی لیمۆزینەڕەش و درێژە گرانبەهاکان، هەروەها لەنگەرگرتنی کەشتییە گەشتیارییەکان و هەڵفڕینی کۆپتەرەکان، کەسانی نەناسراو لە چاوی ڕاگەیاندنەکانەوە دەگوازنەوە. تەواوی بەشداران و کارمەندانیان و تەنانەت خزمەتکارە تایبەتەکانیشیان سوێند دەدرێن، هیچ زانیاریەک نەدرکێنن و بە تەواوی دەزگا ڕاگەیاندنەکانی بینراو، بیستراو و خوێنراو کۆنترۆڵ دەکەن. ڕۆژنامە بەناوبانگە جیهانییەکانیش هاوکاریانن وەک (واشنتۆن پۆست، تایم، نیوز ویک، ناشناڵ ڕیڤیو، نیویۆرک تایمز، لۆس ئەنجلۆس تایمز، ئەسۆشەیتد پرێس، یونایتد پرێس و یونایتد ئینتەرناشناڵ)، هیچ هەواڵێک دەربارەی ئەو کۆبوونەوانە بڵاو



ناکەنەوە. لە کاتێکدا بانگەشەی بێلایەنی و سەربەخۆیی و ئازادیی ڕادەربڕین و پرۆفیشناڵی خۆیان دەکەن.

بڕیارەکانی گرووپی بێڵدربێرگ، ڕۆڵی هەیە لە هەڵبژاردنی سەرۆکانی ئەمریکادا. لە لایەکی دیکەوە، کەوتنی مارگرێت تاچەر لە پۆستی سەرۆکوەزیرانی بەریتانیا و پەیمانشکێنیی جۆرج بوشی باوک بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی داهاتەکان، یەکێکن لە نموونە بەرچاوەکان.

یەکێکی دیکە لە ئامانجە بنەڕەتییەکانی ئەو گرووپە نهێنییە، فراوانکردنی یەکێتیی ئەورووپا بە لەخۆگرتنی هۆڵەندا و لە کۆتاییشدا دەوڵەتانی نێو پەیمانی وارشۆی کۆن، ئەوکات کۆمارەکانی یەکێتیی سۆڤیەتی پێشوو بوو، هەتا ئەو دیاردەیە سەرانسەری کیشوەرکە بگرێتەوە، کە لە ئێستادا بێڵدربێرگ پەیوەندییەکی نزیک و بەهێزی لەگەڵ بەرژەوەندییەکانی ڕێکخراوی پەیمانی ئەتڵەنتیکی باکوور/ ناتۆدا هەیە، هەروەها کاریگەرییان لەسەر کۆبوونەوەکانی حەوت وڵاتە پیشەسازییەکەی جیهان ناسراو بە (G٧)یش هەیە.

هەنگاوێکی دیکە، دابەشکردنی جیهان بەسەر (٣) بەشدا، هەتا بەڕێوەبردنی لە ژێر چاودێریی نەتەوەیەکگرتووەکاندا بێت. دامەزراندنی یەکێتیی ئۆقیانووسی ئارام، کە بەم شێوەیە جیهان بەسەر (٣) ناوچەی گەورەدا دابەش دەکات، دەستێوەردانێکی بەرچاو لە سیاسەتی نێودەوڵەتیدا دەکەن. بە دیاریکراوی بەرزکردنەوە و دابەزینی نرخی دۆلار لە بازاڕەکانی جیهاندا، وەک هەڵبژاردنی جۆن کەنەدی لە ساڵی (١٩٦١) دا بە سەرۆککۆماری ئەمریکا، هەروەها جیمی کارتەر لە ساڵی (١٩٧٦)دا. بە گوتەی سەرچاوە ئاگادارەکانی کۆبوونەوەی بێڵدربێرگ: هەرێمە یەککگرتووەکانی ئەمریکا بە بەرپرسیاری سەرەکیی نەداری و هەژاریی وڵاتانی جیهانی سێیەم دەزانن بۆ ئەوەی زەمینە بڕەخسێنن هەتا ئەمریکا بۆ دانی پێشنیاری هاوکاریی قەرزدان بە وڵاتان بۆ کەڵک وەرگرتن لە دۆلار و بە باجدان ئەو وڵاتانە بخەنە ژێر فشارەوە.

**نهێنییەکانی پشتی کۆبوونەوەکان بریتین لە:**

پیلانی زۆر ورد و داڕێـــژراو لـە نێوان سیاسەتمەداران و بانکدارانی دەسەڵاتدار پێک دێت، هەتا هەریەکەیان بەشی زیاتر لەو شتەی بەدوایەوەن، واتا دەسەڵات و پارە بەدەست بهێنن. ئەو دوو ڕەگەزە واتا (دەسەڵات و پارە) ملیۆنان کەس لە باجدەران و دەنگدەران فریو دەدەن و دەیانخەنە بەر دەستی ئەوان. ئەو پیلانە دەبێتە هۆکاری ڕووخاندنی تەواوی دەوڵەتانی میللی و نەتەوەیی و جێگرتنەوەیان بە دەوڵەتێکی گەورەی جیهانی، کە لە لایەن فێڵبازان و بەرتیلخۆرانەوە بەڕێوە دەچێت. بەکاربەران، باجدەران و دەنگدەرانی قوربانییانی دەزگاکانی ڕاگەیاندن بە ناو ئازادیی ئەوانن، کە بێ زیادەڕەوی بەشێکن لەو پیلانە. جەنگەکان بۆ بەرەوپێشچوونی بەرژەوەندییەکانی ئەو شەڕخوازانە بەڕێوە دەچن. ئەمانە هەزاران لاوی فریوخواردوو ڕووبەڕووی مردن دەکەنەوە و گیرفانی خۆیان لە بەری گوناە و تاوانەکانیان پڕ دەکەن. چەندین ڕۆژنامەنووس چەند ساڵ ئامانجیان دەرخستن و ئاشکراکردنی ڕووی ڕاستەقینەی بێڵدربێرگییەکان بۆ خەڵکی جیهان و ئەو پیلانانە بوو، کە دەیانگێڕا، بۆ ئەوەی بزانن چی پیلانێکی دۆزەخیان بەدەستەوەیە و خەریکی نانەوەی چی تۆڕێکی شەیتانین.

## چەند کۆبوونەوەیەکی بێڵدربێرگ

کۆبوونەوەی ساڵی (١٩٨٦)، لە ڕۆژانی (٢٤-٢٧ی نیسان) لە ناوچەی (گلن ئیگلز) لە هەرێمی سکۆتلەندا لە وڵاتی بەریتانیا ساز کرا. ئامانجی سەرەکیی گەیشتنە کورسیی دەسەڵاتی سەرۆککۆماری ئەمریکا (جۆرج ئێچ دەبلیو بوش)، یان جۆرج بوشی باوک بوو وەک پاڵێوراوی کۆماریخوازەکان، بە مەرجی بەدیهێنانی چەند دەستکەوتێک، کە لە هەڵبژاردنی ساڵی (١٩٨٨)دا بردییەوە و گرووپەکە (٢٧٪) داهاتی خۆی لە ماوەی (٣) مانگدا بۆ پشتیوانیی بانگەشەی هەڵبژاردن خستە گەڕ، بەڵام کاتێک خواستەکانی بێڵدربێرگی جێبەجێ نەکرد، ڕێگری کرا لە هەڵبژاردنی ساڵی (١٩٩٢)دا بۆ دووەم خول هەڵبژێررێتەوە، هەروەها ئامانجێکی دیکە لەم کۆبوونەوەیە بەرزکردنەوەی نرخی نەوت بوو لە بازاڕەکانی جیهاندا، کە ڕۆژ دوای ڕۆژ بەهاکەی لە دابەزیندا بوو، لەگەڵ تاوتوێکردنی چەند بابەتێکی سیاسی لە وڵاتانی ئەفریقیا.

کۆبوونەوەی ڕۆژانی (١١-١٤ی مایس) لە ساڵی (١٩٨٩)دا لە دورگەی (لاتوخا) لە باشووری وڵاتی ئیسپانیا و کەناراوەکانی زەریای ئەتڵەسی بە شێوەیەکی نهێنی بەڕێوە چوو. ئامانجی ئەم کۆبوونەوەیە لەدەسەڵاتخستن و تیرۆرکردنی خاتوو (مارگرێت تاچەر ١٩٢٥-٢٠١٣)ی سکرتێری حزبی پارێزگاران بوو لە پۆستی سەرۆکوەزیرانی بەریتانیا، کە بە (خاتونی ئاسنین) ناسرابوو، چونکە ڕێگریی دەکرد وڵاتەکەی بچێتە ناو یەکێتیی ئەورووپاوە، لە شوێنی ئەو دانانی جۆن مێجەر لە هەمان حزب، چونکە بڕیار بوو ساڵی (١٩٩٢) یەکێتییەکە دابمەزرێت، هەروەها چەندان ساڵ بوو نەخشەی یەکێتییەکە و یەکەیەکی دراوی هاوبەش بە ناوی (یۆرۆ) کەوتبووە بەرنامەی کاری گرووپی بێڵدربێرگ، پێشتر لە بەرنامەدا بوو مارگرێت تاچەر دراوی وڵاتەکەی لەگەڵ یەکێتییەکە یەک بخات، بەڵام پابەند نەبوو بە بەڵێنەکەیەوە.

ئەوکات خاتوو تاچەر لە وتارێکیدا لە واشنتۆن، گەورە دەوڵەتی ئەورووپای ڕەت کردەوە و گوتی: ئەوە پەسەند ناکەم و بە کردەوە نابێ فەرمانڕەوایی بەسەر خۆماندا بکەین. بە هەمان شێوە دراوی پێشنیارکراوی هاوبەشی ڕەت کردەوە، ئەمە لە حاڵێکدا بوو، کە ڕێبەرانی یەکێتیی ئەورووپا لە شاری کان لە فەرەنسا کۆ ببوونەوە هەتا کاتێکی دیاریکراو بۆ یەکپارچەیی دراوی لە ساڵی (١٩٩٩)دا دیاری بکەن. ئەوان لە دانیشتنی کاندا بڕیاریان دا، هەروڵاتێک ناوی دراوەتازەکە وەک پێشگر بخاتە سەر ناوی دراوی وڵاتەکەی، بە نموونە (یۆرۆپاوەند و یۆرۆفرانک)، هەروەها تاچەر پێی وا بوو دامەزراندنی دەوڵەتێک لە (١٥) دەوڵەت، کە بە (١٣) زمانی جیاواز قسە دەکەن هەڵەیە.

جگە لەوە، هەمان ساڵ ڕێکخراوەکە پێشنیارێکی خستە ڕوو، کە (میخائیل گۆرباچۆف ١٩٣١-٢٠٢٢)ی سەرۆکی یەکێتیی سۆڤیەت و هەندێک لە وڵاتانی بلۆکی خۆرهەڵات ڕیفۆرم و داخوازی وڵاتانی خۆرئاوا جێبەجێ بکەن، بۆ ئەوەی یەکێتیی سۆڤیەت لە هەڵوەشان بپارێزن و وڵاتانی داگیرکراو بۆ هەمیشە لە ژێر کۆتدا بمێننەوە، چونکە ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ (١٥) وڵاتی بچووکتری جیابووەوە زۆر ئاڵۆز بوو.


لە کۆبوونەوەی ساڵی (١٩٩٠)دا لە ناوچەی (گلین کوف لۆنگ ئایسلاند) لە ناوەندی شاری هریسۆن لە ئەمریکا، یەکێک لە بابەتەکان پێویست بوو جۆرج بوشی سەرۆککۆمار لە مانگی حوزەیرانی ئەو ساڵەدا لە واشنتۆن

دیدارێک لەگەڵ میخائیل گۆرباچۆف سەرۆکی یەکێتیی سۆڤیەت بکات و بابەتی مووشەکی ناوەکیی دوورمەودا و گرانبەهاکان و بەرنامەی شەڕی هەسارەکان قسەی لەسەر بکرێت.

کۆبوونەوەی ساڵی (١٩٩١) لە ڕۆژانی (٧-٩ی حوزەیران) لە هۆتێل (بادشیر هۆف) یەکێک لە ڕازاوەترین میوانخانەکانی شاری (بادن-بادن) لە وڵاتی ئەڵمانیا بەسترا. لەو کۆبوونەوەیەدا بڕیار لە ڕووخانی ڕژێمی (سەدام حسێن ١٩٣٧-٢٠٠٦) درا، کە سەرۆکی وڵاتێکی دەوڵەمەندە بە نەوت. هەڵگیرسانی شەڕی کەنداو بەتایبەت لە لایەن (هێنری کسنجەر ١٩٢٣-٢٠٢٣) و ئەندامانی دیکەی گرووپەکە ڕەزامەندیی لەسەر درا، مۆڵەتی شەڕەکەش لە لایەن ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان و بە خواستی جۆرج بوش، پێش ئەوەی بخرێتە بەردەم کۆنگرێس، بڕیاری لێ درابوو، هەروەها بۆ ساڵانی دواتر وەگەڕخستنی بزووتنەوەی یەکدراوی بۆ نیوەگۆی خۆرئاوا نەخشەی بۆ دانرا، هەمان ساڵ گۆرباچۆف ڕایگەیاندبوو بۆ ئەوەی بتوانێت درێژە بە دەسەڵات بدات پێویستی بە بەخشینی (١٠٠) ملیار دۆلار لە وڵاتانی خۆرئاوا و بەتایبەت ئەمریکا هەیە، بەڵام ئەم خواستە نەهاتە دی. دوای گۆڕانکارییەکان و هەڵوەشاندنەوەی یەکێتیی سۆڤیەت، ئەندامانی بێڵدربێرگ نەخشەیەکیان دارشت هەتا لە سەرچاوەی سروشتی، دەوڵەمەندی، خاکی هەرزان، موڵک و هێزی کار لە کۆمارەکانی یەکێتی سۆڤیەتی پێشوو قازانج بچننەوە.

کۆبوونەوەی ساڵی (١٩٩٢) لە ڕۆژانی (٢١-٢٤ی مایس) لە هاوینەهەواری دلڕفێنی (ڕۆیاڵ و ئێرمیتاژ) لە شاری ئیڤیان لە وڵاتی فەرەنسا بەسترا، کە ئامانجی سەرەکیی گرووپەکە لە بەرانبەر ناوی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان، دامەزراندنی دەوڵەتی جیهانی لە ساڵی (٢٠٠٠) دا بوو، واتا سەرهەڵدانی هەریەکە لە: یەکێتیی ئەورووپا، یەکێتیی ئەمریکا (نفتا) و یەکێتیی ئاسیا (ئۆقیانووسی ئارام).

لەم بارەیەوە پێشتر هێنری کسینجەر لە وتارێکدا لە ڕۆژی سێشەممە (١٩٩١/١٢/٣)دا لە ڕۆژنامەی واشنتۆن پۆست نووسیبوی: «دیسپلینی نوێی جیهانی شەش وڵات، یان ناوچەی تایبەت لە خۆ دەگرێت، کە پێک دێت لە هەرێمە یەکگرتووەکان (نیوەگۆی خۆرئاوا)، وڵاتانی ئەورووپا (کۆمەڵەی ئەورووپا)، هەروەها وڵاتانی چین و ژاپۆن (دەوروبەری ئۆقیانووسی ئارام)، هەرشتێکیش لە یەکێتیی سۆڤیەت بکەوێتەوە پەیوەستی ئۆقیانووسی ئارام دەکرێت». جگە لەوە،



میخائیل گۆرباچۆفیش لە ڕۆژی چوارشەممە (١٩٩١/٥/٨)دا لە ئەنجوومەنی پەیوەندییەکانی دەرەوە لە شیکاگۆ گوتی: «دیسپلینی تازەی جیهانی بە مانای شارستانیەتی تازەیە».

کۆبوونەوەی ساڵی (١٩٩٣) لە هۆتێلە ڕازاوەکەی (نافیسکا ئەستیر پالاس) لە بەرزاییەکی چەند کیلۆمەتریی باشووری شاری ئەسینا لە وڵاتی یۆنان بەسترا. ئامانج ئاوڕدانەوە بوو لە پاراستنی ژینگە و جێبەجێکردنی دیسپلین و ڕێنماییەکان لە لایەن کارگە و کۆمپانیا گەورەکان، بۆ پاککردنەوەی ئاووهەوای جیهان. بەمەش داهاتێکی تازە و زۆر بخەنە گیرفانیانەوە، هەروەها بەرنامەدانان بۆ دووبارە هەڵبژاردنەوەی بێل کلینتۆن لە هەڵبژاردنی ساڵی داهاتوودا. قسەکردن دەربارەی شەڕی بۆسنا تەوەرێکی دیکە بوو.

بێلدربێرگ ڕەزامەندیی دەربڕی بۆ کەڵکوەرگرتن لە سەرچاوە سروشتییەکانی یەکێتیی سۆڤیەتی جاران، لە وڵاتانی هیندستان و چین ئەنجوومەنێکی گشتی لە (١٢) ئەندامی بەهێز پێک بهێنرێت، کە وڵاتانی خۆرئاوا بخەنە ژێر فشار هەتا پارەیەکی زۆر بگەیەننە کۆمارەکانی یەکێتیی سۆڤیەت، بۆ ئەوەی ئەنجوومەنەکە داوای مافی دەرهێنانی نەوت، زێڕ و کانزا گرانبەهاکانی دیکە بە نرخێکی هەرزان بکەن. بە بەڵگەی ئەوەی ئاڵتوون و نەوت لە نێو دڵی خاکدا دەردەهێنرێت، بە مانەوەی لە ژێر خاکدا هیچ بەرهەم و داهاتێکی بۆ هاووڵاتییانی وڵاتەکانیان نییە، ئەمەش پێشنیاری گرووپی بێلدربێرگ بوو، بەڵام تاکە ڕێگر لە گەیشتن بە سەرچاوەکانی هیند و چین، خۆبواردنی ئەمریکا بوو لە ئاساییکردنەوەی پەیوەندییەکانی لەگەڵ ڤێتنام، هەتا ئەو کاتەی بابەتی بە دیلگیراوانی شەڕی نێوانیان و سەربازانی شوێنبزر یەکلایی نەبێتەوە.

بێلدربێرگییەکان داوایان لە ڤێتنامیەکان کرد بە سیناریۆیەکی دروستکراوی هانۆی، داوای لێبوردن لە ئەمریکا بکات، چونکە کەڵکەڵەی گرووپی بێلدربێرگ نەوت بوو، نەک ئەو سەربازە ئەمریکییانەی لە زیندانەکاندا وەک کۆیلە مامەڵەیان لەگەڵ دەکرا.

کۆبوونەوەی ساڵی (١٩٩٤) لە ڕۆژانی (٢-٥ی حوزەیران) لە هۆتێل (کالاستیانا تورپا) لە شاری هێلسنکی پایەتەختی فنلەندا بەسترا و ئامانجیش دیاریکردنی سەرۆکوەزیرانێکی دەستەمۆی خۆیان بوو بۆ وڵاتی ژاپۆن، کە بەرەو ئەندامێتیی یەکێتیی ئۆقیانووسی ئارام هەنگاو بنێت، بۆیە گرووپەکە لە نیسانی ساڵی (١٩٩٤)دا (مۆری هیرۆ هوسوکاوا)ی سەرۆکوەزیرانی ژاپۆنی بە هۆکاری دژایەتیکردنی پابەندبوونی وڵاتەکە بە دەسەڵاتی یەکێتیی ئۆقیانووسی ئارام، لەسەر کار لا دا، چونکە ژاپۆن بە هەڕەشەیەک بۆ سەر بەرنامەی دابەشکردنی جیهان بەسەر (٣) ناوچەی فراواندا لە پێناو ئاسانیی بەڕێوەبردن، لە ژێر ئاڵای دەوڵەتی تازەدەرکەوتووی جیهانی هەژمار دەکرا.

کۆبوونەوەی ساڵی (١٩٩٥) لە ڕۆژانی (٨-١١ی حوزەیران) لە شارۆچکەی نیدواڵدن لە هۆتێل (ریزۆرت پالاس) لەسەر شاخێکی شاری بورگنستاگ لە وڵاتی سویسرا بەڕێوە چوو. بەشداربووان بریتی بوون لە (کرت فرگلر، والت شیل، هێنری کیسنجەر، هێلمت کوهل و جیڤانی ئانیل)ی سەرۆکی دەستەی کارگێڕیی کارگەی فیات، (ستاڤۆس نیارکۆس) خاوەنی کارگەی کەشتیوانی، (دەیڤید ڕاکفلەر و شازادە کلاوس) لە هۆڵەندا، ئامادەکاری کۆنفرانسەکە (دەیڤید دیپور)

ی بەڕێوەبەری پێشکەوتووی جێبەجێکاری کۆمپانیای گەورە و بەتوانای ئاسەئابراون بوری (I. B. B) بوو لە سویسرا. یەکێک لە ئامانجەکان لادانی جۆن مێجەری سەرۆکوەزیرانی بەریتانیا بوو، یان ناچارکردنی بە پەسندکردنی خواستی بێڵدربێرگ و پشتیوانیی تەواو لە یەکپارچەیی سیاسیی گشت ئەورووپا بکات، واتا چوونەناو یەکێتیی ئەوروپا.

هەمان گرووپی بێڵدربێرگ، کە پێشتر جۆن مێجەری هێنایە سەر دەسەڵات ڕۆژی (١٩٩٥/٨/٤) لەسەر کاریش لای برد. یەکێکی دیکە لە تەوەر و بابەتەکانی کۆبوونەوەکە، دەستڕاگەیشتنی ناتۆ بوو بە وڵاتانی خۆرهەڵاتی ئەورووپا.

کۆبوونەوەی ساڵی (١٩٩٦) لە ڕۆژانی (٥/٣٠-٦/١) لە هۆتێل (کینگ سیتی) لە شاری ئۆنتاریۆ لە وڵاتی کەنەدا بەسترا، پرسی سەرەکی بریتی بوو لەوەی، کە جیهان ناتوانێت هەتاهەتایە بەرگەی هەژاربوونی نیوەی دانیشتووانی گۆی زەوی و دەوڵەمەندبوونی نیوەکەی دیکە بگرێ، هەروەها هۆکاری برسیەتی لە کیشوەری ئەفریقیا و هەژاری لە ڕوسیا، دەبێتە هۆی زیادبوونی لێشاوی کۆچبەر و پەنابەران بەرەو وڵاتانی ئەورووپا، بۆیە پێویستە سنوورەکان بە ڕوویاندا دانەخرێت.

کۆبوونەوەی ساڵی (١٩٩٧) لە ڕۆژانی (١٢-١٥ی حوزەیران) لە هۆتێل (ڕێنیسانس پاین ئایڵ) لە شاری لایک لینز لە هەرێمی جۆرجیای ئەمریکا بەڕێوە چوو، مەبەست جێبەجێکردنی ئامانجێکی دوولایەنە بوو. یەکەمیان: لەنێوبردنی جیاوازی نەژادی و نەتەوەیی/ ڕەگەزپەرستی و دووەمیش: جێگیرکردنی هێزی ناتۆ لە ناو سوپای جیهانی ڕێکخراوی نەتەوەکان، واتا مۆڵەتدان بە هێزەکانی ناتۆ بۆ ئامادەبوون لە هەرشوێنێکی جیهاندا لە ژێر ناوی سوپای ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان.

کۆبوونەوەی ساڵی (١٩٩٨) لە ڕۆژی هەینی (٥/١٥) دەستی پێ کرد لە هۆتێل (گلێندریشاگ) لە شاری جیرڤان، لە ناوچەی تورن بیری لە هەرێمی سکۆتلەندا. یەکێک لە خاڵە سەرەکییەکان خستنەژێرفشاری تۆنی بلێر سەرۆکوەزیرانی بەریتانیا بوو، بۆ ئەوەی ئازایەتیی سیاسیی زیاتر بداتە بەر خۆی و دراوی یەکگرتووی ئەورووپا (یۆرۆ) بە خەڵکی وڵاتەکەی پەسەند بکات.

کۆبوونەوەی ساڵی (١٩٩٩) لە ڕۆژانی (٣-٦ی حوزەیران) لە نشینگەی (سزار پارک پنالونگا) لە شاری سینترا لە وڵاتی پرتوگال بەستراو یەکێک لە ئامانجەکان، بە دیاریکراوی وڵاتانی بەڕازیل و ئەرجەنتین و پاشان تەواوی وڵاتانی دیکەی ئەمریکای لاتین (دۆلار) بکەن بە شوێنگرەوەی دراوەکانی خۆیان. ئامانجێکی دیکەی کۆبوونەوەکە، گرووپی بێڵدربێرگ مەبەستی بوو هێزی ناتۆ لە شەڕی وڵاتی یوگوسلافیادا سەر بکەوێت. ئەگەرچی لەو کاتەدا یوگوسلاڤیا سەرچاوەی هیچ هەڕەشەیەکیش نەبوو، بەڵام دواتر (سۆلۆڤۆدان میلۆسۆڤیچ ١٩٤١-٢٠٠٦)ی سەرۆککۆمار داواکارییەکانی هاوپەیمانی ناتۆی بۆ خۆبەدەستەوەدان پەسەند کرد، بۆ ئەوەی ڕێگری بکات لە خوێنڕێژیی زیاتر.

کۆبوونەوەی ساڵی (٢٠٠٠) لە هۆتێل (شاتو دولک) لە شاری برۆکسل لە وڵاتی بەلژیکا بەسترا، بۆ پشتگیری لە هەوڵی هەڵوەشاندنەوەی بەرنامەی دامەزراندنی دەوڵەتی جیهانی گرووپەکە هەڵوێستی بەرچاوی نواند. لە هەمان کاتدا، بێڵدربێرگ بە مەبەستی دەستتێوەردان

لە کاروباری وڵاتانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست بەرنامەیەکی تۆکمەی دارشت.

کۆبوونەوەی ساڵی (٢٠٠١) لە ڕۆژانی (٢٤-٢٧ی مایس) لە هۆتێل (ستنۆنگس) لە شاری گۆتنبێرگ لە وڵاتی سوید بەسترا، لەم کۆبوونەوەیەدا بێلدربێرگ مەترسیی ئەوەی هەبوو یەکێتیی ئەورووپا هەڵبوەشێتەوە. ئەوان چاوەڕوانی ئەوەیان هەبوو بەریتانیا هەتا ساڵی (٢٠٠١) ئەندامێتیی تەواوی یەکێتیی ئەورووپا پەسەند بکات، هەروەها کار بۆ پەیوەستبوون بەدراوی یۆرۆش بکات. هەمان کات ئەندامانی گرووپەکە نیگەران بوون، کە وڵاتی ئیتالیا بە هەڵبژاردنی (سیلڤیۆ برلسکۆنی ١٩٣٦-٢٠٢٣) ملیاردێر ببێتە هۆکاری پەرتەوازەبوونی یەکێتیی ئەورووپا. ئەگەرچی گرووپەکە بۆ دزەنەکردنی زانیارییەکان، کۆبوونەوەی ڕۆژی شەممە (٥/٢٦)یان لە نێو کەشتی و لە دەریادا کرد.

کۆبوونەوەی ساڵی (٢٠٠٢) لە ڕۆژانی (٣٠/٥-٦/٢) لە میوانخانەی (وێست فیڵدز ماریوت) لە شاری شانتێل لە هەرێمی ڤێرجینیا لە ئەمریکا گرێ درا، بابەتە سەرەکییەکان بریتی بوون لە تیرۆریزم، بازرگانی، ئاوەدانکردنەوە لە خولی دوای قەیران، خۆرهەڵاتی ناوەڕاست، ئازادییە کەسییەکان، سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا، ڕاستڕەوی توندڕەو، ئابووریی جیهان و سەربەخۆیی کارگەکان، بەتایبەت بابەتی هێرشی ئەمریکا بۆ سەر وڵاتی عێراق دواخرا و کۆشکی سپی ڕەزامەندیی دەربڕی لە جیاتیی هاوین، یان سەرەتای پاییزی ساڵی (٢٠٠٢)، هەتا ساڵی (٢٠٠٣) چاوەڕوان بێت، هەروەها هەوڵدان بۆ ڕوونەدانی گرژیی نێوان هیندستان و پاکستان، کە لەسەر لێواری شەڕی ئەتۆمی بوون.

کۆبوونەوەی ساڵی (٢٠٠٣) لە ڕۆژانی (١٥-١٨ی مایس) لە هۆتێل (پالاس تریانون) لە شاری ڤێرسای فەرەنسا بەڕێوە چوو، بەشداربووەکان بریتی بوون لە خاتوو (بیئاتریکس)ی شاژنی هۆڵەندا، (عەلی باباجان)ی وەزیری ئابووریی تورکیا، (خوان کارلۆس)ی پاشای ئیسپانیا و (سۆفیا)ی هاوسەری، (ژاک شیراک)ی سەرۆککۆماری فەرەنسا، (کۆنت کلارک)ی پێشتر وەزیری گەنجینە و ئەندامی پەرلەمانی بەریتانیا، (ئاتین داوڤیگنون) لە بانکی سویستە ژەنەراڵی بەلژیکا، (ژان لویە دبرە)ی سەرۆکی ئەنجوومەنی میللیی فەرەنسا، (کەمال دەروێش) لە وڵاتی تورکیا، (سوین ژێرم)ی سەرۆکی جێبەجێکاری بانکی میللیی نەرویژ، (پاسکال لامی) لە یەکێتیی ئەورووپا، (ئاژیل مایکڵ باست)ی سەرۆکی کۆمپانیای فڕۆکەوانیی نورسک هایدرۆ ئێس ئەی ئێس، (ڕیچارد پرل) ی ئەندامی دەستەی ڕاوێژکاریی بەرگریی پنتاگۆن، (ئەندرسۆن فۆگ ڕاسمۆسن)ی سەرۆکوەزیرانی دانیمارک، (دۆمەنیک دو ڤلیپین) ی وەزیری دەرەوەی فەرەنسا، (ئوتوشیل)ی وەزیری دەرەوەی ئەڵمانیا، (ولفانگ شۆڵدە)ی ڕێبەری ئۆپۆزسیۆنی ئەڵمانیا، (پاڤۆن لیپۆنن)ی پێشتر سەرۆکوەزیرانی فینلەندا، (یارمد ئولیلا) ی بەڕێوەبەری پێشکەوتووی جێبەجێکاری کۆمپانیای نوبید، (ئانا لیند)ی وەزیری دەرەوەی سوید، (پیتەر سادرلند)ی سەرۆکی کۆمپانیای گۆڵدمن ساکس ئینتەرناشناڵ و سەرۆکی دەستەی بەڕێوەبەری کۆمپانیای بی پی ئامۆکۆ و (مارتی تایلۆر)ی سکرتێری گرووپی بێلدربێرگ.

کۆبوونەوەی ساڵی (٢٠٠٤) لە ڕۆژانی (٣-٦ی حوزەیران) لە گراند هۆتێل (دیس ئەیلس بورومیس) لە نزیک شاری ئیسترزای ئیتالیا بەسترا، بەشێک لە بابەتەکانی کۆنفرانسەکە پێک

هاتبوو لەم (٣) خاڵەی خوارەوە:
١- دەستەبژێرانی بەریتانیا سەرەڕای دژایەتییە ناوخۆییە بەرفراوانەکان، بابەتی ئەندامێتی لە یەکێتیی ئەورووپا ببەنە پێش.
٢- ناوچەی بازرگانیی ئازادی کیشوەری ئەمریکا بخرێتە بواری جێبەجێکردن و هەموو نیوەگۆی خۆرئاوا لەخۆ بگرێت، جگە لە وڵاتی کوبا، هەتا ئەوکاتەی (ڤیدڵ کاسترۆ ١٩٢٦-٢٠١٦) لە ژیاندا بێت، دواتر ئەو ناوچەیەش دێتە ناو یەکێتیی ئەمریکا، کە وەک یەکێتیی ئەورووپایە.
٣- پێکهێنانی یەکێتیی ئاسیا-ئۆقیانوسی ئارام، سێیەمین گەورە دەوڵەت، هەتا جیهان بۆ ئاسانیی بەڕێوەبردن بە هاوکاریی دەستەبژێران و بانکداری کۆمپانیا گەورەکانی جیهان بەسەر (٣) ناوچەی گەورەدا دابەش ببێت. هەرێمە یەکگرتووەکان و تەواوی دامەزراوە نێودەوڵەتییەکان دەبێت بۆ بەستنی ئەو پەیمانە بازرگانییە ئاسانکاری و جێبەجێی بکەن.
کۆبوونەوەی ساڵی (٢٠٠٥) لە ڕۆژانی (٥-٨ی مایس) لە میوانخانەی دورینت سوفیتل سی هۆتێل ئوبرفارت لە شاری (روتاش-ئیگرن) لە وڵاتی ئەڵمانیا بەڕێوە چوو. پێویست بوو ڕێکخراوی بیلدربێرگ بڕیار بدات، کە جیهان بە چی شێوەیەک پەیوەست بێت بە پەیوەندییەکانی نێوان ئەورووپا-ئەمریکا، هەروەها شێوازی مامەڵەکردن لەگەڵ بەرمیلە تی ئێن تی-ی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست و چۆنیەتیی سیاسەتی گرووپەکە لەو ناوچەیەدا، ئینجا ئابووریی جیهانی و پاساوی شەڕی چاوەڕوانکراو لەگەڵ ئێران تەوەرێکی دیکەی کۆبوونەوەکە بوو. دەربارەی بەرزبوونەوەی بەهای نەوت، کە هێنری کیسینجەر ئەوەی ڕاگەیاندبوو، پێدەچێت لە ماوەی (٢) ساڵدا نرخی بەرمیلێک نەوت بگاتە (١٥٠) دۆلار، گفتوگۆیەکی چڕ و وردی لەسەر کرا.
ئەگەرچی نووسەر و ڕۆژنامەنووسی ئەمریکی جیم تاکر هەتا ساڵی (٢٠٠٥) لە کتێبەکەیدا زانیاری و پلان و پیلانەکانی گرووپی بیلدربێرگی تاوتوێ کردووە، بەڵام ئەوەی پێویستە هەڵوەستەی لەسەر بکرێت و وەک پرسیارێکی ئاڵۆز لە هزرماندا دەمێنێتەوە، لە دیارترینیان: شەڕی ئیسرائیل و بزووتنەوەی حەماس لە ساڵی (٢٠٠٨)دا، سەرهەڵدانی بەهاری عەرەبی لە ساڵی (٢٠١١)دا، دەرکەوتن و پەلامارەکانی ڕێکخراوی تیرۆرستیی داعش لە ساڵی (٢٠١٤) دا، دابەزینی بەهای بەرمیلێک نەوت هەتا (٢٧) دۆلار، هەڵبژاردنی دۆناڵد ترامپ بە سەرۆکی ئەمریکا لە ساڵی (٢٠١٦)دا، بڵاوبوونەوەی پەتای کۆرۆنا/ کۆڤید١٩ لە ساڵی (٢٠٢٠)دا، گەڕانەوەی بزوتنەوەی تالیبان بۆ دەسەڵات لە وڵاتی ئەفغانستان لە ساڵی (٢٠٢١)دا، هێرشی ڕوسیا بۆ سەر وڵاتی ئۆکرانیا لە ساڵی (٢٠٢٢)دا، دەستلەکارکێشانەوەی چەند سەرۆکوەزیرێکی بەریتانیا، کودەتاکانی وڵاتانی ئەفریقیا لە ساڵی (٢٠٢٣)دا، دواترینیشیان دەستپێشخەری و پەلاماری بزوتنەوەی حەماس بۆ سەر وڵاتی ئیسرائیل لە ئۆکتۆبەری (٢٠٢٣) دا، مایەی تێڕامانی قووڵ و گوماندروستکرنە. وا دەکات مرۆڤ وردتر و هەستیارانەتر لێکدانەوە و شیکاری بۆ پێشهات و بارودۆخە سیاسی و سەربازی و ئابوورییەکانی سەرتاسەری جیهان بکات.

سەرچاوە: جیم تاکر: پیلانگێرانی نێودەوڵەتی، ڕاپۆرتی کۆبوونەوە نهێنییەکانی گرووپی بیلدربێرگ، وەرگێڕانی: مەحموود هۆمەر باوزی، چ١، ناوەندی ئاوێر بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، (هەولێر، ٢٠٢١).

# مارەکانی زوحاک
## (ڕاڤەی ئەفسانەیی بۆ پەرتبوونی سیاسیی کورد)



د.کامەران محەمەد

گەلێکی گەمارۆدراو بە مەرگەسات، لە نێو ئاڕاستەیەکی خولیی مێژووییدا بە درێژایی سەردەمەکان دەخولایەوە! واتە هەڵکشانێک لە بزووتنەوەکەیدا بەدی نەدەکرا. ئەویش گەلی کورد بوو، هەمیشە شانازییان بە چیرۆکێکەوە دەکرد، کە لە یادەوەریی هەرتاکێکیاندا ئامادەیی هەبوو و لە مێژووەکەشیاندا دەنگی دەدایەوە. ئەفسانەی (کاوەی ئاسنگەر و زوحاک و مارە برسییەکان). بەڵام چی دەبوو ئەگەر ئەم چیرۆکە دێرینە، کە وەک ئەفسانە ڕێزی لێ دەگیرێت، زیاتر ئاوێنەیەکی ڕەنگدانەوەی واقیعە تاریکەکانی مێژووی دوورودرێژیان بووبێت؟

دیارە تەواوی چیرۆکی گەلی کورد لە ئەفسانەیەکی دێرین دەچێت! چیرۆکێک کە لەگەڵ ئەفسانەدا ئاوێزان بووە، لە هێماسازیدا نغرۆ و لە خوێنڕشتندا بێوێنە. واتە ئەفسانەی (کاوەی ئاسنگەر و زوحاک و مارەکان)، تەنیا حیکایەتێکی بەر ئاگردان نییە، کە بۆ منداڵان بگێڕدرێتەوە. بەڵکوو ڕەنگدانەوەی قووڵی (دەروونی کورد)ە، ئاوێنەیەکە، کە تۆڕی ئاڵۆزی مێژوو و ئەو واقیعە تاڵە پیشان دەدات، کە تا ئەمڕۆش بەردەوامە.

زوحاک پاشایەکی نەفرەتلێکراو بوو، چۆن نەفرەتلێکراو نەبێت؟ لە کاتێکدا دوو مار لە سەر شانەکانییەوە ڕوابوون، هەموو ڕۆژێک ئۆقرەیان لە زوحاک دەبڕی، تا مێشکی دوو گەنجی کوردی لەسەر سینییەک پێشکەش نەکردنایە، ئارام نەدەبوونەوە! کاوە کە هێمای یاخیبوون و دادپەروەری بوو، دوا جار دژی وەستایەوە و بوو بە پاڵەوانی ڕزگاری. بەڵام با

هەواڵنامەی کتێب

توێکڵی ئەفسانەکە لە کاکڵەکەی جیا بکەینەوە و وەک زیاتر لە ئەفسانەیەک تەماشای بکەین. ئەی ئەگەر زوحاک بە تەنیا پاشا و کەسایەتییەکی تاک و دیاریکراو نەبووبێت، بەڵکوو بەرجەستەکەری شتێکی قووڵتر بووبێت؟ واتە ناتەبایی و ململانێی کورد؟

لە کۆمەڵی کوردەواریدا چیرۆکی (کاوە و زوحاک و مارەکان) ڕەنگدانەوەی ئەوەیە، کە چۆن ئەفسانەکان لە واقیعە ئاڵۆزەکانی مێژووەوە لەدایک دەبن. پێ دەچێت ئەم چیرۆکە لە واقیعە سەختەکانی ژێر دەسەڵاتی ستەم و ئیستغلالی دەسەڵاتدارە ستەمکارەکاندا سەرچاوەی گرتبێت. بە تێپەڕبوونی کات، ڕووداوە مێژووییەکان وەک ململانێی بەردەوامی کورد لە دژی ستەمکاران لەگەڵ کەسایەتییە سیمبولییەکان تێکەڵ کراون و بەرگێکی ئەفسانەییان لەبەر کراوە.

لەم بارەدا زوحاک دەبێتە هێمای ستەمکارانی دەرەکی (داگیرکەر) و کاوەی ئاسنگەریش نوێنەرایەتیی ڕۆحی بەرخۆدان دەکات. (دوو مار)ەکەی سەرشانی زوحاکیش، کە لە مێشکی گەنجی کورد دەخۆن، دەکرێ وەک خوازەیەک بۆ دووبەرەکی و خیانەتەکانی ناوخۆ سەیر بکرێت، واتە ئەو دوو جەمسەرە دژییەکەی بە درێژایی مێژووی کورد بەردەوامی هەبووە، کە شێرپەنجەی جەستەی کورد بووە و هەمیشە لە پێناو بەرژەوەندیی داگیرکەر و چاوچنۆکیی خۆیان لەگەڵ یەکدا جەنگاون و مێشکی گەنجانی کوردییان پژاندووە.

ئاشکرایە (واقیع) کاتێک دەبێتە ئەفسانە، کە ململانێ ڕاستەقینەکان گەورە دەکرێن یان چڕ دەکرێنەوە، لە چیرۆکگەلێکی سیمبولیدا، کە ڕاستییە نەمرەکان دەگوازنەوە. پاشان ئەفسانە وەک هاوێنەیەک کار دەکات و لێیەوە لە بابەتە هاوچەرخەکان دەگەین و ڕاڤەیان دەکەین. بۆیە چیرۆکی زوحاک و کاوە (بە تەواوی) گوزارشت لە واقیع و مێژووی پڕ ململانێ و ئاوارەیی و دابەشبوونی سیاسیی کورد دەکات.


بەم شێوەیە ئەفسانە یارمەتیدەرە بۆ ڕاڤەکردنی دیمەنە وەستاوەکانی نێو ژیانی کوردەواری بە درێژایی مێژوو (پەرتبوون، خیانەت و بەرخۆدان). لە میانەی ڕاڤەکردنی ئەم ئەفسانەیەدا، تێگەیشتنێکی ورد بەدەست دەهێنین، دەربارەی ئەوەی کە چۆن کوردەکان درک بە مێژووی خۆیان دەکەن: وەک خولێکی بەردەوامی خەبات دژ بە ستەمکارانی دەرەکی و پەرتبوونە ناوخۆییەکان. بەم شێوەیە ئەفسانە و واقیع بە یەکدا دەچن، ئەفسانە وەک چێوەیەک بۆ ڕوونکردنەوە و تێگەیشتنی ئاڵنگارییە بەردەوامەکان کار دەکات.

لەگەڵ پێشکەوتنی مێژووی کورددا، مارەکان لە ناو نەچوون؛ بەڵکوو بە سادەیی شێوەکانیان گۆڕی. هەر لە سەردەمە کۆنەکانەوە، واتە لە ئیمپراتۆریەتەکانەوە تا سیاسەتی ئەمڕۆ، براکان (برای خوێن، فەرمانڕەوا یان سەرکردە) زۆرجار لەیەکتر هەڵگەڕاونەتەوە و جەستەی خۆیان (واتە کورد) لە ململانێی دەسەڵاتدا خەڵتانی خوێن کردووە. هەرگیز ئەوان پێویستیان بە دوژمنێکی دەرەکی نەبووە. لە ناو ڕیزەکانی خۆیاندا، وەک دوو کوڕی زوحاک بێڕەحمانە شادەماری یەکیان بڕیوە و بێبەزەییانە جەنگاون.

خاڵێکی تر کە لەم ئەفسانەیەدا بە ڕوونی خۆی نمایش دەکات، ڕەخسانی ئەو زەمینەیە کە هەمیشە داگیرکەران لەو جوگرافیایەدا ئامادەییان هەیە، واتە لە پشت (چاوچنۆکیی) و (برسێتیی) و (هاریی) مارەکانەوە، ململانێیەکی خوێناوی لەسەر پانتایی نیشتمانی (مارەکان)

لە نێوان داگیرکەرەکاندا هەبووە. بە شێوەیەک ئەگەر هەڵکەوتەی شوێنی جیۆگرافی نیشتمانەکە لەو شوێنەدا نەبووایە، ئەوا هەرگیز زەمینەی دروستبوونی مارەکانیش بەم شێوەیە نەدەڕەخسا. هاوکات ئەگەر لە چەندەها سەدەی پێش زاینەوە لە مێژووی کورد ڕابمێنین، ئەوا بەو ڕاستییە ئاشنا دەبین، کە وڵاتی کوردەواری بەردەوام داگیرکراو و گۆڕەپانی پێکداکێشانی هێزە داگیرکەرەکان بووە، بۆیە بە شێوەیەکی کرداری زۆربەی کات لە نێوان دوو داگیرکەردا دابەشکراو بووە، هەریەک لەو داگیرکەرانەش هەوڵی ئەوەی داوە مارێک بۆ خۆی پەروەردە بکات و لە ڕێیەوە زاڵیی خۆی بەسەر بەشێکی کۆمەڵی کوردەواریدا بسەپێنێت. هەر بۆیە هەمیشە دوو مار لە ئارادا بوون، تەواو وەک ئەفسانەکە. ئەگەر لەم سەربەنەوە بڕوانین بۆ ئەفسانەکە، ئەوا گومان لەوەدا نامێنێتەوە، کە ئەو ئەفسانەیە هەڵقوڵاوی ئەم جوگرافیایە و بە تەواوی لەگەڵ جوگرافیاکانی تردا ناتەبایە. بۆیە پێویست بەوە ناکات بچین بە دوای بەڵگەنامە و سەرچاوەدا بگەڕێین بۆ ساغکردنەوەی ئەوەی کە ئایا ئەم ئەفسانەیە کوردییە یان نا، زوحاک و کاوە کامیان کورد و کامیشیان شوناسێکی تری هەیە. بەڵام ئەوەی جێگەی سەرنجە پێ دەچێت ئەم (مارانە) لەگەڵ پاشا کۆنەکەدا نەمردبن! ڕەنگە لە دڵی ئەو کەسانەدا بژین، کە ئەمڕۆش سەرکردایەتی دەکەن! دیارە ئەمەش پەیوەندی بە لەباری و ڕەخساویی هەلومەرجەکەوە هەیە، وەک ئاماژەمان پێی کرد.


ڕوونتر لە ماوەی ٣٣ ساڵی ڕابردوودا، سەرکردە کوردەکان حوکمڕانی ئەو خاکەیان کردووە، کە بۆ ڕزگارکردنی چەندەها دەیە بە سەختی خەباتیان بۆ کرد، بەڵام جەنگەکە هەرگیز



نەوەستا. دەسەڵاتەکە دابەش بوو! چاوچنۆکی و هەڵپەکان وەک ئاگر و بەنزین بەر یەک کەوتن. لاوانی کورد- ئەوکات و ئێستا- گەردنی خۆیان لە بەردەم شمشێری ئەم سەرکردە برسییانەدا دەبیننەوە، ئەوان لە سەردەمی زوحاکدا بەرەو چیاکان هەڵاتن. ئەمڕۆش، بەرەو دەریاکان، خاکە نامۆکان، بە دوای پەناگەیەکدا وێڵن، هەتا بتوانن لەو ململانێیانەی کە پێ دەچێت هەرگیز کۆتایی پێ نەیەت، خۆ دەرباز کەن. بەڵام هەر وەک چۆن هەندێکیان لە سەردەمی کۆندا لە نێو چیاکاندا بوونە نێچیری گورگ و دڕندەکان، ئەوا بە هەمان شێوە گەنجانی ئەمڕۆش لەگەڵ شەپۆلی دەریاکاندا دەخنکێن و دەبنە خۆراکی قرشەکان! بەڵام سەرکردەکان، ئەوانەی کە دەبێ بیانپارێزن، وەک خۆیان دەمێننەوە و هیچ گۆڕان و دۆخ و مەرگەساتێک نایانهەژێنێت. گاڵتەجاڕییەکی تراژیدییە، پرسیارێکی قووڵ و بەئازار دەورووژێنێت: ئایا مێژوو هەمیشە

خۆی دووبـارە دەکـاتـەوە، یـان ئـەوە ئێمەین، هەڵیدەبژێرین و دووبارەی دەکەینەوە؟
ئـەم پەیوەندییە خولییەی نێوان ئەفسانە و واقـیـع، ڕاستییەکی گـەورەتـر دەخـاتـە ڕوو، ئەویش ئـەوەیـە کە کۆمەڵگەکان زۆرجـار بۆ خستنەڕووی ئاڵۆزییەکانی ئەزموونە مێژوویی و سیاسییەکانیان ڕوو لە ئەفسانە دەکەن، ئەویش گێڕانـەوەیـەک پێشکەش دەکـات، کـە ڕاستییە دابڕاوەکان (الحقائق المجردة) تێدەپەڕێنێت، هەتا بتوانن بە قووڵی گوزارشت لە ڕاستییە دەروونی و کولتووری و سۆزدارییەکان بکەن.
ئەم تراژیدیایە کەی کۆتایی دێت؟ ئایا مارەکان کـۆنـن؟ یـان هەمیشە زیـنـدوون، بـە هـەمـان ئـەو چاوچنۆکییەی کە لـە چـەنـدەهـا سـەدەی لەمەوبەرەوە یەکڕیزیی کوردیان لەت کردوە؟ بە ڕاست چی گۆڕاوە، کاتێک مێشکی ڕۆڵەکانی ئەم خاکە وەک خۆراک دەرخواردی مارە برسییەکانی دەسەڵات دەدرێن؟ بۆیە سیستمی ستەمکارانەی دوێنێ و ئـەمـڕۆش بـەردەوامـن: زیـنـدان، باج، ئیستغلال، چەوساندنەوە، کوشتن و...تاد. لە بری ئەوەی دوو مار لە شانی پاشایەکەوە بڕوێن، ئەوا دوو هێز لەناو (سیستمی فەرمانڕەوایی) و سەر بە داگیرکەر گەشە دەکەن و ڕۆحی خەڵک دەکوژن. لێرەدا ئەو پرسیارە دروسـت دەبێت کە ئایا ئـەم فەرمانڕەوایانەی ئەمڕۆی کورد تەنیا بەرجەستەکەرێکی مارەکانی زوحاک نین؟ دەبنە نۆکەری بێگانە و دژ بە یەک دەجەنگێن. کوردستانی جوان و میللەتێکی بەهێزی وەک کورد بووەتە کوشتارگە و دەستکەوتی کەسی و خیانەت. ئایا جگە لەم واقیعە شتێکی تر هەیە، کە بە ڕوونی بتوانێت مەبەستەکانی ئەفسانەکەمان بۆ ڕوون بکاتەوە؟
کەواتە، ئەم مەرگەساتە ناو بنێین چیی؟ ئایا نەفرەتێکە، یان مێژووە کە لە ڕێگەی (ڕازیبوون بە دۆخـی هەبوو) و (ململانێی دەسـەڵات)ەوە خـۆی دووبـارە دەکـاتـەوە؟ ئـەگـەر مارەکانی زوحاک (کوڕەکان)ی بووبێتن، ئەوا کێ دەبێتە کاوەی ئەمڕۆ؟ یان ئایا کاوەیەک ماوە؟ ئەمانە تەنیا ئەفسانە نین، بەڵکوو مێژووی ڕاستەقینەی ئێمـەن، بـە خـوێـن نـووسـراون و لـە هـەمـوو نەوەیەکدا ژیاون. بە واتایەکی تر پەرتبوونەکان ڕیـشـەدارن، برینەکانی دابـەشـبـوون قـووڵ و بـەئـازارن. بـەڵام لەگەڵ هەموو ناڵاندنەکاندا، گزنگێکی هیوا بەدی دەکرێت. بۆیە ئەفسانەکەی کاوە بە ڕاپەڕینی خەڵک و ڕووخاندنی قەڵای زۆرداری و دەستپێکردنی بەهار و نـەورۆز کۆتایی دێت. بەڵام ئایا بە ڕاستی بەهارێکی لەو شێوەیە دەتوانێت دووبارە بێتەوە؟ ئایا دەکرێت مارەکان نەک تەنیا لە ئەفسانەکەدا، بەڵکوو لە واقیعشدا بکوژرێن؟
لە کۆتاییدا، ڕەنگە ماری سەر شانەکانی زوحاک نوێنەرایەتیی خراپەکاریی کۆن نەکەن، بەڵکوو گـوزارشـت لە مەترسییەکانی (تاکڕەوێتی) و و (چاوچنۆکیی خۆپەرستانە) و (ململانێی ناوخۆیی) بکەن. دواتر چیرۆکی کاوە، هەرچەندە ئێمە وەک ئەفسانە لێی دەڕوانین، بەڵام تۆوی ڕاستی لە هەناویدا هەڵگرتووە و بە تـەواوی گومانی ئەوەی نەهێشتووەتەوە کە چیرۆکێکی کوردییە و گوزارشت لە واقیع و مێژووی کورد دەکات و لەگەڵ چیرۆکی هیچ میللەتێکی تر بەو شێوەیە وێک نایەتەوە. بۆیە دەبێت مرۆڤ ئەو پرسیارە لە خۆی بکات، کە ئایا ئەو ڕۆڵە چییە کە کورد دەبێت لە چیرۆکەکەی خۆیدا بیگێڕێت؟ ئایا ئەوان وەک هەمیشە خۆراکی مارەکان دەبن، یان وەک کاوە ڕادەپەڕن و مێژوویەکی نوێ بۆ خۆیان دروست دەکەن؟

# ١٧ی تەمووز



ڕەسوڵ بەختیار - هەولێر

هەواڵنامەی کتێب

گەمەی منداڵانی شەقامیش گۆڕابوو، ئەوان لە جیاتیی تۆپی پێ، کۆمەڵ کۆمەڵ لە کۆڵان و لاکۆڵانەکاندا کۆ دەبوونەوە، بە دار و قایش تفەنگیان دروست کردبوو، لە ناوەڕاستی شەقامەکەدا چەند بەردێکیان دانابوو، هەرکەس بەوێدا تێپەڕ بوایە وەک مەفرەزەکانی حکومەتی پێشوو و پێشمەرگە داوای هەویەیان لێ دەکرد، یان ئەگەر هەرشتکێکیان پێ بوایە داوایان دەکرد، ئەو پیاو و ژنانەی بەوێدا تێپەڕ دەبوون تەنیا پێدەکەنین و دەستیان بەسەر ئەو منداڵانەدا دەهێنا، لە کۆڵاندا پیر و گەنجەکان بە ژن و پیاوەوە سەیری ئەو دیمەنەیان دەکرد و پێدەکەنین، یاخود منداڵان دەبوون بە دوو کۆمەڵەوە بەشێکیان سوپا و ئەوی تریان پێشمەرگە بوون، لە ناکاوێکدا هێرشیان دەکردە سەر یەک دەبوایە هێزی پێشمەرگە لەو یاریەدا سەر بکەوێ، بۆیە زۆربەی منداڵەکان حەزیان دەکرد ببن بە پێشمەرگە، هەرچۆنێک بێ ڕێک دەکەوتن، یارییەکە بە خۆشی کۆتایی دەهات، دایکان بە بزەوە سەیری یاریی منداڵەکانیان دەکرد.

لەو ڕۆژانە تا دەهات نیشتمانپەروەری و خۆشەویستی بۆ نیشتمان لە دڵی هاووڵاتییاندا زیاتر دەبوو، لەگەڵ ئەوەی تا دەهات ژیان و گوزەرانی ماڵە هەژارەکان زۆر زەحمەتتر دەبوو، لەتەک ئەمەشدا دزی و جەردەیی هێدی هێدی پەرەی دەسەند. بەعسیش دەیویست بۆ دووبارە دەست بەسەر هەموو جومگەکانی

فەرمانڕەواییدا بگرێتەوە، گەنجانی وڵاتیش لە بێئومێدیدا نەیاندەزانی چی بکەن، بەڵام بەشێک لەو گەنجانەی لە پێشتردا ئەندامی ڕێکخستنی حیزبە کوردییەکان بوون، هەردەم دەیانویست تۆڵە لە بەعس بکەنەوە و لە ناکاوێکدا گورزێک لە حکومەت و بەعس بدەن، لەو سەردەمەدا هیچ یاسا و پاساو و ڕێسایەک نەبوو، هەرکەسێک لەسەر شەقام کلاشینکۆفەکەی دەردەهێنا چەندین گوللەی بە شەقامەکەوە دەنا یاخود گوللەی بە ئاسمانەوە دەنا، ئەوانەی دوژمنکارییان هەبوو، هەل بوو تا تۆڵەی خۆیان بکەنەوە، بەتایبەتی ئەو دوژمنکارییانەی چەندین ساڵ بوو چارەسەر نەکرابوو، یان کەسانی بکوژی پێشتر موستەشار و جاش بوون، لەو کاتەدا ئەوانە تەنیا خۆیان شاردبووەوە، بەڵام لێرەولەوێ گوێمان لەوە دەبوو بە هۆی کێشەی عەشایەرییەوە کەسێک کوژراوە.

تا ئەو کاتەی بەتەواویی خەڵک لە خۆی بێزار بوو، کەچی پیاوانی ڕژێم دەیانویست هەڵێک وەربگرن تا وەک پێشتر دەسەڵاتیان بکەوێتەوە دەست، لەم بارەیەوە ماوەیەکی دووروودرێژە دەمەوێ چیرۆکێکی کورت یان درێژ، یاخود نۆڤلێتێک- کورتەڕۆمانێک لە بارەی ١٧ی تەمووزەوە بنووسم. پرسیارم زۆر لە هاوڕێیەکانم کرد، زۆر بە کەمی ئەو ڕۆژەیان لەبیر ماوە، هیچ کام لە حیزبەکانیش خۆی لێ نەکردووەتە ساحێب، چونکە ئەو ڕۆژە گەنجانی شاری هەولێر دەتوانم بڵێم تا سەد کەسێک دەبوون، لە سەرەتای شەقامی باتەوە و لە تەکی قەڵاوە بەرەو پارێزگا دەڕۆیشتن، هاواریان دەکرد بۆ دەرەوە بۆ دەرەوە حیزبی بەعس بۆ دەرەوە، دواتر بووە خۆپیشاندانێکی زۆر گەورە، هەرکەس لە لای خۆیەوە هاواری دەکرد بۆ دەرەوە بۆ دەرەوە، حیزبی بەعس بۆ دەرەوە هێرش کرایە سەر پارێزگا، لە پێش چاوانمە چۆن بەعسییە کورد و عەرەبەکان ڕایان دەکرد، هەندێک لەو بەعسییانە تەقەیان دەکرد، نەمبینی کەس بریندار بێ، بەڵام تا دەهات دەنگی تەقە زیاتر دەبوو، دواتر هێزی پێشمەرگە، ئەو کات هەموو شتێک بە ناوی بەرەی کوردستانییەوە بوو، بە هانای خۆپیشاندەرانەوە هاتن.

هەموو ئەوانەی داخلەدڵ بوون لە بەعس، خۆیان وا ئامادە کردبوو، ئەگەر بشکوژرێن هەر دەبێ بەعسییەکان وەدەرنێن و چاوشکێنیان بکەن. چاوانی پڕ ئەسرینی دایکان لەم کاتەدا ناونیشانی هێرش و بەرخودان بوو، تا تۆڵەی هەموو دڵۆپە فرمێسکێکیان بکرێتەوە.

شەقامەکانی شار بۆنی خوێنیان لێ دەهات، وەک ئەو ڕۆژە بوو، کاتێک ڕژێمی بەعس گەڕایەوە شاری هەولێر بە هەموو زەبروزەنگێکەوە کەوتبووە قەڵاچۆکردنی ئەو کەسانەی لە ناو شاردا مابوونەوە. وەک خۆم سێیەم ڕۆژ دوای هاتنەوەی ڕژێمی بەعس گەڕامەوە ناو شار، لە بەستۆرە هێدی هێدی، لەگەڵ خێزانێکی دیکە ڕێگەمان گرت تا بیبینەوە، لەتەک ئەوەی خەڵکێکی زۆر بە پێ و بە هیلاکی و بە ئۆتۆمبێل دوای چەند ڕۆژێک گەیشتبوونە سنوور تا ئاودیوی ئێران ببن، لە یەکەم بازگە لە نزیک کارگەی جگەرەی هەولێر چەند سەربازێک و ئەفسەرێک وەستابوون، داوای هەویەیان لێ کردین، دوای تەماشاکردنی هەویەکان، ئەفسەرەکە هەندێک جوێنی پێ داین و گوتی: بڕۆن لێرە نەمێنن.

کاتێک بە شەقامەکاندا تێپەڕ دەبوویت بە چاوانی خۆت دەتبینی، تەرمەکان لەسەر شەقام بۆگەن بووبوون. دەبوایە لووتی خۆت بگری دەنا گێژ دەبووی لە بۆن. ئەو ئۆتۆمبیلانەی

تووشی هێرشی هیلۆکۆپتەرەکان بووبوون، لە هەموو لایەکەوە سووتابوون، دیار بوو چەندین تەرمیشی تیادایە، هەرچۆنێک بێ، بە لاکۆلانەکاندا دوای چەند سەعاتێک خۆم گەیاندەوە ماڵ، بینیم، ماڵی ئێمەش بە تەواوی هاتوونەتەوە، ئەوان تا کەسنەزان ڕۆیشتبوون، دوای ئەوەی بەنزین لە ئۆتۆمبیلەکەدا نامێنێ دوو شەو لە کەسنەزان دەبن، دواتر بە هۆی لێبوردنی گشتییەوە دەگەڕێنەوە.

گەڕەکەکانی شار تاکە تاکە ماڵی تیادابوو، ژیان لەو گەڕەکانە نەمابوو، کاتێکیش دەتویست بێیە دەرەوە، ئەوا بە ترسەوە دەبوایە ڕێ بکەی، نەوەک سەربازێک لە دوورەوە تەقەت لێ بکات، دوای چەند ڕۆژێک تاک تاک خەڵک دەگەڕایەوە، دوای هەفتەیەک ئەو جارەیان خەڵک بە کۆمەڵ و بە تاک دەگەڕانەوە ناو شار، بازگە و هێزی سەربازییش لە نێو شاردا کەمتر بووەوە، بە ماوەی مانگێک شار بە تەواویی ئاوەدانیی تێ کەوتەوە. تا ناوەڕاستی مانگی پێنجی ١٩٩١ هێدی هێدی خەڵک دەگەڕایەوە، لە مانگی شەشی ئەو ساڵەدا زۆربەی خەڵک گەڕایەوە ناو شار، لەتەک ئەوەی لە شارۆچکەی شەقلاوە هێزی پێشمەرگە و بەرەی کوردستانی بارەگایان هەبوو، زۆربەی حیزبەکان بارەگان لەوێدا بوو. بۆ مانگی حەوت شار جووڵەیەکی تێ کەوت، کەمێک لە دووکان و بازاڕەکان کرانەوە، بەڵام ترس لە هەموو شتێک هەبوو، بەشێک لە هێزی پێشمەرگەش لە نێو شاردا بوو.

شار بە تەواوی خرۆشابوو، هیچ کار و کاسبییەک نەمابوو، ئەوەی هەبوو، چۆن بتوانرێ ڕۆژانە شتێک بخۆین، چەند مانگێک بوو، خەڵکی شار و گوند و شارۆچکەکانی دیکە لە ئاوارەیی گەڕابوونەوە، دوای ئەوەی ڕاپەڕینێک هەموو کوردستانی گرتەوە، دواتر سوپای ڕژێمی بەعس کە سوپایەکی زەبەلاح بوو، هێرشی کردە سەر شارە گەورەکانی کوردستان، کەس بەتەمای ژیان نەبوو، نەوەک لە لایەکەوە پیاوانی ڕژێمی بەعس، گوللەیەک بتەقێنن لە لایەک تەرمەکەت بکەوێ، سەربازەکانی بەعس هەندێکیان بۆ پاراستنی ئەمن و ئیستغباراتی ڕژێم لە لایەکەوە مۆڵگەیان کردبوو، لە هەموو شتێک دەترسان، هەتا لە خۆیان و لە دەوروبەر و ئەفسەرەکانیان دەترسان، ترس باڵی بەسەر هەموو شتێکدا کێشابوو، دایکان لە گەڕەکە جوان و میللییەکاندا هەردەم دڵیان بە منداڵەکانیانەوە بوو، لە شەواندا هیچ شتێک نەدەجووڵا تەنیا ئەوە نەبێ ئۆتۆمبیلە تیژڕەوەکان تاک تاک بەسەر شەقامەکاندا دەڕۆیشتن، کەس نەیدەزانی ئەمانە پێشمەرگەن یان جاش و پیاوانی ئەمنی ڕژێمن، شەوان شار دەبوو بە یەک پارچە ئاگر، هەرکەس لە لای خۆیەوە تەقەی بە ئاسماندا دەکرد، زۆر کەس لەو تەقو تۆقەدا بریندار دەبوون و دواتر بە هۆی تلانەوە و ئازارەکانیانەوە دەمردن، ڕۆژ نەبوو خەڵک بە کۆ نەچنە گۆڕستانەکان، بۆ ناشتنی تەرمی ئازیزەکانیان، ئێستا ئەگەر بچییە گۆڕستانەکان ڕێککەوتەکانی سەر گۆڕەکان ئەم ڕاستییەمان بۆ دەردەخەن.

سەرەتا لەوانەیە بپرسن بۆ ١٧ی تەمووز، ئەوە ڕۆژی کودەتا یان ئەگەر بە زمانی بەعسییەکان بدوێین، دەڵێن شۆڕشی ١٧-٣٠ی تەمووز، یان یادی لەدایکبوونی حیزبی بەعسی عەرەبی ئیشتراکییە، ئەو کاتەی بە سەرکردایەتیی ئەحمەد حەسەن ئەلبەکر و سەدام حسێن عێراق کەوتە دەست کۆمەڵە چەتەیەک، ناویان لەخۆ نابوو حیزبی بەعس، نەوەی ئێستا نازانێ ئەو بەعسە چ کارەساتێکی بەسەر خەڵکی عێراق بەگشتی

و بەتایبەتی خەڵکی کوردستان-باکووری عێراق هێنابوو، کوشتن و برین لە هەموو لایەک بوو، بەتایبەت بۆ ئەوانەی بزانرایە بە خەیاڵیش بڕوایان بە بەعس نییە، یان دژ بە بەعسن.
ئێستا خۆم لەنێوەندی ئەم باسەدا لەدڵەڕاوکێدام نازانم چۆن هەموو جووڵە و بزاوتێکی گەنجان باس بکەم، نامەوێ لەنێوەندی چیرۆکێکدا بیبەستمەوە بەخەیاڵ، ناشکرێ ڕۆژێکی مێژوویی شارێک بە چەند دێڕێک باس بکەم.
لە سەرەتای ڕاپەڕین، مانەوەی بەرەی کوردستانی تەنیا بیست ڕۆژێک بوو، واتە لە ٧-٣-١٩٩١ تا ٣١-٣-١٩٩١ تا ئەو کاتەی شاری کەرکووک ئازاد کرا، لە دواتردا ڕژێمی بەعس بە هەموو هێزێکەوە هێرشی کردە سەر شارەکانی کوردستان و بەتایبەتییش شارە گەورەکان وەک هەولێر و سلێمانی و دهۆک، خەڵکی کوردستان هەریەک لە لای خۆیەوە بنە و بارەگەی خۆی تێک نا و بەرەو سنوورەکان ملیان نا، بەبێ ئەوەی هیچ ئاسۆییەکیان هەبێ، ئەگەر هێزە نێودەوڵەتییەکان و دانوساتەکان نەبوایەن، لەوانەیە بۆ ماوەی چەند مانگێک شارەکان جەنجاڵ بان، دوای گەڕانەوەی بەشێک لە خەڵک بۆ ناو شارە گەورەکان، جووڵە گۆڕا، وەک لە سەرەتادا گوتم: زۆربەی باوکان دەیانویست هەرچۆنێک بێ بژێوەی ڕۆژانەیان دەست بکەوێ تا بتوانن منداڵ و خێزانەکەیان لە برسییەتی ڕزگار بکەن، دایکانیش دەستیان لەسەر دڵیان بوو نەوەک گوللەیەک خۆیان و منداڵەکانیان بپێکێت.

ئەو کات تەمەنم بیست و یەکساڵان بوو، دیمەنەکە لە پێش چاومە، ئەو کات لە چاپخانەی هەولێر، کە دواتر ناوەکەی گۆڕا بۆ کوردستان لە دووکانەکانی نزیک باڵەخانەی پارێزگای هەولێر شاگردی چاپخانەی کوردستان بووم، دەمبینی پیاوانی بەعس لە پێش ڕۆژی ١٧ی تەمووز بە هەمان شێوەی پێشتر بە خۆنیشاندانی جەبوورەتییانە دەیانویست خۆیان وا نیشان بدەن، بەوەی حیزبی بەعس و دەسەڵاتیان لەم شارە هەر ماوە، بەڵام ترسێکی گەورەیان لە هەموو جووڵەیەک هەبوو.
ترس لە خۆیان، ترس لە خەڵک، ترس لە جاش و چڵکاوخۆرەکانیان، ئەمنەکانم دەبینی ڕووخساریان هەڵبزڕکابوو، ئەوانیش نەیاندەزانی داهاتوویان چۆنە، بەڵام دەیانویست وەک پێشتر لێ بخورن، کەچی منداڵێک بە لایاندا تێپەڕ بوایە، ئەوان گومانیان لێی هەبوو، نەوەک نارنجۆکێک لە لایان بتەقێنێ، هەروەها بە چاوە ترسنۆکەکانیان سەیری ئافرەتانیان دەکرد، دەیانویست وەک پێشتر گاڵتە بکەن، کەچی خۆیان لە کونجەکانیان نابوو، بە لەرزەوە سەیری دەوروبەریان دەکرد ئەوانەی پێشتر لەگەڵ ئەمنەکان ئاشنایەتییان هەبوو، دیار بوو بەچاو ئاماژەیان بە کێشە و ڕووداوەکانی ڕۆژانە دەکرد، ئەوان لە یەکتر تێدەگەیشتن، کەچی نامەکان بە نیوەچڵی دەگەیشت، تا دەهات ترسی زیاتریان لەسەر دەنیشت، بەڵام خەڵکیش بەگشتی نەیدەزانی بە داهاتوویان چۆن دەبێت.
ئەوەی لێرەدا دەیخەینە ڕوو باسکردنی تەواوی ڕاپەڕینەکەی بەهاری ١٩٩١ نییە، بەڵکوو لە نێوەندی ئەم چەند دێڕەدا باسکردنی چوار مانگە، بەتایبەتییش ڕۆژی ١٧ی تەمووزی ١٩٩١. لە دوای ئەم ڕێککەوتە و خۆپیشاندانە، حکومەتی عێراق، یان ڕاستتر بڵێین بە تەواوی بنە و بارەگەی خۆی تێک نا و هەرچی ئیدارە و چەک و تفاق هەیە بردییەوە ناو ئەو شارانەی دەسەڵاتی بەسەردا هەیە.

# ئەو سەختییانەی ژیان دروست دەکەنەوە!



د. کامەران مەنتك

هەواڵنامەی کتێب

مرۆڤ وەک بوونەوەرێک چەندە ئاڵۆزە، ژیانی مرۆڤیش بەهەمان شێوە ئاڵۆزەو پڕییەتی لە هەورازو نشێو، بەڵام ئەوەی جێگەی سەرنجە زۆر جاران خودی نشێوەکان، لە بنەڕەتدا سەرکەوتنن وریگە بۆ قۆناغێکی نوێ خۆش دەکەن، هەندێکجار هەورازەکان، ئەگەرچی لە رواڵەتدا وەک سەرکەوتن و هەڵزنان بەرەو لوتکە دێنە بەرچاو، بەڵام لەراستەقینەدا فریوخواردن وشکستن بەرەو خوارەوە! بۆیە دەبێت مرۆڤ لەروانگەیەکی سەردەمیانەوە سەیری گۆڕانکارییەکانی ژیانی خۆی وکۆمەڵگەکەی خۆی بکات، واتە لەخودی خۆیەوە سەیری رووداوەکان بکات ونەکەوێتە ژێر کاریگەری ئەو شەڕانەی لەگەڵیدا ئەنجام دەدرێن، یاخود لەنێو کۆمەڵگاکەیدا بەڕێوە دەچێت، کە رەنگ بێت زۆرجاران شەڕی زۆر دواکەوتوو بن ولەئاستی ئەو قۆناغەدا نەبن، کە کۆمەڵگەکەی وتەنانەت کۆمەڵگە دواکەوتووەکانی مرۆڤایەتی پیایدا تێدەپەڕێت!.

وەک نوسەری داغستانی (رەسول حەمزەتۆڤ) دەڵێت، مرۆڤ بەدرێژایی ژیانی خەنجەرێک لەبەر پشتی خۆی دا دەنێت، لەوانەیە جارێک ئیش پێ بێت یاخود نا، بە هەمان شێوە رەنگ بێت مرۆڤ لەهەموو ژیانیدا رقێک یاخود خۆشەویستییەک لەدڵیدا هەڵبگرێت پاشان بۆی دەرکەوێت رقەکە لە بنەڕەتدا خۆشەویستی بووە وخۆشەویستییەکەش رقێکی گەورەو ئێرەیی وبچووکییەتیەکی گەورە بووە، ئەو کاتە مرۆڤی راستەقینە لەجیاتی ئەوەی دڵگران بێت، هەست دەکات بارێکی ئێجگار گرانی لەسەر شان



هاتۆتە خوارەوەو وەک نازم حیکمەت شاعیری گەورەی تورک دەڵێت، (ئەو گەوهەرەی لەژێر مەەمکی چەپیدا حەشاریداوە)، بەشایەنی ئەوەی نازانێت تەنانەت فڕێشی بدات، چونکە شتێک فڕێ دەدرێت، کە بوونی هەبێت، ئەو کاتەی دەردەکەوێت ئەوەی لە ژێر مەمکی چەپیدا حەشاری داوە، گەوهەر نییە وبگرە نەخۆشییەکی کوشندەو دڕندەیەکی بێبەهایە، ئەو کاتە خۆی لەشوێنی خۆی دەپووکێتەوەو روحی مرۆڤ لەو کۆیلایەتییە ساختەیە رزگاری دەبێت، کە رەنگ بێت ماوەیەکی زۆر بەدەستییەوە ناڵاندبێتی!.

گرنگ لەو گەوهەرەدا ئەوەیە ورە بەرنەدات ونەکەوێتە ژێر کاریگەری هەڕەشە چرووکەکان، وەک حیکمەت دەڵێت» رەشدانەگەڕێت، «دەکرێت دەساڵ وزیاتریش لەزیندان بەسەر بەریت و ورە بەرنەدەیت، ئەگەر ئەو گەوهەرەی لەژێر مەمکی چەپتدا حەشارت داوە رەش دانەگەڕێت»، رەش داگەڕانی ئەو گەوهەرە، واتە سڕینەوەی خودی ژیان، هیچ شتێک لە ژیانی مرۆڤدا شایەنی ئەوە نییە ئەو گەوهەرەی بۆ رەش بکات، ئەگەر هەر مرۆڤێک، هەر کۆمەڵگەیەک بیەوێت بەئاسوودەیی بژیت، دەبێت رق وتۆڵە کردنەوە لەناخی خۆیدا بنێژێت، بۆئەوەی هیچ رقێکی ژاراوی نەتوانێت تریسکەکانی ژیان بکوژێنێتەوە، چونکە رق لە بنەرەتدا نیشانەی بچووکییەو تا ئێوارە هەوڵبدرێت ناتوانرێت بەری رۆژ بە بێژنگ بگیرێت وئەو تروسکاییە بکوژێتەوە، کە شەڕی دادپەروەری وراستی وراستەقینە دەکات!.

بەداخەوە لە کۆمەڵگەی ئێمە، بەهۆی ئەو دۆخەی دروستکراوە، بواری بیرکردنەوە نەماوە، بیرکردنەوەکان هەمووی خراوتە یەک قاڵب ولەیەک چوارچێوەوە سەیری ژیان دەکەن، لەکاتێکدا خودی بیرکردنەوە واتای توانای هەڵبژاردنە لەنێوان چەند شتێکی جیاواز، بەڵام زیاتر لە س وسێ ساڵە لەباشوور کورد شتی جیاوازی نەدیوەو هەمان دیمەن وهەمان ئەو بچمە دزێوانەن، کە ئەو کۆمەڵگەیان بەرەو هەڵدێر بردووە، لەناوەڕاستی هەشتاکان، بارەگای حیزبی شیوعی لە بادینان هیچ خواردنیکی نەمابوو جگە لە نان وچای، بۆئەوەی گۆڕانکارییەک لە لیستی خواردنەکان بکەن، هاوڕێیەکیان نووسی بووی بەیانیان نان وچای، نیوەڕۆیان چای ونان وئیتر بەم شێوەیە، بەداخەوە لە ئێستادا هەر نان وچایەکەیە، بۆیە کۆمەڵگە بەشێوەیەک دەکولێت، تا تێکەڵ بەخەڵک نەبیت نازانی رق وتووڕەییەکان لەچ ئاستێکدایە وچ چارەنووسێکی خەتەرناک چاوەڕوانی ئەو هەرێمە دەکات، بۆیە بە بێئومێدییەوە هیوای ئەوە دەخوازم ئەو وڵاتە پارێزراو بێت ولەشەڕو ناخۆشی بەدوور بێت.

# پەیڤیک
# لە میحنەتەکانی نیشتیمانەوە



ئەحمەد حەمەساڵح مەعروف

هەواڵنامەی کتێب

بە درێژای مێژوو، ئەم نیشتمانەی ئێمە، هەمیشە شوێنگەی شەڕ بووە، لە ژێر چەتری هەر فەرمانڕەوایەتی و ئایدیایەکدا بووبێت، وەڵام بۆ داواکاری مافەکانی مرۆڤبوون، هاووڵاتیبوون و نیشتیمانیبوونی ئێمە هەر شەڕ بووە، لەو کاتەوەی ئێمە هەین شەڕ هەیە، لە سەردەمی تیر و ڕم و نووکی شمشێرەوە، تا لوولەی تفەنگەکان، ناڵەی ناپاڵم، دەنگی صاروخ وتۆپە دوورهاوێژەکان، بۆردومانی فڕۆکە، مینڕێژکردن، چەکی کیمیاوی و هێرشی درۆنەکان، ئێمە لە بەردەم هەڕەشەکانی دابەشکاری و داگیرکاریداین، نەک هەر لە بازنەکانی جەنگدا، بەڵکوو لە ڕەوشەکانی بە ناو ئاشتییشدا ئێمە بەردەوام، لە نێوان بەرداشەکانی هاڕین و سڕینەوەداین، لە ململانێی مان و نەماندا‌ین، ئێمە لە دێر زەمانەوە لە شەڕ و لە ئاشتیدا، لە نێوانی جەنگە داگیرکارییەکان و جەنگە ناوخۆییەکاندا ماوینەتەوە، لە فاکتەر و هۆکار و دەرئەنجامەکانی هەردوو جەنگەوە، لە بازنەکانی بەغز وڕق و قیندا، لە نێو بۆنی خوێن و چەواشەکارییەکاندا، لە کۆی ڕەوشی سەپاندنی سالارێتییەکاندا، بە مێژوویەک لە چەوسانەوە و لەناوبردن، بە سەرهەڵدان و دامرکانەوەی شۆرشەکان و ڕاپەڕینەکان، بە لە سێدارەدان و خنکاندن و جینۆساید، بە سووتماککردنی خاک و ئەنفال و کیمیاباران، بە ئاوارەیی و کۆڕەو و ڕوخاندن و سووتاندن، بە ئاوێتەیەک لە قەیرانەکان و هەڵتەکاندنی ژێرخان و سەرخانی نیشتیمان، بە بەرخودانی نەتەوەیی و خیانەت و یەکترقبووڵنەکردنی ناوخۆ دەناسرێینەوە.

سەردەم و قۆناغەکانی مێژووی ژیانی ئێمە،



بەردەوام بە بۆنی خوێن، چەواشەکاری، کارەسات، هاوارەکانی نائارامی و نادادی، دەستەمۆکردنی ئازادی و هاڕین و شکاندنی شکۆی خاک و خەڵکمان نووسراوە و دەناسرێتەوە.

لە خوێندنەوەی مێژووی کۆن و نوێمانەوە ،لە ژێر پەردە و دەمامکداریی هەر بڕوا و ئایدیایەکەوە، لە هەر جەنگێکی جیهانی و ناوچەیی و هەرێمایەتییەوە، لە مەبەست و ناوەڕۆکی هەر ڕێککەوتننامەیەکەوە بووبێت، تۆمارەکان هەر گێڕانەوەی کارەسات و بیرهاتنەوەی قوربانییەکانمانە، کوردبوون، مرۆڤبوون، نیشتیمانیبوون و هاووڵاتیبوونی ئێمە واتایەکی ئاوێتەیە لە نەهامەتی و پەژموردەیی، لە بەرانبەر هەڕەشە دەرەکییەکان و هەرکارەستێکماندا، بەردەوام ئەو ڕاستییە سەلمێنراوەتەوە کە شاخەکانمان تاکە پشت و



پەنامانن، لە بازنە شێواوەکەی ناوخۆشماندا تەنیا خەون و خەیاڵەکانی یەکترقبووڵکردن، متمانە، ڕاستگۆیی و ئاوەدانکردنەوە دەبنە ئاوێتەیەکی سوودبەخش و مژدەبەخش، نەک بەردەوامی و وابەستەیی ئەملاولا، دووبەرکی، ناتەبایی و ئەقڵیەتی یەکترسڕینەوە.

بەداخەوە لە دێرزەمانەوە هەتا ئیمڕۆش، بازنەی سیاسەتە نانیشتیمانییە ناوخۆییەکانمان، لێوانلێوە لە چەواشەکارییەکان، قۆرخکارییەکان، گەندەڵکارییەکان، پێشێلکارییەکان، ناپەروەردەییە نیشتیمانییەکان، دەمارگیرییە خێڵگەراییەکان، دابەشکارییە ناوچەییەکان، دژایەتییە ناوخۆییەکان، بیری یەکتر شکاندن و تاڵانکاری و خاکفرۆشی.

لە دیوێکی پێناسەی سیاسەتەوە، کە سیاسەت پاراستنی بەرژەوەندیی نیشتمانی بێت، ئێمە بەتایبەت لەم هەرێمە و لەم سەردەمی فەرمانڕەوایەتی خۆمانەدا، نەمانتوانیوە هێزی کاری سیاسی، توانای بەرگریی نیشتیمانی و پێگەی بەهێزی ئابووری، بکەینە پارێزەری بەرژەوەندییە نیشتمانییەکانمان، لەو ڕەوشەدا و لە نێو بازنەی بەرژەوەندییە دەرەکییەکاندا، کە






پرۆسەکانی جینۆسایدکردنمان هەر بەردەوام بێت و بەرخودان تاکە زامنی مانەوەمان بێت، ئەوە لەو بەردەوامییەدا، کە هیچ ئایدیایەک کوردبوونی ئێمەی قبووڵ نەبێت، وەک لە دوێنێ و ئیمڕۆی هۆنراوە و نووسین، بیر و بۆچوونی، بیرمەندان، شاعیران و ڕۆشنبیرانی نیشتیمانییەوە،دەیان ساڵە وتراوە و دەوترێتەوە، زامنی سەرکەوتن و ئەرکی نیشتیمانیمان، یەکبوونی گوتار و یەکهەڵوێستی نیشتیمانییە، تەبایی و یەکترقبووڵکردن و کاری پێکەوەیی و یەکبوون و بەئەمەکییە، لەو هەڵویست و ئەرکە نیشتیمانییانەوە، لە ئیمڕۆدا پێویستمان بە پرۆسەی پەروەردەیی نیشتمانییانەی تاکی کوردییە، نەک بەردەوامیدان بە زاڵخوازێتی، قۆرخکاری، باڵاکردنی سالارێتییە کەسی، تاقمگەرایی، خێڵگەرایی و حیزبییەکان، هۆشیاریی تاکی کورد بە هەستێکی مرۆڤبوون و نیشتیمانیبوونەوە پێویستی بە گوتاری مەدەنییانە و بونیاتنەرانییە، نەک دەستەمۆکردنی تاک و فراوانکردنی بازنەکانی بنەماڵەگەرایی و سیاسەتی بازرگانی، مانەوەش لەو ڕەوشانەدا بەردەوامیدانە بە خولانەوە لە نێو بازنە داخراوەکاندا.

لێرەوە دەگەینەوە بەو ڕاستییانەی، کە دوژمنان و داگیرکارانمان، لە پێناو باڵابوونی خۆیاندا دژایەتییان بەردەوامە، وەلێ بۆ ناو خۆمان، تاکوو ئێستا بە کردار لە پلانێکی ستراتیجی نەتەوەییدا، شکۆی خاک و خەڵکمان نەکراوەتە ئامانجی سەرەکیی نیشتیمانییانە، دەمێ ساڵە زەمەن زەمەنی بەهادانە بە تاک، تا لە ناو خۆماندا نرخ و بەها بۆ چەمکەکانی هاووڵاتیبوون، هاونیشتمانیبوون، دیموکراتی و دادوەرێتی دابین و دەستەبەر نەکرێت، ناتوانرێ سەربەستانە بوون و بەردەوامیی خۆمان بسەلمێنین، لە بیرکردنەوەیەکی نیشتیمانییانەوە بۆ کۆی کایەکانی ژیانی سیاسی، کۆمەڵایەتی، کارگێڕی و ڕۆشنبیری، کاتی کارابوون و چالاکبوونی ئەخلاقیەت و ویژدانیەتی پیشەییە، تا لە بیری نیشتیمانیبووندا، لە خاک و مێژووی هاوبەشدا، بکەین بە زەمەنی مقاوەمەی گشتی و زەمەنی گوتاری هاوبەش وهەڵوێستی هاوبەش و کاری هاوبەش.

علوالنامەی کتیب

# کچانی کۆبانێ



جەواد ئیسحاقیان
لە فارسییەوە بە دەستکارییەوە:
ئەرسەلان حەسەن


خوێندنەوەیەکی ژنە تەوارانەی «کچانی کۆبانێ، چیرۆکی یاخیبوون و ئازایەتی و دادپەروەری» کتێبی «کچانی کۆبانێ-The Daughters of Kobani»، نووسینی: گەیڵ زیماک لیمۆن-Gayle Tzemach Lemmon لەدایکبووی (١٩٧٣/٩/٧)، لە پێشەکیی کتێبەکەیدا، کە لێکۆڵینەوەیەکی مەیدانی، کتێبخانەیی و دەرئەنجامی بینین و بیستن و خوێندنەوە و وەرگرتنی دەنووسێت:


«هەندێک لە خزمەکانی باوکم خەڵکی هەرێمی کوردستانی عێراق بوون، باوکم بە هۆی ئاینەکەیەوە ناچار ببوو عێراق بەجێ بهێڵێت و لە وڵاتێکی تردا ببێتە پەنابەر. کاتێک سەفەرم بۆ عێراق و باکووری سوریا کرد، وێنەی پاسپۆرتەکەی باوکمم لەگەڵ خۆم برد، بە تەنیشت وێنەکەیەوە مۆرێکی حکومەتی ئەوسای عێراقی لێ درابوو لەسەری نووسرابوو: ئەم پیاوە و خێزانەکەی دەرفەتی (١٠) ڕۆژیان لە بەردەمە ئەم وڵاتە بەجێ بهێڵن و هەرگیز ڕێگەیان پێ نادرێت بگەڕێنەوە (لیمۆن، ١٤٠٠، ١٢)».

دەربارەی چالاکیی ئەدەبی و کۆمەڵایەتیی خۆی دەنووسێت: یەکەم کتێبی لە ساڵی (٢٠١١) بە ناوی «جلوبەرگدرووەکەی خێرخانە-The Dressmaker of Khair Khana» چیرۆکی کچێکی نەوجەوانی ئەفغانی بووە، کە لە ماڵەکەی خۆیدا کاری کردووە بۆ ئەوەی بتوانێت لە سەردەمی دەسەڵاتی تالیباندا ماڵ و هاوماڵەکانی کۆڵانەکەی بپارێزێت. لە سەفەرەکەم بۆ ئەفغانستان ئەم وڵاتەم خۆش ویست، چونکە بە پێچەوانەی ئەمریکییەکان، کە لە بارودۆخی ئەفغانستان بێئاگا بوون، ئازایەتی و توانایەکی

بەرچاوم لە ئەفغانستان دەبینی، دەمویست خوێندکارەکانم بزانن چ ژنانێکم لە ئەفغانستان بینیوە، کە ڕۆژانە گیانیان دەخەنە مەترسییەوە و بۆ داهاتوویان دەجەنگن.

دووەم کتێبی ئەم نووسەرە ئەمریکی بە ڕەگەز عێراقییە «شەڕی ئاشلی-Ashley's War» دوای (٤) ساڵ لە ساڵی (٢٠١٥)دا بڵاو کرایەوە. باسی دەستەیەکی ئۆپەراسیۆنی تایبەتی سەردەمێک دەکات، کە ئامادەیی ژنانی ئەمریکی لە شەڕەکانی وشکانی قەدەغە بوو، کە بەتایبەتی لە سەربازانی ژن پێک هاتبوو. چاودێریکردنی ئەم ئۆپەراسیۆنە لە شەڕە تایبەتەکاندا لە ئەفغانستان و ئامادەیی و بەشداریکردنی چالاکانەی ژنانی جەنگاوەر لە پانتاییە کۆمەڵایەتییەکاندا، دەرفەتی بە نووسەر دا بۆ ئەوەی لە نزیکەوە شایەدحاڵی بەشداریی ژنان لە بەرەکانی جەنگ لە ئەفغانستان بێت، دواتریش «لیزلی لینکا گلاتێر-Lesli Linka





Glatter « بە پێی ئەم بەرهەمە، دەرهێنانی بۆ فیلمێک کردووە و دەربارەی ئەم کتێبە دەڵێت: «سەرکەوتوو بووە».

«هامشۆی خێزانێکم دەکرد، مەدالیای ئاڵتوونیان هەبوو کچەکەشیان لە ئەفغانستان خزمەتی دەکرد. لە ناخی دڵمەوە شانازیم بە نووسینی ئەم کتێبەوە دەکرد و هەستم کرد دەتوانم کارێک بکەم خەڵکی وڵاتەکەم دەربارەی کەسانێک و خاکە دوورەکانەوە بخوێننەوە، کە بۆ من گرنگن و وەک من گرنگییان پێ بدەن» (هەمان سەرچاوە، ٨).

لیمۆن دەرچووی «قوتابخانەی بازرگانیی هارڤارد–Harvard Business School»، هەروەها بەشی ڕۆژنامەنووسی لە زانکۆی «میسۆری–University of Missouri» تەواو کردووە و لە بوارەکانی کارگێڕیی ژنان، ژنان لە سوپادا، شووکردنی زۆرەملێ و هاوسەرگیریی منداڵ، بارودۆخی ژنانی ئەفغانستان و سوریا لێکۆڵینەوە و وتاری نووسیوە. زمانەکانی ئیسپانی، ئەڵمانی و فەرەنسیی دەزانێت و تەواو ئاشنایەتی لەگەڵ زمانەکانی فارسی، دری و کوردیی کرمانجی واتا زمانی باوی ناوخۆ لە ناوچەکانی باکووری سوریا و خەڵکی «کۆبانێ» هەیە. لە وڵاتەکانی ئەفغانستان، ڕواندا، لایبریا، بۆسنا و ئیسپانیا وەک شارەزای دارایی و بازرگانی کاری کردووە و نووسەر و ڕۆژنامەنووسی سەرقاڵ، بێباک، داهێنەرە. لەگەڵ ئەوەشدا، بەناوبانگترین و جێگای شانازی نووسەر، بڵاوکردنەوەی کتێبی «کچانی کۆبانێ»یە، کە چاپخانەی «پەنگوین–Penguin Press» لە ساڵی (٢٠٢١)دا بڵاوی کردووەتەوە.

چیرۆکی چوونی کتوپڕی بۆ «کۆبانێ»، واتا ئەو شوێنەی «یەکینەکانی پاراستنی ژنان–Y. P. J»، کە لە کچان و ژنانی کوردی باکووری سوریا پێک هاتبوو توانییان چەکدارە بەهێزەکانی «داعش» بە چۆکدا بهێنن و ناوچە داگیرکراوەکان ڕزگار بکەن، هەروەها ئەو عەقڵیەتە مرۆڤدۆستانە و فێمێنیست و ئازادیخوازە بوو، چاوەڕێی دەکرد. ماوەیەک بوو «کاسی–Cassie» هاوڕێم وەک ئەفسەری پۆلیسی سەربازی لە عێراق و سەردەمێکیش لە فەوجی (٧٥)ی ڕەنجەری ئەمریکا لە ئەفغانستان خزمەت دەکات، لە پەیوەندییەکی تەلەفۆنیدا ئاگاداری دەکاتەوە ئێستا ئەندامی گرووپەکانی ئۆپەراسیۆنی تایبەتی ئەمریکایە لە باکووری خۆرهەڵاتی سوریا، بە لیمۆنی گوت: «ئێستا لێرە ژنان و کچانێکی لێیە لە هێڵی پێشەوە لەگەڵ «داعش» دەجەنگن و هەموو ئەو کارانەی پێشتر پیاوان کردوویانن، هەنووکە تەنیا ژن دەیکەن. کاتێک ئەندامانی ئەم یەکینەیە دڵنیا دەبن شەڕکەرانی داعش بەدیلیان دەگرن و دەرەتانێکییان بۆ نەماوەتەوە، خۆیان دەتەقێننەوە. ئەوان، هیچ سنوورێکیان لە دیاریکردنی بەرپرسیارێتیی سەربازی نییە و بە ئاسانی دەتوانن ببنە قەناسبەدەست، یان فەرماندە و لە هێڵەکانی پێشەوە فەرماندەی باڵان. هەموو ئەم ژنانە هاوشێوە باسی یەکسانیی ژنان دەکەن، بۆیە هەندێک لە سەربازە ئەمریکییەکان

لەو باوەڕەدان ئەم ژنانە فەرماندەی نائاساییین. ژنانی شەڕڤانی کورد دەیانگوت: پێویستە مافە کۆمەڵایەتییەکانی ژنان هەر ئەمڕۆ بێتە دی و پێویست ناکات چاوەڕوان بین شەڕ تەواو بێت، ئینجا مافەکانمان بە فەرمی بناسرێت. کاسی دەیگوت: جێگاسەرنجترین خاڵ ئەوەیە لە ڕاستیدا ژنانی شەڕڤان بەوپەڕی ڕێزەوە ڕەفتار لەگەڵ پیاوانێک دەکەن، کە لە «یەکینەکانی پاراستنی گەل-Y. P. G» شانبەشانیان بە گژ داعشدا دەچنەوە. گایل بەڕاستمە دەکرێت زۆر چیرۆکی باش دەربارەی ئەم ژنانە بنووسی. زوو کە وەرە».

دوای چەند ڕۆژێک، تەلەفۆنەکەم هەڵگرت و لە واتس ئاپ پەیامێکم بۆ «کاسی» نارد. دوای ساڵێک لە هاوینی (٢٠١٧)دا لە باکووری خۆرهەڵاتی سوریا لە فرۆکە دابەزیم (٩ -١٣).

لە هەموو بەرهەمێکی (خەیاڵی و ناخەیاڵیی داهێنەر)دا، کە نووسەر، یان کارەکتەرە سەرەکییەکان دەینووسن، هەتا چەند هەوڵ دەدەن بە گژ ئایدۆلۆژیای نەنگی «پیاوسالاریدا» بچنەوە و نەزۆکی بکەن. تیسۆن دەنووسێت: «مەبەستم لە «ژنی باوکسالاری-Patriarchal Woman»، ژنێکە بە کورتی نۆرم و بەهاکانی «پیاوسالاری» لە ناخیدا جێگیر کردووە، پەیوەستە بە کولتوورێکەوە پاساو بۆ جیاوازیی پیاوان لە ڕاگوزەری ڕۆڵی ڕەگەزیی ژنان دەهێنێتەوە. «ڕۆڵی ڕەگەزی نەریتی» پیاوان وەک کەسانێکی ژیر، بەهێز و پارێزەر و بڕیاربەدەست و بە پێچەوانەوە، ژنان وەک بوونەوەرێکی سۆزداریی نالۆژیکی، لاواز، ناسک و گوێڕایەڵ دەناسێنێت. «ڕۆڵی ڕەگەزی نەریتی» بە جۆرێکی سەرکەوتووانە، پاساو بۆ نایەکسانییەکان دەهێنێتەوە، کە تەنانەت هەنووکە



دەبینرێت.» (تیسن، ٢٠٠٥، ٨٥).

ئێستا بۆ «کچانی کۆبانێ» دەگەڕێینەوە بۆ ئەوەی لە دەرکەوتنەکانی «پیاوسالاری» لە خێزانی ئەم ژنەشەڕڤانانە پێش و دوای پەیوەندیکردن بە «یەکینەکانی پاراستنی ژنان» بگەین.

«عەزیمە» یەکێکە لەو شێرەژنانەی چەند بەشێکی کتێبەکە باسی خەباتی دژی «داعش» دەکات. ئەو و هاوزمانەکانی پێش پەیوەندیکردن بەم ڕێکخراوە نیمچە سەربازییە و بەرزبوونەوە هەتا ئاستی فەرماندەیی، لە خێزاندا تووشی جیاوازیی ڕەگەزی بوون و ئامادەی هاوسەرگیریی نەریتی و زۆرەملێی خێزان نەبوون. «عەزیمە» لەگەڵ یەکێک لە خوشکە گەورەکانی سەیری زنجیرە دڵخوازەکەیان دەکەن: «کەسایەتییەکی سەرەکیی ئەم زنجیرە تەلەڤزیۆنییە، ژنێک بوو مێردەکەی لێی دەدا و خراپ لەگەڵی دەجووڵایەوە، بەڵام کەس فریای نەدەکەوت. عەزیمە هەموو دەمێک خوشکەکەی، کە تازە شووی کردبوو، لە شوێنی ئەم ژنە دەبینی و هەستی دەکرد چارەنووسی ئەو لە چاوەڕوانی خوشکەکەیدایە: «نابێت تۆ شوو بکەی. ئاخر چۆن ویستت هاوسەرگیری بکەیت؟ هەرگیز من شوو ناکەم.» (٣٠).

«زنارین»، کچێکی دیکە و پاڵەوانی دواتری «یەکینەکانی پاراستنی ژنان»ە.

«کاتێک تەمەنی (٧) ساڵ بوو، باوکی گوتبووی چیی دی پێویست ناکات بچێتە قوتابخانە. بە بیستنی ئەم قسەیە دڵی زۆر ڕەنجابوو. حەزی دەکرد ڕۆژێک ببێتە پزیشک. مامە گەورەی زنارین، گەورەی خانەدان و تایفە بوو هەرچی گوتبا، هەر ئەوە بوو. باوکی زنارین گوتی: «من ناتوانم قسە لە قسەی مامتدا بکەم. بڕیاری مامت، ئەوەیە. زنارین ڕۆژانە هەموو بەیانییەک بە گریانەوە لە مەتبەخ یارمەتیی دایکی دەدا و شەوانە بە گریانەوە دەچووە ناو جێگەکەی. کەسی نەدەدواند، تەنانەت لەگەڵ دایکی، کە ئەویش قوربانیی هەمان بارودۆخ بوو و نەیانهێشتبوو بچێتە قوتابخانە، کە تەمەنی بوو بە (٢٠) ساڵ، کەسوکارەکەی وازیان لە دەنگۆی شەڕی لەگەڵ مامی هێنا و دەستیان کرد بە دەنگۆی هاوسەرگیری و دۆزینەوەی هاوسەر. زنارین دوای ماوەیەک بە دایک و باوکی گوت: «بڕیارە کوڕێکی گەنج بێتەماڵیان بۆ داخوازیی، کوڕێکی خۆش ئەویست و میهرەبانە و دەیەوێت هاوسەرگیری لەگەڵ بکات»، بەڵام ڕێک هاوکات، یەکێک لە کوڕەکانی هەمان مامی زنارین وتی: «دەیەوێت داوای بکات و هاوسەرگیری لەگەڵ بکات»، بەڵام زنارین بە نەخێر وەڵامی داخوازییەکەی ماڵی مامی دایەوە. مامی زنارین بۆ خۆی هات بۆ بینینی زنارین و گوتی: «دەبێت هاوسەرگیری لەگەڵ کوڕەکەم بکەی. ئەوە نەریتی خێڵەکەیە». ڕۆژێک ژنێک داوای لێ دەکات پەیوەندیی بە «یەکێتیی ئەستێرەکان»ەوە بکات، کە سەر بە «پارتی کرێکارانی کوردستان»ە. ئەم ژنە، تێزەکانی «عەبدوڵڵا ئۆجەلان»ی بۆ زنارین ڕوون کردەوە و گوتی: «هیچ کۆمەڵگایەک ناتوانێت ئازاد بێت و خۆی لە کۆتی کۆیلەیی ڕزگار بکات، مەگەر ژنانی ئەو کۆمەڵگایە، ڕۆڵیان لەگەڵ پیاوان یەکسان بێت»، بەڵام زنارین ئیدی لە بواری مافەکانی ژنان و لە ئەنجامدا مافەکانی کورد، ئاراستەکرا و هەڵوێستی شۆڕشگێڕی وەرگرت. لەو باوەڕەدا بوو دەبێت لەمەودوا چەک هەڵبگرێت بۆ ئەوەی بەرگری لە ژنان و کوردەکان بکات، چونکە هیچی نەبوو لە دەستی بدات». (٣٩ – ٤٤).

ژنی شەڕڤان، لە ئوستوورەوە هەتا دەروونناسی و واقیعییەتی مێژوویی، پێویستە لە کۆنترین ئەفسانە و ئوستوورەکانی وێژەی فارسی وەک «هەزار و یەک شەوە»، «چیرۆکی پیاوی غەمگین»ەوە لە بیرمان بێت، کە هەڵۆیەکی زۆر گەورە دەیبات بۆ خاکێکی نادیار، کە ژنان فەرمانڕەوا و شەڕڤان و سەرکردەن و ڕەگەزی نێر تەنیا بۆ منداڵبوون و ئەنجامدانی کارە ناچیزەکانی وەک کشتوکاڵ و کار بەدوایاندا ناگەڕێن. فەرمانڕەوای دوورگەکە بەم میوانە ناوەختەی پیاو دەڵێت: «بزانە من شاژنی ئەم وڵاتەم و هەموو ئەم سوپایانەی تۆ بینیتن چ سوارە و چ پیادە، ژن بوون. هیچ پیاوێکیان لە ناودا نەبوو لای ئێمە پیاوان کاری کشتوکاڵ و کێڵان دەکەن و خاوەنکار و پیشەن، بەڵام ژنان فەرمانڕەوا و خاوەن پۆستن». گەنجەکە بەم وتەیە سەری سوڕ ما، ئەویش لە فەرموودەکەدا بوو، کە وەزیر هات و ئەویش پیرەژنێکی گەورەیە و خودانی سەرسام بوو (تسوجی تەبریزی، ١٣٨٣، چ٢، ١٣٩٤).

لە ئوستوورە یۆنانییە کۆنەکانیش لە لێوارەکانی قەفقاز ژنانێک دەژیان، پێیاندەگوتن «ئەمازۆنییەکان». ئەمازۆنییەکان نەتەوەیەک بوون، کە هەموو خەڵکەکەی ژن بوون و لە هەڵۆی «ئارس-Ares» خوای شەڕ و یەکێک

لە «نیمفەکان-Nymphes »، کە بۆ خۆیان و بە بێ یارمەتیی پیاوان بەڕێوە دەبرا و دەسەڵاتی هەموو کارەکان بە دەستی شاژنی شانشینەکەیانەوە بوو. هیچ پیاوێک بۆی نەبوو پێ بنێتە خاکەکەیانەوە، مەگەر بۆ خزمەتکاری، یان بانگهێشت کرابێت بۆ کردنی کاری قورس و زەلیل. ئەوان مەمکێکی خۆیان دەبڕی بۆ ئەوەی لە کاتی بەکارهێنانی تیر و کەوان و ڕم، هیچ کێشەیەکیان نەبێت، بۆیە پێیان گوتن: «ئەمازۆن»، واتا ئەوانەی مەمکیان نییە (گریمال، ١٣٥٦، ٦٣).

لە ڕۆمانی «ئەسکەندەری گەورە-The Romance of Alexander the Great»، نووسینی: «کالیستێنیک درۆیین»یش، کە بە دڵنیاییەوە کاریگەری بەسەر بەرهەمی «شانامە»ی فیردەوسی، «داراب نامە»ی تەرسوسی، «هەزار و یەک شەوە» و «مێژووی تەعلەبی»، کاریگەرییەکی دیاریکراوی دروست کردووە، ئاماژە بەم ژنە شەڕڤانانەش کراوە. لەم بەرهەمەدا «ئەسکەندەری مەکدۆنی» ئیزن لە شاژن دەخوازێت بۆ ئەوەی ڕۆژگارێکی کەم لە وڵاتەکەیان بژیت و ئاشنای هونەرەکەیان بێت. شاژن دەڵێت: «دوو سەد هەزار کچ لەم خاکەدا دەژین، ئەگەر دوژمن بیەوێت شەڕمان لەگەڵ بکات، ئێمە سەد و بیست شەڕڤانمان هەیە دەچنە مەیدانی شەڕ و ئەوانی دیکە لە بارەگاکە دەمێننەوە، بۆ ئەوەی گرنگی بە خێزان بدەن» (مۆگۆردیچ ڤۆڵهۆجیان، ١٩٦٩، ١٤١-١٤٢).

دۆزینەوەی سەرچاوەی «ژنی شەڕڤان» لە دەروونناسیدا لە بەرهەم و لێکۆڵینەوەکانی «یۆنگ» شایانی شوێنپێهەڵگرتنە. «تۆنی وۆلف»ی یاریدەدەری لە ساڵی (١٩٥٦)، بە نووسینی وتاری «فۆرمە پێکهاتەییەکانی دەروونی ژنانە» لە باسی ئەم جۆرە ژنانە و «مۆدێلی کۆن»، نووسی: « لایەنی ئەرێنیی ژنێک، کە دەیەوێت نوێنەرایەتیی «ئەمازۆن» بکات، ئەوەیە بێ ئەوەی بیەوێت خۆی بە ڕکابەری مێرد و برا و ئەوانی دیکە بزانێت،



شایستەییەکەی بە ئاراستەی بەرزەفڕیی مێرد بەکار بهێنێت و لە ڕەوتی پێشکەوتندا یارمەتیی بدات. «هاینریش ڤۆن کلێست» لە نووسراوی «Penthesilea»باسی شاژنی ئوستوورەی ئەمازۆن دەکات [کە تەنانەت توانیی شەڕڤانی وەک «ئاشیل» لە شەڕێکی دەستەویەخە، ڕزگار بکات]، بەڵام ئەمڕۆ ژنانی «ئەمازۆنی»، هەوڵ دەدەن لە پانتایی کولتووری، زانستی، هونەری و ماڵداری و بەڕێوەبردنی کۆمەڵایەتی و سیاسی، توانا ڕێزپەڕەکەیان بسەلمێنن، هاوشێوەی «لادی هیستیر ستانهۆپ»، کە خانەدانێکی شەڕڤان و هاوکات، شوێنەوارناسی بەناوبانگ و ئینگلیزی سەدەی نۆزدەیەم بوو سەردەمێک پەیکەرەکەی لەسەر دراوەکانی ئەو وڵاتە چاپ کرابوو (وۆلف، ١٩٥٦، ٩-١٠).

پەلاماردانەکەی «داعش» بۆ باکووری خۆرهەڵاتی سوریا و چۆڵکردنی هێزە سەربازییەکانی ئەم وڵاتە و خڕبوونەوەیان لە پایتەخت و شارەگەورەکانی دیکە، تەنیا دوو هێزی چەکداری کوردەکانی ناوچەکە مابوونەوە و دەبوایە بە گژ ئەو هێزانەدا بچنەوە، کە بە پێشکەوتووترین چەکی داگیرکەرانی «داعش» تەیار بوون. یەکێک لەم دوو ڕێکخراوانە «یەکینەکانی پاراستنی ژنان» و ئەوی دیکە «یەکینەکانی پاراستنی گەل» بوو. ئەم دوو یەکینە سەربازییە، دەیانەویست شاری «ڕەققەی پایتەختی خەلافەتی ئیسلامی داعش»، لە هێزە بەتواناکانی «داعش» وەربگرنەوە. لیمۆن لە چاوپێکەوتنی ئەم ژنە کوردانە «کۆبانێ» لە زمانی ئەوانەوە دەڵێت: «ئامانجەکەیان تایبەت نییە بە خاکی سوریا، بەڵکوو دەیانەوێت مۆدێلێک بن بۆ داهاتووی ناوچەکە و ئامانجێکی گرنگیشیان، بەدیهێنانی ئازادیی ژنان لە کۆمەڵگایەکی ناوخۆیی دیموکراسییە، کە ئەندامەکانی بێ گوێدانە ڕەگەز بتوانن شانبەشانی یەک بە خۆشی بژین. تێگەیشتم، کە داواکارییەکانیان تەنیا سەربازی نین، بەڵکوو سیاسییشن، بەڵام بەبێ سەرکەوتنی سەربازی، هەرگیز ئامانجی سیاسی بەدی نایەت. گرنگترین داواکاریی ژنە گەنجەکان، کە لەم شەڕەدا بەشدار بوون، گۆڕینی سیاسی و کۆمەڵایەتیی لەمێژینەی کۆمەڵگا بوو لەبەر ئەوە بۆ شەڕ ناوی خۆیان دەنووسی و ئامادە بوون بۆ هێنانەدیی ئامانجەکانیان بمرن. باوەڕیان وا بوو تێکشکاندنی داعش، یەکەم هەنگاوە بۆ تێکشکانی هەموو ئەو کەسانەی، کە ژن بە ئۆبژێک و موڵکی خۆیان دەزانن، پێیان وایە پیاوان دەتوانن هەرچییەک بیانەوێت لەگەڵیاندا بکەن، «ڕەققە» دوا ئامانجیان نەبوو، بەڵکوو قۆناغێکی شەڕ بوو بۆ گۆڕینی شێوازی ژیانی ژنان بۆ ئەوەی لەگەڵیدا، کۆمەڵگاش بگۆڕن» (١٨).

هەتا ئێستا هەندێک لە خاوەنڕایان ئاماژەیان بە ڕۆڵ و بەشداریکردنی کارای ژنان لە شەڕدا کردووە، وەک بەشداریکردنی ژنانی شەڕڤانی سۆڤیەت لە دووەم شەڕی جیهانی، بەشداریکردنی ژنانی فەلەستینی لە بەگژداچوونەوەی ئیسرائیل و هتد. ئەوەی لە «ڕەقە، منبج و قامیشلۆ» و پەڕینەوە لە ڕووباری فورات بە هەموو ئامێرە قورسەکانەوە و کۆتاییهێنان بە هەژموون و داگیرکردنی خاکە داگیرکراوەکان، ئەویش بە هۆی «یەکینەکانی پاراستنی ژنان» و بە فەرماندەیی ژنان، هەڵسەنگاندنەکانی خراپبیرکەرەوانی ئەمریکای گۆڕی، کە ئازادکردنی «کۆبانێ» و شارەکانی دیکە لە دەرەوەی دەسەڵاتی «یەکینەکانی پاراستنی ژنان» و «یەکینەکانی پاراستنی گەل»دایە.

«عەزیمە» فەرماندەیەکی «یەکینەکانی پاراستنی ژنان» لە لوولەکەیەوە سەیری تفەنگەکەی کرد و کۆمەڵێک داروپەردووی خۆڵەمێشی، ڕەش و قاوەیی پەرشوبڵاوی سەر شەقامی ژێرپێیەکانی بینی. چەند ئەندامێکی داعش بە لایدا دەڕۆیشتن، هەناسەی لە سنگیدا گرت و دەستی کرد بە ژماردن، پاشان بە پەنجەی ئاماژەی چەند جارێک پەلەپیتکەی چرکاند، گوللەکانی ئامانجیان پێکابوو، جەستەی ئەندامێکی داعش گرمۆڵە بوو و کەوتە سەر زەوی، هەستی ڕەزامەندی و دڵخۆشی ڕۆحیی پڕ کرد.

جارێک گوێی لێ ببوو فەرماندەیەکی داعش لە بێسیمدا گوتبووی: «عەزیمە من بۆ خۆم دێم سەرت دەبڕم». ناوی خوازراوی ئەو پیاوە لە بەرەکانی شەڕدا «ئەلشێخ» بوو، عەزیمە بە مریەمی گوت: «ڕاکە، بڕۆین هەڤاڵ، خەریکە دنیا تاریک دادێ»، عەزیمە دەیویست هەتا چاوەکان دەبینن، ئەو ماڵە وەربگرنەوە ئەندامەکانی داعش داگیریان کردبوو (٤٨-٥٠).

«دلاوەر»ی ئەندامی یەکینەکانی پاراستنی گەل بە بێسیم هەواڵ بە «عەزیمە» دەدات، کە داعش (٢٠) لە ئەندامانی دەستەکەی گەمارۆ داوە و داوای یارمەتیی لێ کرد. «عەزیمە» دڵنیای کردەوە هەتا چەند خولەکێکی دیکە لە گەمارۆکە ڕزگاریان دەکات. یەکەم جار بوو لە «کۆبانێ» ترس و دڵەڕاوکێ دایگرتبوو، نزیکەی چل کاتژمێر بوو، جگە لە وشکەنان هیچی دیکەی نەخواردبوو چەند ڕۆژێک بوو باش نەخەوتبوو. کاتێک هاوشەڕڤانانی پێداگرییان دەکرد پشوو بدات، وەڵامی دەدایەوە: «کاتێک دەزانی لە هەموو ئان و ساتێکدا هێڵی پێشەوەی شەڕ گوللەباران دەکرێت، چۆن خەوت لێ دەکەوێت؟ کە شەڕ تەواو بوو، هەموومان پێکەوە بە کامی دڵ پشوو دەدەین». ئێستا دەبوایە بیر بکاتەوە و ڕێگایەک بدۆزێتەوە و هاوڕێکانی لە گەمارۆکە ڕزگار بکات. عەزیمە پەیوەندی بە جودیی بەرپرسی چەکە قورسەکانەوە کرد و گوتی: «هەر ئێستا بگەرە لام». عەزیمە ئاماژەی بە پەنجەرەیەک کرد، پارچە شووشە ڕەنگاڵەییەکانی کەوتبوونە سەر زەوی و دەستەکەی «دلاوەر» تێیدا گیریان خواردبوو گوتی: «ئەم خانووە نەبێت، هەر شوێنێکی دیکەی ویست، بیکە ئامانج، داعشەکان لە هەموو خانووەکاندان» (٩٥).

لەگەڵ ئەوەشدا مەودای هاوەنی «جودی» بەو ڕادەیە نەبوو شوێنی داعشەکان بپێکێت، نەدەکرا بشچێتە پێشتر. «عەزیمە» لە ڕێگای باوەڕی نێوەندگیرەوە داوای یارمەتی لە هێزە ئەمریکییەکان دەکات، باوەڕ تایبەتمەندیی شوێنی گەمارۆدراوەکانی عەزیمەی دیاری کرد و پەیامەکەی لە «کوبانێ»وە بۆ «سلێمانی» گواستەوە. فڕۆکەی جەنگی، تەقەمەنییەکانی خۆی هەڵڕشت و دەنگی نەڕەیەکی ترسناک گوێی عەزیمەی ئازار دا. عەزیمە وەڵامی گەمارۆدراوەکانی نەبیست، ڕێک بەرەو خانووەکە ڕای کرد بۆ ئەوەی یەکەم کەس بێت بەشێک لە دەستەی تیمەکەی ببینێت. عەزیمە بە بیستنی ئەوەی هیچ کەس نەکوژراوە، لە خۆشییاندا پانەوپان دانیشت و توند ئەژنۆکانی بە سنگییەوە نا (١٠٣-١٠٤).

ئەوەندە خۆپارێزیی لە خواردن و خەوتندا، پێداگری لە چاودێریکردنی وردەکاریی ئۆپەراسیۆنەکان و هاوئاهەنگیکردن لە نێوان دەستەکەی لەگەڵ دەستەکانی دیکە و ناوەندی ئۆپەراسیۆنەکان لە «کۆبانێ» لەگەڵ «سلێمانی» و داواکردنی فڕۆکە بۆ لەناوبردنی ژمارەیەکی زۆری داعشەکان و ڕزگارکردنی هەموو بیست


هەولێرنامەی کتێب

و ئەوەندە کەسەکەی دەستەکەی، کوشتنی دوو داعش و ئەوەی کە ناوەکەی ئەوەندە کەوتووەتە سەر زاری دوژمنەکانی، کە بە ناو و نازناو و پێگەی خۆی دەیناسن و لە هەمووی گرنگتر بەڕێوەبردن و قوربانیدان و هەڵبژاردنی ئەوانی تر بەسەر خۆیدا، پێش ئەم شەڕە توند و عەزیمە ڕاست دەکات، کە دەڵێت: «جیهان هەرگیز شەڕی ئەمرۆ لە بیر ناکات» (١٠٥).

بۆ خۆی بە ڕەگەز ئەمریکییە، بەڵام بەرکەوتەی واتایی بە واقیعیەتی توندی کۆمەڵایەتی و مێژوویی لە «ئەفغانستان»ەوە هەتا «ڕواندا، لایبریا، عێراق، سوریا، بۆسنا و ئیسپانیا»، دەیکاتە کارەکتەری واقیعبین و پێشکەوتنخواز و گشتگیر. نازانم ئەمرۆ بارودۆخی کچانی کۆبانێ چۆنە، بەڵام کتێبە بەڵگەنامەیی و مێژووییەکەی، وەک بەرهەمێکی ئەفسانەیی بۆ نەوەی داهاتوو دەمێنێتەوە و گەورەیی عەقڵ و کردەی سیاسی و سەربازیی کوردانی کۆبانێ لە باکووری سوریا تێدەپەڕێت.

لەگەڵ ئەوەشدا، کاتێک خوێنەری کتێبی «لیمۆن» لە پانتایی واقیعیەت و کاری سیاسی و سەربازی تەماشای کارنامەی درەوشاوەی «یەکینەکانی پاراستنی ژنان» و «یەکینەکانی پاراستنی گەل» و سەرکەوتنەکانیان لە ڕاونان و بەچۆکداهێنانی یەکجارەکیی «داعش» و پاککردنەوەی باکووری سوریا لەم ڕێکخراوە تیرۆریستی و دواکەوتووە دەکات، واقیعیەتێک دەبینێت. میدیاکانی ئەمریکا دەنووسن: «بیست ڕۆژ دوای ئەوەی عەزیمە چووە نەخۆشخانە، یەکینەکانی پاراستنی گەل، سەرکەوتنی خۆیان بەسەر داعشدا لە کۆبانێ ڕاگەیاند. لە ڕۆژی (٢٦)ی کانوونی دووەم، عەزیمە لەگەڵ پێنج فەرماندەی پیاو لە بەرانبەر ئاڵای زەردی یەکینەکانی پاراستنی گەل وەستاوە و کۆتایی شەڕی کۆبانێی ڕاگەیاند. لە گۆشەی لای ڕاستی ئاڵای زەردی یەکینەکانی پاراستنی گەل، ئاڵای سەوزی ئەستێرەیەکی سوور لەسەریش هەبوو، کە هەتا ڕاددەیەک پێش دوو ساڵ بۆ یەکینەکانی پاراستنی ژنان دروستیان کردبوو.

هەموو سنگی عەزیمە ئازاری هەبوو، لاواز ببوو لە خودای گەورە دەپاڕایەوە لە ناوەڕاستی کۆنگرە ڕۆژنامەوانییەکەدا نەکەوێت. کاتێک لە بەردەم کامێراکاندا وەستابوو، لە تاو ئازار، سەرەوخواری بە لاقی ڕاستی دەکرد و ئومێدەوار بوو زووتر کۆنگرەکە تەواو ببێت و بتوانێت بگەڕێتەوە و پشوو بدات، کە نۆرەی قسەکردنی هات، چەند وشەیەک، کە لەسەر قەرەوێڵەی نەخۆشخانە پراوەی کردبوو، بۆ بەردانگانی ئەدای کرد. ئێستا، کە کۆبانێ ئازاد



بوو، تەنیا دەمەوێت بە خەڵکی جیهان بڵێم: «ژنان پشکی شێریان لە ئازادکردنی ئەم شارەدا هەبوو» (١٢٥).

دکتۆر «شیرین عەبادی» براوەی خەڵاتی نۆبڵی ئاشتی لە ساڵی (٢٠٠٣)، بەم دەستەواژەیە ستایشی ژنانی کۆبانێی کرد: «ژنانی کۆبانێ، سیمبولی واقیعی ژنانی ئازان بۆ جیهانیان سەلماند بە واقیعی، ژن و بوێر و ئازان، شارەکەیان، خاکەکەیان و کەرامەتی مرۆڤایەتییان پاراست» (عەبادی، ٢٠١٧).

داعش و دژەژن: «کچانی کۆبانێ» گێڕانەوەی خەباتی بێئامانی دوو «یەکینەکانی پاراستنی ژنان» و «یەکینەکانی پاراستنی گەل»ە لەگەڵ «داعش». ئەم چەکدارە دواکەوتووانە لە ڕووی عەقڵی و مێژوویی‌یەوە بە تەواوی چەکدار بوون، کە تێگەیشتن و خوێندنەوەیەکی تەواو ڕووکەش و نامێژووییان هەبوو بۆ «قورئان» و سەرەتای ئیسلام. بە داگیرکردنی «شنگال» و پارێزگای «موسڵ» لە ساڵی (٢٠١٤)، لە سوریا درێژەیان بە پێشڕەوییەکانیان دا و لە ماوەیەکی کەمدا، زۆرترین پێشڕەویی سەربازی و سیاسییان کرد. باسکردنی تاوان، کۆمەڵکوژی مرۆڤایەتی و بەتایبەت ڕەفتاری دڕندانە لەگەڵ ژنان بە شێوەی خاوەندارێتیی شەرانگێزانە، سوودوەرگرتنی سێکسی، پاشان فرۆشتنیان بە کڕیاران و سەربڕینی مێردەکانیان بە بەرچاویانەوە، قێزەونترین کارنامەی مێژووی تاوانی دژەمرۆڤایەتی لە بەڵگەنامەکانی «ئەنجوومەنی مافەکانی مرۆڤ»دا دەربارەی پێویستیی تۆڵەکردنەوە لە داعش بە هۆی دەستدرێژیکردنەسەر ژنانی «ئێزدی»یەوە دەڵێت: «بیر لە ژنانی شنگال بکەوە!»، مەبەستی ژنانی ئێزدی بوو، کە

هێزەکانی داعش دەستدرێژییان دەکردنە سەر، کڕینوفرۆشتنیان پێوە دەکردن و ئەشکەنجەیان دەدان، ئەگەر بکەوینە دەستییان، هەمان کارمان لەگەڵدا دەکەن. دەبێت تۆ تۆڵەی ئێزدییەکان و هەموو ئەو ژنانە بکەیەوە، خراپ لەگەڵیاندا جووڵاونەوە. داعشەکان پێیان وایە ئێمەی ژنان، بەکەڵکی هیچ نایەین، هیچ نین، هیچ بەهایەکمان نیە. پێیان نیشان بدە ژنێک چی لە دەست دێت. بۆ خۆت لەم شەڕەدا پێیان بسەلمێنە! لە بیرت نەچێت، بردنەوەی ئەم شەڕە، تەنیا لە قازانجی ئێمەدا نییە، لە قازانجی هەمووانە. پێویستە ئەمڕۆ لێرە لەم شەڕەدا بە سەربەزییەوە بمرین، هەتا نەبینە کۆیلەی ئەوانە. چەکدارێکی داعش بە بڵندگۆ هاواری کرد: «هێی زەعیفەکان! یاڵا خۆتان بە دەستەوە بدەن! بە وەخت دێین. هەمووتان دەکەینە کۆیلە، لە بەرچاوی خێزانەکانتان دەستدرێژیتان دەکەینە سەر و دواتر دەتانکوژین» (١١٠-١١١).

«ڕۆژدا»، کە فەرماندەیەکی یەکینەکانی پاراستنی ژنان بوو باسی ژنێکی شنگال دەکات: «پیاوێکی عەرەب، ژنیکی بە ناوی دەلال کڕیبوو بۆ ئەوەی ئازادی بکات، پاشان ڕادەستی یەکینەکانی پاراستنی ژنانی کرد. کاتێک ڕۆژدای بە جلوبەرگی زەردەوە بینی و نزیکەی تەمەنی (٣٠) ساڵ دیار بوو جلوبەرگی کۆیلەیی لە بەردا بوو، کە داعش بە زۆری کردبوویانە بەری، ئەم ژنە گوتی: «کاتێک داعش پەلاماری شنگالی دا، ژنانی گوندەکەمیان بردن، ئەوەی نەیانکوشت لەگەڵ خۆیان بردیان. هەتا ئێستا دە جار کڕینوفرۆشتنیان پێوە کردووم. هێزەکانی داعش وەک کۆیلەی سێکسی، ژنانی دیکەی ئێزدییەکانیان بەکار دەهێنا، کاتێک ئەندامێکی داعش لە شەڕدا دەکوژرا، ئەندامێکی دیکەی ئەم

هەوالنامەی کتێب

دەستەیە، ژنەکەی دەکڕی و دەیبردە ماڵەکەی خۆی» (١٩٣).
با لە ژنێکەوە ببیستین، کە لە دوای پەلاماری داعش بۆ سەر شنگال، لە ڕووی سێکسی، جەستەیی، ڕەگەزی و دەروونی ئازار درابوو: «من پێش ئەم پەلامارە، ژنێکی بەختەوەر بووم، مێردەکەم ڕێزی دەگرتم و منداڵەکانم خۆش دەویست، ژیانێکی خۆشمان هەبوو». ئەم ژنە لە ماوەی ئەو هەژدە مانگەی لە دەستی داعشدا بوو، دوو جار بە ئەم و ئەو فرۆشرابوو (ئەنجوومەنی مافەکانی مرۆڤ، ٢٠١٦،٥).
«ئاینی ئێزدی داوا دەکات، کە منداڵ، باوک و دایکی ئێزدیت هەبێت، گۆڕینی ئاین لە دینی ئێزدی مەحاڵە. تێنەگەیشتن لەم ئایینە و ناونانیان بە «شەیتانپەرست» دەبێتە هۆی سووکایەتی و هەراسان و هەڵاواردنی کۆمەڵایەتی بەرانبەر بە ئێزدییەکان. پێشینەی ئەم تێنەگەیشتنە بۆ سەردەمی دەسەڵاتی تورکە عوسمانییەکان و هاتنەسەرکاری کەمال ئەتاتورک دەگەڕێتەوە و وایان لێ دەکات بە باشی بیرمان لێ نەکەنەوە. هیچ هاوسەرگیرییەک لە نێوان عەرەبەکان و ئێزدییەکاندا نییە.
تەنیا ڕۆژێک دوای (٣)ی ئابی ساڵی (٢٠١٤) بە داگیرکردنی شنگال لە پارێزگای موسڵ، ژیانمان لێ تاڵ و زەحمەت بوو. لەگەڵ هاتنی داعش بۆ ناو شار، بە دوای ئێزدییەکاندا گەڕان و لە گەرمای سەرووی پەنجا پلە، بە تینوێتی و برسێتی هێشتیاننەوە و پێش ئەوەی کە «یەکینەکانی پاراستنی ژن» لە سوریاوە بە هاوارمانەوە بێن، سەدان منداڵ و مێرمنداڵ لە گەرمان و لە برسان مردن! لە ڕۆژی (٣ هەتا ٥) ی ئاب، هەزاران ژن و پیاوی ئێزدی لە ماوەی (٧٢) کاتژمێردا ئاوارە بوون. داعشەکان ژن و پیاویان هاوێر کرد و بردیاننە کەمپی تایبەتییەوە. ئەوان ئێمەی ئێزدییان دەستگیر کرد، پیاوانی ئێزدیان بە دەستی بەستراوەوە لە ڕیزێکدا خستە سەر ئەژنۆ و بە بەرچاومانەوە، بە چەقۆ قوڕگیان هەڵبڕین! هیچ پیاوێک لە ناوماندا نەمایەوە. داعشێک، ژنێکی جوانی ئێزدی (١٥) مانگ لای خۆی هێشتەوە و پێنج جار بە ئەم و ئەوی فرۆشت (هەمان سەرچاوە، ٨).
«داعش دوو مانگ دوای داگیرکردنی موسڵ، کەمینەی ئاینی شاری شنگالیشی کردە ئامانجی پەلامارە دڕندەییەکانی. داعش بە خوێندنەوەی تاکلایەنە و نەزانانەی تێزە ئاینییەکانی ئێزدییەکان، بە «شەیتانپەرست»ی دەزانین. داعشەکان یەکەم کۆمەڵە نەبوون ئێزدییەکان ئازار و ئەشکەنجە بدەن، ئەلقاعیدەش دوای پەلاماری ئەمریکا بۆ سەر عێراق لە ساڵی (٢٠٠٧) دەرفەتی هێنا ئێزدییەکان بە بیانووی بیروباوەڕی ئاینییان ئازار بدەن» (لێمۆن،٧٠).
یەکێک لە بەرهەمە دیارەکانی «یەشار کەمال»، نووسەری بە ڕەچەڵەک کوردی خەڵکی تورکیا، ناوی «بڕوانە فورات خوێناوییە». لەم ڕۆمانەدا، ئەمیرێکی ڕووناکبیری عەرەب بە ناوی «ئەمیر سەلاحەدین سوڵتان»، کە ئێزدییەک لە ترسی داگیرکەرانی عەرەبی سعودیە داڵدە دەدات و دابونەریتی میوانداریی دەپارێزێت، دەڵێت: «گوایە ئەمان شەیتان، خۆر، خاک و ئاگر دەپەرستن، ئەو شەیتانەی سەرپێچی لە فەرمانی خوا کرد. کێ شەیتانی بینیوە؟ کێ چووەتە لای خوا؟ لە ڕوانگەیەکەوە، ئێزدییەکان مافی خۆیانە خاک، خۆر، ئاو و هەوا، خالقی بوونن. ئێزدییەکان ڕۆژی سێ جار لە کاتی خۆرهەڵاتن، نیوەڕۆ و خۆرئاوابوون، ڕووەو خۆر دەوەستن و نزا دەکەن. سەدان ساڵە ئەم مرۆڤانە دەکوژن.

من ئێزدی نیم، بەڵام خۆراگری و مرۆڤایەتی و دۆستایەتیی ئەوانم بەدڵە. ئەگەر یەکێک لە ناو ئێزدییەکاندا مرۆڤێک بکوژێت، دەریدەکەن. شەڕ لە ڕوانگەیانەوە، کۆمەڵکوژییە. بۆ ئەوەی بەشداری لە شەڕ نەکەن، لە خۆیانەوە بەرخۆدان نیشان دەدەن. سەدان ساڵە بەبێ وەستان خوێنیان دەڕێژن، بەڵام دڵیان ڕەش نەبووە. لە ژێر هەرباروودۆخێکدا وەک هەڵۆ لە چاڵی کێوەکانی سەر بە فەلەککەیشتوودا، ژیاون» (کەمال، ٢٠٠٦، ٣٥٨).

ڕۆژی سێ جار وەستان ڕووەو خۆر و ستایشکردنی لە دڵدا و پەیوەندیی نێوان «میهر/ خۆر» و «ئاگر» و پەیوەندیی نێوان «میترا» و «خۆر»، هەروەها تێکەڵاویی نێوان «میترایزم» و «ئایینی زەردەشتی» و «پیرۆزکردنی ئاگر»، بەشێکە لە باوەڕەکانی «ئێزدی» و ئاوێزانی نێوان «ئاگر» لەگەڵ «شەیتان»، کە بە پێی سورەتەکانی «قورئان» دەگوترێت لێیەوە دروست بووە، بووەتە بیانوویەک بۆ دەمارگیرەکان بۆ بەرەنگاربوونەوەی بیروباوەڕ و ڕێوڕەسمەکانی ڕابردوو، لەم بارەیەوە دەبێت ڕابمێنین، کە لە بنەڕەتەوە ئاگر، گەوهەری دەرەوەیی نییە، بەڵکوو گەوهەرێکی ناوەوەییە و باڵاڕۆیی و خەیاڵی مرۆڤ پەیوەستە پێیەوە، چونکە «سیاوەش» و حەزرەتی «ئیبراهیم» عەقڵیەتی ئاهورایان هەیە، ئاگر زیانیان پێ ناگەیەنێت» (ئیسحاقیان، ١٤٠٢، ٣٦٠).

لە تێزەکانی «ئۆجەلان»ەوە بۆ بزووتنەوەی ژنتەوەرانەی «یەکینەکانی پاراستنی ژنان»، لە کتێبی «کچانی کۆبانێ»دا، عەبدوڵڵا ئۆجەلان، سەرۆکی «پارتی کرێکارانی کوردستان»ی تورکیا، چەندین جار باس کراوە و ئەندامانی «یەکینەکانی پاراستنی ژنان» و «یەکینەکانی پاراستنی گەل» بە توندی کوردانی تورکیا لە ژێر کاریگەریی فیکریی ئەم کەسایەتییەدان. لە ساڵی (١٩٩٩)ەوە، کە دەسەڵاتدارانی تورکیا دەستگیریان کرد و ئێستاش لە زینداندایە، هەتا ساڵی (٢٠٠٤)، کە پلانێکی بە ناوی «دەستپێشخەریی ئاشتی» بۆ حکومەت پێشنیار کرد، هەمیشە لای کوردەکانی تورکیا، عێراق و سوریا بووە.

ئۆجەلان لە زینداندا کاتی بیرکردنەوە و نووسینی زۆرە و توانیی هزرەکانی ڕێک بخات، پاشان بۆ نزیکەکانی بگوازێتەوە. ئامانجی لەم ساڵانەدا، لە شەڕی چەکدارانە گۆڕی بۆ بنیادنانی کوردستانێکی سەربەخۆ و یەکپارچە و مەیلی بەرەو دروستکردنی سیستمێکی جەماوەری، تێیدا کوردەکان بە ئاشتی بژین و دەسەڵاتی کارگێڕیی ناوچەکەیان بە دەستەوە بێت. یەکێک لە مامۆستا کاریگەرەکانی ئۆجەلان، کە ڕۆڵێکی گرنگی لە وەرچەرخانی هزری سیاسیی ئەودا هەبوو، «مۆرای بۆکچین» نووسەری ئەمریکی بوو، کە لە ساڵی (١٩٨٢) بەرهەمە بەناوبانگەکەی « ئیکۆلۆژیی ئازادی: سەرهەڵدان و هەڵوەشاندنەوەی پلەبەندی» نووسی. هەر لەو سەردەمەدا کتێبی «ئیکۆلۆژیی ئازادی» بۆ زمانی تورکی وەرگێڕرا و بڵاو کرایەوە. «ئۆجەلان» بە خوێندنەوەی، کەوتە ژێر کاریگەریی بۆکچینەوە و بەم ئەنجامە گەیشت، کە کوردەکان هیچ پەیوەندییەکیان بە حکومەتەوە نیە، بەڵکوو پێویستییان بە خۆسەری و دادپەروەریی کۆمەڵایەتییە. بەم شێوەیە، «پارتی یەکێتیی دیموکرات» لە کانوونی دووەمی ساڵی (٢٠١٤) ڕاگەیەنراوێکی بە ناوی «گرێبەستی کۆمەڵایەتی» جێبەجێ کرد. بە پێی ئەم ڕاگەیەنراوە، ئەشکەنجە و سزای لە داردان،

نایاساییە. یەکینەکانی پاراستنی گەل هێزی سەربازی و زمانی کوردی، عەرەبی و سریانی زمانی فەرمیی ناوچەکەن، کەمینە نەتەوەییەکان، مافی تەواوی هاوولاتیبوونیان هەیە و دەتوانن منداڵەکانیان فێری زمانی خۆیان بکەن. ماددەکانی (٢٧ و ٢٨)ی ئەم ڕاگەیەنراوە، جەخت دەکاتەوە لە یەکسانبوونی مافەکانی ژنـان و پیـاوان و دەڵێت: «ژنان هەتاهەتایە و بێچەندوچوون مافی خۆیانە لە هەموو کارە سیاسی، کۆمەڵایەتی، ئابووری و کولتوورییەکانی کۆمەڵگا بەشدار بن. ژن و پیاو لە لایحەی یاسادا، پێکەوە یەکسانن و لە دامەزراوە گشتییەکان ئەرکی سەرشانیانە بە ئاڕاستەی نەهێشتنی جیاوازیی ڕەگەزی لە کۆمەڵگادا هەوڵ بدەن» (٥٨-٦٣).

ژنێک، کە بە نوینەرایەتیی ڕێکخراوێک بە ناوی «یەکێتیی ئەستێرەکان»، دواتـر «کۆنگرەی ئەستێرە» هاتە بەر دەرگـای ماڵی «زنارین»، لایەنگری ڕێکخراوی پێک هاتوو لە ژنانی سەر بە «پارتی یەکێتیی دیموکراتی» و سـەر بە «پارتی کرێکارانی کوردستان» بە سەرۆکایەتیی «ئـۆجـەلان». «کۆنـگـرەی ئـەسـتـێـرەکـان» لە کۆمەڵێک ژنـی خۆبەخش پێک هاتبوو ڕێک خرابوون و لە ناوچە کوردنشینەکان دەرگا بەدەرگا دەگـەڕان و هزرەکانی ئۆجەلانیان بۆ باس دەکردن. ئەم ژنانە، تێزەکانی ئۆجەلانیان بـۆ زنـاریـن ڕوون کـــردەوە و گـوتـیـان هیچ کۆمەڵگایەک ناتوانێت ئازاد بێت، مەگەر ڕۆڵی ژنان لەگەڵ پیاوان یەکسان بێت. زنارین قبووڵی کـرد پـەیـوەنـدیـیـان پـێـوە بـکـات و مـاڵ بەماڵ بگەڕێت ئەندام بۆ کۆنگرە زیاد بکات، وردەوردە فێری هزرەکانی ئۆجەلان بوو و نووسینەکانی دەربـارەی مافەکانی ژنانی خوێندەوە و یەکەم جار بوو لە ژیانیدا هەستی دەکرد بە تەنیا نییە.

ئیدی باوەڕی وا بوو دەبێت چەک هەڵبگرێت بۆ ئەوەی داکۆکی لە ژنان و کوردەکان بکات. ئیدی هیچی بۆ لەدەستدان نەبوو (٤٤-٤٢).


سەرچاوەکان:

١. ئیسحاقیان، جەواد: لەگەڵ بۆتیقای نویَ لە دە ڕۆمانی دیاری نووسەرانی کورد لە ئێران و عێراق و تورکیا، شیراز، دەزگای هێس هاثام، ١٤٠٢.

٢. تسوجی تەبریزی، عەبدللەتیف: هەزار و یەک شەو، تاران، دەزگای هرمز، ٢٠١٣.

٣. کەمال، یەشار: بڕوانە فورات خوێنە، و: عەلی ڕەزا سەیف ئەلدین، تاران، قەقنەس، ٢٠٠٦.

٤. گریمال، پی یەر: فەرهەنگی ئوستوورەکانی یۆنان و ڕۆمانیا، و: ئەحمەد بەهمەنش، چ٢، تاران، ئەمیر کەبیر، ١٩٧٧.

5. Ebadi, Shirin, Iranian Peace Prize Winner Parises Kobani’s Women. ٢٩.٦.٢٠١٥Rudaw net.

6. Enzinna, Wes, 2015. “A dream of a secular utopia in “ISIS” backyard”, The New York Times, November 24, accessed on May 12, 2020.

7. Human Rights Council, Thirty Second Session, They Came to destroy: IZIZ Crimes Against Yazidis, 15 June 2016.

8. Khalid, Maryam, 2014. “Gendering Orientalism’: Gender, sexuality, and race in post-911/, global politics”. Critical Race & Whiteness Studies, Vol. 10, No. 1, pp.118-.

9. Mahmood, M. (2015, January 30). ‘We are so proud’ – the women who died defending Kobani against Isis. The Guardian, January 30, 2015.

10. Mugrdich Volohojian, Albert. The Romance of Alexander the Great. By Pseudo-Callisthenes, Translated from Armenian Version with an Introduction, Columbia University Press, New York and London, 1969.

11. Rubin, Trudy. Kurdish Women on the Front Lines. The Seattle Times, April 2, 2016.

12. Wolff, Tony. Structural Forms of the Feminine Psyche. Translated by Paul Watzlawik. Privacy printed the Students Association, C. G. Jung Institute Zurich, July 1956.

١٣. دختران کوبانی: نوشتەی گیل–تسماخ لمون، ترجمەی: حمید هاشمی
کهندانی، چ٢، تهران، کتاب کولەپشتی، ١٤٠١.

# شەڕی گەرم بە هێزی نەرم؟!



هاوار مستەفا خان


**(بۆ بەرچاوڕوونیی خوێنەران، ئەم بابەتەی نووسەر بەشێکی کورتی نێو لێکۆڵینەوەیەکی دووروودرێژە لە ژێر ئەو ناونیشانەی سەرەوە و بە ڕەچاوکردنی فرەبابەتی، بە پێویستی دەزانین ئەو بەشەی لێ بڵاو بکرێتەوە، بە ئومێدی ئەوەی لە ژمارەکانی داهاتوودا دەرفەتی زیاتر هەبێت بۆ بڵاوکردنەوەی بەشەکانی دیکەی).**

**گۆڤاری پرسی کورد**

ئەم نووسینەی لێرەدا بڵاو دەکرێتەوە، بابەتێکی دووروودرێژە بۆیە هەوڵ دەدەم لە چەند خاڵێکدا پۆلێنی هێزی نەرمی لەسەر ڕەنگرێژ بکەم، کە بووەتە بناخەی مانەوەمان، مەبەستمە بابەتەکە چڕ بکەمەوە و بە جۆرێکی تر باسی وەبەرهێنانی هێزی نەرم بکەم، ئینجا با بزانین ئێمە هێزێکی گەورەمان هەیە کە نەرمە بەڵام گەرم و گوڕ، گەرمە، بەڵام لە چەکی ئەتۆم کاریگەرییەکەی دووقاتە، نە مرۆڤ دەکوژێت و نە شوناسیشی دەسڕێتەوە، بەڵام لە توانایدا هەیە ئەو شەڕە گەرمەی ئێمە بە هێزی نەرم دەیکەین، بمانخاتەوە سەر ڕێگاکانی ڕەچەڵەکی کوردی خۆکردی، بە بێ ئەوەی مافی هیچ کەس لە نەتەوە و ئاین و ئایینزایەک بخەینە ژێر پرسیار و تیلیسکۆپ. بێ ئەوەی لەسەر ڕیتم و فۆرمی ژیان و بژێویی کەس، ژیان و فۆرمی دیکە بۆ خۆمان دابمەزرێنین»وەک ئەوەی ئەوان کردیان».

لە پێناو بەرپاکردنی شەڕێکی گەرم بە هێزی نەرم، پێویستیمان بەو ژێرخانەیە تا سەرخانێکی مۆدێرنی لەسەر دروست بکەین و بە وەبەرهێنانی گەورە و تەندروست ڕێڕەوی ژیان و کار و ژیاندۆستیی مرۆڤی کورد و ئینجا

هیی هەموو جیهان، ئاراستە بکەین، ئەگەر نەڵێم: ڕاستی بکەینەوە.
سەرەتا لەم چەند خاڵەدا هێزی نەرم پۆلێن دەکەین و بەم جۆرە دەیخەینە ڕوو:
یەکەم: دەنگبێژی و موزیک و گۆرانی» فەرهەنگ و فۆلکلۆر»
دووەم: ئەدەبی گوتراو و نووسراو
سێیەم: میدیای « نوسراو و بیستراو و بینراو»لە ڕۆژنامەوە تاوەکوو تیڤی و ئینتەرنێت.
چوارەم : سینەما و دراما
پێنجەم: وەرزش و یاریی فۆلکلۆری
شەشەم: ئاین و ئولی
حەوت: سیاسەت
دوای نیشاندانی جۆرەکانی، کە هەر دەبێ خاڵەکانی «شەش و حەوت»، جیاوازتر خوێندەوەیان بۆ بکرێت ئەگەرچی ئەوانیش لەو چوارچێوەیەدا هێزی نەرم و گەرمن.
ئێستا؛ پێویستیمان بەوە هەیە بزانین ئاخۆ ئێمە



توانیومانە وەبەرهێنانی گەورە لەو سامانەدا بکەین و لەگەڵ سەردەم و هێزی بەرانبەر بیگونجێنین و لەو شەڕەی لە ناویداین و درێژەخایە، بەرگری بگۆڕین بە هێرشبردن تا ئەندازەی سەرخستنی ئامانجەکان؟ بۆ وەڵامی ئەو پرسیارە و هیی دیکەش، بە کورتی باسی خاڵی یەکەم دەکەین؛

## یەکەم: دەنگبێژی و موزیک و گۆرانی» فەرهەنگ و فۆلکلۆر»

سەرەتا دەبێ ئەوە بڵێین: لەناو هەریەک لەو خاڵانەدا چەندین لقوپۆپی دیکە جیا دەبنەوە و دەچنەوە ناو هەمان چوارچێوە، بۆیە لەم بەشەدا دیسان بە کورتی باسی ئەو هێزە نەرمە دەکەین.
لە ناو کورددا ژیناتی دەنگبێژی هەزاران ساڵەیە و پشتاوپشت ماوەتەوە، هەرچی نەتەوەی دەوروبەری کورد و کوردستان هەیە، لەو کانیاوەیان هەڵێنجاوە بە بێ ئەوەی مافی بنەڕەتیی «کۆپی ڕایت»ی کوردی بپارێزرێت، دوای ئەو هەموو لەبەرگرتنەوە و دزینەش، هێشتا لەسەر ژێ و پێی خۆی وەستاوە ئەو دەنگ و ڕەنگە کوردییە خۆکردییە.
کەواتە؛ بەو هێزە نەرمە چ شەڕێکی گەرم کراوە؟ ئەو سامانە دەوڵەمەندەی کورد هەیەتی ئایە لە نێو نەتەوە و ئاینزاکاندا بەو جۆرەیە؟، بۆ نموونە: بێجگە لە ئاینی کوردان، ئێزدی و یارسان و کاکەیی، لە ئاینەکانی دیکە لەگەڵ بۆنە و سروتی ئایینیدا موزیک بەکار هاتووە؟ بە ئامێری تار و تەمبوور و دەف ڕێورەسمی ئاینی بەڕێوەچووە تاوەکوو ئێستاش بەردەوامە؟ لە هەمووشی گرنگتر، لەو سروت و بۆنە ئایینیانەدا ژن و پیاو «نێر و مێ» بە یەکەوە ئەو سروتە بە ئاواز و دەربڕینی واتادار و بە «جیاوازیی تەمەنەکان»



ڕەنگڕێژ دەکەن و هەموان بە یەکەوە دەچنە خەڵوەتەوە و لەگەڵ خوای تاکوتەنیای خۆیاندا ئاوێتە دەبن؟

پرسیارەکان زۆرن، لەوانە: ئایە نەتەوەی کورد توانیویەتی وەبەرهێنانی گەورە لەو سەرەتا گرنگەی ژیان و گوزەران و خوداپەرستییەدا بکات؟ ئایە هەر ئەو جۆرە لە سروت و جیاوازییە نەبووە هۆی ئەوەی دوای بەشداریکردن و قەبووڵکردنی ئاینی تازە، لەوانەش ئایینی ئیسلام، کەچی بەوە شەوە ئەو میللەتە بەموسڵمانکراوە، هێشتا بەر شالاوی ئەنفال و جینۆسیاد دەکەوێت، لە لایەن کێیشەوە؟ لە لایەن برای موسڵمان و هاوئاینەوە.

ئەگەر تەنیا جۆرەکانی دەنگبێژی لە سەرانسەری کوردستان وەربگرین دەبینین؛ نموونەیەکی زیندووە و ڕەگ و ڕیشەی هەیە «لاوک و سیاچەمانە و حەیران و هۆرە و سەحەر و جۆرەکانی دیکە زۆر تایبەتن بە نەتەوەی کورد، ئەو جۆرە لەو دەنگبێژییە بەو ڕیتمە لە نەتەوەکانی دیکەدا جیاوازە، واتە؛ ئەو دەنگبێژییە بە هەموو جۆرەکانییەوە هەڵقوڵاوی ناخی تاکی کوردە و نابیینیتەوە حەیران لە ناو نەتەوەیەکی دیکەدا بەو فۆڕمە هەبێت، یان لە بنەڕەتدا هەر هەبێت تەنانەت خودی حەیرانیش کە لەناوچەکانی دەشتی هەولێر و ئەوەی دیکەش، کە بە حەیرانی چیایی ناسراوە لە موکریانەوە هەڵقوڵاون و لە ناوچەکانی دیکەی وەک سەرحەد و لە ڕۆژئاوایەوە قامیشلو و تەنانەت لە ناوچەکانی لوڕ و بەختیاری و گۆران و زازاکیشدا گوێی لێ دەگیرێ، بەڵام ناخوێندرێ و ناوترێتەوە چوون هەریەک لەو ناوچانە دەوڵەمەندە بە جۆری دەنگبێژیی خۆی، کە هەمووی بەسەر یەکەوە سەرمایە و گەوهەری کولتوور و فەرهەنگی کوردییە.

لە مێژووی دوور و نزیکدا، زۆرن ئەو ناوانەی دەرکەوتوون و بەناوبانگ بوون، کاریگەرییان لەسەر نەتەوەکانی دیکەی ناوچەکە بەجێ هێشتووە و ڕەچەڵەکی ئەو فۆڕمەی نەتەوەی کورد بووەتە بەشێک لە فەرهەنگی ئەوانی دیکەش، بەتایبەتی کاتێک لە بری زمانی دایک بە

هەواڵنامەی کتێب

زمانی دیکە و لە ناو نەتەوەی دیکە ئەو هونەرە پەخش دەکرێت ئیدی کارلێک و کاردانەوە دروست دەکات، هەندێک جار لە بۆتەی ئەوی دیکەشدا تواوەتەوە.

زەریاب، نموونەی وەبەرهێنانی موزیک و دەنگبێژییە لانی کەم لە ڕۆژهەلاتی ناوین، موزیکی کوردی ڕۆ چووەتە نێو موزیکی بە تایبەتی عەرەبی و لەوێشەوە بۆ ئەورووپا، کە ئەندەلوس چەقی ئەو موزیکە نوێیەی مرۆڤایەتییە و دیارە ئەو کاریگەرییە و لێکەوتەیەش هیی هونەرمەندی گەورە «زەریاب»ە.

شارەزایانی موزیک وا دەڵێن؛ کە تەمبوورە بووەتە عود و پاشان گیتار، یان بە واتایەکی دیکە هەموو ئەو ئامێرانەی لە شێوەی تەمبوور گۆڕانکارییان بەسەردا هاتووە، لە نەوەی تەمبوور و سازی کوردیین.

ئەو هونەرەی مرۆڤایەتی، کە لە کوردستان و لە ناو ژیناتی کورددا بۆ مرۆڤایەتی دەرکەوت، نەک یەکێکە، بەڵکوو بناغەی هەرە گەورەی»هێزی نەرم»ی کایەکانی ترە کە لە خاڵەکانی دیکەدا باسیان دەکەم.

ئینجا با ئەو پرسیارەش بکەین ئاخۆ ئێمەی کورد لەسەر ئەو ژێرخانە دەوڵەمەندە چیمان کردووە؟ ئایە بە واتای وەبەرهێنانی نوێ و مۆدرێن، توانیومانە سەرخانێکی جیاواز دروست بکەین، کە هێزی ئەوەمان هەبێت شەڕی گەرمی مانەوە و بەردەوامبوونی پێ بکەین؟ بە بڕوای من بەڵێ لە دیوێکدا توانراوە ئەو هێزە شاراوەیە لە ناخی مرۆڤی کورددا چەکەرە بکات و ڕۆ بچێتە ناو ژیناتییەوە، وای لێ بکات لەسەر ئەو ژێرخانە بمێنێتەوە، بەڵام بە دڵنیاییەوە هێشتا نەتوانراوە وەبەرهێنانی چۆنایەتی لەسەر بکرێت کە لەسەر ئاستی جەماوەری و زانست و ئەکادیمیدا بوترێت: ئەوە موزیک و دەنگبێژیی کوردییە و لە زانکۆکانی دنیادا و لەپاڵ مۆتزارت و بتهۆڤن و ئەوانی دیکەدا بخوێندرێت و بەجیهانی بووبێت؟

دەمەوێت ئەوەش بڵێم: ئایە کارت و کۆدی ئەوەمان لە بەردەستە «شەڕی گەرم بە هێزی نەرم»بکەین؟ بەڵێ ئەویشمان لە بەردەستە، کارتەکانمان بەردەوامن لە خستنەڕووی ئەو هونەرە، بەڵام کۆدەکانمان هێشتا بەرەو ڕووی ناوخۆ و دەرەوەشدا نەکراونەتەوە؟

لە سەد ساڵی ڕابردوودا چەند نموونەیەک هەیە، کە دوژمن و داگیرکەر لەو هێزە ترساوە و بە پلان، پیلانگێڕی دەست داوەتێ تاوەکوو کاریگەرییەکە نەهێڵێت و لە بەرانبەریشدا ئەو شوناس و فەرهەنگە لە کورد داببڕێت و بیکاتە موڵکی خۆی.

لەگەڵ دروستبوونی کۆماری تورکیا لە ساڵی ١٩٢٤ ەوە ئیدی کار لەسەر ئەوە کرا هەرچی فۆلکلۆر و کولتوور و فەرهەنگی کوردیی هەیە بە هەمان ئاواز و ڕیتم، بەڵام بە زمانی تورکی تۆمار بکرێت و کەسەکانیش پاداشت بکرێن تاوەکوو لە خۆیان و فەرهەنگی نەتەوەکەیان دوور بخەنەوە و هانیان بدەن ئەو ژێرخانە بە قازانجی نەتەوەی تورک و دەوڵەتی تورک کەمەندکێش بکەن.

ئەو مێژووە هەڵبەت هەر وا بە ئاسانی نەهاتووەتە دی، کەسانێکیش هەبوون ملیان نەدایە سڕینەوەی شوناس و تۆمارکردنی ئەو ژێرخانە لەسەر شوناسی نەتەوەیەکی دیکە.

شەڕی گەرمی ئێمە بەو ژێرخانەیە درێژەی هەیە و بەو باوەڕەشەوەیە لە ناو خاکی خۆماندا بە ناچاری دەست بۆ چەکی دیکەیش دەبەین، بەڵام هیچی ناگاتە ئەو شەڕە گەرمەی بە هێزی نەرم دەکرێت.

# پەرلەمان و ژنان



لە فارسییەوەوە: جەواد حەیدەری

هەواڵنامەی کتێب

پەرلەمان وەک دامەزراوەیەکی یاسادانان و وەک شوێنێک بۆ نوێنەرایەتیکردنی جەماوەر، بەردی بناغەی دیموکراسییە لە سەرتاسەری جیهاندایە. پەرلەمانێکی دیموکراتیک ئەو شوێنەیە کە لە ڕوانگە و دیدگا و بەرژەوەندییەکانی کۆمەڵگەوە سەرچاوە دەگرێت و ڕەنگدانەوەی هەیە لە دیاریکردنی دەستوور و ئاراستەکردنی سیاسەت لەو کۆمەڵگەیەدا.

لە پەرلەمانێکدا کە دیموکراسی باڵی بەسەردا کێشاوە ڕێگە دەدات بە ئەزموونگەلی جیاوازی پیاوان و ژنان بۆ ئەوەی، کە ئەولەویەت بدات بە سیاسەتە گشتییەکان و دارشتنی سیاسی گشتی لە پێناو ئایندەیەکی ڕوون لە بوارەکانی کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابووریدا.

ژنان لە پێگەی بڕیاردان زیاتر گرنگی بەو یاسا و ڕێسایانە دەدەن، کە پەیوەندییان بە ژنانەوە هەیە و هەر ئەوەش وای کردووە، کە ژنان زیاتر لە پیاوان پرۆژەیاسا پێشکەش بکەن، چونکە ژنان سەبارەت بە مافەکانی ژنان زیاتر لە پیاوان هەست بە بەرپرسیارێتی دەکەن.

فێمێنیزمەکان زیاتر پێداگری لەسەر ئەوە دەکەن، کە ژنان دەتوانن لە ڕێگەی پەیوەندییە شەخسییەکانی خۆیان زاڵ بن بەسەر کێشەکانی خۆیان و زیاتر گرنگی بە پێداویستی و داواکارییەکانی جەماوەر بدەن، بۆ ئەوەی چارەسەری کێشە جیاواز و لێکدژەکان بکەن و هاوکاتیش زۆر بە ئاسانی و خێرایی ڕا و بۆچوونی خۆیان لەگەڵ کەسانی دەخەنە ڕوو. بۆ گەیشتن بە ڕێککەوتن هەموو هەوڵێکی خۆیان دەخەنە گەڕ و هاوکات زۆر بە وردییش

چاودێری دەکەن.
هاوکات لە بابەتی یەکسانیی ڕەگەزی یەکێکە توخمە سەرەکییەکانی فێمێنیزم لە ناو یەکێتیی ئـــەورووپـــادا، کـە هـاوکـات جێگـە و پێگەی ڕاستەقینەی خۆیان دۆزیوەتەوە، بە شێوەیەک کە ژنانیش هـەروەک پیاوان، یان باشتر بڵێم شان بەشانی پیاوان لە داڕشتنی سیاسەت و بڕیارە گرنگەکان لە بواری سیاسی و ئابووری هەنگاویان نـاوە، بە شێوەیەک کە لە ئێستادا دەتوانین بڵێین پشکی ژنان لە پۆستە گرنگەکان بە تایبەتی لە بـواری سیاسەتدا بە ڕێژەیەکی بەرچاو زیادی کردووە.
بە پێی زۆربـەی ئـەو توێژینەوانەی، کە لەو بـارەیـەوە کـراوە دەرکـەوتـووە کە ژنـان چ لە پەرلەمان و چ لە ناوەندەکانی بـڕیـاردانـدا بە تایبەتی لە بڕیارە سیاسییەکان دەتوانن ڕۆڵی باشتر و زیاتر بگێڕن، هەر بۆیە ئەو ڕۆڵە لە ڕاستیدا هەنگاونانە بـەرەو دیموکراسیەت بە شێوەیەک، کە دەسەڵاتی پیاو درزی تێ کەوێت.
لـە چەند ساڵی ڕابـــردوودا لـە چەندین وڵاتـی ئەوروپاییدا ژنان توانیویانە بە بەرزترین ئاستی سیاسی بگەن و بۆ چەندین ساڵ بڕیاردەری سەرەکی وڵات بن و ئەمەش ئەوە دەردەخات، کە ئەورووپا و خۆرئاواییەکان ڕەوتێکی خێرایان بۆ یەکسانیی ڕەگەزی لە بواری سیاسیدا دەست پێ کردووە و بە شێوەیەکی ئامانجدار کاری بۆ دەکەن.
بە شێوەیەک لە پەرلەمانی هەندێک لە وڵاتانی ئەورووپا ژنان نیوەی پەرلەمان پێک دەهێنن، هەندێک جار زیاتریش، بۆ نموونە نزیکەی ٦٠٪ پەرلەمانی ئەورووپا ژنان پێکیان هێناوە. هەر بۆیە ژنان چ وەک هێزی مرۆیی و چ وەک هێزی سیاسی گرنگە و بە داڕشتنی بەرنامەیەکی گشتگیر و هەمەلایەنە و سەردەمییانە دەکرێت زەمینەیەکی لەبار بۆ بەشداری هەموو ژنان لـە سـەرتـاسـەری جیهاندا بـۆ بـەشـداریکـردن لـە بـڕیـاردان بـەتـایـبـەتـی بـڕیـاری سیاسی برەخسێنرێت.

سەرچاوە/ jwdp.ut.ac



# مێژووی ژن و هەنگاوێکی بوێر



ڕاز ئەسعەد

هەواڵنامەی کتێب

کورد مێژوویەکی دێرین و دەوڵەمەندی هەیە، تۆماری بەشدارییەکانی ژنان لەو مێژووەدا بە نەنووسراوی ماونەتەوە و چاوەڕوانی دەستێکی زانستییانەن بۆ ئەوەی تیشکی بخەنە سەر و بخرێنە بەر نەشتەری لێکۆڵینەوەی زانستیی دوور لە سۆز، چونکە مێژووی ژن پایەیەکی بنەڕەتیی گرنگ و پڕ بایەخە کە دەتوانێت سەرلەبەری ئەو مێژووەی نووسراوەتەوە بگۆڕێت و مێژوویەکی نزیکتر لە ڕاستییەکان بنووسێتەوە، ئەمەش لە ڕێگەی گرنگیدانێکی دروستی دوور لە ڕووکەشگەرایی دێتە بوون.

سەرەڕای سێکتەرە ئەکادیمییە زیندووەکانی زانکۆکانی کوردستان، بۆشاییەکی بەرچاو لە ئارادایە و زۆر بە ئاسانی هەست بە نەبوونی بەشێک یان سێکتەرێکی تایبەت بە مێژووی ژنان دەکرێت، ئەم کەلێنەش جەخت لەسەر ئەو ڕاستییە دەکاتەوە، کە تا ئێستا وەک پێویست دان بەو بەشدارییە بنەڕەتیەدا نەنراوە و بەهای ئەو ڕۆڵە دانەبڕاوەی، کە ژنان بە درێژایی مێژووی ئێمە بینیویانە نەزانراوە، هەمیشە ژنیان وەک یارمەتیدەرێکی بێئاگای پیاو بینوە. لەم ڕووەوە بایەخی ژن نادیدە گیراوە و ڕۆڵ و کاریگەریی بە شێوەیەکی ترسناک شارراوەتەوە، لە زۆر کاتیشدا کە باس دەکرێت وەک بەشدارێکی دەستکورتی مێژوو گوزارشتی لێ دەکرێت، ئەمە لە کاتێکدایە کە ژن بکەر و خولقێنەرێکی بنەڕەتیی مێژووە و خۆی بەدیهێنەری مێژووە، نەک بەشدارپێکراوی مێژوو، بۆیە کردنەوەی بەشی مێژووی ژن و جیاکردنەوەی پسپۆڕیی مێژووی ژن لە تەواوی بەش و سێکتەرەکانی

دیکە، پێویستییەکی هەنووکەیی و ڕێگای ڕاستی بەرەوپێشبردنی بوارەکەیە، نەک لە پشت چەند سەنتەرێکی ڕووکەشییانەی بە ناو ئەکادیمییانەی بواری ژنان ڕاستییەکان ئاوەژوو بکرێنەوە.

گرنگیی مێژووی ژن

مـێژووی ژن تەنیا کایـەیـەکی لاوەکـیی نێو لـێکـۆڵـینـەوە مـێـژووییـیـەکـان نـییـە، بـەڵـکـوو ڕوانگەیەکی واقیعکردی فرەڕەهـەنـدە، کە لە ڕێگەیەوە دەتوانین تێگەیشتنێکی پێگەیشتووتر و وردتر لە ڕابردوومان بەدەست بهێنین.

ئێمە بـە لێکۆڵینەوە لـە ژیـان و داهـێـنـان و دەستکەوتەکانی ژنـان، تیشک دەخەینە سەر ئەو گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتی و کولتوورییانەی کە کۆمەڵگاکەمانی پێک هێناوە، لەبەر ئەوە ئەم بـوارەی توێژینەوە ئاڵنگاریی (گێڕانەوەی مـێـژوویـی) نـەریـتـی دەکــات، کـە زۆر جـار ئەزموونی ژنان پەراوێز دەخات یان بە تەواوی دەیشارێتەوە، ئەمە لە کاتێکدایە کە دەبوو لە ڕوانگەی مێژووی ژنەوە وێنایەکی گشتگیرتر و وردتری ڕابردووی بە کۆمەڵمان پێشکەش بکات.

لە ڕێگەی سەرپێخستنی توێژینەوە شیکاری و شرۆڤەکارییەکان بۆ تێپەڕاندنی ئەو شێوازە نەریتییەی، کە تەنیا لە ژیاننامەی ژنەکاندا نغرۆیە و وا دەزانێت باسی کارە پیاوانەکانی ژنان، یەکسانیی جێندەرییە.

**ئەودیوی دیمەنەکان**

لـە ڕەوتـی دروسـت بـۆ توێژینەوە زانستییە قووڵەکانی بـواری مـێـژووی ژن، زۆر گرنگە ئاستی (دیاردە) و (کەسایەتییەکان) تێبپەڕێنرێت، پێویستە سەرنج و هەڵسەنگاندن و شیکردنەوەی جەوهەری بۆ بەشدارییەکانی ژنان لە تەواوی بـوارە جـیـاوازەکـانـی سـیـاسـی، کـۆمـەڵایـەتـی، ئابووری و کولتووریی و ..تاد بکرێت و چی دیکە ژن وەک جوانکاری هەندێک ناونیشان و قۆناغی مێژوویی لە ڕۆڵێکی ڕووکەشیدا قەتیس نەکرێت و وا نەزانرێت ڕووگەیەکە تا ناونیشانی کۆنفرانسەکانی پێ بڕازێنرێتەوە، وەک لە زانکۆکانی هەرێمدا لەم دوو ساڵەی دواییدا بووەتە مۆدەی ڕۆژ، هەر ڕۆژە لە ژێر ناوێکدا کۆنفرانس بە عەقڵی پیاوانە بۆ ڕۆڵی ژنان دەگێڕرێت، یان ژنانی عەقڵ پیاوانە دەبەنە ئاستێکەوە کە نازانیت نـاوی بنێیت چـی، لە ڕاستییشدا زۆرینەیان، بە ویستی پیاوان، ڕۆڵ بە بەری ژناندا هەڵدەدروون.

توێژینەوە جیددییەکانی بـواری مێژووی ژن دەتـوانـن چیرۆکی ئـەو ژنـانـە بـدۆزنـەوە، کە سەرکردایەتیی گۆڕانکاری و بزووتنەوەکانیان کردووە و کاریگەرییان لەسەر ڕەوتی مێژوو جێ هـێـشـتـووە، بـە شـێـوەیـەک کـە هێشتا بە



تەواوی دانیان پێدا نەنراوە و وەک پێویست کار و کردەوەیان ئاشکرا نەکراوە، لە پای ئەمانە بە ڕادەیەکی ترسناک لە جێی بکەری و ڕۆڵی ڕاستەقینەیان زۆر جار دەبینین کاری ژن لە مێژوودا لە جلوبەرگ و خۆڕازاندنەوەدا قەتیس دەکرێت، یان دەکرێتە یاریدەدەرێکی بێتوانای پیاو، لە بچووکترین نموونەدا کەسایەتییەکی وەک حەپسەخانی نەقیب وای لێ کراوە بە جلەکانیدا بناسرێتەوە، لە کاتێکدا دەکرا لێکۆڵینەوەکان وەک پایەیەکی پێشکەوتنی کولتووری لێی بڕوانیایە.

## بۆ بەشی مێژوو گرنگترینە؟

پرۆفیسۆرێکی بەئەزموون لە بارەی پسپۆڕی لە بواری مێژووی ژندا، بۆ کەمکردنەوەی گرنگیی بابەتەکە، بۆچوونی جیاواز بوو، دەیوت چ پێویست دەکات بەشی مێژووی ژن هەبێت لە کاتێکدا بەشی مێژوو لە هەموو زانکۆکاندا هەیە.

مەترسیی ئەم بۆچوونە لەوەدا نییە کە بەڕێزێکی وا هاوبیری توێژینەوەکانی بواری ژنان نەبێت، بەڵکوو مەترسییەکە لەوەدایە کە دەیسەلمێنێت هەندێک لە پرۆفیسۆر و پسپۆڕەکانی ئێمە لە ئاستێکدا ئیتر خۆیان لێ دەبێتە نابیغە و وا دەزانن هەموو شتێک دەزانن، کێشەیەکی گەورەیە پرۆفیسۆرێکی پسپۆڕ لە مێژوودا ئاگاداری ئەو هەموو گۆڕانکارییەی میتۆدەکانی لێکۆڵینەوە نەبێت، کە لەم نیو سەدەی دواییدا ڕوویان داوە، زۆر مەترسییە کە پسپۆڕەکان وازیان لە خوێندنەوە هێنابێت و وا بزانن کاری ئەوان هەر نووسین و کاغەزڕەشکردنەوەیە!

بۆ چارەسەرکردنی ئەم کەلێنە گەورەیەی جەستەی توێژینەوە ئەکادیمییەکان، پێویستە بەشی مێژووی ژن لە زانکۆکانی کوردستاندا بکرێتەوە، دەشێت سەرەتا لە یەکێک لە زانکۆکاندا بکرێتەوە، بۆ نموونە زانکۆی سلێمانی، ئەم بەشە نەک هەر بۆشاییەکی کایەی ئەکادیمی لە زانکۆکانی کوردستاندا پڕ دەکاتەوە، بەڵکوو وەک چرایەکی بیری پێشکەوتنخوازانە و زانستی لە ناوچەکەدا لێی دەڕوانرێت، مێژوویەک لە هەناوی مێژووی زانکۆی دایکدا دروست دەکات و چەندین پسپۆڕی بوارەکە پێدەگەیەنێت و دەبێتە پایەیەکی نووسینەوەی مێژووی پەراوێزخراوەکان.

دەکرێت لە میانەی بە دامەزراوەییکردنی توێژینەوە لە مێژووی ژندا، زانکۆی سلێمانی، یان هەر زانکۆیەکی دیکەی هەرێم ئەو دەسپێشخەرییە بکات و ببێتە پێشەنگ لە بەهێزکردن و هێنانەبوونی تێگەیشتنێکی قووڵتر و نوێتر و تۆمارکردنی ڕۆڵی ژنان بە درێژایی مێژوو لە ناوچەکەدا.

## ڕوانگەی جیهانی

لە دامەزراوەکانی دەرەوە و لەسەر ئاستی جیهان، مێژووی ژن بوارێکی خوێندنی دانپێدانراو و ڕێزلێگیراوە، لە زۆرێک لە زانکۆ جیهانییەکاندا پێگە و گرنگیی تایبەتی هەیە، بەشدارییەکی بەرچاوی لە گوتاری مێژوویی فراوانتردا هەیە. دامەزراندنی بەش و پرۆگرامەکانی مێژووی ژن بووەتە هۆی بەرهەمهێنانی لێکۆڵینەوەی پێشکەوتوو و گێڕانەوەی مێژووییەکی گشتگیرتر و وردتر.

بۆ نموونە: لە زانکۆی هارڤارد/ کتێبخانەی شلیسینگەر/ دەربارەی مێژووی ژن لە ئەمریکا (Harvard University – The Schlesinger Library on the History of Women in America).

زانکۆی ئۆکسفۆرد / تۆڕی مێژووی ژنان لە

هەوالنامەی کتێب

فاکەڵتی مێژوو (University of Oxford - The Faculty of History›s Women›s History NetwoUniversity of Oxford - The Faculty of History›s Women›s History Network).

ئەوانە مشتێکن لە خەرمانێکی گەورەی ئەو نموونانە، دەکرێت لێرەدا چەندین نموونە بهێنرێتەوە، کە لە نێو زانکۆ جیهانییەکاندا پەرەیان پێ دراوە، بۆیە دەکرێت زانکۆکانی کوردستان ئیلهام لەو دامەزراوە گرنگ و مۆدێرنانە وەربگرن و باشترین هەنگاوی کرداری بنێن، تا لە ڕەوتی ئێستای پێشکەوتنە کولتووری و مێژووییە ناوازەکانی جیهان دانەبڕێن، چیی دیکە وابەستەی لێکۆڵینەوە و تێگەیشتنە کلاسیکییەکان نەبن.

**پارادۆکسی کۆنفرانسەکانی تایبەت بە ژنان**

ئەگەر ئەم هەنگاوە بوێر و گرنگە نەنرێت، ئەوا بە دڵنیاییەوە بەشەکانی مێژووی زانکۆکان ناتوانن لە گەورەترین کەلێن و کەموکورتی خۆیان ڕزگار بکەن، هەر لەم ڕوانگەیەوەیە جێی سەرسوڕمان نییە، کە زۆرێک لە کۆنفرانسەکانی پەیوەندیدار بە پرسی ژنان، بە تایبەت ئەوانەی لە زانکۆکاندا بەڕێوە دەچن، زۆر جار لە شارەزایی ڕاستەقینەی بوارەکە بێبەشن و کارەکانیان بە هۆی ناپسپۆڕی و بێئاگایی لە پێشکەوتنەکانی دنیای دەرەوە، کاڵوکرچ و ڕووکەشگەرایی، زۆریی بابەتە مێژووییەکانی بواری ژنان تەنیا ژیاننامە و پێداهەڵگوتنی کاری پیاوانەی ژنانە. ئەم پارادۆکسە ئاماژەی ڕوونە بۆ پێویستی بە پەلەی بەشە ئەکادیمییە تایبەتمەندەکان، تا بتوانن زانستی ڕاستەقینە بچێنن و پسپۆڕان بەرهەم بهێنن، واتە بتوانن سەرکردایەتیی گفتوگۆ و لێکۆڵینەوەی مانادار بکەن.

دامەزراندنی بەشێکی تایبەت بە مێژووی ژن، تەنیا زەروورەتێکی زانستی نییە، بەڵکوو پێویستییەکی کۆمەڵگەشە. لە کاتێکدا کە لە داهاتوویەکی گەش دەڕوانین، دامەزراندنی وەها بەشێک دڵنیایی دەدات لەوەی کە بەشدارییەکانی ژنان دۆکیۆمێنت دەکرێن و لێکۆڵینەوەیان لەسەر دەکرێت، هەروەها دەبێتە گەنجینەیەکی دەوڵەمەند بۆ ئەو نەوە نوێیەی کە بە پەرۆشییەوە گەشە بە تێگەیشتنەکانی خۆیان دەدەن و دواتر تێگەیشتنی ئێمەش دەربارەی ڕۆڵی ژنان لە مێژوودا بەرەوپێش دەبەن.

نیگایەک لەسەر داهاتوو

کاتێک دامەزراندنی بەشی مێژووی ژن لە زانکۆکاندا دەبێتە واقیع، ئەم بەشە نەک تەنیا دیمەنی زانستی و ئەکادیمی دەوڵەمەند دەکات، بەڵکوو بۆ تێگەیشتنێکی دادپەروەرانەتر و هەمەلایەنەتر لە مێژوو بەشداری دەکات، بە لەئامێزگرتنی ئەم دیدە، دەتوانین دڵنیا ببینەوە لەوەی کە چیرۆکی ژن بەگشتی و ژنی کورد بەتایبەتی، ئەو بایەخە زانستیانەیان پێ دەدرێت، کە شایەنیەتی.

لە کۆتاییدا دەڵێم، تۆماری پشکدارییەکانی ژنان لە مێژوودا چاوەڕوانی نووسین و لێکۆڵینەوە دەکەن، کاتی ئەوە هاتووە زانکۆکانی کوردستان هەنگاوێکی بوێرانە بەرەو پێشەوە بنێن، ئەویش بە دروستکردنی بەشێکی تایبەت بە توێژینەوەکانی مێژووی ژن، هیوادارم یەکەم دەستپێشخەری لە لایەن زانکۆی سلێمانییەوە بێت، بەو پێیەی زانکۆی دایکە، لە ڕێگەی ئەم هەوڵەشەوە دەتوانین ڕێز لە ڕابردوو بگرین و ئێستا بە هەند وەربگرین و ئیلهامیش بە داهاتوو ببەخشین.

# ئانارشیزمی زمانی لە شیعردا



ساڵح سووزەنی- سەقز

هەواڵنامەی کتێب

«چرخ بر هم زنم ار غیر مرادم گردد»

«جیهان ئەشێوێنم گەر بە مورادی دڵم نەسووڕێ» حافز

بەر لەوەی بچینە ناو باسەکەوە با سەرەتا چەند کورتە دەق بخوێنینەوە؛

« ئەم عەشقەش فت بارییی..

سوێندمان پێ دەبڕژان..

شێعرمان پێ نەدەخڵەتاوان..

فت نازنم یانی چی»

شاعیریان گوتووە

درێـــــــــژ بێتەوە نە پان

« تا ئەو کاتەی سەری ئەدا لە شتێ نەرم»

وا هەست ئەکەین هەموو یاسا و ڕێساکانی شێعریی پێشوو ڕووخاون و زمانێکی دیکە هاتووە.

با ئەو تایبەتمەندیی بەرهەڵستبوونەوەیە، دژ بە زمانی پێشوو بە چەشنە ئانارشیسمێک ناودێر بکەین، کە بە دوای ئازادیی ڕەهای زمانی تاکدا ئامادەی هەموو وێرانکارییەکە.. ناخۆشە دەی! بەڵام کێ لە جیهانی واقیعدا توانی پێش بە ئانارشیست و سوسیال ڕۆلۆسیۆنێرەکان بگرێ.. ئەوانیش خۆیان بە شۆڕشگێرترینەکان دەزانی و مشتومڕیان لەگەڵ مارکس دەکرد. باوەکوو لە مێژووی دەسەڵاتپەروەر و بەدەست سەرکەوتوان و دەسەڵاتدارەکان نووسراودا، ناویان بە خراپە دەرچوو.. بەڵام گرینگ ئەوەیە دواجار لەسەر دەستی کەسانێکی دیکە و بە شێوازێکی دیکەوە دێنەوە ناو زمان و گەمەیەکی دیکە، ئەم جارەیان لە ناو زماندا دەست پێ دەکەن.

ڕیشەی یۆنانیی ئانارشیسسم بە مانای بێحوکمڕان دێت.. و ئاوەها پێناسە کراوە:

«سیستمێکی ئەندیشەیی کۆمەڵایەتییە، کە ئامانجەکەی هێنانەدیی گۆڕانکارییە بنچینەییەکانن لە پێکهاتەی کۆمەڵایەتیدا.. بەتایبەت گۆڕینی حکومەتی دەسەڵاتگەرا بە یەکێک لە شێوەکانی هاوکاریی ناحکومەتی لە نێوان تاکە ئازادەکاندا.. « خاڵی هاوبەشی زۆربەی ئانارشیستەکانە.. ئانارشیستەکان بەس لە قەڵەمڕەویی ئازادییدا زێدەڕۆیی دەکەن. و هەندێکیان کاری وێرانگەرانە بە کاری (شۆڕشگێڕانە) و داهێنان دەزانن بەڵام بۆ وێنە (تۆلستۆی ئانارشیسم بوو و بەس دژی دەسەڵاتی دەوڵەت بوو)... هانری ئارڤۆن لە کتێی "قوتابخانەی ئانارشیسم»دا دوو سەرچاوە و چاوگ بۆ ئەو قوتابخانەیە دیاری دەکات؛ ئەلف، قوتابخانەی ڕەسەنایەتیی تاکی فەڕەنسی (ئەوان لەسەر ئەو بڕوایە بوون کە؛ مافی هەمیشەیی و ڕەهای مرۆڤ گرینگترە لە هەر ڕێکخراوەیەکی سیاسی) .

کاتی خۆی «هۆبز» گوتی؛ مرۆڤ بووەتە گورگی مرۆڤ و . دەوڵەت بۆ کۆتاییهێنان بەو دۆخە دێتە سازبوون بەو پێیە، یەکەم پەیامی دەوڵەت بریتییە لە دەستەبەرکردن و پاراستنی ئازادییەکانی تاک، بەڵام هەرگیز ئەو کارە ناکا. و بۆیە ئانارشیستەکان دوژمنایەتیی خۆیان لەگەڵ دەوڵەت ڕادەگەیەنن.

ب، ئایدیالیزمی ئاڵمانی؛ کە بە هاتنی هێگل دەگاتە ترۆپکی خۆی. بە بڕوای هێگل، خود و بابەت لەناو ڕووح(ایدە)دا یەک دەگرن . «ئایدەی ڕەها شتێکە لە ئەنجامی بەئاگابوونی پلەبەپلەی ڕووحە فانییەکان دێتە دی...» ٧ ئەم بۆچوونە لە لایەن فوئێرباخ و مارکسەوە دەبێ بە ڕەهایی مرۆڤ و ڕەهایی پرۆلیتار . و لە لایەکی دیکەوە (لای شتێرنەر) دەبێ بە «من»ی ڕەسەن و تاک و دواتر لە فەلسەفەی پڕۆدۆن و باکۆنیندا، ئەو منە تاکە، دژی هەموو "لەخۆنامۆبوونەکان «ڕادەوەستێ. ئەوان گرینگترین فاکتەری لەخۆنامۆبوون» بە دەوڵەت دەناسێنن و لەگەڵی بە شەڕ دێن..» ئەبێ دژی هەموو ئەو شتانە هەوڵ بدەین کە بوونەتە کۆسپ لە بەردەم گەشەی تاکدا» (بەم قسانەدا لە نزیکایەتیی مارکسیسم و ئانارشیسم دەگەین). پڕۆدۆن و باکۆنین بناخەدانەرانی فەلسەفەی ئانارشیسم بوون، بەڵام پێش لەوانیش کەسانێکی وەک گۆدڤین و شتاینێر ئاوەکەیان بۆ ڕشتبوون گۆدڤین(w.godvin١٧٥٦-١٨٣٦)

کاتی خۆی گوتی؛ "حکومەت ئەو ئامێرە بێبەزەییەیە، کە تاکە هۆکاری هەمیشەیی بەدکارییەکانی ئادەمیزادە، بە هیچ شتێک چارەسەر ناکرێ مەگەر بە لەنێوبردن و تێکدانی تەواوی١٢. ئەو وەک ئەفلاتوون باوەڕی بە سازکردنی ئەخلاق لە ڕێگەی پەروەردەوە هەبوو و لای وا بوو"هاودەستییەک لە نێوان دەوڵەت و خاوەندارەکانی سەرمایەداردا هەیە بۆ دژایەتیی تاکە ئازادەکان "ئەو دێموکراسی .. پێ باشە و بە یەکێک لە چارەسەرییەکانی دەزانێ و ئەڵێ؛ «مافی حوکمڕانی نە هیی زاناکانە نە هیی نەزانەکان.. نە هیی بۆرژوایە نە هیی پرۆلتێر... « ماکس شتێرنێر؛stirner١٨٥٦-١٨٠٦ :

ڕۆژنامەوانێکی ئاڵمانی بوو و ساڵی ١٨٤٥ کتێبی "تاک و داراییەکەی " بڵاو دەکاتەوە.. و ئەڵێ؛ «هیچ شتێک گرینگتر و پێشتر لە من (وەک تاکێک) نییە. من دژی هەموو جۆرە دەوڵەتێک (هەرچەند دێموکراتیش بێ) شەڕی خۆم ڕادەگەیەنم. دەبێ خۆم لە چنگ هەموو شتە «پیرۆز»ەکان ڕزگار بکەم. دەوڵەت و من.. ئەو دوانە دژی یەکترن. خوا، ویژدان، ئەرک، یاسا درۆگەلێکن کە تەواو گەوجیان کردووین. سڵاو بۆ خۆشبەختیی هەموان، یانی بەدبەختی بۆ من.

ئـەوەی بۆ من بە ڕاستی دروسـتـە، ڕەنگە بۆ ئەوانی دی دروست نەبێ ئەوە کیشەی ئەوانە، با داکۆکی لە خۆیان بکەن ن. « ئەو ئانارشیستێکی تامەزرۆی ئاگر و خوێن و ویرانکاریی بوو . باوەڕی بە منێکی خودبونیاد و دوور لە هەموو پێش مەرجەکان و گۆرانی دەولەت بوو.. دولەت ئیرادەی تاک دەخاتە لاوە یان دەری دەکا یان لەناوی دەبات..» (ئانارشیسم . دمستەفا ڕەحیمی ل ٢٢).

پییەر ژۆزێف پرۆدۆن ١٨٦٥- ١٨٠٩ proudhon ساڵی ١٨٤٤ لە پاریس کۆڕێکی بێوێنە بۆ مارکس، پرۆدۆن و هێرتسۆن وەک سێ کەسی ئاشقی ئازادی و دادگەری- ئاشقی ئازادی و شۆڕش- ئاشقی ئەدەبیات پێک دێ و زێدەتر دەکەوێتە بەر چاو و دواتر لە نامەکەی پرۆدۆندا بۆ مارکس(ل ٢٥ هەمان سەرچاوە)، جیاوازیی بۆچوونەکانی ئاشکراتر دەبێ. پرۆدۆن لە پەخشان و داڕشتندا دەبێتـە جێی پەسەندیی بۆدلێر و فلۆبەر و هۆگۆ. ئە و خولیای دادگەرییە و دەسـەلات و خاوەنداریێتی وەک دزیی دەبینێ. و لای وایە کە «کۆمۆنیسم» دەرکی ئازادیی تاک ناکات و بەئسکلێتی (داڕشتی پیشەیی) تەلاریی دەسەلاتی ڕەوای دەبـیـنـێ.. دواتـر «کتێبی فەلسەفەی هەژاری» دەنووسێ و مارکس بە تەوسەوە بە کتێبی «فەقیریی فەلسەفە» وەلامی ئەداتەوە و ئەمە کۆتایی دیالۆگی ئانارشیسم و مارکسیسمە تا ساڵی ١٩٦٨ و شۆڕشی خوێندکاریی فەڕانسە. پرۆدۆن لای وایە، کە خاوەنداریێتی دەبێ هەموان بگرێتەوە و گرینگی زۆر بە ئابووریی دەدا و . پێی وایە؛ «ڕەسەنایەتیی تاک بناغەی یەکەمی مرۆڤایەتییە و ڕەسەنایەتیی کۆمەڵ "یش تەواو کەریەتی...» (ل ٣٤ هەمان سەرچاوە).

میخاییل باکۆنین bakounine ١٨١٤- ١٨٧٦

«هـەمـوو بنەماکانی بێدادیی وێـران بکەن، بەرابەریی ئابووری و کۆمەلایەتی پێکەوە دابین بکەن. بەس بە پێی ئەو تێزەیە کە ئازادیی ئەخلاق و مرۆڤایەتی . سـەرهەلدێنێ و پەرە دەسێنێ». هێنانەکایەی ئەخلاقی نوێ لە هەر ڕوویەکەوە بیری لێ بکەیتەوە، پێویستی بە هەڵگیرسانی شۆڕشێکی (کۆمەلایەتی)ی نوێیە. کاری داڕشتنی تیۆرییەکانی شۆڕش بدەنە دەست کەسانی دی، با خۆمان بە شێوەیەکی بەربلاو تێوەچین (تێکەل بە واقیعەکان بین). داد و هاوار بۆ ئەو کاتەی شـۆڕش پشت لـە ئامانجی تاکەکانی مـرۆڤ دەکـات . داد١ بۆ ئـەو شۆڕشەی بە بیانووی بـەردەوامـبـوونـیـەوە خیانەت لـە خەڵک دەکـا.. هۆشتان بێ!

«ئامانجی باش یەکەمین ئیلهامبەخشی گیانی وێرانکارانەیە.. »

یەکەمین گورزەکانتان بوەشێنن. ببن بە سەر مەشق.. دەبێ بوێر و بەجەرگ بن.. «

«تەنیا ئازادی، یاسای ئازادی دەنووسێ»

" ئەو قسەیەی کە بە بیانووی پشتیوانیکردن لە ئازادی زەرەر لە ئازادی بگەیەنین، مەترسیدارە و بێمانایشە، بۆ وەی ئەخلاق جگە لە ئازادی هیچ سەرچاوە و ئامانج و بابەتێکی دیکەی نییە«

بەم پێشەکییەوە لەسەر مێژووی ئانارشیسمی کۆمەلایەتی.. (بۆ ئەو دۆستانەی هەموو شتێکی ئەم دنیایە لە پێوەدی لەگەڵ مێژوو و دیاردەکانی دیکەی دەوروبەر دەبینن) دەمهەوێ بازێک بدەم بۆ ساڵی ١٩٧٧ و ڕۆژی ١٧ی ژانویە... «ئیمبێرتۆ ئێکۆ» دەڵێ:

ئەو ڕۆژە «ڕۆلان بارت» تازە ببووە مامۆستای نیشانەناسیی ئەدەبی لە «کۆلێژدۆفرانس» و یەکەم وانەی دەگوتەوە. وانەیەک کە ڕۆژنامەکانی ئەو سەردەمە زۆریان باس لێ کرد و دواتریش

هەولێرنامەی کتێب

لە بڵاوکراوەی «سوی» بە شێوەیەکی ڕازاوە بە ناوی «وانە» بڵاو کرایەوە. ئەو وتارە کراوە بە سێ بەشەوە؛ بەشی یەکەم لەسەر زمانە، بەشی دووهەم سەبارەت بە کارکردی ئەدەبە لە پێوەندیی لە گەڵ دەسەڵاتی زماندا و بەشی سێهەم سەبارەت بە نیشانەناسیی ئەدەبییە. با وەکوو هەرسێ بەشی باسەکەی بارت گرینگی تایبەتی هەیە، بەڵام ئەوەی بە باسەکەی ئێمەوە پێوەندیدارترە پێناسەی بارتە لە دەسەڵات لە پێوەدیی لە گەڵ زماندا. ئەو ڕۆژە بارت بێ ئەوەی ئاماژە بە «فۆکۆ» بکا (بۆ وەی ماوەیەک لە کۆلێژ بەرپرسی فۆکۆ بووە) لە ژێر دەسەڵاتی پێناسەکانی فۆکۆ و بنجامین لی وۆرف دا قسەدەکات. بارت ئەڵێ: ئەوەی دەسەڵات ساز دەکا هێزی ئاخاوتن نییە، بەڵکوو شێوازێکی قسەکردنە کە لە ناو سیستهمی ڕێساکاندا، کە هەمان زمان بێ، ڕچیاگە (سەهۆڵینە بووە).. ئەو دەڵێ:

«زمان بە زۆر شت ناچارمان دەکا، زمان بە هۆی پێکهاتەی تایبەتی خۆی دەمانخاتە ناو پێوەندیگەلی لەخۆنامۆبوونانەوە (ئلیناسیۆن) ئاخاوتن یانی ملکەچکردن... زمان دەسەڵاتێکی دواکەوتوانە (ارتجاعی)یە کە بووەتە باو.

«با لەوەش تپەڕێنم، زمان نە دواکەوتووە و نە نوێخواز، بەڵکوو لە یەک وشەدا «فاشیست»ە، بۆ وەی فاشیسم پێش بە ئاخاوتن ناگرێ، بەڵکوو ناچارت دەکا بە قسەکردن...»

«ئیکۆ» دەڵێ ئەم قسەیەی بارت زۆرترین شەڕەقەڵەمی دوای ساڵی ١٩٧٧ بەدواە بووە... ئەو دەڵێ: دوای ئەو قسانە ئیتر سەیر نییە ئەگەر بڵێین؛

"زمان دەسەڵاتە بۆ وەی ناچارم دەکا کلێشە (چوارچێوە)گەلێ پێشترسازکراو (تەنانەت وشە و دێڕەکان)بەکار بهێنم و ئەوەند پێکهاتەیەکی پتەوی (محتوم)ی هەیە، کە ئێزن بە ئێمەی عەبدی خۆی نادا لێی بینە دەرەوە یان لێی ئازاد بین... بۆ وەی لە دەرەوەی زمانەوە هیچ نییە«. چۆن بتوانین بە پێی ئەو ئاماژەیەی، کە بارت سەبارەت بە شانۆنامەی «دەرکەی بەستراو»ی سارتێر دەیکات، خۆمان ئازاد بکەین؟ بە فێڵکردن لێی (تقلب) دەتوانین فێڵ لە زمان بکەین. بارت بەو گەمە نادروست، بەڵام ڕزگاریدەرە دەڵێ «ئەدەبیات».

واتە مرۆڤ بەس لە ڕێگەی ئەدەبیات و هونەرەوە دەتوانێ دژی دەسەڵاتە ڕەنگاڵەکان، کە بەس لە ڕێگەی زمانەوە داسەپاون، بێتەوە.

«ئێکۆ» دەڵێ: «هەر لەوێوە دەگەینە گەلاڵەی وتەزایەکی ئەدەبی لە دەقدا، واتە گەمەی وشە و گەمە بە وشە.. بارت لای وایە ئەدەبیات کاری بە گوزارەگەلی پێشتر سازکراو نییە بەڵکوو دەگەڕێتەوە سەر گەمەی بێژەر و نووسەر لە گەڵ خوێنەردا، نووسەرە کە سەرنجراکێشیی وشەکان کەشف دەکا، ئەدەب باش دەزانێ کە دەسەڵاتی زمان دەتوانێ سەرلەنوێ زاڵ ببێتەوە، هەر بۆیە زۆرجار لە قسەی خۆی دەکشێتەوە و تەنانەت بەرەنگاریی دەبێتەوە و سەرلەنوێ پەسەندی دەکاتەوە و بە زمانچەوریی هەڵوێستی خۆی دەگۆڕێ. نیشانەکان ناسڕێتەوە بەڵکوو گەمەیان پێ دەکا، وەڵامی ئەو پرسیارە کە ئەدەبیات بە لەونێک ئازادکردنی دەسەڵاتی زمانە یان نا؟ پێوەندە بە سروشتی دەسەڵاتەوە و ئێکۆ دەڵێ: کە «بارتیش خۆی لە وەڵامی ئەو پرسیارە دەدزێتەوە و ناڕاستەوخۆ بۆچوونەکانی «فۆکۆ» شی دەکاتەوە.. بۆ وەی ئەو چەمکەی فۆکۆ لە دەسەڵات نواندوویەتی تا هەنووکە جێی باوەڕترینە...

فۆکۆ لای وایە دەسەڵات بەس سەرکوتکردن و قەدەغەکردن نییە بەڵکوو هاندان بۆ دەربڕین و بەرهەمهێنانی مەعریفەیشە، ئینجا هەر بەو جۆرەی بارتیش ئاماژەی پێ دەکا؛ یەک پارچە نییە . و نامهەوێ لێرەدا بگەڕێمەوە سەر پێناسەکانی فۆکۆ لە دەسەڵات بەس دەبێ بڵێم؛ «دەسەڵات ئەو شتەیە کە زماناسان بە گشتی «زمان»ی پێدەڵێن و بە دڵنیاییەوە زمان زاڵم و ملهوڕە بۆ وەی بەس بە بیانووی ئەوەی، کە بۆ وێنە ئەم دێرە «من چۆنێکم دەوێ» بێمانایە، ئیزنی ئەوەم ناداتێ بیڵێم. هەڵبەت لەبەر ئەوەی یاسا و ڕێساکانی زمان ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ لە لایەن جەماوەرەوە پەسەند کراوە. ڕەنگە هەموو کەس هەوڵی بەرەنگاریکردن بدا بەڵام بەگشتی قەبووڵی دەکا و قازانجی خۆی لەوەدادەبینێ، کە لای وابێ خەڵکیش قەبووڵیان کردووە.

ئێکۆ دەڵـێ؛ «نـازانـم بتوانم بڵێم کە زمـان بە لەونێک نواندنی دەسـەڵاتـە یـان نـا بـەڵام بە دڵنیاییەوە دەزانـم کە چوارچێوەی سەرەکی دەسەڵاتە و ئەتوانم بڵێم کە؛ زمان سەرەکترین دەزگـای (دامـــەزراوەی) نیشانەناسییە و بە گوتـەی نیشانەناسە ڕووسـەکـان سیستەمی نموونەسازیی سەرەتاییە و چواچێوەیەک بۆ سیستمەکانی دیکەی نیشانەناسییە لە کولتوورە جیاوازەکاندا، کە وەک دەسـەڵات و مەعریفە (سیستمی نموونەسازیی دواجارینە) دادەمەزرێ. + »

ئەگەر زمان بە نواندنی دەسەڵات بزانین و شێعر بە هـەوڵـدان بۆ دەرچـوون لە بـازنـەی زمانی بەدەسەڵات بوو، ئاشکرایە ئانارشیسمی شاعیرانە (زمانی هونەریی) بەشێک بووە لە ئەرکەکانی ڕەوتی بەرەوپێشچووی زمانی هونەر لە درێژایی مێژوودا؛ کێ ناڵێ بەربەرەکانێی قوتابخانەکانی ڕۆمانتیک (دژی کلاسیسیسم) ناتۆرالیسم و ڕیالیسم دژی (ڕۆمانتیک) سووریالیسم (دژی هەموویان) درێژهپێدانی هەمان ئانارشیسمی زمانیی – نیشانەیی نییە لە مێژووی هونەردا. هربێرت ڕید(ئانارشیسمی ناسراو) لە کتێبی «ئانارشیسم، سیاسەتی شاعیرانە»دا دەڵێ؛ «من ئانارشیسم لەگەڵ سورریالیسم، هێزی فام (تێگەیشتن) لەگەڵ هێزی خیاڵ و ئەرک لەگەڵ ئازادیدا دێنمە هاوسەنگی.. » ئەو هەموو شۆڕشەکانی مێژوو وەک ئانارشیسمی شاعیرانە دەبینێ بۆ گەیشتن بە یۆتۆپیای ناو خەونەکانی مرۆڤ؛ «چێژوەرگرتن و تێگەیشتنی ئانارشیسمی ژیان لە ناو ڕێکوپێکێتیی هەمان ژیاندا» ئەمەیە پارادۆکسی ئانارشیسم کە لە شێعریشدا ڕەنگی داوەتـەوە. وەک شیرکێشانی ئانارشیستانەی نیچە دژی هەموو دەسەڵاتی زمانیی فەلسەفەی ڕۆژئاوا.. نازانم مەبەستەکەم پێکاوە یان نا ا ا ا. ؟

دادا و سوورریالیسم:

«جـوان وەک ژوانـی بـە هەڵکەوتی چەرخی درووومـان و چەتر (پەڕەشووت) لەسەر مێزی تەشریح» لۆترە ئاموون

ئاندرە بێرتۆن کاتی خۆی لە وتوێژێکدا لەگەڵ «ئاندرەپارینۆ»دا دەڵـێ؛ «ساڵەکانی ١٩٣٠ تا ١٩٣١ ئێمە بە توورەییەکی زێدەتر لە هەرکاتی دی، دژی تەبایی لەگەڵ «کۆ» دەستمان دایە شۆڕش و بە ئیرادەیەکی قایمەوە بووینە دژی کۆمەڵ. بەڕاستی لە سیستەمی بەڕێوەبەریی ئەم جیهانە بێزار بووین و. بەتایبەت ڕقمان بوو لە هەموو ئەوشتانەی کە بە ناوی داب و نەریتەوە ببوونە موقەددەس(پیرۆز) لێمان. شتی وەک بنەماڵە، وڵات، ئایین و تەنانەت کار و شەرەف و ئەو شتانە (بە مانای ئەوڕۆژینەی ئەو چەمکانە..) لامـان وا بـوو. ئـەوانـەیـان کـردبـووە ئـاڵایـەک،

کە بەسەر کۆمەڵێ شتی ناحەز و دزێوەوە هەڵیانداوە. هێشتا ئەو هەموو قوربانییانەی (بەردەم خوداکانی) شەڕمان لەبیر نەچووبۆوە. بەگشتی و بە کورتی؛ ئێمە لە قۆناخێکدا، لە بەرانبەر جیهانێکدا، کە هەوڵی بێڕێزیکردنی ئەدا لە سەرمان هەمان شێوازمان هەڵبژارد...» (بڕواننە کتێبی چارەنووسی سووررریالیسم، وتوێژ لەگەڵ ئاندرە بێرتۆن).

ئەمە بوو ئەو بەرهەڵستکارییە ئانارشیستیانەی دادا و سووررریالیسم دژی ئەو دەسەڵاتە زەمانییەی، کە دوای شەڕی دووهەمی جیهانی سەپابوو و هۆگرانی ئەدەبی جیهان حەتم ئاشنای درێژەی ڕەوتەکەیان هەن و دەزانن کە کەسانی وەک ڕمبۆ- ئاراگۆن، برتۆن، ئارتۆر، مارسێل لووشان، پول ئالوار و زۆرێ دیکە لە هونەرمەندانی سەر بەو ڕێبازە هونەرییە، چۆن و چەند لە خزمەت گەشەی ئەدەب و هونەری جیهانیدا بوونە. ئایا ئێستا دوای تێپەڕینی چەندین دەهەی کاتیی ئەو هەولانە بە ڕەوتی ئانارشیسمی هونەری ناناسن؟

٢

ئەدەبی کوردی و ئانارشیسمی زمان:

ڕەنگە بەرهەڵستکاریی زمانی لە ئەدەبی کوردیدا بگەڕێتەوە بۆ دەقی مەحوی و ئەو بەکارهێنانە نائاساییانەی ئەو دژ بە ڕێکوپێکیی ڕێزمانیی دەقی پیش خۆی؛

«واعیز لەمن بلێ بەنەزەر تەعنە کەم بدا
دینی بوتانە دینی من ئەو مەزهەبی زەهەب»
«بەرپێی ئەوم بە مێزەرەوە سەرکەنا وتی
مەحوی تەمایە بمخەڵەتێنێ بە تووری پووت»
«واعیزم پرسی یەکێ مەستانە جوابی دامەوە.
وەعظی چی سەرلنگە دەستارێ کرەی دەستاڕی هات»

«مەحوی بە (موتوا)وە کە لە مردن بیی نەجات
ڕۆیاندنت ( بە مانای ڕۆیشتن!!) لە پێشە لە پێشا وەرە بڕۆ...
لە ئەحبابی قەدیمی بەزمی ئولفەت ماوەتەن دوو تەن..
یەکی پەروانە هەمدەردە یەکێ بولبول کە هەم فەردە
«لە مەکری ئەم عەجووزە و سێحری دیوی نەفس ئەمن مەحوی
پەنا دەگرم بە زاتی ئەقدەسی بێچوونی نادیوە ٢٩٠
قامەت نەمام و پشتی وەکوو مێو و ڕۆنی نەرم»
چەوتاوە (چەمیوەتەوە!!) ڕەق هەڵاتووە وەک چەوتە مێوی پیر.. ٢٣٩
«نسبەت بدرێ حوور و پەری گەر بە لەیەک چوون
بالیدە دەبن(دەفڕن) تا دەگەنە ئەوجی لەخۆ چوون» ٢٤٤
«بڕوانە سووتنم وەرە بڕواکە من نەمام
پەروانەم ئیترم نییە پەروا کە من نەمام» ٢١٣
«دڵم بێ تایە ئەحوالم خراپە
هەتا تۆمی دڵ ئارام و دڵ ئارا.. «

دەبینن کە مەحوی چۆن دژی ڕێزمانی باو بوێرانە وێرانکاریی دەکا و جوانکاریی دەخولقێنێ..

من پێشتر لە وتاری «نالی و یارییە زمانییەکانی ویتگونشتاین»دا باسی ئەنارشێسمی وەرگرتم بە تەسەلی کردوە و نامهەوێ لێرەدا دووپاتی بکەمەوە(بڕواننە کتێبی «نالی و خوێندنەوە نوێکانی سەردەم» چاپ و بلاوکردنەوەی سەنتەری رووناکبیریی ئێل بەگی جاف لە سلێمانی) بەس ئەمەوێ بە کورتی ئاماژە بکەم، بە بەکارهێنانی زمانی سۆرانی بەرانبەر بە زمانی بەدەسەڵاتبووی گۆران و چەند زمانیی بوونی

دەقەکانی (فارس و تورک و عەرەب هەرسێم بە دەفتەر گرتووە.) بۆ وەی ئانارشیسمی زمانی شاعیرانە لای نالی بناسین.

ئانارشیسمی زمانیی «گۆران» و «سوارە ئیلخانی زادە» دژ بە کلێشەییبوونی زمانی ئەدەبی کلاسیکی، لەوە ئاشکراترە کە بمانهەوێ ڕوونکردنەوەی لەسەر بنووسین... بەس پێویستە بگوترێ لە هاتنەئارای شێعری نوێی کوردی بەولاوە ڕەوتی ئانارشیسمی زمانی خێراییەکی زێدەتر بەخۆوە دەبینێ و (قژ و چاوی ڕەش دەبێ بە قژی زەرد و چاوی شین). یانێ جۆرە پچڕانێکی جوانیناسانە و تەنانەت مەعریفەناسانە دێتە ئارا) و هەولْی شکاندنی کوولەکەی دەسەلاتی باو ئەدرێ؛ بڕواننە ئانارشیسمی زمانیی ئەوکاتی دەقی کوردی بۆ ڕووخاندنی تەلارەکانی کۆن؛

«ئەم کوولەکانە ئەشکێنم

ئەمە باوەڕی منە.

پەرەسگاکان ئەڕووخێنم..

وشەکانی ئامێتەی ڕەگی زەوی دەکەم..

کەس لە زمانم تێناگات.. پەنجەرە ژەنگاویەکان ئەوەرێنم» لەتیف هەڵمەت.

هەرچەند ئەم ئانارشیسمە بەس لە دروشمدا دەمێنێتەوە و «یاخی دەبین یاخی دەبینەکەی» لەتیف هەڵمەت هەرگیز ناوێرێ وەکوو زمان وێرانکاریی بکاو لە زمانی باو دەرچێ، بەڵام ئەوە نیشاندانی ڕێگا بوو و دواتر ئەو ڕێگایە ڕێبوارانی خۆی دەدۆزێتەوە.

لە ماوەیەکی کورتی کاتیدا (بە ڕێژەی گۆڕانکارییەکانی پێشوو) لە ڕوانگە و کفرییەوە دەگاتە دەقی فۆرمالیست- سووررریالیسمەکانی هەولێر و دەقی کەسانی وەک... بئەنوەر مەسیفی... عەباس عەبدوڵلا یوسف... نەوزاد ڕەفعەت... کەریم دەشتی... هاشم سەراج و فەرهاد پیربال و .. کە بە ئاشکرا نامۆبوونی زمانی لە دەقەکانیاندا خۆ دەنوێنێ؛

مێشکم لێوانلێوە لە جوانی دڵم لە مانا

نەهاتی شەختەی شینی شیعر بشکێنین

ماچ دەنکە ئەسپرینێکی نارنجییە« هاشم سەراج...

ئەم ڕەوتە کە دەگاتە ڕۆژهەلات پێوەند دەبێ بە پرۆژەشێعرییەکەی «داکار» و ڕەوتی شێعری جیاواز، کە خوازیاری گۆڕانکاریی بنەڕەتیین لە شێعری کوردیدا و وەکوو دەق سەرچاوەکەی دەگەڕێتەوە سەر «شێعرەسات »ی (سالْح سووزەنی) و دواتر شینترین بەتالْی یوونس ڕەزایی... (شێعری شێت).. دەقەکانی بێهزاد کوردستانی، براییم ئەحمەدی نیا، ڕەزا عەلیپوور، پەرویز زەبیح غولامی، سامالْ، ڕەوف مەحموودپوور لە شێعری هەورامیدا و دواتر چەند شاعیرێکی گەنجتر، کە خۆیان وەک بەرەی چوار دەناسێنن و بەرچاوترینیان بەڕێزان؛ «کەمالْ ئەمینی»، «حەمەی موەففەقی» و «شوعەیب میرزایی» یە و دواتر شاعیرانی دیکەشیان دێتە پالْ.

ئانارشیسمی زمانی وەک نموونەی یەکەم ( لە بەشی یەکەمی شێعرەساتدا) بە هۆی لادان لە ڕێساگەل ڕێزمانی، پچڕپچڕبوون، دواخستن و هەلاتن لە دەست مانا و پێکهاتەی باو لێرەدا وەک دەق دێنینەوە؛

” ئەگەر شێتی چاوی سەرمابردووی ڕۆح و بەزمی ئەستێرە هەمووی مۆسیقای شەوانە..

ڕەنگە بەسەر تەمی / «جن جن»یوی سەرم / هەزار جار و بار بە ئێواران / بفرۆشنم ئاشقترین من بارشەی.. هەشم / هەموو ڕۆژانێ بە شەو / ڕەنگە پاییز تەمی جن جنی / شە وانم



هەوالنامەی دێنیی

بفرۆشتوێنێ
بەزمی.. ڕەنگە.. / باشترین ئاشق ؟

شێعرەسات یەکەم ئەزموونی شێعرییە کە بە مانای ڕاستیی وشە لە ناو زماندا «کوولەکان دەشکێنێ» و ئەو شێوازە، تا هەنووکەش بووەتە ڕێبازێکی نوێترخوازانە لە دەقی شێعریی نوێترخوازان/ جیاواز، شێت، بەرەی چوار/ و هەموو ئەو دۆستانەی دیکە کە، هەرکام بە شێوەی تایبەتی خۆیان هەوڵیان دا لە نۆرمی زمانی باو دەرچن؛

«شاعیرم تا ویشکە ساڵی هەمیشە/ تاکوو دڵۆپەی تینوێتی بۆ کەربەلا.. کە من بم- مەسیحێک عاشقی هەمیشەی خاچی سوور/ کە من بم مێژوویەک بۆ درک و تەنیایی...» شێعرێک بە پەراوێزی مێژووەوە (یوونس(.

«لە بیرم بێ کە خەوتم/ دەستەکانم بکوژێنمەوە.../ کچەکان زوو هەڵکەم..»

«کێوێکمان داکوتا...»

«لە یەکەوە تا من بژمێرە/ تۆیش ئەزانی چەنێ کەمم»

«وا بزانن من باران.. تەلاخانم بارانم کە..»
ئیسپانیا یانی گا. بیست لۆرکا هەر یانی ئیسپانیا»

«ڕۆژنامە کەی پیاوە« قاڵییەک دەناسم..
شیری بازاڕی بێ درگا
حەیای ڕووتە و
فریام «ناکەوێت»ە ڕێ
ڕێم ڕووتی ڕووتە و بە هەرچی دەرناکەوێ.. «
«من عەیب نیم
عەیب خیلقەتە کە درێژە
غەیری منیش خۆ زانیبووی
مرۆڤ درێژە و خڕ نییە
درێژیش تەواوبوونی لێوە سەهلە» چ عادەتێکی خراپە- بێهزاد کوردستانی

«تا سێوترین وەسووەسەکانی پشیلە
من وازم لە هەرچی نارنجی
ئاسمان بە دەمانچەی ئاو
نەرم
<< خووساوە باران و خرپن بەراز! >> براییم ئەحمەدی نیا.

«پێ ساراوە / هۆرە ڕاو وێش / بە چەمکاڵا یا وە نۆرە حەشر. « ڕەوف مەحموودپوور

لە وتاری «لە گەڵ شەپۆلەکانی شێعری نوێی کوردیدا وەکوو فۆرم و زمان و چۆنیەتیی هەوڵدان بۆ دەرچوون لە زمانی بەدەسەلاتبووی شێعری پێشوو، باسی ئەم شەپۆلە شێعرەم کردووە و دووپاتی ناکەمەوە، بەس دەڵێم لەم دەقانەدا وزەیەکی ئانارشێستانە دەبینرێ بۆ بەردەوامیی نوێخوازی و هەر بۆیە من ئەم هەوڵە نوێیانە بە نوێترخوازیی پێناسە دەکەم و لام وایە ئانارشیسم لە زمانی هونەردا بەڕاستی ئەو ئەرکەی وەئەستۆ بووە بۆ هەرچی نوێترکردنەوەی دەقەکان، فۆرم و ماناکان بۆ هەلاتن لە دەست وەستان و ڕزان، تاکدەنگیبوونی شێعری پێشوو و فڕین بەرەو هەرچی زێدەتر گەشەپێدانی دەقی کوردی و دڵنیام ئەو ڕێبازە لە ناو زمان و ئەدەبدا بەردەوامە.

---

سەرچاوەکان؛
جۆرج ڤۆدکۆک – ئانارشیسم، هورمز عەبدوڵلایی، نشر آمین – تاران
ئانارشیسم – د. مستەفا ڕەحیمی – وەرگێڕانی ڕێباز مستەفا، سلێمانی ٢٠٠٢
ئیمبرتۆ ئیکۆ – زمان، دەسەلات، هێز – وەرگێڕانی بابک سید حسینی
ڕۆلان بارت – از اثر تا متن – ت، مراد فرهادپور
هربرت ڕید – آنارشیسم، سیاست شاعرانە ت. حسین چاوشیان نشر اختران ل ١٧٢
آندره برتۆن – سرگذشت سوررئالیسم- ت. عبدالله کوثری- نشر نی،١٣٨٣ ل ٩٧
+ – هایدگر و نیچه این حکم کانتی ڕا که انسان سرچشمه همه چیز است واژگون کردند و انسان ڕا محصور در زبان معرفی کردند. هایدگر عقیده داشت که ما محصور در زبان هستیم و زبان نمی تواند دلالتی بر واقعیت خارج از خود داشته باشد. اگر واقعیت ڕا ڕده ای خارج از زبان بدانیم، ڕاهی برای شناخت آن نخواهیم داشت. واقعیت، جز واژه ای درون زبان نیست و همچون هر مفهوم دیگری توانایی خروج از محدوده زبان ڕا ندارد. آدمی درون زبان جاریست.

# ماڵی کتێب



عەتا مەحمود

هەواڵنامەی کتێب

لەسەر ڕاستەڕێی شاقامەکە، لە دامێنی ئەو گردەی کە باڵەخانەی بەرزترین هۆتێلی شارەکەی لەسەر بنیات نراوە، چەندین ستوون و ڕاگری بەرز و سپی و پێچاوپێچ، دیزاینێک پێک دەهێنن. لە دەستە ڕاستی دەروازەکەوە، لە نێو باخچەیەکدا پەیکەری دوو شاعیری نوێخواز و دوو سەردەمی جیاوازی ئەدەبی کوردی (عەبدوڵڵا گۆران) و (شێرکۆ بێکەس) دەبینین.
لە دەستە چەپیش، پەیکەری خاوەن ماڵ و دوو کەسایەتیی تر، (حەمەی مەلا کەریم) و (مستەفا ساڵح کەریم) دانراون.
بۆ من جێگای پرسیار بوو، چ شتێک ئەم چوار کەسایەتییە، نووسەر و شاعیر و ڕۆژنامەنووس لەگەڵ خاوەن ماڵدا کۆ دەکاتەوە؟ ئایا دانانی ئەم پەیکەرانە هەر بە ڕێکەوتە؟ خۆ شاعیر و نووسەری تریشمان زۆرە، ڕەنگە وەڵامەکە هەر ئەوە بێت، ئەمانە کە سیمبوولی ڕووناکبیری و هاوڕێی فکر و ئەدەب بوون، هاوڕێی نزیکی بوون، وەک وەفایەک، یادیان بەرز ڕاگیراوە.
ئەم شوێنە، ماڵی کتێب و ڕووناکبیرییە، جێژوانی شەیدایانی زانست و سەرچاوەیە (ناوەندی ڕووناکبیریی پرۆفیسۆر عیزەدین مستەفا ڕەسوڵ)ە، لە شەقامی بەختیاریی ناوەندی سلێمانی.
ڕۆژی (٣)ی ئۆکتۆبەری (٢٠٢١)، کە دەکاتە ساڵیادی کۆچی دوایی د. عیزەدین، دامەزراوە و



لە لایەن (فاروق مەلا مستەفا)ەوە خاوەندارێتی دەکرێت، ناوەندێکی قازانجنەویستە.

ڕۆژانە جگە لە ڕۆژانی پێنجشەممە و هەینی، لە (٩ی بەیانی بۆ ٦ی ئێوارە) دەرگایان بە ڕووی هاووڵاتییاندا کراوەیە. ئامانجیان خزمەتکردنە بە بواری ڕووناکبیری و خوێندکاران، بەتایبەت خوێندکارانی خوێندنی باڵا.

ناوەندەکە لە سێ نهۆم پێک هاتووە:

**نهۆمی ژێر زەمین:**

لە سێ بەش پێک هاتووە، بەشێکیان کۆگای کتێب و گۆڤار و ڕۆژنامەیە، بەشێکی تریش شوێنی کارکردنە لەسەر بەڵگەنامە و دۆکیۆمێنتەکان و ڕێکخستنەوەیان و پاراستنیان. هەر لەم بەشەشدا ستۆدیۆیەک هەیە تایبەت بە کتێبی دەنگی.

**نهۆمی یەکەم، لە دووبەش پێک هاتووە:**

- هۆڵێکی گەورە و فراوان، بۆ خوێندنەوە و ئامادەکردنی بابەت، یاخود بۆ کۆششی خوێندکاران، بەتایبەت خوێندکارانی خوێندنی باڵا، کە جگە لە سەرچاوە، ئینتەرنێتیشیان بۆ دابین کراوە.
- کتێبخانە: لە هۆڵێکی گەورە پێک هاتووە، دیوارەکانی بە وێنە و پۆستەری شاعیران ڕازاونەتەوە، لە بەشی کۆتاییدا، بەشێک لە کەرەستە و پێداویستییە تایبەتییەکانی د. عیزەدین وەک: مێز و کورسی، چاویلکە، سەعات و قەڵەم، گۆچان و ڕۆب، تابیعە و جانتاکەی دانراوە.

کتێبخانەکە دەوڵەمەندە بە نزیکەی (١٣٠٠٠) کتێب و سەرچاوەی جۆراوجۆر لە بوارە جیاوازەکانی وەک: شیعر، چیرۆک، ڕۆمان، ڕەخنە، فەرهەنگ، بە زمانەکانی وەک: کوردی، عەرەبی، فارسی، تورکی، ئینگلیزی، ڕووسی.

فەرهەنگەکان بە زمانەکانی: کوردی- کوردی، کوردی- عەرەبی، کوردی- ئینگلیزی، کوردی- ئەڵمانین.

بەشی زۆری کتێب و سەرچاوەکان، بە شێوازی دیجیتاڵی و لە نێو کۆمپیوتەردا پارێزراون و پۆلێن کراون.

کۆمەڵێک دەستنووس لەم کتێبخانەیەدا هەن، کە بایەخی ئەدەبی و مێژوویی خۆیان هەیە،





بۆ نموونە دەستنووسی لێیە بە خەتی حاجی کاک ئەحمەدی شێخ، جگە لەوەی کۆمەڵێک کتێب و سەرچاوەی دیکەی لێیە، کە ناوەڕۆکی بابەتەکانی: مەنتیق، نەحو، عیلمی کەلام و شیعری شاعیرانە.

چەندین دەستنووسی تەفسیری قورئانی پیرۆزی بە زمانی کوردی لێیە، هەروەها گوڵستانی سەعدی-یش، کە لە لایەن مەلا مستەفای سەفوەتەوە بە شێوازی شیعر وەریگێڕاوە و دایڕشتووەتەوە.

سەرجەم کتێب و دەستنووس و نامەکانی د. عیزەدین، کە ژمارەیان (٣٠٠) نامە دەبن، لێرەدا پارێزراون.

ناوەندەکە، تا ئێستا زیاتر لە (٤٠) کتێبی د. عیزەدینیان تایپ کردووەتەوە و ئامادەیان کردووە بۆ چاپ، پلان و بەرنامەی ئەوەیان هەیە سەرجەم بەرهەمەکانی د. عیزەدین، کە ژمارەیان دەگاتە (١٠٠) کتێب و وتارەکانی لە ڕۆژنامە و گۆڤارە کوردی و عەرەبییەکانی وەک: التأخي، مؤتمر، طريق شعب، فكر جديد، بیری نوێ و کوردستانی نوێ... و توێژینەوەکانی لەسەر ئەحمەد موختار جاف و کاکەی فەلاح و جەواهیری... چاپ بکەنەوە.

یەکێک لە سەرچاوە گرنگەکانی نێو کتێبخانەکە بریتییە لە (١٢) بەرگی کتێبی کورد لە بەڵگەنامەکانی بەریتانیادا، ئەم سەرچاوەیە بە زمانی ئینگلیزییە و لە لایەن وەزارەتی دەرەوەی بەریتانیاوە ئامادە کراوە. هەروەها بەشی زۆری ڕۆژنامە و گۆڤارەکانی: هاوکاری، ئاسۆ، کوردستانی نوێ، بەیان، ڕۆشنبیری نوێ، سەردەم... لێرە بە شێوازی موجەلەد ئەرشیف کراون. ژمارەیەکی ئێجگار زۆر نامەی ماستەر و دکتۆرای لێیە، کە ئەوانەش سەرچاوەی گرنگن.

**نهۆمی دووەم:**

جگە لە هۆڵی کۆبوونەوە و کارگێڕی، هۆڵێکی گەورە هەیە: لەم هۆڵەدا ژمارەیەکی ئێجگار زۆر




کتێبی ناوازەی بە زمانەکانی عەرەبی و ئینگلیزی تێدایە، کە لە لەندەنی پایتەختی وڵاتی بەریتانیاوە فرۆکەیەک بە کرێ گیراوە بۆ گواستنەوەی ئەم کتێبانە، کە لەنێو (٣٥٠) کارتۆندا بوون و کتێبخانەی تایبەتی خوالێخۆشبوو (د. ابراهیم علاوی) بووە، کە کەسایەتییەکی عێراقیی و سکرتێری حزبی شیوعی عێراق- قیادەی مەرکەزی بووە.

ئەم کتێبانە سەرمایە و گەنجینەیەکی گرنگن، کتێبیان تێدایە مێژووی چاپکردنیان دەگەڕێتەوە بۆ ساڵانی (١٨٠٠ و ١٩٠٠)ەکان، کە سەرچاوەن بۆ زانستی ئەندازیاری، جگە لەوەش بوارەکانی مێژوو، فەلسەفە، شیعر... لەخۆ دەگرن.

کتێبی بەنرخیان تێدایە لەسەر لادێکانی کوردستان، مێژووی کۆنی عێراق، بەنداوەکانی عێراق و کوردستان.

قورئانی پیرۆز بە زمانی ئینگلیزی و چوارینەکانی خەیامیش هەر بە زمانی ئینگلیزی






و دەیان و سەدان کتێب و سەرچاوەی دیکەی دانسقە و بەنرخ، کە بوونەتە جێگای سەرنج و سەرسوڕمانی ئەو میوانانەی سەردانی ئەم بەشە دەکەن، بەتایبەت مامۆستا عەرەبەکان کە لە زانکۆکانی بەغدا و باشووری عێراقەوە دێن، دەڵێن: ئەمانە سامانێکی گەورەی نەتەوەیین و بەشێک لەو کتێبانە لە کتێبخانەی شارەکانی تر دەست ناکەون.

**- د. عیزەدین کێیە؟**

عیزەدین کوڕی مەلا مستەفای سەفوەت، کوڕی حاجی مەلا ڕەسووڵی دێلێژەیە، ساڵی (١٩٣٤) لە گەڕەکی دەرگەزێنی سلێمانی لە بنەماڵەیەکی ئاینی و ئەهلی عیلم لەدایک بووە، لە لای باوکی دەستی بە خوێندن کردووە و لە کۆلێژی شەریعەی بەغدا وەرگیراوە، لەبەر باردۆخی ڕامیاریی ئەو کاتە، خوێندنی تەواوی نەکردووە، دواتر لە دیمەشق کۆلێژی شەریعەی تەواو کردووە، لە (١٩٤٩) بووەتە ئەندامی حزبی شیوعیی عێراق، (١٩٥٩)




خانەی مامۆستایانی لە غداد تەواو کردووە، (١٩٦٣) یەکەم دکتۆرای لە (باکۆ) وەرگرتووە. لە (١٩٦٦)دا بووەتە مامۆستا لە بەشی کوردی کۆلێژی زمان لە زانکۆی بەغدا، یەکێک بووە لە دامەزرێنەرانی یەکێتیی نووسەرانی کورد، بۆ ماوەیەکی زۆریش سەرۆکی ئەم ڕێکخراوە بووە، تەنانەت یەکەم بەیاننامەی دامەزراندنی لە لایەن د. عیزەدینەوە نووسراوە، ساڵی (١٩٧٩) لە مۆسکۆ دکتۆرای دووەم (دکتۆرای ناوک) لەسەر ئەحمەدی خانی وەرگرتووە، لە (١٩٩٢-٢٠٠٥) ئەندامی پەرلەمانی کوردستان بووە. لە ڕۆژی (٢٠١٩/١٠/٣) کۆچی دوایی کردووە.

د.عیزەدین، یەکەم کەس بووە باسی لە گرنگیی زمانی یەکگرتووی کوردی کردووە و لە ساڵانی حەفتاکاندا پێی وا بووە، کە دەبێت هەموو ناوچە جیاوازەکانی کوردستان خاوەن زمانێکی یەکگرتوو بن.

یەکێک لە کارە باش و گرنگەکانی کە پێویستە ئاماژەی پێ بکرێت، ئەوەیە کە لە سەردەمی شەڕی ناوخۆدا نەیهێشت یەکێتیی نووسەران دووکەرت ببێت وەک زۆرێک لە ڕێکخراوە پیشەییەکانی تر.

**- د. عیزەدین لە یادەوەریمدا.**

لە یەکێک لە ڕۆژەکانی خوێندنی پۆلی پێنجەمی سەرەتایی، لە ناوەڕاستی وانەی دووەمدا بووین لە قوتابخانەی خالدیە، لە دەرگا درا؛ پیاوێکی مامناوەندیی کەمێک قەڵەو، سووروسپی، کە چاکەتوپانتۆڵێکی خۆڵەمێشیی لە بەردا بوو، لەگەڵ بەڕێوەبەرەکەماندا هاتنە ژوورەوە، لە دوای وەرگرتنی مۆڵەت لە مامۆستا، کەوتە باسی کتێبە نوێکەی، کە ناوی (جەژنانە) بوو، وتی: منداڵینە، قوتابییە خۆشەویستەکان، جەژنانەم بۆ هێناون، هەرکەس لە ئێوە ئارەزوو دەکات، کە ئەم کتێبە بخوێنێتەوە، با ناوی خۆی بنووسێت، ئەو کاتە من و هاوڕێکانیشم نەماندەزانی ئەم پیاوە کێیە؟ ساڵانی دواتر و لە قۆناغی ناوەندیی زانیم ئەم پیاوە بەهەشتیی د. عیزەدین مستەفا ڕەسووڵ بووە. لە ناوەڕاستی ساڵانی نەوەدەکان، کە چەند ساڵێک دەبوو زانکۆی سلێمانی دامەزرابووەوە، لەگەڵ هەریەکە لە د. مارف خەزنەدار و د. فەرهاد پیرباڵدا هەفتانە دوو ڕۆژ لە هەولێرەوە دەهاتن بۆ زانکۆی






سلێمانی، تا چەند محازەرەیەکمان لە بەشی کوردی- کۆلێژی زمان پێ بڵێنەوە. جارێکی تر وەک خوێندکارێک بە دیداری شاد بوومەوە، وانە و محازەرەکانی پڕ لە زانیاری و بابەتی سەرنجڕاکێش بوون.

"جەژنانە»، کۆمەڵێک چیرۆکی منداڵانی ڕەنگاوڕەنگ بوو، ئەو کتێبە بوو بە تەواوەتی سەرنجی منی ڕاکێشا و خوێندنەوەی کتێبی لە لا کردمە خولیا.

---

بە سوپاسەوە، بەشێک لە زانیارییەکان لە بەڕێز د. ڕەئوف عوسمان، بەڕێوەبەری ناوەندەکەوە وەرگیراوە.



# ڕیسایکل
# پێدانی شوناسێکی تر



د. ڕێبوار سەعید

هەواڵنامەی کتێب

هونەری ڕیسایکل کراو بریتییە لە بەکارهێنانەوەی کەرەستە بێسودەکان بەمەبەستی گێڕانەوەی سروشتی خۆیان یاخود ئاوێتەکردنیان لە کارێکی دیکە، چالاکیە کە لە کەرەستەی فڕێدراوەوە دەست پێدەکات بۆ مەبەستی دیاریکراو.

پەیامی ئەم پرۆسەیە قووڵە، ئاگادارکردنەوەیەکی بەهێزی پاراستنی ژینگەیە. دەکرێت هەموو کارێکی هونەریی ڕیسایکل کراو لە ڕووی ژینگەناسی(ئیکۆلۆژیی)یەوە پێگەی دیاری هەبێت، لە پاشماوەی شتانێکی وەک کارتۆن و پلاستیک و جل و بەرگەوە دروستبکرێن، ئەمەش دەربڕینێکی هۆشیارانەی ژینگەییە، هەر پارچەیەک لەو پاشماوانە چیرۆکێکی لەگەڵ خۆی هەڵگرتووە.

تێری سوێرینگن( پەرستار و براوەی خەڵاتی ژینگەیی گۆڵدمان ١٩٩٧) دەڵێت» ئێمە بەجۆرێک لەسەر ئەم هەسارەیە دەژین وەک هەسارەیەکی دیکەمان هەبێت بۆی بچین»

هونەرمەند دەتوانێت لە خەزێنەی کەرەستە بێبەهاکانەوە کار لەسەر بنەماکانی ئیستاتیکا بکات بۆ مەبەستی نوێ و جیاواز بەدەر لەوەی کەسەرەتا ئەو ماتریالانە بۆ چ مەبەستێک بەکارهێنراون، گرنگیدان بە ژینگە و جەختکردنەوە لەسەر پاراستنی دیوێکی دیکە و گرنگی ئەم هونەرەیە.


ڕەنگدانەوەی لای هونەرمەندان بەجۆرێک

خوڵقاندووە هەر یەکە و بەپێی توانا و فەزای بیرکردنەوەیان ئەفراندنیان تێدا ئەنجامداوە، چونکە جۆری ماتریاڵەکان و بەکارهێنانیان سنوورێکی ڕەهایان هەڵگرتووە و پەیوەستدار نین بە هیچ ڕێباز و قوتابخانەیەکی هونەرییەوە، پەیوەستداریش نین بە قەبارەوە، واتە گەورە بێت یان بچووک، قورس بێت یان سوک، دوو ڕەهەندی بێت یان سێ ڕەهەندی، مەجازی بێت یان ئەبستراکتی، بەڵام سەرئەنجام لە ڕووی جوانناسییەوە دڵخۆشکەرن، ڕەنگدانەوەی سۆز و خۆشەویستی دەبەخشن.

لە دەوروبەری ساڵی ١٩١٢ هونەرمەند پابلۆ پیکاسۆ و جۆرج باراک پرۆسەیەیەک ئەزموون دەکەن بەناوی کۆلاجەوە، پارچە کاغەز و وێنە و پارچە ڕۆژنامە و کەرەستەی بچووک پێکەوە لێکدەدەن تاکوو وێنەیەکی نوێی لێدروست بکەن، کە سەرئەنجام پیکاسۆ لە پارچە دار و کەرەستەی کۆکراوە پەیکەرێک دروست دەکات.

## کۆلاج چییە

وشەی کۆلاج لە کۆلەری فەرەنسییەوە هاتووە بە واتای چەسپاندن، کردارەکانی لە بڕین و لابردن و زیادکردن پێکدێت یاخود هەموویان پێکەوە، بۆ نموونە ئەگەر فیگەرێک نیوەی بڕابێت، نیوەیەکی هاوشێوەی بۆ زیاد بکرێت و بلکێنرێن پێکەوە، لە یەک کاتدا پرۆسەی دابەشبوون و پەیوەندیی بڕین و لێکدان ئەنجامدەدرێت، ئەم تەکنیکە بناغەی پراکتیکی کۆلاجکردنە.



دادایییەکان بزووتنەوەیەکی هونەریی بوون، هەڵگر و پێناسەی مۆدێرنیزمیان لەخۆگرتبوو، فاکتەری دروستبوونیان دەگەڕێتەوە بۆ مەترسیەکانی جەنگی جیهانی یەکەم و کاریگەرییەکانی لەسەر مرۆڤایەتی، زۆربەی هونەرمەندەکانیان کاریان لەسەر ریسایکڵ دەکرد بەمەبەستی خوڵقاندنی کاری نوێی جیاواز لە کارە باوەکانی دیکە و ڕەخنەی زۆریان لە نوخبەگەرا جیهانیەکان دەگرت.

هونەرمەند مارسێل دوشامپ لە ساڵی ١٩١٧ پارچەیەکی بەکارهێنراوی سیرامیکی

تەوالێت بەکاردەهێنێت و و واژۆی خۆی دەخاتە سەر، بە هەڵگەڕاوەیی وەک کارێکی هونەریی نومایشی دەکات بەناوی Fountin فۆنتەین، کارەکە ڕەخنەیەکی زۆر بەدوای خۆیدا دەهێنێت کە چۆن دەبێت هونەر بگاتە ئاستێک کەرەستە بێ بەهاکان گرنگی پێ بدرێت، لەکاتێکدا دووشامپ مەبەستی ئەو پرسیارە بوو کە پێی بگات.

ئیدی ڕێگاکانی هونەری ریسایکل کراو درێژ دەبێتەوە تا دەگاتە شەستەکانی سەدەی ڕابردوو کە هونەرمەندێکی وەک ڕۆبەرت ڕاوشنبێرگ بە تایەی بەکارهێنراو کاری گەورە ئەنجام دەدات، یاخود جۆن چەمبەرلینی پەیکەرتاشی ئامریکی (١٩٢٧ – ٢٠١١) پارچەی ئۆتۆمبێلی بۆ پەیکەری گەورە و ناوازە بەکاردەهێنا.

ئەم پرۆژەیەش بەهەمان شێوە سەر بە هەمان جیهانە، تێکەڵەیەکە لە ئەزموون و چیرۆکی ڕۆژانی ڕابردوو، کارتۆنەکان هەمان ئەو کارتۆنە فرێدراوانانەیە کە وەزیفەی خۆیان لەدەست داوە و بەهاو پێویستیان کۆتایی پێ هاتووە، هەولمدا رویپێکی هونەریی ببەخشمە کارتۆنەکان بە پێچەوانەی وەزیفەی یەکەمیان، بە سود وەرگرتن لە مەلمەس و تیکستچەرەی



هەواڵەی کتێب

خودی کارتۆنەکان»

مێژووی کارکردنم لەسەر ریسایکڵ دەگەڕێتەوە بۆ ساڵانی ١٩٩٠ کاتێک لەفەرەنسا بوم، لە پرۆژەی باڵندەباران کە پرۆژەیەکی هاوبەشمان بوو لەگەڵ هونەرمەندان ئیدیت هێنری و کارینا واشکۆ بەهەمان شێوە پەنامان بردە بەر قوماش و تەل و تەختە و پلاستیک بۆ دروستکردنی چەندین پەیکەری ناو پرۆژەی باڵندەباران لە زۆر وڵاتانی فەرەنسا و بەلجیکاو پۆڵۆنیا نمایش کران.

ساڵی ١٩٩٤ لەئەنجامی کۆکردنەوەی تەختە و

داری شەپۆلی دەریاکان لەزۆربەی ئەوولاتانەی ئەوروپا کەسەردانم دەکردن کۆکردەوەو کردمە پیشانگایەک لەگەلەری چێلسی لە لەندەن.
ساڵی ١٩٩٥ پرۆژەیەکی هونەری کەم ئەنجام دا لە سەر جلی هاورێکانم ،کە هەریەک لەوهاوڕییانەم کراسێک ،تیشیرتک، پارچەیەک قوماشی بەکارهاتویانم بەکارهێنا بەو تێڕونینەی لەسەر ئەو پارچە قوماشە کە یادەوەری هاورێیەکە ببێتە روپێوی فیگەرو رەنگ و هێڵەکان واتە کەسایەتی هەریەک لەهاوڕێیان چ رەنگدانەوەیەک لەلای من دروست دەکات.
ساڵی ٢٠٠٢ لە مۆزەخانەی سلێمانی لەگەڵ هونەرمەندان سەروەت سەوز و سامان کەریم ، پرۆژەیەکی تایبەت بە ژینگەمان کردەوە،کە هەندێک لەکەرەستەی بەکارهاتوومان بەکارهێناو پاشان لە مۆزەخانەی سلێمانی کۆرێکی تایبەتمان لەسەر ئەو تەوەرەیە پێشکەشکرد
ساڵی ٢٠٢٠ پیشانگایەک بە ژمارەیەک سیدی کە رۆژگارێک سیدیەکان هەڵگری یادەوری بوون و هەنوکە بەکارناهێنرێن .
پەیامی ئەم پرۆژەیە گرنگیدانە بەو کەرەستە بەکارهاتوانە، لە بێکەڵکیانەوە جارێکیدی بکرێنەوە بە سەنتەر و لە پەراوێزدا نەمێننەوە، ئەم ئەرکە تەنها دروستکردن و نومایشێکی جوان نییە، بەئەندازەی گەیاندنی پەیامێکی قووڵە لە چۆنیەتی دەربڕین و پابەندبوونی پڕ لە سۆزی بە ژینگەوە، ئەمەش وەڵامێکە بۆ ئەو ئاڵنگاریانەی ڕووبەڕووی مرۆڤایەتی بوونەتەوە، جگە لەوەی هێز بەخشیشە بۆ گۆڕانکاری و هۆشیارکردنەوەی بینەر.
لەهەمان سۆنگەوە زۆر کات بێئاگایمانە لەو مرۆڤە بەخشندانەی کەسەردەمانێک دەستیان هەبووە لەجوانی و ماندان بە ژیانمان بەڵام بەهۆی تەمەن و نەخۆشی و لەدەستدانی پێگەکانی کۆمەڵگاو پەراویز خراون و لەبیرچونەتەوە هەروەها بێ ئاگا لەوەی کە هونەرمەند کاری تەنها بەرجەستەکردنەوەی جوانیەکان نیە بەڵکو بەرجەستەکردنەوەی ئەو غەدرو ناعەدالەتیانەشە کەبەرامبەر بونیاتەکانی ژیان و شێوانی جوانیەکان و بەهاکان دەکرێت.هونەرمەند تەنها تەماشاناکات بەڵکو دەلاقەیەکیش دەکاتەوە بۆ بینینێکی ترو بۆ رێگایەکی ترو بۆ فریادرەسێکی تر.
هەندێ کات پێمسەیرە کە هەندێ هونەرمەند دەتوانن ماتریاڵە بێدەنگەکان بهێنێتە دەنگ بەڵام ناتوانێت بێدەنگی غەدری مرۆڤەکان بکەن بەدەنگ.
کارەکان چەند لەڕێی بینینەوە کاریگەریی جێ دەهێڵن، ئەوەندەش پێگەیان لە ڕوح دادەنێت بۆ بیرکردنەوە و ئیلهام بەخشین بە گۆڕانکاریی، بەواتایەکی دی هونەری ڕیساکلین ئەو هێزەی هەیە کە بتوانێت ژیان ببەخشێتەوە بە کەرەستە مردووەکان لەژێر کاریگەری ژینگەی کۆمەڵایەتی، سیاسی، ئابووری، تاکوو مەترسیەکانی پیسبوونی ژینگەش کەم بێتەوە و بەشێکی سەرمایەی ئابووریش بە فیڕۆ نەچێت.
هونەری ریسایکل تەنها بەشێک نییە لە چارەسەر بەڵکوو بەشیکیشە لە دەربڕین، چارەسەر لەڕێی هونەرەوە بەهەمان شێوەی وەشانی فڵچەیەکە لەسەر کانڤاسێک بەڵام لیرەدا لەسەر پارچە کارتۆنکی فڕێدراو ، هاوارێکە بۆ پاراستنی ژینگە و چۆنیەتی پاراستنی.

**کۆلاج و دەق**

لەم پرۆژەیەدا دەق شانبەشانی فیگەرەکان درێژ بوونەتەوە، هێماکان کاریگەریی تەواویان



لەسەر کۆی ستراکچەر بنیاتناوە، ئەم هونەرە چەمکییە (الفن التصوري) بەهەمان شێوەی پۆستەرەکانی تەکنیکی جیاوازی بۆ بەکارهێناوە کە بەستنەوەی وێنەیە بە شیعرەوە بۆ خستنە ڕووی بابەتێک کە ئەویش ماتریالی بێکەڵکی فڕێدراوە، ئەمەش ناساندنی ئامرازێکی نوێی دیزاینە بۆ بەکارهێنەر.

وێنەکان لە یەکتری جیاوازن، بەڵام لە ڕووی چەمکە شارستانییەکەوە بە یەکگرتوویی گرێدراون، بەجۆرێک بینەر سەرقاڵی بیرکردنەوە دەکەن نەک تەنها شتانێکی دەرخستبێت بە ئاراستەی نەبوونی هەست و لێپرسراویەتی.

شیعرەکان بەشێکن لە دەربڕینی هەستی هونەرمەند کە ئاوێتە دەبێتەوە لەگەڵ چەمکی مانادان بە دیوێکی سۆزداری بۆ کارە هونەرییەکە کە لە جەمکی ماتریاڵێکی فرێدراودا دەتوانین وەک ڕوپێوێکی بەهادار نەک تەنها ڕەنگ و هێڵەکان بەڵکو وشەکانیش تانو پۆی چنینی بیرۆکەکەبن.

لەهەندێک لەتابلۆکاندا تێکستەکان کەمێک شاردراونەتەوە وەک ئەوەی بیەوێت فزولی کەشفکردن لەلای بینەر دروستبکات و هەروەها بەکارهێنانی قوماش و بارکۆدی پاکەتی حەبەکان کەلەگەڵ تێکسچەری کارتۆنەکان پەیوەندیەک دروستدەکات هەروەها قوماشەکانیش بەشێک لەو مەلمەسە تایبەتیەی کە لە کارتۆنەکاندا نییە لەمدا دەبینینەوە کە جۆرێک لە قوڵی و جوانی بەخشیوە بە کارەکان .

ئەم پرۆژەیە هەوڵدانێکە کە دەتوانرێت هەمیشە کەرەستە بەکارهاتووەکان بهێنرێنەوە ناو ژیانی هونەریمان و مانایان پێبدەینەوە بە کەمترین تێچوو ،کە بەرهەمی هونەری بەهای تەنها لە کڕینی کەرەستە گرانبەهاکان و مارکە جیهانیەکاندا نیە بۆ بەرهەم هێنانی هونەر بەڵکو بەهای کاری هونەری و داهێنەرانە لەو بەهایەدایە کە دەتوانین لەڕووی بیرۆکەوە تایبەتمەندێتی خۆی هەبێت و بتوانێت پەیامێکی هونەری بگەیەنێت.

# نیشتمان مێردێکی ناحەزە لێی جیا دەبمەوە



نەزەند بەگیخانی - فەرەنسا

کە یەکەم جار بینیم
لەسەر بەرماڵەکەی دایکم مەلۆتکەیەک بوو نیشتمان
لە دیواری پشت سەری باوکم تابلۆی شاسوارێک بوو
خەنجەرێکی لەبەر پشت و
سنگی بە پشتێنەی گولل-ە ڕازاوە
لە خەیاڵی برا بچکۆڵەکەمدا هەرقەل بوو نیشتمان
لە دەفتەری برا گەورەکەم قوربانیی سەردەم
لە لای خوشکەکەم بووکەڵەیەک
بۆ منیش نیشتمان پیاوێکی زراڤ بوو
یەکەمین عەشقم بوو
چاوباشقاڵ، سمێڵ ڕەش
نیگاکانی وەک پرسیار دەجووڵان
بانگیان دەکردم بۆ دوان

لە یەکەمین دیداردا
ئەو لە وێستگەی پاسەکە جگەرەی دەکێشا
بە دەستی چەپی پەرچەمی هەڵدایە دواوە و
برۆی لە جووڵەیەکی هەوەسبازانەدا هەڵتەکاند
بەفیزانە بزەیەکی کرد
من تەزوویەکی گەرمم پێداهات و
یەکەمین ترپەی دڵ و یەکەمین داگیرسان
بووم بە عاشقی نیشتمان




لە ئەندێشەی ئەودا من عەزرا بووم
نیانترین بوونەوەر
مەلێکی ئاوی بووم
بەسەر جوگرافیای جەستەدا
تەڕ تەڕ فڕیم
تەڕ تەڕ پێکەنیم
تەڕ تەڕ گریام
تەڕ تەڕ خوێنم لەبەر ڕژا
ئینجا بوومە ئاوێزانی و
بە ئەندازەی ئارەزوو جوانیم پێ بەخشی
چێژم تێکەڵ بە شادەمارەکانی کرد و
پێستیم بە برژانگ ڕەنگڕێژ کرد

لە یەکەمین پێکەوەبووندا
سیمای نیشتمان هەڵبزڕکا
بە زریکەیەک
دڵی شەو ڕاچڵەکا
جوگرافیام بوو بە کێڵگەی ترس و
هاوارێک لە نیشتمان هەڵسا:
کوا خوێن
بۆ شادەمارەکانی شەرەفم؟

هەواڵنامەی کتێب



کوا خشتی ڕووسپییەتی بۆ بنیاتنانی دیواری پیاوەتیم؟
لەو کاتەوە بووم بە چاوشۆڕ و دەرپێشۆر
ڕووڕەش، گوناهبار
بە کێمی برینەکان خۆم مۆمیاڕێژ دەکەم،
کێڵگەی ترس تەی دەکەم و
گوێ لە لێدانی دڵی تاریکی دەگرم
خوێنم هەڵمی لێ هەڵدەستێ و
تێکەڵ بە گڕی گریانی دایکانی نیشتمان دەبم

ڕۆژانە دەسووتێین
بە پشکۆی ئارەزووە بەدەکان
بە کڵپەی نیشتمانپەروەری
ئێمە داغ بووین بەو سرووده گەرمانەی هۆز
دڵ و
جەستە و
هزر و
هۆشمان توانەوە
ئەفسانەیەک وەک مسی شل
شەپۆڵ دەدا
کەنارەکانمان کەف دەکا
پێستمان دڕکاوی
سەرمان کرمی خەباتی هەڵهێناوە
لە ناو کوورەی ئەو زاتە پیرۆزە
دادەچۆڕێین بەرە و کەندڕ
چارەنووسێکی ڕەش
وەک تارا کچەکان دادەپۆشێ
وەک چارۆگە دایکەکان دەپێچێتەوە
کاتێ لاشەی کوڕەکان هەڵدەگرن
بۆ ژێر پەرچەمی نیشتمان
بە سروودی ‹یا کوردستان یا نەمان›
دروشمی ‹ئەی شەهیدان›



خۆمان فریو دەدەین و
بە هێڵی خۆڵەمێشیی دوێنێ هەڵدەگەڕێین
بۆکڕووزی درەختەکان
وەک بخور لە پەرستگاکانی نیشتمانپەروەری دەپژێنین
دڵی بێوەژنانی نیشتمان دەدەینەوە
دەست بە پشتی کچە عازەبەکان و
پرچی ڕشکاویی منداڵە هەتیوەکاندا دێنین
فوو لە گڕی سەر سنگی دایکەکان دەکەین
کاتێ کوڕەکانیان بۆ جەنگ بەڕێ دەکەن
بێدەنگ چاویان لە ئاسمان دەبڕن و
لە لێکدانی باڵی قەڵەڕەشەکان
ئەوان قەدەری نیشتمان دەخوێننەوە
دەڵێن ئەمە دوادیدارە
دەشێ تەرمی کوڕەکانیان ببێتە گۆشتی باز و
ئێسکوپرووسکیان لە توورەکەیەکی نایلۆندا ڕادەست بکرێتەوە
ئینجا خۆیان لە خۆڵ و خم هەڵدەکێشن دایکانی نیشتمان
ئێسقانی کوڕەکانیش لە کفنێکی ئاڵ
لە ناخی بەردینی نیشتمان دەڕوێنن
سەیری ئەو هەموو پەیکەرە ئێسقانە بکەن لەسەر سنگی ئەم خاکە لەسەمادان!
کچەکانیش
کچانی نیشتمان زەردترین گەڵان
لەسەر ماتەمیی وەرزەکان
جەستەیان کردۆتە کەموڵەی خەون
کەموڵەی ئەفسوونی نیشتمان
خۆیان گرمۆڵە کردووە و
وەک مێروولە دەڕژێنە ناو پەرستگای خاک
لە مەراسیمێکی دۆزەخیدا
خۆیان دەبەخشن بەو زاتە موبارەکە
بەو هێما نادیارە
کە وەک پیاوێکی چاوباشقاڵ شەیدایان دەکا و
وەک خودا ئاوایان دەکا

هەواڵنامەی کتێب



کچەکان دەستیان دەخەنە ناو دەستە شەهوەتییەکا
تێکەڵ بە تۆز و بای ڕۆژەکان دەبن
لە پڕ جوانی دەکەوێ
وەک بەرد ێکی بۆر
ڕووی هەموومان هەڵدەتۆقێ
ئینجا ئێمە هەڵدەچین
دەخزینە ناو کونجی بێدادی
لەسەر سنووری بێباکی
لە بەردەرگای شکان
ئاوڕ دەدەینەوە و بیرمان دەچێتەوە ئێمە کێین
لە کوێوە هاتوین و
بەرەو کوێ دەچین؟
ئێمە دەبینە پەندی سەردەم و
نەخشی سەر سیمای نیشتمان
نیشتمانیش لە سیمای سیاسییەکی براکوژ
لە سیمای پیاوێکی شەرەفپارێز
لە سیمای برایەکی خوشککوژ
لە سیمای باوکێکی هۆشکوژ
لە سیمای هەرزەکارێکی خۆکوژ
ددانەکانی جیڕ دەکاتەوە و
چڕنووکمان لێ دەگرێ
کچەکانی گەڕەک هێشتا تەزوویان پێدا دێ و
بالی باڵندەیەکی وێڵن لە ناو بای نیشتمان
لە ژێر شاپەڕی هەور و شەققەی هەوەس
دەبنە سەرگەردانترین گەردی گەردوون

منیش گەڵایەکم ئاسۆییانە دەفڕم
ئاسمانم وشە و پەرستگام نووسین
لە یەکەمین وێستگای هۆشیاریدا
بڕیارنامەی تەڵاق دادەڕێژم:
«نیشتمان مێردێکی ناحەزە و لێی جیا بوومەوە»

# سینەمای کوردی هونەرێکی سارد لە شەقامێکی تووڕەدا



عەتا حەمەساڵح


هەواڵنامەی کتێب

ئەگەر بە خێرایی تەماشایەکی مێژووی هونەری سینەما و شۆڕشەکانی دنیا بکەین، دەبینین سینەما و هونەرمەندانی فیلمساز لە تەواوی دنیادا ڕۆڵێکی گەورەیان هەبوو لە نووسینەوە و داڕشتنەوەی ئەو ژیانەی، کە ئەمرۆ بە خۆشگوزەران تەماشای دەکرێت، سینەماکارانی دنیای دەرەوە هەمیشە بەشێک بوون لە نووسینەوەی تاریخی میللەتەکانیان و بە ئاڕاستەی خۆشەویستیی ژیان و ژیاندۆستیدا بردوویانە و سینەما بووە بە ناسنامەی خەڵک و نەتەوە لەو شوێنانەی کە سینەما و هونەرەکان بەشێک بوون لە کولتووری نەتەوەیی.

بە مەرجێک هەموو ئەو گەلانەی ئێستا سینەماکەیان لە ئاستێکی باڵادایە بە هەموو قۆناغەکانی دروستکردنی فیلمدا تێپەڕیون و کاری ناوازە و لاوازیشیان بەرهەم هێناوە، لەگەڵ هەنگاوەکانی گەشەی فیلمسازیدا ڕۆیشتوون و ئاشنا بوون بە قۆناغەکانی فیلمسازی، هونەرمەندانی ئەو بوارەش لە پاڵ کارە هونەرییە نموونەیی و فەنتازیەکانی خەیاڵیشیاندا لە واقیعی کۆمەڵایەتیی خۆیان دابڕاو نەبوون و لەگەڵ کاروانی ئەدەب و چیرۆک و داستانەکانی خۆیاندا ڕێیان کردووە، لە گێڕانەوەی چیرۆکەکانیشدا بە باش و خراپ شەرمن نەبوون و ئەوەی ڕووی داوە بووەتە کەرەستەی بەرهەمهێنانی فیلمەکانیان، هەر بۆیە خەڵکیش سینەماکەیان بە هیی خۆیان زانیوە، چونکە خۆیان و زمان و چیرۆکی قوربانی و سەرکەوتن و نوشوستەکانیان لە نێو شاشەی سینەمادا بینیوەتەوە.

ئەوەشی کە تا ئێستا ئێمە بە دەستی خاڵی و بێپشتیوانی کردوومانە کەم نییە، بەڵام هەنگاوی زۆر گەورە و خێرامان ناوە و جۆرێک لە دابڕانمان دروست کردووە لەگەڵ بینەر و سینەمادا، هێشتا لە سەرەتادا بووین بینەرەکان و خۆشمان ئاشنایەتیمان لەگەڵ قۆناغی کلاسیکدا نەبوو، گەیشتینە پۆستمۆدێرینە و فیلمێکمان پیشانی بینەر دا نە لێی تێگەیشت، نە خۆیشی بوو بە پاڵەوانی چیرۆکەکان، چونکە نەماتوانیوە لە نێو واقیعی کۆمەڵایەتی و کولتووری و سیاسیی خەڵکدا بژین، گەر ژیابیشین بە جۆرێک بووە کە چیرۆکی فیلمەکانمان بووەتە مایەی دڵگرانیی خەڵک، بە جۆرێک پیشانمان داوە کە بینەری تووشی شۆکی ڕووداو نەکردووە، بە پێچەوانەوە بینەری تووشی داڕمان کردووە، چونکە بە شێوازێک چیرۆکەکانمان تێکەڵ بە بیرکردنەوە و خەیاڵی خۆمان کردووە کە دوور بووە لە ڕاستیی ڕووداوەکانەوە، یان لە ژێر هەژموونی ئایدۆلۆژیایەک نووسراوەتەوە، کە ڕووداوەکانی پێچەوانە کردووەتەوە ئەمەش ڕەنگە بێهۆ نەبووبێت.

یەکەم سەربەخۆ فیلمان بەرهەم نەهێناوە یان بۆ ڕێکخراوێک یان دەزگایەکی تایبەت کارمان کردووە و ستراکچەری چیرۆک لە خزمەتی ڕووداوەکاندا نەبووە بە هێندەی ئەوەی لە خزمەتی ئەجێندای سیاسیی بەرهەمهێندا بووە، دوومیش کەمتوانایی فیلمسازەکانمان لە ستۆرتێلیندا، هەمیشە قوربانییەکانمان لەوپەڕی شکستدا نیشان داوە بەبێ ئامادەبوونی جەللاد، زۆرجاریش غەدرمان لە قوربانی و جەللادیش کردووە، چونکە دەشێ لە نێو جەللادیشدا کەسانی مرۆڤدۆست هەبن و قوربانییەکانیش هێندە لاواز نەبوون لە بەرانبەر تووڕەبوونەکانی ئەوی تردا، لە لایەکی ترەوە بەبێ ئەوەی هیچ خوێندنەوەیەکی مەعریفیمان بۆ چیرۆک و ڕووداوەکانی نێو کولتووری خۆمان هەبێت لە لایەن زۆرێکمانەوە نەفرەتی لێ دەکەین، پێمان شەرمە لە چیرۆکی گوندێکەوە فیلمێک دروست بکەین، زۆر جار بەرگی کوردیمان کردووەتە بەری نەزان و خراپەکارانەوە، سەرسامین بە



چیرۆکەکانی دەرەوەی ژیان و کولتووری خۆمان.

نەمانتوانیوە دەست بەرین بۆ ئەو ڕووداوانەی ژیانی کردووەتە دۆزەخ و کەرەستەی دروستکردنی فیلمەکانمان ئەو ژیانە سەختەی ئەمرۆی نێو شەقامی کوردی بێت، زۆر بە ئاسانی بە لای ژیانی ڕۆژانەی خەڵکدا تێدەپەڕین، بە لای بێچارەیی ئەو گەنجەدا، کە سەری خۆی هەڵدەگرێت و لە ئیجەدا دەخنکێت، بە لای گریان و ترسان و برسێتی و ئازارەکاندا تێدەپەرین، پێ دەنێین بەسەر هەموو یادەوەرییەکانی خۆشی و ناخۆشی خەڵکدا، پێمان وایە ئەگەر چیرۆکی دانسقە بەرهەمەکانی خەیاڵ نەبێت هیچ شتێکی تر شایستەی سینەما نییە، هێشتا لەگەڵ بینەرە دڵشکاوەکانماندا ئاشت نەبووینەتەوە، زۆرێکمان هەیە پێی شەرمە بەرهەمەکەی بینەری ئاسایی ببینێت یان کارەکەی بنێرێتە فێستیڤاڵێکی لۆکاڵیی وڵاتەکەی خۆیەوە.

زاڤاتینی ڕێبەری نێو ڕیالیزمی ئیتاڵی دەڵێت: «دوورکەوتنەوەی هونەرمەند لە ڕووداوە ڕاستەقینەکانی ژیانی دەوروبەر، وەک خیانەت وایە.. ئەرکی هونەرمەند ئەوە نییە لە ناو بەستێنی دەستکردی درامادا خەڵک هۆشیار بکاتەوە و ڕایانبچڵەکێنێت، هونەرمەند دەبێت بە نیشاندانی ئەو کردەوانەی کە ڕۆژانە خەڵک دەیکەن، ڕایانبچڵەکێنێ، لە سینەمای ئەمریکادا نەبوونی (بابەت) بۆ دروستکردنی فیلم، قەیران پێک دەهێنێت، بەڵام ئەم قەیرانە هیچ کات ڕوو لە ئێمە ناکات، لە کاتێکدا ئەو هەموو ڕووداوە لە ژیانی دەوروبەرماندا ڕوو دەدەن». ئەم قسەیەی زاڤاتینی ڕێک ڕووبەڕووی ژیان و واقیعی ئێستای ئێمە و فیلمسازەکانمانە، کەچی ئێمە لەوپەڕی قەیرانی بابەت و چیرۆکیشداین و




فەزایەکی دوورمان لە نێوان خۆمان و خەڵکدا دروست کردووە و گلەییش دەکەین، کە بۆ سینەما نابێتە کولتوور.

لە سەردەمی جەنگی دووەمی جیهان و لە ساتەوەختی داڕمانی ژێرخانی ئابووری و ژیاری و سیاسەتی ئەڵمانیادا کاتێک مرۆڤەکان لە نێو شەقامەکاندا بە شوێن ژیاندا دەگەڕان، فیلمسازانی ئەو وڵاتە و شێوەکاران توانیان هەستانەوەیەکی دەروونی ببخشنەوە بە خەڵک و کاریگەریی تەواویش لەسەر ڕەوتی سیاسیی وڵاتەکەیان دابنێن، ئەگەر سینەما نەبوایە لەوانە بوو بە سەدان ساڵی تریش ئێمە لەو دوورەوە نەمانتوانیایە تاوانەکانی هۆلۆکۆست بناسین، بەڵام ئەوە سینەما بوو توانیی هەموو گوناهەکانی جەنگ بنووسێتەوە و لە پاڵیشدا ببێتە ناسنامەیەکی جوان بۆ پاراستنی ئەو گەلەی پێی دەوترێت جوولەکە.

دوور نەڕۆین بۆچی سینەماکانی ئێرانی دراوسێمان جەمیان دێت لە خەڵک، بۆچی زۆرێکمان سەرسامین بە سینەمای ئێرانی؟ ڕاستی پرسیارەکە ئەوەیە، کە ئەوان هەتا ئێستاش زۆرێک لە فیلمەکانیان ڕیالیزمی ئیتالییان تێنەپەڕاندووە و بە شوێن کورتەچیرۆکی واقیعی کۆمەڵگەی ئێرانییەوەن و ڕیسێرچ دەکەن بۆ نووسینەوەی سیناریۆی فیلمەکانیان، بڕوا بە هەموو شتێک ناکەن بەبێ گەڕان بیخەنە سەر شاشەی سینەماکانیان. فیلمی (دارگوێز) کە باسی ڕووداوی کیمیابارانی سەردەشت دەکات چیرۆکەکە بە جۆرێک دەیگێڕێتەوە وەک ئەوەی ئێمە بەعسمان نەناسیبێت دڵڕەق دەبین بە دڕەندەیی بەعس و خەمساردیی ئێرانیش لە بەهاناوەچوونی خەڵک. من کارم بەسەر ئەوەوە نییە ئەم فیلمە کێ بەرهەمی هێناوە کارم بەسەر جوانی و گەورەیی گێڕانەوەی ڕووداوەکەوە هەیە، لە بەرانبەر فیلمی (دارگوێز) تەماشای فیلمی (١٩٨٨)ی کارەساتی هەڵەبجە بکە هێندە ناشیرین ڕووداوەکەی گێڕایەوە هەموو هەڵەبجەییەکانی تووڕە کرد، ئەوەشی ڕووداوەکەی هەر نەدیوە گاڵتەی بە وێنەی ناو ڕووداوەکان دێت، خۆم کە لە نێو بەشێکی کارەساتەکەدا ژیاوم، بەزەییم بە ڕژێمی بەعسدا هاتەوە، لە نێوان دوو فیلمدا کە یەک ڕووداوی هاوشێوەیە لە نێو یەک میللەتدا بەرانبەر بە یەک جەللاد، فیلمی دارگوێز پاڵەوانەکەی بەوپەڕی هێزەوە پیشان ئەدات و ناهێڵێت بکەوێت، بە پێچەوانەوە فیلمی ١٩٨٨ جەللاد و قوربانییش بەوپەڕی لاوازییەوە پیشان ئەدات.

ئەمە کارەساتە بە ناوی هونەری سینەماوە دەگوزەرێت، ئەگەرچی خاوەنی ئەزموون و مێژوویەکی زۆری سینەما نین، بەڵام خاوەنی سینەماکاری باشین، بەڵام ئەگەر نەتوانین لە نێو کۆمەڵگەی خۆماندا جێگەیەک بۆ هونەرەکەمان بکەینەوە ئەوا چۆن دەتوانین لە دەرگای دڵی دنیا بدەین، هەر بۆیە گەر ئاوا بەردەوام بین جگە لە خەونێکی خۆش لەگەڵ خەیاڵپڵاوییەکانی خۆمان هیچی تر سەوز ناکەین، ئەمەش بەو مانایە نییە کە سینەماکاری ئێمە هیچیان نەکردووە، بەڵام ئەوەی دەکرێت و دەبێتە چیرۆکێکی سینەمایی ناتوانێت بیر و هۆشی خەڵک داگیر بکات و لە یادگارییاندا بمێنێتەوە، ناتوانین بڵێین ئێمە خاوەنی سینەمایەکین کە پێی بوترێت سینەمای کوردی، یان ناسنامەیەک بێت بۆ مێژووی قوربانی و جوانی و گوناهەکانیشمان، هەتا ئەم ساتەوەختە فیلمسازانی ئێمە سەرقاڵی خەیاڵەکانی ناو ناخیانن و ناتوانن پەنجە بخەنە سەر هیچ شتێک، کە بتوانێت ببێتە بەشێک لە نوەسینەوە و ناساندنی ئەو تاریخەی هەمانە، چونکە دەرفەت بەو کەسانە ئەدرێت بۆ کاری فیلمسازی، کە شەرمن و سازشکارانە کار دەکەن لە نێو مێژوویەکی ئاخێنراو بە ڕووداو و شەقامێک، کە خەڵتانی تووڕەیی و بێزێزیکردنەوە بە مرۆڤ، کەچی سینەماکەمان دوورە لە هەموو ئەو شتانەی لە دەوروبەرماندا ڕوو دەدەن، وەک ئەوەی ئێمە و خەڵک و نەتەوەکەمان هەریەکە و لە گەردوونێکی جیادا بژین، سەرباری ئەوەش بە بوونی ئەو هەموو فیستیڤاڵ و ئیڤێنتانەوە، کە دەیکەین ناتوانین بیر لەوە بکەینەوە کە چی بکرێت بۆ ئەوەی سینەمای کوردیی پێ بناسرێت و سینەماکەمان ببێتە سینەمای خەڵک، بۆیە هەتا دوور بین لەو شەقامەی کە پێی دەوترێت شەقامی کوردی ناتوانین بڵێین خاوەنی سینەماین و ناشتوانین بیکەینە کولتوورێک بۆ ڕوانینی خەڵک و خەڵک شانازیی پێوە بکات.

# دەنگبێژی وەک بەشێک لە ناسنامەی کولتووری کورد



ڕێژەن حەسەن

هەواڵنامەی کێت

دەنگبـێژی پێکهاتەیەکی گرنگی ناسنامەی کولتووری کـوردە، کە بەشێکی زۆری دیاردە کۆمەڵایەتی و ژیارییەکانی کۆمەڵگەی کوردی تێدایە، دەنگبێژەکانمان بوونەتە پردی پەیوەندی لە نێوان ئێستاو ڕابردووماندا. لەم توێژینەوەیەدا ڕەهـەنـدەکـانـی کـولـتـوور و پـەیـوەنـدی بە دەنگبێژییەوە ئـامـاژەی پێ کـراوە، هـەروەهـا دوو نموونەی لاوک کە یەکێک لە پێکهێنەرە سەرەکییەکانی دەنگبێژییە، خراوەتە ڕوو. بە ئامانجی سەلماندنی ئەو ڕاستییەی کە ئەدەب و گۆرانیی زارەکـی سـەرچاوەیـەکی گرنگن بۆ نووسینەوەی مێژوو و بەشێکی گرنگن لە ئەرشیفکردنی هەموو ئەو ڕووداوانـەی، کە لە ڕابردوودا لە کوردستاندا ڕوویان داوە.

## دەنگبێژی چییە؟

دەنگبێژی چەند واتایەکی دەنگی هەیە، واتای یەکەم لە چوارچێوەی مەقام و دەنگ و ئاوازی ئەو دەنگبێژەیە کە دەیڵێت و دەنگەکان دروست دەکـات و بەکاریان دەهێنێت، واتـای دووەم، ڕووداوێـک وەک (عەشق، شـەڕو بابەتی وەک ئـەوانـە) ڕووی داوە و لە نـاو کـورددا دەنگی داوەتەوە و بووەتە چیرۆکی سەر زاری خەڵکی و لە زۆر ناوچەدا بیستراوە، بە واتایەکی تر ئەو ڕووداوەی کە ڕووی داوە دەنگدانەوەی هەبووە، بە جـۆرێـک کە کـاریـگـەری کـردووەتـە سـەر کۆمەڵگا، بە هەمان شێوە بۆ کەسانی پاڵەوان، کە ئـازا و چاونـەتـرس بـوون چیرۆکەکانیان ناوبانگیان هـەبـووە و کـاریـگـەرییـان لەسـەر کۆمەڵگا جێ هێشتووە. دەنگی دەنگبێژان و

چیرۆکی قارەمانی و ڕووداوەکانی ناوەڕۆکی بابەتەکان پێک دەهێنێت. دەنگبێژی هونەری دەنگە کە لە دوو وشە پێک دێت (دەنگ + بێژ) دەنگ دەربڕینە و بێژیش مەبەست لە وشەیە، کە هەردووکی پێکەوە لە لایەن کەسێکەوە دەوترێت ، دەنگبێژ ئیسماعیل پیرکی دەڵێت کاتێک، کە دەڵێن دەنگبێژی یەکەم واتا کە دێتە خەیاڵ و مێشکمان هەر لە ناوەکەیەوەیە (دەنگبێژی) واتە دەنگ دەربڕین یاخود وتن، ئەو بابەتانەی کە دەچنە ئەو چوارچێوانەوە لە ناوچەیەکەوە بۆ ناوچەیەکی تر جیاوازە بۆ نموونە دەوترێت (کەلام، لاوک، لاوژە، ستران ...) زۆر جار واباوە، کە دەوترێت دەنگبێژ ئەوە تەنیا ئەو فۆڕمە لە موزیک دەڵێت کە لاوکە و گێڕانەوەیەکی مێژووییە، بەڵام لە ڕاستیدا ئەگەر کەسێک گۆرانییەکیش بڵێت ئەوە هەر دەنگبێژە چونکە دەنگ دەبێژێت، بەڵام ئەوەی کە زۆرتر دەنگبێژی پێ دەناسرێتەوە ئەو کەسانەن کە گۆرانیی کۆنی کلاسیک دەڵێن، دەنگبێژی هەبوونە، ناوە، ڕەنگە، دەنگە، دیرۆکە، ئەدەبە، دەنگبێژی چیرۆکی نەتەوەیەکە، ئەوەی بۆ ئێمە زۆر گرنگە تێکستی گۆرانییەکانە کە دەنگبێژەکان وتوویانە، لە ڕێگەی ئەو تێکستانەوە دەگەینە دەیان وشە کە دەتوانین نەوەی نوێی لێ فێر بکەین، کاتێک کە گەنجێک گوێ لە دەنگبێژێک دەگرێت دەیان وشەی کوردی دێتە گوێچکەی ئەوەی کە نەشیزانێت دەگەڕێت و پرسیار دەکات. بەو شێوەیە ئێمە دەتوانین زمانەکەمان بپارێزین، ئەوەی کە هەمانە لە دەنگبێژی نەنووسراوەتەوە بەڵکوو بە شێوەی زارەکی ماوەتەوە، بەشی زۆری ئەو ئەدەبە زارەکییەش لە تێکستی دەنگبێژەکاندایە، بۆیە بۆ ئێمە زۆر گرنگە کە دەنگبێژەکان کۆ بکەینەوە ئەوەی دەیزانن بیڵێن

و تۆمار بکرێت بەمەش مێژوو و زمانی خۆمان لە فەوتان دەپارێزین. مێژوونووسەکانمان دەتوانن تێکستی دەنگبێژەکانمان بکەنە سەرچاوەیەکی زۆر گرنگ بۆ نووسینەوەی مێژووی میللەتەکەمان، ئێمە خاوەنی هونەر و کولتوورێکی دەوڵەمەندین و دەبێت شانازیی پێوە بکەین، بۆ نموونە سەردەمانێک کە لە باکووری کوردستاندا زمانی کوردی قەدەغە بوو، ئەوە دەنگبێژەکانمان بوون بوونە بەشێک لە پارێزەرەی زمانەکەمان، هەر لەسەر ئەم بابەتە (عوسمان بایدەمیر) سەرۆکی ئەو کاتی شارەوانیی ئامەد گوتی»دەنگبێژەکانمان ئێستا و ڕابردووی کورد بە یەکەوە دەبەستنەوە» لە هەمان بۆنەدا (سەلاحەدین دەمیرتاش) وتی «دەنگبێژەکانمان کولتوور و زمانی کوردییان لە سڕینەوە پاراست، ئەوان یادەوەریی گەلی کوردن، کە بێبەشن لە یادەوەریی نووسراو و ئەرشیفی مێژوویی»، یاشار کەمال دەڵێت»حەفتا ساڵە خوێندن و نووسینیان لە کورد قەدەغە کردووە، کورد ناچار بوون پەرە بە ئەدەبی زارەکی بدەن، لەو بوارەدا دەنگبێژی داستان، ستران، شێوەننامەکان چیرۆکی گەورەیان



داهـێـنـاوە، ئـەدەبـیـاتـێـکـی زۆر دەوڵـەمـەنـدی فۆلکلۆرییان ئافراندووە» یاشار کەمال یەکێک لەو نووسەرانە بوو، کە دەنگبێژی کاریگەریی گەورەی لەسەر داهێنانە ئەدەبییەکانی هەبووە.

دەنگبێژ کێیە؟

دەنگبێژ ئەو کەسەیە کە لاوکێک یاخود گۆرانییەک دەڵێت، واتە کەسێکە کە ئاواز و وشە بە یەکەوە دەڵێت، دەنگبێژەکان لە دیوانخانە و مەراسیمی شەوبێرییەکان و لە ناو ماڵەکانیان و بۆ نەوە و منداڵەکانیان لاوک و بەستە و حەیرانیان گوتووە، بێگومان بونی ئـەم جـۆرە لە فۆرمی گۆرانی بە بـەردەوامـی لە نـاو مـاڵ و دیوەخانەکاندا، کاریگەری هەبووە لەسەر بەزیندوومانەوەی زمانەکەمان، لە نـاو لاوکەکانیشماندا بەشێک لە مێژوو و ناسنامەی کولتووریمانی تێدایە، هەستی نیشتمانپەروەری، بیری ئازادیخوازی بۆ مافەکانمان، باوەڕبەخۆبوون و دروستکردنی هێزی پێکەوەبوون لای دەنگبێژەکانمان بۆ نەوی نوێ و بۆ ئێستامان گواستووەتەوە.

لێکۆڵـەری کـولـتـووری (جـانـسـار کـارداش) پێناسەی دەنگبێژ دەکات و دەڵێت «دەنگبێژ ئەو کەسەیە کە لە ڕێگەی وتنەوە، لایەنی باش و خراپی کۆمەڵایەتی پیشانی ئێمە دەدەن، نەریت و کەلەپوور دەگوازنەوە، ڕوداوەکانی وەک کچ فڕاندن، ڕاپەڕینەکان، ئەڤینداری، شەڕی نێوان هۆزەکان و ڕووداوە مێژووییەکان دەگێڕنەوە، هەروەها (تەکین چفچی) بۆ دەنگبێژی دەڵێت «یەکێک لە هەرە کۆنترین دیاردە کولتوورییەکانی ئێمەی کوردە»، هەروەها ٤(عوسمان حافزیە) دەڵـێـت «دەنـگـبـێـژ بـە تـەواوەتـی گـرێـدراوی کەلامەکانییەتی، بۆ دەنگبێژ زۆر سەختە کە بتوانێت بەبێ ئـاواز ئەو شیعرانە بڵێت، بەڵام کاتێک، کە لە لاوکێکدا دەیچڕێت زۆر بە خێرای

و بە سانایی وشەکان بە دوای یەکدادەڵێت «واتە مەتنی کەلامەکان و پرۆسەی دروستکردنەکان و ڕووداوەکان بە دەنگەکەوە گرێ دراوە، دەنگبێژ بەبێ ئاواز و دەنگ، بەبێ دەربڕین و ستران تەنیا بە (بێژ) نابێتە دەنگبێژ، دەنگبێژ بۆ دەستپێکردن جوانترین وشە هەڵدەبژێرێت و دواتر وشەکان دەکاتە ئاواز، بە جۆرێک وشەکان تەڕ و پاراو و ڕۆحدار دەکات و بە ئاوازێکی جوان دەیڵێت و کاریگەری لەسەر دەروونی مرۆڤ دروست دەکـات. دەنگبێژ دەنـگ و ئـاواز بە یەکەوە لە چوارچێوەی میلۆدی یان فۆرمێکی موزیکیدا دەڵێت، دەتوانین بڵێین دەنگبێژ وەک چیرۆکبێژە، بۆ نموونە کاتێک کە باس لە داستانێک دەکات سەرەتا وەک چیرۆک باسی دەکـات و دواتـر وەک لاوک بـە ئـاوازەوە دەیـچـڕێـت. سـەرەتا بابەتی لاوکەکان لە دڵی خۆیدا ڕێک دەخات، لەو هۆنینەوەیەشدا مەقام و ئاوازەکەی بۆ دەڵێت، دەنگبێژ بە ئاواز و مەقامەکان مەست و حەیران دەبێت، ئەگەر دەنگ نەبێت بێژ بێواتا دەبێت، بە




هەواڵنامەی کتێب

پێچەوانەشەوە، دەنگ و بێژ پێکەوە لاوکەکە دەڕێسن، دەنگ ڕۆحی دەنگبێژە، دەنگبێژ دەنگ و ئاوازی خۆی بە هێزی هونەری و دەربڕینی مرۆڤانەی، وێژەی دەنگبێژی دروست دەکات ، دەنگبێژەکان سیمبولی خۆڕاگری و پارێزەری کولتوورین.

## تایبەتمەندییەکانی دەنگبێژ

دەنگبێژ جگە لەوەی، کە دەنگبێژە لە هەمان کاتیشدا سترانبێژە، جیاوازیی سترانبێژ و دەنگبێژ لەوەدایە، کە سترانبێژ گۆرانییەک دەڵێت کە هەم ئاواز و هەم تێکستەکەشی دانراوە، بەڵام دەنگبێژ هەم هۆنراوە دادەنێت هەم خۆی مەقام و ئاوازیش دادەنێت، دەبێت دەربڕینی وشەکان لای دەنگبێژ زۆر ڕەوان و ڕوون بێت بە جۆرێک، کە بتوانیت لە وشەکان تێبگەیت، دەبێت بتوانێت کاریگەری لەسەر گوێگران لە ڕووی وتن و هۆنراوەوە جێ بهێڵێت. بە جۆرێک وا لە گوێگران بکات کە خۆیان لە ناو چیرۆکی لاوکەکاندا ببیننەوە، بەکارهێنانی ئەم دەنگەش دەبێت زۆر شارەزایانە بکرێت، پێویستە دەنگبێژ خاوەنی توانایەکی گەورەی لەبەرکردن و بیرێکی باش بێت، بۆ پاراستنی گۆرانی و لاوکەکان لە بیر و هزری خۆیدا، پێویست نییە دەنگبێژ خوێندەوار بێت و بتوانێت بنووسێت و بخوێنێتەوە، بۆیە ئەگەر سەرنج بدەین دەبینین زۆربەی دەنگبێژەکان خوێندەوارییان نییە، ئەگەر بەراوردی بکەین بەو دەنگبێژانەی کە خوێندەوارییان هەیە، توانای ئەو دەنگبێژانە زیاترە، کە خوێندەوارییان نییە . پێویستە دەنگبێژ هەمیشە لەگەڵ خەڵک و کۆمەڵگەکەی خۆیدا بێت و بە شێوازێکی زۆر جوان مامەڵە لەگەڵ خەڵکیدا بکات، ئەمەش



تایبەتمەندیی هەموو دەنگبێژێکی سەرکەوتووە و خۆشەویستە لە ناو کۆمەڵگادا، پێویستە تێکستی دەنگبێژی لە ڕووی ناوەڕۆکەوە واتای هەبێت، بەشێکی گەورەی پێکهاتەی زارگوتنی کوردی دەنگبێژی پێکی دەهێنێت، دەنگبێژی ڕاستەوخۆ بە ژیانی ئەندامانی کۆمەڵگاوە گرێ دراوە . بۆ نموونە دایک بە دەنگبێژی جوانی و هەستی خۆشەویستی بۆ منداڵەکەی دەردەبڕێت، شوانەکان بە گۆرانی و موزیک پەزەکانیان دەلەوەڕێنن، جووتیارەکان بە لاوک و گۆرانی خەتی جوتکردنیان دەکێشن. کورد بە گۆرانی شایی دەکەن و هەر بە گۆرانییش شین دەکەن، هەر بە دەنگبێژی هێزی وڵاتپارێزی لە دڵی لاوەکاندا دروست دەکەن و دەیکەنە سیمبولی بەرخۆدان . دەنگبێژەکان زۆر جۆری ئەدەبی زارەکی دەڵێن لەوانە داستان، حەیرانۆک، پایزۆک، لاوژە و دیلۆک هتد... ئەم جۆرە لە فۆرمی موزیک زۆرتر لە ناو گوندەکاندا باوە، بەڵام بە هۆی ئەوەی کە دەنگبێژەکان تایبەتمەندیی گەڕۆکیان هەبووە واتە هەمیشە لە ناوچەیەکەوە چوون بۆ ناوچەیەکی تر لەگەڵ خۆیان ئەم جۆرانە لە فۆری موزیکیان گواستووەتەوە، بۆیە ئەو بابەتانە لە ناوچەیەکی دیاریکراوەدا قەتیسنەبووەو بڵاوبۆتەوە، دەنگبێژەکان هەست و ڕامانی تایبەتی کەسی خۆیان ناکەنە دەنگبێژی

بەڵکوو ئەوەی، کە تایبەتە بە گەل و کۆمەڵگاکانیان دەیکەنە بابەتی لاوک و سترانەکانیان، هەر لەبەر ئەمەشە کە دەنگبێژەکان بوونەتە کەسانی پێشەنگ و دیاری کۆمەڵگا و بەرهەمەکانیان بە ساڵان دەوترێنەوە و لە ناو خەڵکدا دەمێنێتەوە، لە ڕێگەی دەنگبێژەکانمانەوە بە سەدان ڕووداو تۆمار کراوە و دەماودەم بۆ ئێمە ماوەتەوە.

دەنگبێژەکان لە کاتی وتنی لاوکەکاندا بە پێی جۆری لاوکەکان تۆنی دەنگ و جۆری مەقامەکان بەکار دەهێنن. لاوکی تراژیدی بە جۆریک دەخوێنن و لاوکی قارەمانی و خۆشەویستی بە جۆرێکی تر، بۆ نموونە لە داستانی مەم و زیندا کاتێک دەنگبێژ باسی پاشا دەکات بە دەنگێکی زۆر بەهێز لاوکەکە دەڵێت، بەڵام کە دێتە سەر باسی خۆشەویستیی مەم و زین دەنگبێژ نەرمتر دەنگی بەکار دەهێنێت، واتە تۆنی دەنگ بە پێی ڕووداوەکانی ناو لاوکەکە گۆڕانکاری بەسەردا دێت، لە ڕووی موزیک و بەکارهێنانی فۆڕمی مەقامەکانیشەوە، دەنگبێژەکان بە زۆری مەقامەکانی حوسەینی، حیجاز و عوشاق بەکار دەهێنن ، بەڵام بابەتێک کە زۆر جێگەی سەرنجە ئەوەیە کە دەنگبێژ زۆر جار کە دەست دەکات بە وتنی لاوکێک سەرەتا لە تۆنێکەوە دەست پێ دەکات لە ناوەڕاستدا تۆنێک زیاتر لە بنەڕەتی پەیژە موزیکییەکە سەر کەوتووە، هەندێک جاریش لە کۆتایی لاوکەکەدا دوو تۆن سەر کەوتووە بەبێ ئەوەی خۆی هەستی پێ بکات، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو تایبەتمەندییەی کە دەنگبێژەکان هەیانە کە وەک خۆیان پێی دەڵێن (گەرمبوونی گوتن) واتە کاتێک کە مەقامێک دەڵێت لە کۆتایی و ناوەڕاستی مەقامەکەدا هەرگیز ناچنەوە سەر ئەو تۆنە بنەڕەتییەی، کە لە سەرەتاوە وتوویانە ئەمە تایبەتمەندییەکە



کە زۆربەی دەنگبێژەکان هەیانە، بەڵام هەندێک دەنگبێژیش هەیە کە دەتوانێت زاڵ ببێت بەسەر تەواوی پەیژە موزیکییەکە و زۆر بە وردی دەتوانێت گۆڕانکاری بکات لە پەیژەیەکەوە بۆ پەیژەیەکی تر و دواتریش دێتەوە سەر هەمان پەیژە و تۆنە بنەڕەتییەکە.

لە ڕابردوودا بە هۆی ئەوەی، کە خوێندەواری لە کۆمەڵگەی کوردیدا زۆر کەم بووە، بەشێکی زۆری ئەدەب و گۆرانی و مێژووی ئێمە بە شێوەی زارەکی نەوە دوای نەوە گواستراوەتەوە، یەکێک لە گرنگترین ئەو هۆکارانەی، کە ئەم ڕووداوە مێژووییانەی بۆ ئێمە تا ئێستا پاراستووە، فۆڕمە جیاوازەکانی موزیکی کوردییە، کە بریتین لە (لاوک، حەیران، هۆرە، سیچەمانە، بەیت و باو و بەستەو گۆرانییەکان) بەتایبەت لاوک کە توانیویەتی بۆ ئێستا و ڕابردوو پارێزەرێکی گەورە بێت. لاوکمان هەیە تەمەنی ٢٠٠ تا ٤٠٠ ساڵە، کە سەرجەم بارودۆخی ژیان و گوزەران و باری کۆمەڵایەتی و ئابووری سیاسی و جەنگەکان

و سەرکەوتن و ڕووخانەکان و خۆشەویستی و گریان و کۆمەڵکوژیی کوردان و تەنانەت وردەکاری لە باسکردنی جلوبەرگ و خواردن و جۆری ئەسپ و مامەڵەی ڕۆژانـەش لەخۆ دەگرێت، بەشێکی زۆری ئەرشیفی نەتەوەییمان لە ناو لاوکەکانماندا پارێزراوە، دیارترین نموونە ئێزدییەکانن کە بە درێژایی مێژوو لە ژێر هەڕەشە و چەوساندنەوە و کۆمەڵکوژیدا بوون. تا ئێستا ٧٤ جار فەرمانی کۆمەڵکوژییان بەسەردا کراوە و سەرجەمیشیان بە شێوەی لاوک نەوە داوای نەوە گواستراوەتەوە. دەتوانین بڵێین دەنگبێژی کەرەستەیەکی خامی زۆر گرنگە بۆ لێکۆڵینەوە لە بوارەکانی (موزیک، زمان، کۆمەڵناسی، مرۆڤناسی، مێژوو، ئابووری، سیاسی، بازرگانی و دەیان بابەتی تر).

دیدی ڕۆژهەڵاتناسان دەربارەی دەنگبێژی

(Roger Lescot) دیپلۆماتکار و ڕۆژهەڵاتناس، لە ساڵی ١٩٣٠ لە ڕۆژئاوای کوردستان لێکۆڵینەوەیەکی مەیدانیی دەربارەی دەنگبێژی دەکات، یەکێک لەو داستانانە داستانی مەمی ئالانە، بەم شێوەیە پێناسەی دەنگبێژی دەکات «ئەم شاعیرە پیشەییانەی، کە بە درێژایی ساڵان وەک شاگردی هەندێک وەستای کۆن یادەوەرییەکانیان دەهۆنییەوە، ئەرکی پاراستنی نەریتەکانی ڕابردوو و ئەو ڕووداوە نوێیانەی کە ڕوو دەدەن، گرتە ئەستۆ، هەندێک جار دەنگبێژەکان لە کۆڕ و کۆبوونەوەکاندا ڕووبەڕووی یەکتر دەبوونەوە، کە تا ئەم دواییانە بە بەردەوامی بەڕێوە دەچوون. هەرئەمیرێک یان سەرۆک هۆزێکی گرنگ یەکێک یان زیاتر لە دوو دەنگبێژی هەبووە» ، کوردناسی ڕووسی (P.Leyrx) لێکۆڵینەوەیەکی زۆر وردی لەسەر ژیان و کولتووری کورد کردووە، بیروڕای خۆی دەربارەی گۆرانی و دەنگبێژیی کوردی دەنووسێت و دەڵێت «کوردەکان هەرئێوارەیەک لە جێگەیەک کۆ دەبوونەوە، دەنگبێژان بە لاوک و گۆرانییەکانیان دڵی ئامادەبوانیان خۆش دەکرد، کورد بە وڵاتی خۆیان سەربڵند بوون، کاتێک دەکەوتەوە بیریان چاویان پڕ فرمیسک دەبوو» ئاماژە بەوە دەکات کە ژیانی کۆمەڵایەتی و بەسەرهات و دیرۆکی گەلی کورد، لە گۆرانییە فۆلکلۆرییەکاندا خۆی شاردووەتەوە « کتێبێک هەیە بە ناوی (کورد و کوردستان)، کە دوو نووسەری ئینگلیز (TomaBoa،D.Makinthy) نووسیویانە، ئەم کتێبە دەربارەی زارگوتنی کوردە لە ساڵی١٩٨٦ بڵاو کراوەتەوە، زۆر بابەت لەو بارەیەوە نووسراوە و بۆ موزیکی کوردییش دەڵێن «گۆرانیی کوردی لە لایەنی شێواز و ژمارەوە بێسنوورە، چەندین جۆر گۆرانی هەیە وەک گۆرانیی زەماوەند، ئەڤینداری و قارەمانی کە بە شێوازی (لاوک) دەوترێت، گۆرانی شەڕ و جەنگ، هەندێک گۆرانی هەیە کە لە سەرەتای بەهاردا دەوترێت، کە بە (سەریل) ناو دەبرێت، (پایزۆک)یش جۆرێکی ترە کە لە سەرەتای پایزدا دەوترێت، (لۆرین) شێوازێکی تری گۆرانییە بۆ منداڵان دەوترێت، بۆ ژێرکردنەوە و خەواندنی منداڵ (لایلایە و لۆلابن) ی بۆ دەڵێن و بۆ مردن و پرسە و جیابوونەوەش گۆرانیی تایبەتیان هەیە، ئەم گۆرانییانە لەگەڵ ژیانی ڕۆژانەی کورد بوونەتە یەک «هەردوو نووسەر ئەوە ڕوون دەکەنەوە کە فۆلکلۆر و زارگوتنی کورد زۆر دەوڵەمەندە ، بەشێکی زۆری ئەو ڕۆژهەڵاتناسانەی، کە هاتوونەتە کوردستان سەرسامیی خۆیان بۆ دەوڵەمەندیی فۆلکلۆر و ئەدەبی زارەکیی کورد دەربڕیوە.

# شیعرێکی بڵاونەکراوەی بێسارانی



ڕزگار جەباری - هەولێر

هەواڵنامەی کتێب

**پێشەکی:**

لە مێژووی ئەدەبیاتی کلاسیکی کوردیدا، کە ژمارەیەکی زۆر شاعیر لەخۆ دەگرێت، کەمترین شاعیر دیوانیان ماوەتەوە. وردەکاریی ژیاننامەی هەر هیچ. بۆ ئەمەش جگە لە هەر هۆکارێکی دیکە، هۆکاری سەرەکی؛ کەمتەرخەمی خودی شاعیران بووە کە بایەخیان بە هەڵگرتن و پاراستن و کۆکردنەوەی هەموو بەرهەمەکانیان و تۆمارکردنی ژیاننامەی خۆیان نەداوە. مامۆستا بێسارانی یەکێکە لەو شاعیرانە ئەگەرچی بە بەراورد لەگەڵ هەموو شاعیرانی سەردەمی خۆی، بەخت یاوەری بووە زۆربەی هەرە زۆری بەرهەمەکانی بمێنن و بگاتە ئەم ڕۆژگارە، بەڵام دیسانەوە بە هۆی نەبوونی دیوانێکی تەواو بە دەستنووسی خۆیمان بۆ نەماوەتەوە، بۆیە بەرهەمەکانی پەرتەوازە دەبن. چاکەی گەورە بۆ شێخ عەبدولموئمینی مەردۆخی دەگەڕێتەوە، کە زۆربەی شیعرەکانی لە کەشکۆڵەکەی خۆیدا تۆمار کردووە. وێڕای چاپکردنی دیوانەکەی بۆ چوار جار و لە سەر دەستی چوار دڵسۆز کە تەواوترینیان چاپەکەی مامۆستا عەبدوڵڵای حەبیبییە، لە دوای ئەوەش پارچە شیعری بێسارانی ماوە، کە کەوتووەتە بەر دەست و نەچووەتە ناو دیوانەکەی. لەم وتارەدا پارچەشیعرێکی تازەدۆزراوەی بێسارانی بۆ یەکەم جار دەخەینە ڕوو. ئەگەر خشتێک بگەڕێتەوە بۆ سەر کۆشکی پڕ هونەری شیعری بێسارانی هەر باشە.

**پێگەی بێسارانی:**

مەولانا مەلا مستەفای بێسارانی، لە مێژووی ئەدەبی کوردیدا یەکێکە لە شاعیرە پێشەنگ

و هەرە مەزنەکان. شیعرەکانی هەم لە ڕووی چۆنێتی و هەم لە ڕووی چەندێتییەوە، بێسارانییان لە لووتکەدا هێشتووەتەوە. لە سەردەمی خۆی و هەم لە دوای خۆیشی. لە سەردەمی خۆیدا بۆ خۆی جەمسەرێک بووە کە شاعیرانی لە دەوردا کۆ بوونەتەوە. شاعیران هەوێنیان لێ وەرگرتووە و ڕەدیف و نەزیرەیان لە سەر شیعری وی نووسیوە. شاعیرانی وەکوو مەولانا زەینولعابدین، مەولانا قاسم، پەشێو، مەولانا فەڕوخی پڵنگانی و یوسف یاسکە لە شیعردا بە (مەولانا: گەورەمان) ئاماژەیان پێ داوە.

یوسف یاسکە دەڵێت:

**مەولام پڕ جە دەرد مەولام پڕ جە دەرد**

**نەوازش نامێو پڕ جە داخ و دەرد١**

لیستەکە میرزا ئیبراهیم، دەردین، شێخ لوتفوڵڵا دەگرێتەوە کە شیعریان لەگەڵ بێسارانیدا ئاڵوگۆڕ کردووە. ناوبانگی بێسارانی هەر لە سەردەمی خۆیدا هەموو ئەو جوگرافیایەی کوردستانی گرتووەتەوە، کە شەپۆلی شیعری قوتابخانەی گۆران پێی گەیشتبوو. بۆ نموونە لە کەشکۆڵە مەولانا حەمزەی سوورچی لە سەدەی ١٧ز (ساڵانی ١٦٠٠ەکان) کە یەکەم موفتی ناسراوی شاری کەرکوک بووە و کەشکۆڵەکەش لەو ماوەیەدا نووسراوەتەوە، شیعری بێسارانییشی تێدایە. واتە ناو و بەرهەمی بێسارانی لە سەردەمی ژیانی خۆیدا گەیشتووەتە کەرکووک و گەرمیان. سەدەیەک دواتر مەلا عومەری ڕەنجووری (١٧٥٠ – ١٨١٣ز) لە چامەی یادی شاعیرانی کوردستاندا یادی بێسارانی دەکات و دەڵێت:


**(مەلا مستەفای بێساران مەنزڵ)**

**مەلا حاجی جاف عومەر ئۆمەرمل٢**

هەروەها حاجی قادری کۆیی (١٨١٧ – ١٨٩٧ز) لە چامەی شاهسواری بەلاغەتی کورداندا یادی دەکاتەوە و دەڵێت:

**خۆ (مەلا مستەفای بێساران)**

**بێ نەزیرە لە نەزمی کوردستان٣**



وێنەی دەستنووسی شیعرەکەی بێسارانی

سەید ڕەحیمی مەولەوی دوانوێنەری هەرە مەزنی قوتابخانەی شیعری گۆران لە پەسنی بێسارانیدا دەڵێت:

های ڕەحمەت ئەو قەبر سەودایی کامڵ

سەرمەشق مەینەت بێساران مەنزڵ٤

پیرەمێردی نەمر (١٨٦٧ – ١٩٥٠ز) بە گۆڕینی چەند شیعرێکی بێسارانی لە هەورامییەوە بۆ سۆرانی و بڵاوکردنەوەی لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکانی سەردەمی خۆی، ناوبانگی و بەرهەمی بێسارانی لە کەشی ناو حوجرە دەرکرد و ناساندنی بە توێژی خوێندەوارانی سەردەم.

## بیبلۆگرافیای دیوانی بێسارانی:

پەڕەکانی مێژووی ئەدەبی کۆن و کلاسیکی کوردی، ژمارەیەکی زۆری ناوی شاعیران بەسەر دەکاتەوە. بۆ نموونە ڕەنجووری لە چامەی یادی شاعیرانی کوردستاندا تەنیا ئەوانەی ناسیونی ناوی (٥٥) شاعیر دەهێنێت، کە مەخابن لەو ژمارەیە نزیک بە پێنج شاعیر دیوانیان ماوەتەوە. هەشیانە جگە لە ناوی خۆی تەنانەت یەک شیعریشی لێ نەماوەتەوە. خۆشبەختانە بێسارانی یەکێکە لەو شاعیرانە لە فەوتان ڕزگاری بووە و لەمێژە بایەخی پێ دراوە و پارێزراوە. لەگەڵ ئەو پێگەیەی شاعیر و خۆشەویستیی وی لە ناو توێژی وێژەوانانددا، بەڵام نوسخەی دەستنووسی دیوانەکانی زۆر نین. لەگەڵ ئەوەشدا بە بەراورد بە هەندێ شاعیرانی پێشەنگدا، لە دوای هاتنی چاپخانە بۆ کوردستان، بەڵام چاپکردنی دیوانەکەی دوا کەوت تا دەیەی هەشتاکانی سەدەی ڕابردوو. یەکەم تا کۆتا دیوانی چاپکراوی بێسارانی بەم جۆرەن:

١-دیوانی بێسارانی ١١١٣ – ١٠٥٣ هـ. ق، ١٧٠٢ – ١٦٤١ز، بەرگی یەکەم.

کۆکردنەوە و لێکدانەوە: کیومرث نیک رفتار.

ناوەڕۆک: پێشەکی، بێسارانی لە چەند لاپەڕەیەکدا. (١١٢) پارچە شیعر. ئەگەر چی



وێنەی ئارامگەی حەزرەتی بێسارانی لە گوندی مەحموداوای سەربە سەوڵاوا – سنە

نووسەر بە هەڵە دەڵێت سەرجەم شیعرەکان (١١٣) پارچە شیعرن. کۆی دێڕەکانی ئەم کۆمەڵە شیعرە (٦٦٨) دێڕن. بە پێی پیتی سەرەتای دێڕی دەستپێک (مطلع) بەم جۆرەن:

ئەلیف: ٦ پارچە، ب: ٦ پارچە، پ: ٤ پارچە، ت: ٥ پارچە، ج: ٤ پارچە، چ: ٦٩ پارچە، ح: ١ پارچە، خ: ٤ پارچە، د: ٤ پارچە. لەم کۆمەڵەیە (٣) پارچە شیعریان هیی بێسارانی نین و بە هەڵە دراونەتە پاڵی بێسارانی.٥

شوێن و ساڵی چاپ: کۆماری عێراق، ئەمینداریێتیی گشتیی ڕۆشنبیری و لاوان. مطبعه الادیب البغدادیه ١٩٨٢.

٢-دیوانی بێسارانی.

لێکۆڵینەوە و لێکدانەوە: حەکیم مەلا ساڵەح، پێداچوونەوە: حسین سبحانی.

ناوەڕۆک: بێسارانی، بێسارانی و شیعری ڕۆمانتیک، کارتێکردنی لەسەر مەولەوی، ئەو سەرچاوانەی کە سودیان لێ وەرگیراوە، سەرجەم شیعرەکان (٣٠٢) پارچە شیعرن. بە پێی پیتی سەرەتای دێڕی دەستپێک (مطلع) بەم جۆرەن: ئەلیف: ٢٠ پارچە، ب: ٨ پارچە، پ: ٦ پارچە، ت: ٩ پارچە، ث: ١ پارچە، ج: ٥ پارچە، چ: ٧٨ پارچە، ح: ٢ پارچە، خ: ٧ پارچە، د: ٣٢ پارچە، ر: ٨ پارچە، ز: ١٣ پارچە، س: ١٢ پارچە، ش: ٢٥ پارچە، غ: ١ پارچە، ق: ١٧ پارچە، ک: ٣ پارچە، گ: ٢ پارچە، ل: ١ پارچە، م: ١١ پارچە، ن: ٨ پارچە، و: ٩ پارچە، هـ:٨ پارچە، ی: ١٧ پارچە. لەم کۆمەڵە شیعرە (٣٥) پارچە شیعر هیی بێسارانی نین و بە هەڵە دراونەتە پاڵی بێسارانی.٦

وێنەی پەیکەری شاعیر، واتای وشەکان، پوختەی واتای شیعرەکان خراونەتە ڕوو و وێنەی چوار



**وێنەی خەیاڵیی بێساران، کە لەلایەن هونەرمەند بەدیع باباجانەوە کێشراوە**

لاپەڕەی دەستنووس خرانەتە ڕوو.

شوێن و ساڵی چاپ: بڵاوکار: کتاب مهرگان – سنه ١٣٧٥ هەتاوی (١٩٩٦ز).

٣-دیوانی بێسارانی لە دووتوێی کەشکۆڵە شیعرێکی کوردی ((گۆرانی)) دەستنووسی ژمارە Or. ٦٤٤٤ی کتێبخانەی بریتانیا.

گردکۆیی: شێخ عەبدالمؤمنی مەردۆخی (١٧٩٧ – ١٧٣٩).

ساغکردنەوە و سەرەتا و پەراوێزنووسینی: ئەنوەری سوڵتانی

ناوەڕۆک: وێڕای هەموو شیعرەکانی ناو کەشکۆڵەکە، نزیک ٢٧٠ پارچە شیعری بێسارانی لەم کەشکۆڵە هاتووە، کە نزیکە لە کۆی دیوانەکەی. لەم کەشکۆڵەدا ناونیشان بۆ شیعرەکان دانراون، کە بەم جۆرەن: پائیزیات، چراخیات، یاران یاران، دڵەدڵە، ئەمشەویات، شیرینیات، زوڵەیخائیات. وێنەی هەموو دەستنووسەکە دانراوە.

شوێن و ساڵی چاپکردن: تراستی سۆن بۆ

کوردستان لەندەن ١٩٩٨ چاپی یەکەم، بنکەی ژین سلێمانی ٢٠١٠ چاپی دووەم.

٤-دیوانی بێسارانی، هۆنراوە بەسۆزەکانی مەلا موستەفای بێسارانی

ئامادەکردن و لێکۆڵینەوە: صدیق صفی زادە.

ناوەڕۆک: بێسارانی و هۆنراوەکانی (١٠٥٣ – ١١١٤)، لە کۆتایی کتێبەکەدا بە زمانی فارسییش دایناوەتەوە. پەراوێزی نووسیوە، فەرهەنگۆکی بۆ (٤٠٠) وشە نووسیوە. سەرجەم شیعرەکان (٢٠٦) پارچە شیعرن. بە پێی پیتی سەرەتای دێڕی دەستپێک (مطلع) بەم جۆرەن: ئەلیف: ١٥ پارچە، ب: ٧ پارچە، پ: ٧ پارچە، ت: ٥ پارچە، ج: ٧ پارچە، چ: ٧٤ پارچە، خ: ٦ پارچە، د: ٣٠ پارچە، ر: ٨ پارچە، ز: ١٠ پارچە، س: ١٣ پارچە، ش: ٢١ پارچە، ط: ٤ پارچە، غ: ١ پارچە، ق: ١٩ پارچە، ک: ٢ پارچە، گ: ٢ پارچە، م: ١٠ پارچە، ن: ٨ پارچە، و: ٧ پارچە، هـ: ٧ پارچە، ی: ١٢ پارچە، ح: ٢ پارچە، ل: ١ پارچە. لەم کۆمەڵەیە (١٦) پارچە شیعر هیی بێسارانی نین و بە هەڵە دراونەتە پاڵی بێسارانی.٧

شوێن و ساڵی چاپ: انتشارات کردستان – سنە ١٣٨١ (٢٠٠٢ز).

وەکوو سەرچاوە سوودی لە دەستنووسی



**نووسەر لە خزمەتی ئارامگەی حەزرەتی بێسارانیدا ساڵی ٢٠١٨ز**

دیوانی بێسارانی بە دەستخەتی سالمی سنە ١٣١٨ی کۆچی، وەرگرتووە. هەروەها وێنەی خەیاڵی لەسەر بەرگ و لە لاپەڕە ٢٠ دانراوە کە بەرهەمی هونەرمەند بەدیع باباجانە.

٥-دیوانوو بێسارانی، مەولانا مەڵلا موستەفا (١١١٣ – ١٠٥٣ ک. م)

گلێرەوەکەردەی و لەیەکەوەدای: عەبدوڵڵا حەبیبی.

ناوەڕۆک: -بێسارانی و شێعرەکێش: بێسارانی کێ بییەن؟ تایبەتمەندییێ شێعرەکاو بێسارانی، دەسەبەشکەردەی شێعرەکاو بێسارانی، بێسارانی و عەشق و وەشەویسی، نامێ شێعریە (تەخەللوس)وو بێسارانی، ((مەولا)) و شاعێرا، کاریگەریی بێسارانی سەرو شاعێراوە، شێوازێوی تایبەت. -نوسخە دەسنویسەکێ و دیوانە چاپکریاکێ. لێکدانەوەی بە هەورامی بۆ شیعرەکان کردووە.

سەرجەم شیعرەکان: (٣١٠) پارچە شیعرن. بە پێی پیتی سەرەتای دێڕی دەستپێک (مطلع) بەم جۆرەن: ئەلیف: ٢١ پارچە، ب:١٢ پارچە، پ: ٦ پارچە، ت: ٧ پارچە، ج: ٥ پارچە، چ: ٨٠ پارچە، ح: ٢ پارچە، خ: ٨ پارچە، د: ٣٠ پارچە، ر: ٦ پارچە، ز: ١١ پارچە، س: ١١ پارچە، ش: ٢٨ پارچە، ق: ١٧ پارچە، ک: ٣ پارچە، گ: ٣ پارچە، ل: ٣ پارچە، م: ١٠ پارچە، ن: ١٠ پارچە، و: ١١ پارچە، هـ: ٩ پارچە، ی: ١٧ پارچە.

شوێن و ساڵی چاپ: انتشارات کردستان – سنە ١٣٩٥ (٢٠١٦ز).

وێنەی سەر بەرگ بەرهەمی هونەرمەند بەدیع باباجانە. ١٥ وێنەی دەستنووس

٦-دیوانی بێسارانی، مەولانا مەلا موستەفا (١١١٣ – ١٠٥٣ ک . م)

کۆکردنەوە و لێکۆڵینەوە و لێکدانەوە: عەبدوڵڵا حەبیبی، وەرگێڕانی لێکۆڵینەوە و لێکدانەوە و شەرحی شیعرەکان بە سۆرانی: مەهدی فەللاحی ڕۆستەمان (سەرمەس).

شوێن و ساڵی چاپ: بڵاوکراوەی کوردستان، سننج کردستان ١٣٩٩ (٢٠٢٠ز)

**شیعرێکی بێسارانی لە دەستنووسێکدا:**

دەستنووسی ژمارە (٣٠٧١٠٥) لە کتێبخانەی (مجلس شورای اسلامی) بریتییە لە کەشکۆڵێک کە کۆمەڵێک بابەتی جۆربەجۆر لەخۆ دەگرێت لە بواری ئاینی و عیرفانی و هۆنراوەدا. شیعر بە زمانەکانی فارسی و عەرەبی و کوردی (گۆرانی، کرمانجی و سۆرانی)ی تێدایە. نموونەی شیعرە کوردییەکان:

١-لاپەڕەیەکی هۆنراوەی موناجات، کە بەشێکە لە چامەیەکی (٧٠) دێڕیی دەروێش مستەفا (قوتبی شام) (سەدەی ١٨ز): بە زاری سۆرانی ل: ٢٧.

٢-شیعرێکی عەلی حەریری بە ناوی (سوڵتان موحەممەد موستەفا): بە کورمانجی، چەند دێڕێکی لێ کەوتووە. وێڕای سێ شیعری وی بە زمانی فارسی.

٣-شیعری (چراخم کەردم): بە زاری گۆرانی ل: ١١٧.

٤-دوو شیعری شێخ شەهابەدین: بە زاری سۆرانی ل:١١٧ و ١١٨.

٥-شیعرێکی کارێزی: موکریانی ل: ١٢٠.

٦-دوو شیعری بێسارانی ل: ١٢١.

٧-شیعری پێنجخشتەکی (سەودایی) لەسەر شیعری (جودایی): بە کورمانجی ل: ١٢١ و ١٢٢.

٨-شیعرێکی دەروێشانە: بە سۆرانی، تاکوو ئێستا بڵاو نەکراوەتەوە.

**شیعرەکەی بێسارانی:**

وەکوو ئاماژەم پێ دا، لەم کەشکۆڵەدا دوو شیعری بێسارانی هاتووە. شیعری یەکەم هەشت دێڕە، بەڵام مخابن چوار دێڕی کە کەوتووەتەوە بە هۆی ئەوەی لێواری پەڕەکە شێواون. شتێکی وای لێ ناخوێنرێتەوە و ناوی شاعیریشی لەسەر بوو بێت، کەوتووە و نەماوە. بەڵام شیعری دواتر کە لەسەری نووسراوە «ولە» و بە سەرەتای (چراخ دێوانە) دەست پێ دەکات، بە پێی دیوانە چاپکراوەکەی بێسارانی لە کۆکردنەوەی مامۆستا عەبدوڵلا حەبیبی، شیعری بێسارانییە. ئەمەش ئەوە دەردەخات کە شیعرەکەی پێشوو، هیی بێسارانییە، چونکە دەستەواژەی (ولە)، واتە دیسانەوە هیی ئەو؛ خاوەنداریێتیی بێسارانی بۆ شیعرەکە دەسەلمێنێت.

ئەمەش دەقی شیعرەکەی بێسارانی، کە چوار دێڕی سەرەتای لێ کەوتووە و بۆ یەکەم جارە بڵاو دەکرێتەوە:

**[یەق]ین مەزانوو گوناکارەنان**
**[عاق]بەت کوشتەی سەنگ سارەنان**
**یەقین مەزانوو تەقسیریم کەردەن**
**حەڵقەی جەو تەناف وزەم نە گەردەن**
**کەرۆم بە داردا چون گونەهکاران**
**تا کە عێبرەت بوو پەی رووزگاران**
**سا ئەگەر مەندەن دڵ بەو چارەوە**
**لازم مەنیشۆ بەو قەنارەوە**

لە پاش ئەم شیعرە، بە دەستەواژەی (ولە) شیعری (چراخ دێوانە) دێت و وەکوو باسمان کرد ئەم شیعرە هیی بێسارانییە و لە دواچاپی دیوانەکەیدا هاتووە:

**١-چراخ دێوانە چراخ دێوانە**
**دڵ پەی زڵف تو بییەن دێوانە**
**٢-وەختێ مەکەری زڵفت بە شانە**
**یەکتا بۆ بە عشق تەکتای یەگانە**
**٣-بەدەر پەی زەنجیر دڵەی مەجنوون خۆ**
**پەرێ دێوانان زەنجرێ مەبۆ**
**٤-حاجەتێ نیەن بە تۆ ستەم بۆ**
**با تایێ جە کۆی کلافەی کەم بۆ**
**٥-تا کەی دڵ پەی زڵف تۆ دێوانە بۆ**
**گیان من قوربان پەنجە و شانە بۆ٨**

جیاوازیی ئەم دەستنووسە لەگەڵ چاپەکەیدا:

لە دێڕی دووەمدا: (وەختێ) بە (ئەوسا) هاتووە و (یەکتا بۆ) بە (یەک تایێ) هاتووە.

لە دێڕی چوارەمدا: (با تایێ جە کۆی) بە (یەک تایێ جە زڵف) هاتووە.

لە دێڕی پێنجەمدا: (تا کەی) بە (با وەس) هاتووە.

پەراوێز و سەرچاوەکان:


١-کەشکۆڵە شیعرێکی کوردیی گۆرانی، ساغکردنەوە و سەرەتا و پەراوێزنووسینی: ئەنوەری سوڵتانی، چاپی دووەم، لەندەن ١٩٩٨، ل: ٣٤٢.

٢-دیوانی ڕەنجووری، مەلا عومەری زنگەنە، محەمەد عەلی قەرەداغی، چاپی یەکەم، بەغداد ١٩٨٢، ل: ٧١.

٣-دیوانی حاجی قادری کۆیی، لێکۆڵینەوەی: سەردار میران و کەریم شارەزا، سنە ١٣٩٠، ل: ٢٢١.

٤-دیوانی مەولەوی، مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس، جیهانی زانیاری – هەولێر، ل: ٥٢٢.

٥-دیوانوو بێسارانی، گلێرەوەکەردی و لەیەکەوەدای: عەبدوڵلا حەبیبی، چاپی یەکەم، انتشارات کردستان – سنە ١٣٩٥، ل: ٨٨

٦-هەمان سەرچاوە، ل: ٨٩

٧-هەمان سەرچاوە، ل: ٩٠

٨-دیوانی بێسارانی، مەولانا مەلا موستەفا (١١١٣ – ١٠٥٣ ک . م) کۆکردنەوە و لێکۆڵینەوە و لێکدانەوە: عەبدوڵلا حەبیبی، وەرگێڕانی لێکۆڵینەوە و لێکدانەوە و شەرحی شیعرەکان بە سۆرانی: مەهدی فەللاحی ڕۆستەمان (سەرمەس) بڵاوکراوەی کوردستان – سنندج ١٣٩٩، ل: ٢٣٢ و ٢٣٣.


هەواڵنامەی کتێب

# کاروان عوسمان

## دەنگێک، هەڵقوڵاوی سروشتە جوانەکەی شارباژێڕ



ئا: ئازاد تەها عەلی

٣٣ ساڵە کاروان جێی هێشتووین، بەڵام وەک ئەوە وایە دوێنێ بێت و ئێستاش هەموو گۆرانییەکانی بە زیندوویی ماونەتەوە و نەوە دوای نەوە بۆ یەکتری دەسەننەوە. کاروان لە سەردەمێکی زۆر دژوار و نالەباردا نوێخوازییەکی مەزن لە گۆرانیی کوردیدا دەهێنێتە ئاراوە، نوێخوازییەک کە بە هەموو مانایەک شۆڕش بوو.

٢٣ ساڵ تەمەن بەس بوو بۆ کاروان کە ببێتە ژمارەیەکی گەورە جگە لە هاوتەمەنەکانی خۆی بە دەیان هونەرمەندی دیکە ئەمڕۆشی لەگەڵدا بێت گۆرانییەکانی دەڵێنەوە. کاروان ڕۆیی بەڵام دوای خۆی گەنجینەیەکی گەورەی جێ هێشت بۆ کورد.

کاروان عوسمان توفیق، ناسراوە بە کاروان عوسمانی گۆرانیبێژ و مۆسیقاژەنی بە توانای کورد لە (١-٧-١٩٦٨) لە گەڕەکی ئیبراهیم پاشای شاری سلێمانی لەدایک بووە، کاروان ئەگەرچی لە شاری سلێمانی لەدایک بووە بەڵام بنەچەیان دەگەڕێتەوە بۆ گوندی نۆدێی شارباژێڕ و باوکی کاروان کوڕەزای حاجی شێخ محەمەدی نۆدێیە. کاروان لە ساڵی ١٩٨١ ڕووی لە جیهانی مۆسیقا کردووە و بە ئامێری کەمانچە دەستی پێ کردووە، دواتر دەستی داوەتە ئامێری عوود و لە ساڵی١٩٨٦ دا لە ڤیستیڤاڵێکدا لە عێراق لە شاری بەغدادی پایتەخت پلەی یەکەمی لە ئامێری عووددا بەدەست هێناوە لەسەر ئاستی

هەر ١٨ پارێزگاکەی عێراق. لە کۆتاییشدا دەستی داوەتە ئامێری گیتار و بەم ئامێرە زۆرینەی گۆرانییەکانی تۆمار کردووە. یەکەم گۆرانیی کە خۆی پێ ناساندووە گۆرانی (ئاهێک ناسراو بە (وەرە لام) بووە، کە لە ساڵی ١٩٨٧ بۆ تەلەفزیۆن تۆمار کراوە، ئاوازی ماملێ و هۆنراوەی سیروان حەمە ڕەشید بووە. بەشێک لە گۆرانییەکانی کاروان ڕۆمانسی بوون، زۆرینەی گۆرانییەکانی تری کوردپەروەرانە بوون و دژی ڕژێمی بەعسی ئەوکات بوون و باسی کێشەکانی کۆمەڵگای کردووە.

کاروان عوسمان لە ساڵی ١٩٦٨ لە گەڕەکی ئیبراهیم پاشا لەدایک بووە. خوێندنی سەرەتایی لە قوتابخانەی بێخود تەواو کردووە. ساڵی ١٩٨٤–١٩٨٥ خوێندنی ناوەندی تەواو کردووە و فۆرمی بۆ پەیمانگای هونەرە جوانەکان پێشکەش کردووە، بەڵام وەرنەگیراوە. دواتر چووەتە ئامادەیی کشتوکاڵ لە بەکرەجۆ و ساڵی ١٩٨٨ تەواوی کردووە.

لە تەمەنی ١٣ ساڵیدا، لەسەر دەستی مامۆستا ولیەم یوحەننا دەست دەکات بە خوێندنی مۆسیقا و لە چالاکیی قوتابخانەکاندا بەشداری دەکات. پاش چەند ساڵێک دەچێتە لای جەمال سابیر و ئیبراهیم سابیر و کوردە سابیر و لە لای ئەوان پەرە بە تواناکانی دەدات، کامەرانی برای دەڵێت : (کاتێک باوکم کۆچی دوایی کرد، ئەو کاتە کاروان لە ماڵ نەبوو، کاتێک گەڕایەوە ئێمە لە مزگەوت خەریکی شۆردنی تەرمی باوکم بووین. دواتر کاروان هۆنراوەی (گەڵاوەرینی پاییز)ی بۆ مردنی باوکم نووسی و ئاوازی بۆ دانا و بوو بە گۆرانی و بڵاوی کردەوە .

لە ساڵی ١٩٨٧ لەگەڵ کەمال محەمەددا کاسێتێک بڵاو دەکەنەوە بە ناوی (نائومێدی)، کاسێتەکە



گیتارژەنینی کاروانیشی تێدایە و تێیدا لەگەڵ کەمال محەمەد دا چەند گۆرانییەکیان پێکەوە وتووە. لە ساڵی ١٩٨٨دا، لەگەڵ دوو هاوڕێیدا حەمید بانەیی و ڕەزا، گۆرانییەک بە ناوی (بێنە پێش چاو) تۆمار دەکەن و بڵاوی دەکەنەوە. دەقی گۆرانییەکە لە گۆرانیی (ئیماجن) ی جۆن لێنۆنەوە وەرگێڕراوە، بە هۆی سروشتی شۆڕشگێڕانەی گۆرانییەکەوە، گۆرانییەکە بە تەواوی سانسۆر دەگرێت.

پێش دەستگیرکردنی کاروان نامەیەک دەنێرێت بۆ سیروان حەمەڕەشید، کە تێیدا نووسیبووی : (لەگەڵ کەمال محەمەد سەرقاڵی بەرهەمێکم کە چەند هۆنراوەیەکی سیاسیی تێدایە و چاوەڕوانی ئەوە دەکەین دوای بڵاوبوونەوەی ڕژێم گەرمان تێ بئاڵێنێت، بۆیە دوای بڵاوبوونەوەی دەچینە ئێران .

**دەستگیرکرن و لەسێدارەدان**

لە١-١٢-١٩٨٩ پۆلیس دێتە سەر ماڵی کاروان بۆ دەستگیرکردنی، بەڵام کاروان ئەو کات بە هۆی سەربازییەوە لە ماڵ نابێت، کە دێتەوە دایکی پێی دەڵێت پۆلیس هاتوون و هەواڵیان پرسیوە. کاروان خۆی دەچێت بۆ بنکەی پۆلیس تا بزانێت چییە و لەوێ یەکسەر بە تۆمەتی کوشتنی هاوڕێیەکی لە ٢١-١٢-١٩٨٩ دەستگیر دەکرێت. ڕۆژی دواتر دایکی و براکەشی دەسگیر دەکرێن و دەبرێن بۆ کەرکووک و پاشان دەبرێنە چەمچەماڵ. لە زینداندا زۆر ئەشکەنجە دەدرێت تاکوو دان بە تاوانەکەدا بنێت. دوای ئەوەی کاروان بۆی دەردەکەوێت کە ناتوانێت ئازاد ببێت بە کامەرانی برای دەڵێت، کە گیتارەکەی و تۆمارکەرێکی بۆ بهێنێت. لە ناو زینداندا دوو کاسێت پڕ دەکاتەوە، کاسێتی یەکەم دەنێرێت بۆ تیپی مۆسیقای کۆژین و کاسێتی دووەم لای براکەی دەمێنێتەوە. سێ ڕۆژیش پێش لەسێدارەدانی دەستنووسێک دەنێرێت بۆ شاعیر (محمد عومەر عوسمان ) بە ناوی (پاڵتۆ) ەوە کە بەشێک بووە لە چەند پەخشانێکی بڵاونەکراوە بە ناوی (گیتارێکی پرچسپی) .

لە٢٩-٩-١٩٩١ کامەرانی برای دەچێت تاکوو سەردانی بکات، کاروان بە پۆلیسەکانی وت: با ئەم کوڕە (کامەران) بۆ ماوەی چارەکێک لەگەڵم بمێنێتەوە. کۆمەڵێک شتی لای خۆی هەبوو دای بە من و وتیشی: ( کامەران ڕەنگە کاژێرێکی تر تەرمەکەی من ببینیت، بەڵام زۆر دڵنیام لەوەی کە من پیاوکوژ نەبووم) دواتر لە زیندانی ئەبوغرێب لە سێدارە دەدرێت و لە گردی سەیوانی شاری سلێمانی دەنێژرێت.

کاروان عوسمان حەزی بە دەنگی حەمە ساڵح دیلان، تایەرتوفیق، محمد ماملێ و ڕەفیق چالاک بووە و لە فارسییشدا زۆر حەزی لە دەنگی داریوش بووە و زۆر کاریگەری هەبووە لە سەری، وەک کامەرانی برای دەڵێت: (داریوش زۆر کاریگەری لەسەری هەبووە و کاری تێ کردووە، تەنانەت لە ڕووی ئەداکردنیشەوە).



**بەرهەمەکانی:**

ئاهێک ١٩٨٧


مۆمێکی تری تەمەنم ١٩٨٨

سەبارەت بە یادگارییەکانیشی کامەرانی برای دەڵێت: دواجار لە زیندان کە بینیم چەند شتێکی دامێ وەک یادگاری لام ماون، کە بریتین لە : ( زنجیرێک، مستیلەیەک، سەعاتێک)

ماوەتەوە بڵێم ئەم هونەرمەندە جگە لەوەی گۆرانیبێژ و مۆسیقاژەن بووە، تێکستی زۆر لە گۆرانییەکانی خۆی نووسیویەتی.

سەرچاوەکان:
١-ویکیپیدیا (کاروان عوسمان) .
٢-پەیوەندیی تەلەفۆنیی نووسەر لەگەڵ کامەران عوسمان.
٣-بەرنامەی نێت گرام لە نێت تی ڤی -چاوپێکەوتن لەگەڵ کامەران عوسمان.
٤- راپۆرتی بەرنامەی ئەڤین ژن و ژیان لە کەناڵی نێت تی ڤی.
٥- راپۆرتی کەناڵیKNN بە ناوی (گیتارێکی تەنیا) چاوپێکەوتن لەگەڵ کامەران عوسمان و چەند هونەرمەندێک.

# ئێزدییەکان کوردن ئێمەین مامەڵەی کوردیان لەتەکدا ناکەین



سۆران حەمەڕەش

هەواڵنامەی کتێب

ئەم وتارەی کە لە خوارەوە دەیبینن، دوا بەدوای ڕەشەکوژیی ئێزیدییەکان لە شارۆچکەی حەمدانیە نووسراوە، کە لە ساڵی ٢٠٠٧ دا کرا و دواتر دەستکاری کراوە. ئەم ڕەشەکوژییە تا ئێستاکە زۆرینەمان ئاگاداری نین و ئەوە دووپات دەکاتەوە کە ئێمەین مامەڵەی کورد لەگەڵ ئێزدییەکاندا ناکەین.

چەند جارێک ئەم وتارەم لەسەر پەیجەکەم داناوە و ئەمڕۆ ویستم هەمان وتار بە تۆزێک دەستکارییەوە دابنێم، بەڵام کە پێشتر وتارەکەم داناوە، بینیومە دوو جۆر سەرنج لە لایەن خوێنەرەوە دانراون. یەکێکیان دەیگوت «جا ئەوان خۆیان بە عەرەب دادەنێن ئێمە بۆ داکۆکییان لێ بکەین» و هەندێکی تریان دەیانگوت «ئەوان کۆمەڵگەیەکی داخراون و خۆیان بە دوورەپەرێزی ڕاگرتووە بۆیە کەس لێیان ئاگادار نییە». بۆیە پێم باش بوو ئەمڕۆ سەرەتا وەڵامی ئەو سەرنجانە بدەمەوە و دوای ئەوە وتارەکە لە ژێرەوە دابنێمەوە.

پێش ئەوەی کە گفتوگۆ سەبارەت ئەو بۆچوونەی سەرەوە بکەم، دەبێت ئەوە بزانرێت بەڵگەی مێژوویی لە بەردەستدایە کە ڕوونی دەکاتەوە نزیکی دوو هەزار ساڵ لەمەوبەر و لە سەرەتای بڵاوکردنەوەی ئاینی کریستیان بە کوردستاندا، هەندێک لە شاگردە کریستیانەکان بە تایبەت ڕوویان کردووەتە ناو ئێزدییەکان و هەوڵی گۆڕینی ئاینەکەیان داون و لە هەمان ناوچەی شەنگاردا ئەوان گوزەرانیان کردووە. ئەم هەوڵانە لە سەرچاوەی تردا بەدی دەکرێت. بۆ نموونە شارۆچکەی بەتنایای سەر بە موسڵ

کە ئەمڕۆ کریستیانن، سەرچاوەکان دەڵێن کە لە بنەچەدا خەڵکەکەی ئێزدی بوون و دواتر کراون بە کریستیان. تەنانەت ناوی شارۆچکەکە دەگەڕێنرێتەوە بۆ (بیت مەدایا) واتا «شوێنی ماد» کە دواتر لەسەر زمان گۆڕاوە و کراوە بە (بەتنایا). ئێستاش پاشماوەی کڵێسای برایم مادی هەر لە شارۆچکەکەدا ماوە کە کەسایەتییەکی گرنگ و ناسراوی کریستیانی کوردی پێش ئیسلام بووە لە شارۆچکەکەدا.

ئاینی ئێزدی پاشماوەی هیچ ئاینێک نییە و بەو جۆرە نییە، کە هەندێک تاکی کورد لە ژێر سۆزی ناسیۆنالیستیدا بە بەشێک لە ئاینی زەردەشتی یان میترایی لە قەڵەم دەدەن. لە ڕاستیدا ئاینی ئێزدی ئاینێکی ڕەسەنی سەر خاکی کوردانە و ئاینێکی سەربەخۆیە، بەڵام بە هۆی دێرینییەوە، لە قۆناغی جیاوازدا کەوتووەتە ژێر کاریگەریی ئاینەکانی تری وەک جودایزم، زەردەشتی، ئیسلام، کریستیان... بەشێک لەو کاریگەرییە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە هەڵگرانی ئەم بیروباوەڕە کوردییە ڕەسەنە دێرینە، لە سەردەمی دێرینەوە بە مەبەستی مانەوە و خۆپاراستن و هێشتنەوەی ئاینەکەیان، میکانیزمی جیاواز بەکار دەهێنن بۆ مانەوە و خۆگونجاندن. یەکێک لەو هەوڵانەیان لە سەردەمێکدا بۆ نموونە قبووڵکردنی ئەو بۆچوونە بووە کە دەگەڕێنرێنەوە بۆ یەزیدی کوڕی معاویە و لە هەندێک سەردەمدا هەندێک جار ئێزدییەکان ئەمەیان وەک خۆپارستن بەکار هێناوە و تەنانەت هەندێک جار هەندێک کەسایەتیان دەڵێن ئێمە ئەسلمان عەرەبە. هەندێک جار ئەم هەوڵە بە شێوەیەکی تر ئایینە کەمینەکانی تریش دەگرێتەوە. بۆ نموونە هەندێک سەرکردەی یارسانەکان لە وڵاتی ئێراندا و لە قۆناغێکدا هەوڵیان داوە خۆیان بە نزیک لە شیعە دەربخەن بە مەبەستی خۆگونجاندن



ڕووداوەکە لە ئاسمانەوە

و خۆپاراستن لە ناو ژینگەی باڵادەستی شیعە لە وڵاتی ئێراندا. تەنانەت دروزەکانی سوریا و ئیسرائیل و لوبنان، کە هەتاوەکوو سەد ساڵ لەمەوبەر بە ئاشکرا باسیان لە کوردبوونی خۆیان دەکرد، ئەمڕۆ لەبەر ئەوەی کە لە هەموو لایەکەوە عەرەب لە دەوریانە، بۆیە بە مەبەستی خۆپاراستن دەڵێن عەرەبین.

لە ڕاستیدا مەرج نییە خۆبەعەرەبدانان هەر بۆ مەبەستی خۆپاراستن بووبێت، هەندێک جار ئەو هەوڵە لە لایەن هۆزی کوردییەوە بەکار هاتووە بۆ مەبەستی بەهێزکردنی دەسەڵات و سەلماندنی «ڕەسەنایەتی». مەیجەر سۆن لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا کاتێک دێتە کوردستان و بە ناو سێ هۆزی کوردیدا تێپەڕ دەبێت، دەڵێت کە هۆزی هەمەوەند و شوان و جافەکان لە ژێر کاریگەریی ئیسلامدا بنەچەی خۆیان بۆ عەرەب دەگەڕێننەوە و ئەوە لە لایەن تورکە سوننەکانیشەوە دەکرێت. لە ڕاستیدا شەرەفخانی بەدلیسی ئاماژە بە چەندین بنەماڵەی کورد دەکات کە بنەچەی خۆیان بۆ عەرەب دەگەڕێننەوە. هەروەها زۆرینەی شێخەکانی کوردستان بۆ مەبەستی قبووڵکردنی دەسەڵاتی ئایینیان لە ڕابردوودا خۆیان گەڕاندووەتەوە بۆ عەرەب.

هێنانەوەی ئەو نموونانەی سەرەوە بۆ ئەوە نییە کە هۆزێک یان خەڵکێک لەکەدار بکرێت لەبەر ئەوەی کە ئەوە لە سەردەمێکدا باو بووە، بەڵکوو مەبەست لەو بەڵگانە بۆ ئەوەیە کە ئەو ڕاستییە بخرێتە ڕوو کە ئەو دیاردەیە بۆ مەبەستی جیاواز و لە سەردەمی جیاودا لە لایەن گرووپی جیاوازەوە بەکار هاتووە. وەک لە نموونەکاندا بینرا، ئەمە تەنیا لە لایەن کوردەوە نەکراوە و لە لایەن هەندێک لە تورکەکانیشەوە کراوە و بگرە بە دەیان بەڵگەی مێژوویی هەیە کە ئەو هەوڵە لە لایەن چەندین نەتەوەی ترەوە بەکار هاتووە. بۆ نموونە هەتاوەکوو سەرەتای سەدەی ڕابردوو زۆر جار هەندێک لە ئینگلیزەکان بۆ سەلماندنی ڕەسەنایەتییان بنەچەی خۆیان دەگەڕاندەوە بۆ نۆرمانیدەکان کە ئەوان ئینگلیز نەبوون. یان کە گۆردیان کرایە ئیمبراتۆری ڕۆم، بەپەلە بنەچەیەکی ڕۆمیان بۆ دروست کرد بۆ ئەوەی کە خەڵک نەڵێن پاشای ڕۆم لە ڕەگەزی ڕۆم نییە. بۆیە پێش ئەوەی کە بەپەلە حوکم بەسەر ئەو خەڵکانەدا بدەین، دەبێت سەرچاوەکە بخوێنینەوە و تێبگەین کە بۆ ئەو دیاردەیە هەبووە لە بری ئەوەی کە بە تاوانبار لە قەڵەمیان بدەین.

دەبێت ئەوە بزانین کە ئێزدییەکان لە لایەن کورد خۆیەوە لە ڕابردوودا ڕەشەکوژ کراون و هەمیشە لە سەر خاکی خۆیان و لە ناو ماڵی خۆیاندا لە ژێر مەترسیدا ژیاون، بۆیە وەک هەوڵێک بۆ خۆپاراستن و هێشتنەوەی فەرهەنگ و ئاینەکەیان لە ناو ژینگەیەکی نادۆستدا، هەندێک جار خۆیان بە عەرەب داناوە و زۆر جار وەک کۆمەڵگەیەکی داخراو دەردەکەون. ئەوەی کە ڕوونە ئەوان ئاینەکەیان بە زمانی کوردییە و هیچ گومانێک نییە لە کوردبوونیان، بەڵام ترس



و دڵەڕاوکێ لە ڕەشەکوژی و بەشەیتانپەرست لەقەڵەمدانیان لە لایەن موسوڵمانانەوە وای کـردووە کە هەموو جۆرە ئامرازێک بەکار بهێنرێت بۆ خۆپاراستن و هەندێک جار ئەو هەوڵەیان بووەتە هۆی تێنەگەیشتن لە کۆمەڵگەکە و شاردنەوەی ڕاستییەکان سەبارەت بە بنەچەی ئاینەکەیان. بۆیە ئەوە ئەرکی کۆمەڵگەی کوردییە کە ژینگەیەکی گونجاو و ئارام و سەلامەتیان بۆ دروست بکات و تێیدا ئەوان هەست بە هاوڵاتیبوون و یەکسانی بکەن و چی تر هەست بەوە نەکەن کە ژیانیان لە ژێر مەترسیدایە.

ئەمەی خوارەوە وتارەکەیە کە چەند ساڵێک لەمەوبەر لەسەر پەیجەکەم دامنا:

لە ساڵی ٢٠٠٧ و لە ١٤مانگی هەشت دا، بەیانی کە لە خەو هەستام سەیری ماڵپەڕی بی بی سی-م کرد، بینیم سەردێڕی ماڵپەرەکە تەقینەوەیەکە لە شارۆچکەیەکی ئێزدییەکان ڕووی داوە و بی بی سی و زۆر لە کەناڵە جیهانییەکان بایەخێکی تەواویان بە بابەتەکە دابوو و لای هەموویان سەردێڕی هەواڵەکان بوو. هۆکارەکەشی ئەوە بوو کە بە پێی مانگی سووری عێراقی، ئەو تەقینەوەیە بووبووە هۆی شەهیدکردنی نزیکی هەشت سەد کەسی ئێزدی و برینداربوونی نزیکی هەزار و پێنج سەد کەسی تر و کارەساتەکە زۆرترین قوربانی لێ کەوتبووەوە. پاش چەند سەعاتێک کەناڵی تەلەفزیۆنی بی بی سی، بەشی جیهانی و بەریتانی بانگهێشتیان کردم بۆ ژووری دەنگوباس و ڕاستەوخۆ لە دوو بەشی تەلەفزیۆنی بی بی سیی بەریتانی لەسەر ئێزدییەکان و تەقینەوەکە لێدوانم لەگەڵدا کرا. هەر کە لە چاوپێکەوتنەکە تەواو بووم، دەستبەجێ پەلەم بوو و عەوداڵی دەنگوباسی تر بووم و چوومە سەر ماڵپەڕە کوردییەکان بە هەموو ڕەنگەکانەوە، بەو نیازەی کە زیاتر سەبارەت ئەو کارەساتە دڵتەزێنە بزانم. بەڵام کە سەیری ماڵپەڕە کوردییەکانم کرد نائومێدی دایگرتم و ئەوەی کە بینیم واقی وڕمانم. ئەو ڕووداوە لە ماڵپەرە کوردییەکاندا وەک هەر هەواڵێکی ئاسایی تر، کە لە وڵاتێکی تری دوور لە کوردستان ڕووی دابێت باس کرابوو. بە ڕاستی ڕەفتارکردنی کۆمەڵگە و میدیای کوردی، نائومێدییەکی زۆری لە لام دروست کرد. لە بەریتانیا کە هەزاران کیلۆمەتر لە کوردستانەوە دوورە، ئەو بابەتە ببێتە سەردێڕی هەواڵ، کەچی نزیکی هەشت سەد کوردی ئێزیدی لە دوو شارۆچکەی کوردیدا شەهید بکرێن و میدیای کوردی تا ڕاددەیەک لێی بێ باک بێت!

هەموو ساڵێک چاوەڕوانم کە میدیا و کۆمەڵگەی کوردی بەگشتی بە ڕەنگە جیاوازەکانییەوە ئاوڕێکی تەواو لەو کارەساتە گەورەیە بداتەوە و یادەوەری بۆ بکات، بەڵام وەک ساڵانی تر ئێزدییەکان نائومێد دەکرێن و دیسان ئەو ڕۆژە دەڕوا بێ ئەوەی کە کەسمان بیر لە قوربانیدانی ئەو هاوڵاتییە ئێزدییانە بکەینەوە. سەرەڕای ئەوەی کە ئەم کۆمەڵگە کوردییە بە درێژایی مێژوو بە هێز و توانای خۆیان توانیویانە بەشێک لە ئاین و فەرهەنگی کوردی دێرین بپارێزن و گەورەترین باج بدەن لە پێناو ئەو ئامانجەدا. بە داخەوە ئەم ساڵانەی دوایی، نەهامەتیی مێژوویی ئێزدییەکان، کارەساتێکی تری هاتە پەنا، کە ئەویش ئەو ئەنفالەیە کە داعشییەکان بەرانبەر ئەم کوردانە کردوویانە و هێشتا ئاکامی لەسەر ئەو کۆمەڵگەیە ماوە.

ئەم نائاشنابییەی کۆمەڵگەی کوردی هەر لە خۆیەوە سەری هەڵنەداوە، میدیا و کۆمەڵگەی کوردیی باشوور بەگشتی، تەنیا مامەڵە لەگەڵ

ڕووداوەکانی سێ شارەکانی سلێمانی، هەولێر و دهۆک وەک ڕووداوی کوردستانی دەکات بۆ نموونە، لە ڕۆژی یادەوەریی بۆردومانی قەڵادزێدا، هەموو ساڵێک میدیا و کۆمەڵگەی کوردی بەگشتی چەند ڕۆژێک سەبارەت بەو بابەتە ئەدوێ و یادەوریی گەورە بۆ ئەو کارساتە بەڕێوە دەچێت. لە کاتێکدا کە بە پێی سەرچاوەکان لە بۆردومانەکەی قەڵادزێدا ١٦١ کەس کوژراون و لە کارەساتی ڕەشەکوژیی ڕۆژی ٢٠١٣/٨/١٤ ئێزدییەکاندا نزیکی ٨٠٠ کەس کوژراوە و ئەوە بە نزیکی دەکاتە یەک لەسەر شەشی قوربانییانی کارەساتی هەڵەبجە. کەچی هەتاوەکوو ئەمڕۆ نە یادەوەریی ئەو کۆمەڵکوژییەی ئێزیدییەکان دەکرێتەوە و نە کۆمەڵگەی کوردی بە هەموو ڕەنگە جیاوازەکانییەوە ئاماژەی پێ دەکات. مرۆڤ دەکەوێتە پرسیار؛ ئایا کۆمەڵگەی کوردی خەڵکی قەڵادزێ بە کورد دادەنێ و کوردی ئێزدی لەبەر ئەوەی کە کەوتوونەتە ناوچە سنوورییەکانەوە یان ئاینێکی کوردیی تایبەتیان هەیە، ئەوان بە کورد دانانێ؟

زۆربەی جار وا دەردەکەوێت کە کۆمەڵگەی کوردی مامەڵەیەکی کوردانە لەگەڵ ڕووداوەکان نەکەن و بەگشتی ڕووداوەکان ئەگەر لە سێ پارێزگاکە تێبپەڕێت یان خەڵکانی سەر بە ئاینێکی دەرەوەی ئیسلام بگرێتەوە، وەک بابەتێکی کوردی مامەڵەی لەگەڵدا ناکرێت، کەچی لە وتارە ڕەنگاوڕەنگەکاندا هەموو ڕۆژێک ئێزدییەکان بە کوردی ڕەسەن لە قەڵەم دەدرێن بێ ئەوەی کە ئاگاداری ناخۆشییەکانیان بین.

کۆمەڵگەی ئێزدی بە گشتی کەوتوونەتە کەنارەوە و پشتگوێ خراون. مرۆڤ لە شارەکانی کوردستاندا دەبینێت زۆرێک لەو ئیشانەی کە موچەیان کەمن، لە لایەن لاوی ئێزدییەوە دەکرێن. زۆرێک لە کاری چێشتخانەکان و باخی دەوڵەمەندەکان بە ئێزدییەکان دەسپێررێت. هەرچەندە ئامارێکی زانستی لە ئارادا نییە کە پشتی پێ ببەسترێت، بەڵام بە ڕوونی دەردەکەوێت کە ئاستی خوێنەواری لە ناو ئێزدییەکاندا زۆر نزمە و لە ئەنجامدا هەلی کاری باش بۆ ئێزدییەکان لە ئاستێکی باشدا نییە و کۆمەڵگەی ئێزدی بوونەتە چینێکی داماوی دابڕاو لە کوردستاندا و بەگشتی لە ئاستێکی دارایی و کۆمەڵایەتیی نالەباردا دەژین. دەرئەنجامەکەشی ئەوەیە کە پێویستی ئێزدییەکان و تەنانەت کارەساتە گەورەکانیشیان وەک ژیانیان لە لایەن هەموومانەوە پشتگوێ خراوە.

سەرەڕای ئەو باجە قورسەی ئەم کۆمەڵگەیە داویەتی بۆ پاراستنی بەشێک لە فەرهەنگ و ئاینی کوردی دێرین، کەچی ئێزدییەکان بە شێوەیەکی بێمانا پشتگوێ خراون و ئەم پشتگوێخستنە گەیشتووەتە ئاستێک، تەنانەت ڕەشەکوژییەکانیشیان وەک ڕەشەکوژی و کارەساتی کوردی مامەڵەی لەگەڵدا ناکرێت و کەسمان بیر لەوە ناکەینەوە کە یادی ڕەشەکوژییەکەی ڕۆژی ١٤/٨/٢٠٠٧ بکەینەوە و لە ئەنجامدا ئەم کۆمەڵگەیە بووەتە کۆمەڵگەیەکی پشتگوێخراو و ئەندامانی ئەم کۆمەڵگەیەش هاووڵاتی پلەدووی کوردستان. هیوام وایە لە دوای ئەم کارەساتەی شنگارەوە هوشیارانەتر لە ئێزدییەکان بڕوانین و زیاتر لەم بەشە پشتگوێخراوەی کۆمەڵگەکەمان بگەین. لە هەمووی گرنگتر، پێش ئەوەی کە دوا لەوان بکەین کە بڵێن کوردین، دەبێت ئێمە مامەڵەی کوردی لەگەڵ خۆشی و ناخۆشییەکانیاندا بکەین.

هەواڵنامەی کتێب

# ئاسیا تۆفیق وەهبی
# ئەستێرەیەکی گەشە لەئاسمانی ئەدەب و فەرهەنگی کوردیدا



داناز عەبدولڕەحمان - سوید

ئاسیا تۆفیق وەهبی ژنێکی ڕۆشنبیر و چالاکی بواری مافەکانی ژنان بوو لە عێراقدا، کە جێدەستی لە دامەزراندنی یەکەم ڕێکخراوی ژناندا دیارە، لەو ڕێگەیەوە هەوڵی داوە زۆرینەی مافە زەوتکراوەکانی ژنان بگەڕێنێتەوە.

بۆیە یەکەمین ژنی کوردە کە توانیی ببێتە سەرۆکی یەکێتیی ژنانی عێراق، ئەو یەکێکە لە خانمە دیار و زرنگ و پێشەنگەکانی کورد لە ناو خاکی عەرەبدا، کە توانیی بەسەر هەموو ئەو کێشە و ئاریشانەدا زاڵ ببێت و باز بدات، کە ببوونە لەمپەر و بەربەست بۆ پێشڤەچوون و داواکارییەکانی ژنان. زۆر سەرسەختانە داخوازی لە مافی ژنانی کورد و عەرەب دەکرد.

خەمی سەرەکیی ئەو ژنە کۆکردنەوەی ژنانی وڵاتەکەی بوو لە چوارچێوەی ڕێکخراوێکی تۆکمە و ناوازەدا، کە ئامانج لێی بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاری و زرنگیی ژنانی عێراقی و کوردستان بوو لە دانانی پێگەیەکی یەکسان لەگەڵ ژنانی ڕۆژهەڵاتدا، بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکەیان، کاتێک یەکێتیی ژنانی عێراق لە مانگی ئازاری ساڵی ١٩٤٥ دامەزرا، ئەو سەرۆکایەتیی دەکرد و شانبەشانی هەموو ژنانی دیکەی عێراق، کە ڕۆڵێکی دیاریان لە بزووتنەوەی ژنانی مۆدێرنی عێراقدا هەبوو، لەوانە عەقیلە نوری ئەلسەعید، عەقیلە جەعفەر ئەلعەسکەری، عەقیلە عەبدولڕەحمان ئەلحەیدەری و عەقیلە شێخ ئەحمەد ئەلداود و خاتوو ئەسما سیدقی ئەلزەهاوی خوشکی شاعیر جەمیل سیدقی ئەلزەهاوی.

ئاسیا ڕۆڵێکی بەرچاوی هەبوو لە

بەرەوپێشبردنی ئاستی زانستی و کولتووری و هونەریی ژناندا، بۆ بەرەنگاربوونەوەی دیاردەی بەربڵاوی لەشفرۆشی لەو سەردەمەدا، کەمکردنەوەی ڕووداوەکانی جیابوونەوە، پێدانی منداڵ بە بەتواناترینی دایک و باوک، گرنگیدان بە تەندروستیی دایک و... منداڵ، کردنی پشکنینی پزیشکی بۆ ئەوانەی ئارەزووی هاوسەرگیری دەکەن، پێدانی بڕوانامەیەکی پزیشکی بۆ ئەوەی نیشان بدات کە دوورن لە نەخۆشی.

پرۆفیسۆر حەمید ئەلموتەبی لە "ئینسایکلۆپیدیای ناودار و زانایانی عێراقدا دەربارەی ڕۆڵی ئاسیا دەڵێت؛

"ئەو ژنە هەوڵی بردنەوەی مافی خاوەندارێتیی ژنانی داوە،

داوای بەخشینی منداڵ بە تواناترینی ئەو دوو دایک و باوکە دەکات لە حاڵەتەکانی جیابوونەوەدا بوون. داوای مافی سیاسی بۆ ژنان و پێدانی مافی هەڵبژاردنیان کردووە، هەروەها کاری کردووە بۆ وروژاندنی پرسە یاساییەکانی وەک مارەیی، ڕووداوەکانی جیابوونەوە و کاروباری کۆمەڵایەتیی دیکە لە ساڵی ١٩٤٥دا سەرۆکایەتیی لقی ژنانی کۆمەڵەی پاراستنی منداڵان بووە، سەرۆکی دامەزرێنەری کۆمەڵەی



ئاسیا تۆفیق وەهبی



ئاسیا تۆفیق وەهبی

بەرەنگاربوونەوەی نەخۆشییە کۆمەڵایەتییەکان بووە و ئەندامی کۆمەڵەی مانگی سووری ژنانی عێراقی بوو لە کۆنفرانسی نێودەوڵەتیی ژنان لە لاهور لە ساڵی ١٩٥٢، لە کۆنفرانسی فەرمانگەکانی فیدراسیۆنی ژنانی عەرەبیش لە بەغدا لە ساڵی ١٩٥٥، و دیمەشق ١٩٥٧، چەندین خەڵاتی زیو و زێڕ میدالیای دامەزراوە ناوخۆیی و عەرەبی و نێودەوڵەتییەکانی وەرگرتووە.

### «ژیاننامەی ئاسیا تۆفیق وەهبی»

لە ساڵی ١٩٠١ لە بەغدا لەدایک بووە، لە بنەچەدا کوردە باوکی «ڕیدا ڕیزەلی لی» بازرگان و پیاوێکی ڕۆشنبیر بووە، کە خەڵکی شاری سلێمانی بوو. ئاسیا لە بنەماڵەیەکی ڕۆشنگەر لەدایک بووە، مانی کوردی بەباشی زانیوە جێگای سەرنجە کە باوکی بازرگانێکی ناسراوی شاری سلێمانی بووە و بنەماڵەکەی چ لە کوردستانەوە لە شاری سلێمانییەوە چوونەتە بەغداد. دایکی

ژنێکی عەرەبە و سەر بە بنەماڵەیەکی بەغدادییە. لە قوتابخانەی کچانی ڕەشیدی ئەلعوسمانی خوێندوویەتی و لە نێو هاوپۆلەکانیدا سەرکەوتوو بووە. لە قۆناغێکی پێشکەوتووی خوێندندا، لەگەڵ مامۆستاکانیدا باسی بابەتی کولتووری و سیاسیی دەکرد سەبارەت بە پێشکەوتنی ژنان، ئەمەش سەرسامیی کەسانی دەوروبەری ورووژاند.

. هاوسەرگیری لەگەڵ بیرمەند و مێژوونووسی ناسراوی کورد تۆفیق وەهبی کردووە، کە ئەندامی خێزانەکەی بووە و لە ساڵی ١٩٢٧ ناو و نازناوی ئەوی هەڵگرتووە، لەگەڵیدا بەشداری کردووە لە دانانی ئامانج و پلاتفۆرمی خۆی لە بواری پتەوکردنی پەیوەندییەکانی نێوان ژنان و چالاککردنی ڕۆڵیان لە کۆمەڵگادا

## تۆفیق وەهبی کێییە؟

تۆفیق وەهبی بەگ کوڕی مەعرووف لە ١ی کانوونی دووەمی ساڵی ١٨٩١دا لە شارۆچکەی چوارتای شارباژێڕ سەر بە شاری سلێمانی لەدایک بووە. هەر منداڵ بووە کە باوکی مردووە، خوێندنی سەرەتایی لە سلێمانی تەواو کردووە و لە ساڵی ١٩٠٤دا چووەتە بەغدا و خوێندنی ناوەندیی و ئامادەیی سەربازی بە زیرەکی تەواو کردووە. ئینجا ڕووی کردووەتە شاری



ئاسیا ڕێزەلی - سروشت تۆفیق وەهبی- سزا تۆفیق - تۆفیق وەهبی بەگ ١٩٥٦

ئەستەمبوڵی پایتەختی دەوڵەتی عوسمانی بۆ تەواوکردنی خوێندنی باڵاتری، لە کۆلێژی ئەرکان وەرگیراوە و بووەتە ئەفسەری ڕوکن لە سوپای عوسمانی.

کە جەنگی یەکەمی جیهان لە ساڵی ١٩١٤دا دەستی پێ کرد، بەشداری لە شەڕی «چەنە قەلعە» لە دەردەنیلدا کردووە و لە دواییدا ڕەوانەی خوارووی ئێراق کراوە بۆ بەشداریکردن لە بەرەی جەنگ لە دژی هێزەکانی بەریتانیا لە «شعێبە» و لە کاتی کشانەوەی سوپای عوسمانی بەرانبەر بە هێزەکانی بەریتانیا لە مانگی ئەیلوولی ١٩١٧دا بەشداریی کردووە لە بەرەی جەنگی ڕومادی و کاتێکیش کە ئەو شارە کەوتووەتە چنگ هێزەکانی بەریتانیا ئەم بە خۆی و لەشکرەکەیەوە بەرەو شاری هیت کشاوەتەوە.

لە ساڵی ١٩١٨دا گواستراوەتەوە بۆ بەرەی جەنگی فەلەستین و پایەی سەربازیی بەرز کراوەتەوە بۆ پلەی ڕائید و مەدالیای قارەمانی لە سەکردەی ئەڵمان وەرگرتووە، ئەوەی شایانی باسە زۆربەی سەرکردەکانی تیپی سوپای عوسمانی ژەنەڕاڵی ئەڵمان بووە، چونکە لەو جەنگەدا عوسمانی و ئەڵمانیا هاوپەیمان بوون لە دژی بەریتانیا و فەڕەنسا و ئیتاڵیا و ئەمەریکا شەڕیان دەکرد.

کاتێک کە ئەو جەنگە جیهانییە بە شکانی دەوڵەتی عوسمانی هاوپەیمانەکانی لە مانگی تشرینی دووەمی ساڵی ١٩١٨دا کۆتایی هات، تۆفیق وەهبی بەگ گەڕایەوە کوردستان و ئینجا چووە بەغدا و بووە یەکێک لە ئەفسەرە دیارەکانی کورد، لە دامەزراندنی سوپای ئێراق لە ڕۆژی ٦ی کانوونی دووەمی ١٩٢١دا.

کاتێک کە شێخ مەحموودی حەفید لە ساڵی



ئاسیا ڕێزەلی هاوسەری تۆفیق وەهبی و سەرۆکی یەکێتی ژنانی عیراق

١٩٢٢دا لە هیندستان گەڕێنرایەوە سلێمانی و بووەوە بە پاشای کوردستان، تۆفیق وەهبی بەگ لەمانگی تشرینی یەکەمی ئەو ساڵەی ١٩٢٢دا چووە پاڵ بزووتنەوەکەی ئەم سەرکردەیەی کورد و کە ئەم بزووتنەوە و فەرمانڕاوەکەی شێخی حەفیدیش بەدەستی ئینگلیزەکان لەناو بران، تۆفیق وەهبی بەگ بۆ ماوەی ٤٢ ڕۆژ گیرا و کە ئازاد کرا لە دوا دوایی ساڵی ١٩٢٣دا کرا بە کارگێڕی بزووتنەوەکان لە شالیارێتیی بەرگریی ئێراق و لە مانگی ئابی ١٩٢٥یشدا، کرا بە بەڕێوبەری قوتابخانەی سەربازی لە بەغدا و پلەی سەربازی بووە موقەددەم و لە ساڵی ١٩٢٩ دا نێررا بۆ ئینگلتەرا بۆ بەشدارییکردن لە خولێکی بەرزکردنەوەی شارەزایی سەربازی و لە ساڵی ١٩٣٠دا پلەی عەقیدی پێ درا و کرا بە موتەسەریفی پارێزگاری سلێمانی، بەڵام بەر لە قەومانی شەڕەکەی ٦ی ئەیلوولی ١٩٣٠ی بە دەرکی سەرای سلێمانی لە کارەکەی دوور خرایەوە، کەچی لە ساڵی ١٩٣١ لە دوا شەڕی شێخ مەحموود لە ئاوباریک لە دژی دەسەڵاتدارانی فەرمانڕەوایی ئێراق ماوەیەک گیرا و تاوانی هاندانی خەڵکیان بۆ داواکردنی فەرمانڕەوایەکی کوردی خستە پاڵ، ماوەیەک بێ کار و فرمان مایەوە تاکوو لە ساڵی ١٩٤٦ ئەم کەسایەتییە بەناوی کوردەوە کرا بە شالیاری ئابووریی ئێراق لە شالیارییەکەی حەمدی پاچەچیدا و دوای ئەوەش تاکوو ساڵی ١٩٥٨ گەلێک جار بە ناوی کورد کراوە بە شالیاری بەرگری و مەعاریف.

لە سەرەتای ساڵی ١٩٥٨دا کراوە بە ئەندام لە ئەنجوومەنی پیاوماقووڵانی ئێراق «مجلس الاعیان» و لە دوای شۆڕشی ١٤ی تەمووزی ساڵی ١٩٥٨ دا ئێراقی جێ هێشتووە و چووەتە شاری لەندەن و دوا ساڵەکانی ژیانی لێ بەسەر بردووە و هەر خەریکی نووسینی مێژووی کورد و نووسینی بابەتی زمانەوانیی کوردی بووە، تاکوو لە ڕۆژی ١٩٨٤.٠١.٠٥دا لەو شارە لە تەمەنی ٩٣ ساڵیدا کۆچی دوایی کردووە و تەرمەکەی هێنراوەتەوە بۆ سلێمانی و لەسەر ڕاسپاردەی خۆی لە چیای پیرەمەگروون لە تەنیشت گۆڕی پیاوچاکی کورد پیرەمەگروون بەخاک سپێرراوە.



تۆفیق وەهبی بەگ و هاوسەرەکەی ١٩٧٥ لندن

هەواڵنامەی کتێب

## ئاسیا وەک یەکەمین ژنە کوردێک کە نووسەری گۆڤارێک بوو

بە گوێرەی بەڵگەنامەکان، «ئاسیا تۆفیق وەهبی» بە یەکەم ژنی کورد دادەنرێت کە لە ساڵانی ١٩٤٥–١٩٥٨دا پۆستی سەرۆکی یەکەمین یەکێتیی ئافرەتانی لە عێراقدا وەرگرتووە، یەکێتیی ژنانی عێراق گۆڤارێکی دەرکردووە، هەروەها «ئاسیا تۆفیق وەهبی» پۆستی سەرۆکی یەکەمین یەکێتیی ژنانی لە عێراق وەرگرتووە. سەرنووسەری بوو و بابەتەکانی بۆ پەرەپێدان دەستنیشان کرد. گۆڤارەکە وەک لە سەرنامەکەیدا هاتووە، «گۆڤارێکی مانگانەی کۆمەڵایەتیی گشتی بوو، لە لایەن نوخبەیەکی ڕۆشنبیرانەوە دەردەکرا ڕۆشنبیرانی ژن و پیاو، خاوەنەکەی فرەنچایز، ئاسیا تۆفیق وەهبی و بەڕێوەبەری بەرپرسیار: زەکی ئەمین، سەرپەرشتی دەکرا.» یەکەم ژمارەی لە ١ی ئایاری ساڵی ١٩٥٠ لە بەغدا دەرچوو، بابەتەکانی گرووپێکی نوخبەی ڕۆشنبیری پیاوان و ژنانی تێدابوو، هەروەها چەندین بەشی لەخۆ گرتبوو. «ئاسیا تۆفیق وەهبی» وەک سەرنووسەری گۆڤارەکە بابەتێکی نووسیبوو بە ناوی «ڕێنیسانسی ژنان لە عێراق»دا
لەوێدا دەڵێت:



شاندێکی یەکێتی ژنانی عیراق بەسەرۆکایەتی ئاسیا تۆفیق ١٩٥٢
هندستان - کۆشکی تاج محەل



"ئێمە بە تەواوی باوەڕمان وایە کە یەکێک لە ئەرکەکانی ژنانی عێراق ئەوەیە، کە شانبەشانی پیاوان بڕۆن و بەشداری لە کاتە خۆش و خراپەکانیدا لەگەڵ یەکتری بکەن، بۆیە ئێمە چاومان لەسەر بەدەستهێنانی پڕ و... مافە کەمنەکراوەکانە بۆ ئەوەی بتوانێت مافە سیاسییەکانی خۆیان بەکار بهێنن».

گۆڤارەکە بەشێکی هەبوو، لەوانە بە ناونیشانی: (ژن لە جیهاندا)، کە لە لایەن عیسمەت ئەلسەعیدەوە سەرپەرشتی دەکرا، هەروەها بەشێکیش بە ناونیشانی (ژنانی بەناوبانگ)، کە لە لایەن دکتۆر نورە زەیتونەوە سەرپەرشتی دەکرا. ئەمە جگە لە بابەت و بابەتەکانی تر کە ژمارەیەک نووسەر وەک کاک عومەر عەتاڵا و ئەبو فاروق ئەلحەریری بەشدارییان لە مۆنتاژدا کردووە.

گۆڤارەکە تیشکی خستە سەر بابەتی ژنان و پەروەردە و هۆشیارییان و زیادکردنی زانیارییەکانیان، بۆ ئەوەی بتوانن لە ژیانی پیشەیی و کۆمەڵایەتیدا دەست لە دەستی پیاوان بن، مافە ڕەواکانی خۆیان بە دوور لە هەموو شێوازەکانی توندوتیژی بەدەست بهێنن.»ئەمە جگە لە گرنگیدان بە ژیانی کۆمەڵایە تی و ڕۆشنبیری و تە ندروستیی گشتی و ئە و مافانە ی کە بۆ ئازادی زیاد دەکەن مافی کارکردن لە



پرۆفیسۆر مینۆ ڕوسکی-تۆفیق وەهبی بەگ-ئاسیا ڕێزەلی -کامبرج ١٩٦٥

دەرەوەی ماڵەوە لە بوارە جیاجیاکانی ژیاندا، بۆ ئە وە ی ببێتە ئە ندامێکی کارا لە کۆمەڵگەدا. لەو ماوەیەدا، ژنانی خوێندەوار و خاوەن ئاستێکی بەرزی خوێندن دەرکەوتن کە حەزیان لە پرسەکانی ژنان و میللەت بوو، لەوانەش نووسەران، شاعیر و ڕۆژنامەنووسان، کە لەو قۆناغە گرنگەی مێژووی عێراقدا چوونەتە بواری سیاسەتەوە.»



زەکیە اسماعیل حقی هاوسەری عبدالقادر حشمت-ئاسیا ڕێزەلی-
تۆفیق وەهبی بەگ - عبدالقادر حشمت

ئاسیا تۆفیق لە یەکێتییەکەدا چالاکیی بەرچاوی هەبوو لە بەرەوپێشبردنی ئاستی زانستی و کولتووری و هونەریی ژنان، یەکێتییەکە چالاکییەکانی دیکەی هەبووە وەک ناردنی کەرەستەی فریاگوزاریی سەرەتایی بۆ سوپای عێراق کە لە ساڵی ١٩٤٨دا بەشدار بوون لە شەڕی فەلەستین ١٩٥٤، دوای ئەم بەروارە وازی لە کارکردن هێنا و دواتر وەک «کۆمەڵەی یەکێتی» دەسەڵاتی پێ درا «کۆنفرانسی ژنان»



نزیك تونێلەکەی دەربەندیخان ١٩٥٧- توفیق وەهبیو ئاسیاخانی هاوسەری

بە سەرۆکایەتیی «ئاسیا تۆفیق وەهبی» و ئەندامێتیی بەتوول عەبدولئیلا حافز، عەزا ئەلئیستر ئابادی، سکرتێری بوو. حەسیبە ئەمین خالس، زەفیرە جەعفەر، فەتح ئەلدەبوونی، عەفیفا ئەلبوستانی، عائیشە خەونده، و مەرزیە ئەلپەجاجی. کۆمەڵەکە داوای مافی سیاسی بۆ ژنان دەکرد و داوای دەکرد دوای هەڵوەشاندنەوەی ڕاگرتنی ئەتۆمی لە ساڵی ١٩٥٥دا مافە ڕەواکانیان پێ بدرێت، هەروەها چالاکیی نیشتمانیی هەبوو، بەو پێیەی بەشداریی کرد لە پشتیوانیکردنی میسر لە دژی دەستدرێژی سێلایەنەی بەریتانیا- فەڕەنسا- ئیسرائیل لە ساڵی ١٩٥٦، پشتگیریی جەزائیری کرد لە خەباتی دژی کۆلۆنیالیستە فەڕەنسییەکان.

هەروەها ئاسیا تۆفیق وەهبی هەوڵی ڕێنمایی و هاندانی گەنجانی دا بە سازدانی پێشبڕکێی نووسینی وتار لە ڕێگەی سەندیکاوە، دکتۆر بەهجەت عەباس باسی لەوە کرد کە لە پێشبڕکێیەکدا کە بە بۆنەی ڕۆژی دایک لە ٢١ی ئازاری ١٩٥٧ی زایینی ڕێکی خستبوو، کاتژمێرێکی زێڕینی بردەوە. کاتێک خوێندکار بوو لە ساڵی چوارەمی کۆلێژی دەرمانسازی بۆ نووسینی «باشترین وتار لەسەر دایک.»

**لە کارە هەرە دیارەکانی :**

* پتەوکردنی پەیوەندییە هاوبەشەکانی نێوان کۆمەڵەکانی ژنان لە عێراق.

* بەهێزکردنی پەیوەندییە کولتووری و کۆمەڵایەتی و نەتەوەییەکان لەگەڵ کۆمەڵەکانی ژنان لە وڵاتانی عەرەبی.

* پتەوکردنی پەیوەندیی نێوان کۆمەڵەکانی ژنان لە عێراق و دامەزراوە نێودەوڵەتییەکان، کە کار بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی ژنان دەکەن.

* بەڵگەنامەکردنی هەوڵەکانی ژنانی کورد و عەرەب بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی تەندروستی و کۆمەڵایەتی و یاسایی و ئابووریی ژنان.

* ڕەچاوکردنی تائیفی و ڕەگەزی و ئاینییەوە لە بەرچاو بگیرێت.

*کۆمەڵە بە هەموو شێوەیەک هەوڵ دەدات ئامانجەکانی خۆی بگات بە دەستوور و یاساشەوە.

لە ماڵەوە کاری بۆ یەکخستنی کۆمەڵەی ژنان کردووە بە هەڵبژاردنی سێ ئەندام لە هەر کۆمەڵە یان ڕێکخراوێک بۆ نوێنەرایەتیکردنیان لە سەندیکاکەدا.


ئاسیا وەهبی نوێنەرایەتیی عێراقی کرد لە یەکەمین کۆنفرانسی ژنانی ڕۆژهەڵات لە دیمەشق لە ساڵی ١٩٣٠، کە یەکەم کۆبوونەوەی ژنانی گشتی بوو، کاتێک لەگەڵ خاتوو جەمیلە ئەلجبوری خوێندکار بوو لە ماڵی مامۆستایان. هەروەها بەشداری لە کردنەوەی کۆمەڵەی زانستی ژنان لە سلێمانی لە ساڵی ١٩٣٠دا کردووە.

ئەو چالاک بوو لە دامەزراندنی «کۆمەڵگەی پاراستنی منداڵان» بۆ بڵاوکردنەوەی هۆشیاریی تەندروستی، چاودێریکردنی منداڵان و مافەکانیان بۆ ژیان بە کەرامەت و دەستەبەرکردنی پەروەردەی ناچاری ڕووداوی جیابوونەوە.

**مردنی ئاسیا تۆفیق وەهبی**

ئاسیا تۆفیق وەهبی لە ساڵی ١٩٨٠ لە لەندەن کۆچی دوایی کرد، لە ساڵی ١٩٥٨ەوە لەگەڵ هاوسەرەکەی لەوێ نیشتەجێ بوون، تەرمەکەی بە پشتبەستن بە وەسیەتنامەکەی گواسترایەوە بۆ بەغدا و لە گۆڕستانی حەزرەتی قادریە بە خاک سپێررا.

# شۆڕشگێڕ و مێژوونووسی شۆڕشەکانی دێرسیم



دکتۆر فەرەیدون عەبدولستار


پزیشکانی ڤێترینەری توێژێکی پێویست و گرنگی کۆمەڵی کوردەوارییین، بەوەی کار دەکەن لە پێناوی پاراستنی تەندروستیی ئاژەڵان و هەروەها پاراستنی مرۆڤ لەو نەخۆشییانەی کە لە ڕێی ئاژەڵەوە دەگوێزرێنەوە و جێدەستیان بە ئاشکرا دیارە لە پاراستنی ژینگەی کوردستاندا، سەرەڕای ئەرکە پیشەییەکەیان لە کوردستان هەر وەکوو ئەرکێکی نەتەوەیی و نیشتمانییش بەشدارییەکی بەرچاویان هەبووە و هەیە لە بزووتنەوە سیاسییەکان و نەتەوەییەکاندا لە بەرانبەر ستەم و زەبروزەنگی دەسەڵاتدارانی ئەو وڵاتانەی، کە هەمیشە دژایەتیی مافە نەتەوەییەکانی گەلی کوردیان کردووە.

پزیشکی ڤێترینەری دکتۆر نوری دێرسیمی یەکێک بووە لەو سەرکردانەی بە بەردەوامی بزوێنەری شۆڕشەکانی کوردستانی باکوور بووە و لە گشتیاندا بەشداریی کردووە.

دکتۆر نوری دێرسیمی سیاسەتمەدار و خەباتگێڕ و کوردپەروەر و مێژوونووسی ناوداری کوردستان بووە، کە ناوێکی دیار و سیمبولی پرشنگداری خەباتی کوردایەتییە لە کوردستانی باکوور و کەسایەتییەکی زانستی و سیاسیی دیاری ناوچەکە بووە بەوەی دەستی بە خەبات و تێکۆشان کردووە و گشت تەمەنی لە ژیان تەرخان کردووە بۆ بەدەستهێنانی مافە نەتەوەییەکانی گەلی کورد، ڕۆڵی کاریگەر و جوامێرانەی هەبووە لە پشتیوانیکردنی شۆڕشەکانی ناوچەی دێرسیم لە دژی زوڵم و ستەمی دەسەڵاتدارانی تورکیای کەمالی، لەبەر ئەوە بە شانازییەوە ناوی لە لاپەڕە

هەواڵنامەی کتێب




دەرەوشاوەکانی دیرۆکی خەباتی گەلی کورددا تۆمار دەکرێت.

**کورتەیەك لە ژیان و چالاکییە سیاسییەکانی**

ناوی محەمەد نوری کوڕی مەلا ئیبراهیم کوڕی محەمەد عەلی جۆلیکزادەیە و زیاتر بە دکتۆر نوری دێرسیمی ناسراوە، مەلا ئیبراهیمی باوکی شاعیرێکی میللی و سازژەنێکی توانا بووە، کە لە هۆزێکی ناودار و دێرینی دێرسیم بووە بە ناوی هۆزی میلان و دایکیشی لە هۆزی ئاغوچانە بووە، دکتۆر نوری ساڵی ١٨٩٢ لە ناوچەی دێرسیم لەدایک بووە و ساڵی ١٩٧٣ لە سوریا کۆچی دوایی کردووە، ساڵی ١٨٩٩ دەیبەنە قوتابخانەی سەرەتایی سێ پۆلی هۆزات و ساڵی ١٩٠٤ پەیوەندیی دەکات بە قوتابخانەی ئامادەیی و ساڵی ١٩١١ لە شاری ئەستەنبوڵ لە کۆلێجی پزیشکیی ڤێترینەری وەردەگیرێت، ساڵی ١٩١٤ لە سەردەمی جەنگی یەکەمی جیهان هەر وەکوو خوێندکارەکانی دیکە لە لایەن دەسەڵاتدارانی عوسمانییەوە ڕاپێچی سوپا دەکرێت و ساڵی ١٩١٦ خزمەتی سەربازیی زۆرەملێ تەواو دەکات و دەگەڕێتەوە ئەستەنبوڵ بۆ تەواوکردنی خوێندنی لە کۆلێجی پزیشکیی ڤێترینەری و لە بەرواری ١٩١٨/٩/٢٢ بڕوانامەی بەکالۆریۆسی وەرگرتووە.

زانستی پزیشکی و نەشتەرگەریی ڤێترینەری بە سەرکەوتوویی و بەم شێوەیە ژیانی پیشەیی دەست پێ کردووە وەکوو پزیشکێکی ڤێترینەری شارەزا و چالاک.

دکتۆر نوری هەر لە سەرەتای ژیانی لاوییەوە خاوەن هۆشیاری نەتەوەیی و نیشتمانی بووە و وەکوو کوردپەروەرێک بایەخی بە خەباتی نەتەوەیی داوە و بەشداریی چالاکییە سیاسییەکانی کردووە، کاتێک وەکوو خوێندکاری زانکۆ لە کۆلێجی پزیشکیی ڤێترینەری لە شاری ئەستەنبوڵ دەبێتە ئەندامی کۆمەڵەی هێڤی خوێندکاران و لە هەمان کاتدا بە هاوکاریی هەندێک لە کەسایەتیی نیشتمانپەروەری دیکەدا

کۆمەڵەیەکیان دامەزراند بە ناوی کۆمەڵەی موحیبانی کوردستان و هەر خۆیشی سکرتێری کۆمەڵەکە بووە.

لە دواییدا بوو بە ئەندامی کۆمەڵەی تەعالی کوردستان و دەستێکی باڵای هەبووە لە دامەزراندنی بنکەکانی کۆمەڵە لە شار و شارۆچکەکانی کوردستاندا، بۆ ئەم مەبەستەش سەردانی گشت هۆز و خێڵەکانی کردووە و هانی داون بۆ یەکگرتن و شۆڕش و هەر بە هۆی چالاکییە سیاسییەکانییەوە دراوەتە دادگای جەنگ، بەڵام لە لایەن سەرۆکی دادگاوە، کە لەو سەردەمەدا مستەفا پاشای یاموڵکی دەبێت ئازاد دەکرێت.

ساڵی ١٩١٩ دکتۆر نوری لەگەڵ چەند هەڤاڵێکیدا لە هۆزی قۆچگیری لە ناحیەی عومرانیەی قەزای زارا بڕیار دەدەن ڕێکخراوێکی سیاسی دابمەزرێنن، بە مەبەستی دژایەتیکردنی کەمالییەکان و ڕاپەڕین، بەڵام بە هۆی جموجوڵە سیاسییە فراوانەکەیەوە جارێکی دیکە ساڵی ١٩٢٠ دەستگیر دەکرێت و ئەمجارەیان بە هەوڵی حەسەن خەیری ئەندامی ئەنجوومەنی مەزنی نیشتمانیی تورکیا، ئازاد دەکرێت و ساڵی ١٩٢١ وەکوو ئەندازیارێکی سەرکردە پەنا دەباتە بەر ناوچەی دەرسیم و گشت هۆز و خێڵەکانی ناوچەکە بەسەر دەکاتەوە و هۆشیاریان دەکاتەوە لەوەی هێزی کورد لە یەکگرتندایە و لەبەر ئەوەی هەر وەک کۆمەڵناسێک زۆر شارەزای سروشتی کۆمەڵایەتیی ناوچەی دێرسیم بووە لە شێوەی زمان و ئاین و ڕەوشت و پیشە و پەیوەندیی کۆمەڵایەتی لەگەڵ سەرۆک هۆزەکان و خێڵەکان و جوگرافیای ناوچەکە و مێژووی خەباتی دەرسیمییەکان لە دژی سوڵتانە عوسمانییەکان، لەبەر ئەوە هەوڵەکانی چڕ کردەوە بۆ ئەوەی هۆزەکانی ناوچەی دێرسیم کۆ بکاتەوە و یەکیان بخات و بەهێز بن، بۆ ئەم مەبەستەش توانیی پشتگیریی سەردارێکی گەورەی کوردی ناوچەکە سەید ڕەزا بەدەست بهێنێت.

لە دوای مانگێک لە چالاکییە یەک لەدوای یەکەکانی دکتۆر نوری دادگایەکی سەربازی بە بێ ئامادەبوونی دکتۆر نوری، سزای بەسەردا دەسەپێنێت، ئەمەش لەبەر ئەوەی مستەفا کەمال کەسایەتیی دکتۆر نوری بە هاندەر و بزوێنەری شۆڕش و ڕاپەڕینەکان دەزانی، فشاری زۆریان خستە سەر ژیانی لەبەر ئەوە دوابەدوای کۆمەڵێک جموجووڵی سیاسی دکتۆر نوری گەیشتە ئەو قەناعەتەی کە پێویستە تورکیا بەجێ بهێڵێت و ژیانی ئاوارەیی بگرێتە بەر، ئەوە بوو ساڵی ١٩٣٧ گەیشتە شاری ئەسکەندەرۆنە لە وڵاتی سوریا و ساڵی ١٩٣٨ چووە شاری حەلەب، چونکە تورکەکان کون بەکون بەدوایدا دەگەڕان، لە شاری حەلەب ئاشنایەتیی لەگەڵ بنەماڵەی عەلی ئاغای شیمکانی پەیدا کرد، کە ئەوانیش خەڵکی دەرسیم بوون و زەماوەندی لەگەڵ فەریدە خانی کچی عەلی ئاغا کرد و لە هەمان ساڵدا دەچێتە ئوردون لەبەر پێویستیی زۆری فەرمانگەکانی ڤێترینەری ئوردون بە پزیشکانی ڤێترینەری و لە دواییشدا بە هەمان شێوە لە ژێر فشاری تورکەکاندا لە ئوردون لە کارەکەی لا دەبرێت.

لە کۆتایی ساڵی ١٩٣٩ دەستبەرداری ڕەگەزنامەی تورکی دەبێت و دەبێتە هاووڵاتێکی سووری و ساڵی ١٩٤٠ دەگەڕێتەوە شاری حەلەب و لەو شارە نیشتەجێ دەبێت. ساڵی ١٩٤١ لە فەرمانگەی ڤێترینەری ئەعزاز وەکوو پزیشکێکی ڤێترینەری دادەمەزرێت، بەڵام بە

هۆی ئەوەی ناوچەکە نزیک بوو لە سنوورەکانی تورکیا کاربەدەستانی ئەو وڵاتە جارێکی دیکە نارەزایەتییان دەربڕی، لەبەر ئەوە گوێزرایەوە بۆ شاری حەما، ساڵی دواتر بۆ ئەدلب و لە دواییدا بۆ مەعەرە و جسرسور تا ساڵی ١٩٤٦ جارێکی دیکە لە شاری حەلەب گیرسایەوە.

لە ساڵی ١٩٥٠ بە تۆمەتی کۆمۆنیستی لە کارەکەی دوور خرایەوە و خۆی خەریک کرد بە کاری دیکەوە بۆ دابینکردنی بژێویی و هەروەها بە نووسینی چەند کتێبێکەوە.

وەکوو مێژوونووسێک دکتۆر نوری زۆر بایەخی داوە بە نووسینەوەی مێژووی خەباتی ڕزگاریخوازیی گەلی کورد لە شۆڕشەکانی کوردستانی باکوور و بەتایبەتی ناوچەی دەرسیم.

## دێرسیم لە مێژووی کوردستاندا

دکتۆر نوری دێرسیمی، بێجگە لەوەی کە سەرکردەیەکی سیاسیی چالاک بووە بە هەمان شێوە هەروەک ڕووناکبیر و مێژوونووس چالاکییەکی زۆری هەبووە لە بواری ڕۆژنامەگەری، بەوەی کۆمەڵێک وتاری لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکانی سەردەمی خۆیدا بڵاو



کردووەتەوە زۆربەیان بە زمانی کوردیی - شێوەزاری کرمانجی باکوور و بە لاتینی و هەندێکیشیان بە زمانی تورکیین.

وەکوو مێژوونووسێک دکتۆر نوری زۆر بایەخی داوە بە نووسینەوەی مێژووی خەباتی ڕزگاریخوازیی گەلی کورد لە شۆڕشەکانی کوردستانی باکوور و بەتایبەتی ناوچەی دەرسیم، لەبەر ئەوە وەک ئەرکێکی نەتەوەیی و مرۆڤایەتی لە ساڵی١٩٥٢ کتێبێکی مێژوویی بایەخدار نووسیوە بە ناوی (دەرسیم لە مێژووی کوردستاندا) بە زمانی کوردی لاتینی و لە دواییدا هەر خۆیشی بە زمانی تورکی چاپی کردووە و بڵاوی کردووەتەوە، لە چاپخانەی الحانی لە شاری حەلەب لە سوریا، ساڵی ٢٠٠١ لە لایەن دکتۆر ئەحمەد فەتاح دزەیی لە تورکییەوە کراوە بە کوردیی - شێوەزاری سۆرانی لە چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە چاپ کراوە و بڵاو کراوەتەوە لە شاری هەولێر و ساڵی ٢٠٠٤ لە لایەن سالار ئاشتییەوە لە تورکییەوە کراوە عەرەبی بە ناوی (دیرسیم فی تأریخ کوردستان).

دکتۆر نوری دێرسیمی لە پێشەکیی کتێبەکەدا ئاماژە بە هۆکارەکانی نووسینەوەی مێژووی دێرسیم دەدات و دەڵێت دێرسیم لە ناوچە هەرە گرنگە مێژووییەکانی کوردستانە و سنووری باکووری خۆرئاوای کوردستان پێک دەهێنێت. لەبەر ئەوە پێویستە لاوانی کوردستان زانیارییان هەبێت لە بارەی دێرسیمەوە لە لایەنی جوگرافیا و سامانی ژێر زەوی و سەر زەوی، کە سروشت بەم ناوچەیەی بەخشیوە و هەروەها ئاگاداری ڕەوشی نەتەوەکەیان بن لەبەر ئەوە بە چاکم زانی ئەم پەرتووکە بنووسم، هەروەها درێژە بە قسەکانی دەدات و دەڵێت: خەڵکی ناوچەی دەرسیم چەند سەدە لەمەوپێش خەباتیان

کردووە و جەنگاون لە دژی دەسەڵاتدارانی عوسمانی لە چیاکانی کوردستان و نەیانهێشتووە بە هیچ شێوەیەک نە تورک و نە ئێران پێ بخەنە سەر خاکی کوردستان و سەربەخۆیی دەرسیم تاکوو ساڵی ١٩٣٦ بەردەوام بووە، لەبەر ئەوە دکتۆر نوری هەر وەک ئەرکی نەتەوەیی و مرۆڤایەتی بە ئەرکی سەرشانی خۆی زانیوە، کە شۆڕشەکانی دەرسیم و ئەو کارەساتانەی بەسەریاندا هاتووە بیخاتە بەر چاوی هەموو کوردێک لەم جیهانەدا، داوا دەکات کە خوێندەوارانی ناوچەکانی دیکەی کوردستان ئەم ڕێچکەیە بگرنە بەر و هەریەکەیان ڕووداوەکانی ناوچەکانی خۆیان تۆمار بکەن و بڵاوی بکەنەوە بۆ ئەوەی نەوەی داهاتووی گەلی کورد کەڵکی لێ وەربگرن، بێگومان ئەمەش خزمەتێکی گەورە بە مێژووی کوردستانی گەورە دەگەیەنێت و گەلێک دۆکیومێنتی مێژوویی فەرمیی تێدایە سەبارەت بە شۆڕشەکانی کوردستانی باکوور وەک:

یەکەم: شۆڕشی هۆزی قۆچگیری ساڵی ١٩١٨.

دووەم: شۆڕشی پیران ساڵی ١٩٢٥.

سێیەم: شۆڕشی هۆزی کۆچان لە ساڵی ١٩٢٧.

چوارەم: شۆڕشی ئاگرین لە ساڵی ١٩٢٧.

پێنجەم: شۆڕشی دێرسیم لە ساڵەکانی ١٩٢٦، ١٩٣٦، ١٩٣٨.

هەروەها دکتۆر نوری بەرهەمێکی دیکەی هەیە و لە دوای خۆی بەجێی هێشت بە ناونیشانی (یادەوەرییەکانم لە بارەی خەباتی میللیی دێرسیم و کوردەوە) لە دوای کۆچی بە پازدە ساڵ لە سوید چاپ کراوە و دواییش ساڵی ١٩٩٢ لە ئەنقەرە چاپ و بڵاو کراوەتەوە.

دکتۆر نوری دێرسیمی لەسەر داوای خۆی وەسیێتی کردبوو، کە لە گۆڕستانی حنان لە ناوچەی (جبل الاکراد) کە دەکەوێتە نێوان هاوینەهەواری (کفرالجنە) و شاری عەفرین بنێژرێت، دروودی ڕێز و وەفا و ئەمەکداری بۆ گیانی پاکی دکتۆر نوری دەرسیمی و گشت شەهیدانی ڕێگەی سەربەخۆیی کورد و کوردستان.

### کۆنگرەی پزیشکانی ڤێترینەریی میزۆپۆتامیا

لە ڕۆژانی (٢٠١٥/٥/١٦،١٧) لە شاری دێرسیم کۆنگرەی پزیشکانی ڤێترینەریی میزۆپۆتامیا بەڕێوە چوو، بە بەشداریی پزیشکانی باشوور و ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا و باکووری کوردستان، یەکێک لە تەوەرە سەرەکییەکانی کۆنگرەکە بریتیی بوو لە یادکردنەوە و بەرزڕاگرتنی ناو و ناوبانگی شۆڕشگێڕ و مێژوونووس، پزیشکی ڤێترینەری دکتۆر نوری دێرسیمی، کە بە بزوێنەری شۆڕشەکانی کوردستانی باکوور و ناوچەی دێرسیم لە قەڵەم دەدرێت لە مێژوودا.

سەرچاوەکان:
١ -نوری دێرسیمی (١٨٩٠/١٨٩٢ / ١٩٧٣ ) کوردستانیکا، ئەکادیمیای کوردی، ٢٠٢٣، هەولێر، لاپەڕە (٥٩٨--٦٠٠)، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەدین. نووسینی پرۆفیسۆر دکتۆر جبار قادر.
٢ -دکتۆر نوری دەرسیمی، دەرسیم لە مێژووی کوردستاندا، وەرگێڕانی د.ئەحمەد فەتاح دزەیی، هەولێر، ٢٠٠١. چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە.
٣ -نوری دیرسمی، دیرسیم فی تأریخ کوردستان، وەرگێڕانی سالار ئاشتی، (٢٠٠٤/٣/١٠)
٤ - خۆم یەکێک بووم لە بەشداربووانی کۆنگرەی پزیشکانی ڤێترنەریی میزۆپۆتامیا لە (٢٠١٥/٥/١٦،١٧) لە شاری دەرسیم لە کوردستانی باکوور لە هۆڵی شارەوانیی دەرسیم کۆنگرەکە بەڕێوە چوو (ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ - ژمارە: ٦٧١٩ لە ٢٠١٥/٦/٣).

*سەندیکای پزیشکانی ڤێترینەریی کوردستان
کۆلیژی پزیشکی ڤێترینەری / زانکۆی سلێمانی.

## خۆشنووسانی کورد

# عەبدوڵا بەگی میسباح دیوان



ئا: ئەحمەد سەعید

شادڕەوان ئەدەب شاعیری گەورە و هونەرمەندی ناوداری کورد، ناوی تەواوی عەبدوڵڵا بەگ کوڕی گەورەی ئەحمەدبەگ کوڕی برایم بەگ کوڕی ڕۆستەم بەگ کوڕی سەیفەدینە، لە دەوروبەری ساڵی ١٨٦٦ لە گوندی ئەرمەنی بلاغ، کە دەکەوێتە ڕێگەی نێوان بۆکان و میاندواو لە بنەماڵەیەکی ناودار و خوێندەوار هاتووەتە دنیاوە.

ئەحمەدبەگی باوکی کە بە (وکیل الرعایا) ناسراوە لە بەگزادەو دەستڕۆیشتوو و خاوەنی زەویوزار و خاوەنی چەندین گوند بووە، ڕۆستەم بەگی باپیری، ئەو کەسەیە کە مزگەوتی(ڕۆستەم بەگ) ی شاری مەهابادی دروست کردووە، وەک دەڵێن باپیرەگەورەی مزگەوتی سوور و پردی سووری ناودار و مێژوویی شاری مەهابادی دروست کردووە.

بنەماڵەی ئەدەب خوێندەوارن و لە خزمەتی زانست و ئەدەب و هونەرو خوێندەواریدا بوون، باووباپیری لە چەندین گوندی ئەو ناوچەیە چەندین خوێندگەیان دروست کردووە و مامۆستایانی ناوداریان بۆ وانەوتنەوە تیایاندا بانگهێشت کردووە.



ئەدەب خوێندنی سەرەتایی لە گوندەکەی خۆیان دەست پێ کردووە و مامۆستای تایبەتی هەبووە. لە تافی گەنجی و لاویدا چەندجارێک لەگەڵ باوکی چووەتە شاری تەورێز، کە لەو سەردەمەدا لە ڕووی پیشەسازی و زانستەوە شارێکی پێشکەوتوو بووە و جگە لەوەی نشینگەی وەلیعەهدی ئێران بووە.

ئەدەب کاتێ بەهرەی شیعرنووسینی تیادا دەردەکەوێت و جارێک لەگەڵی باوکی لە تەورێز دەچنە سەردانی محەمەدعەلی وەلیعەهدی قاجار و نازناوی مصباح الدیوان ی پێ بەخشیوە.

بۆ درێژەپێدانی خوێندن باوکی ڕەوانەی تارانی کردووە، بەڵام تەنیا یەکساڵ ماوەوە و گەڕایەوە بۆ زێدی خۆی. ئەدەب لە ماوەی ژیانی‌دا چەندجارێک سەفەری ڕووسیای کردووە. لە تەمەنی لاویدا تووشی نەخۆشیی دڵ بووە و بەردەوام چارەسەری وەرگرتووە.

هەر لە منداڵییەوە بەهرەی خەتخۆشی و نەقاشیی تێدا بووە، جگە لەوەی هۆگری میوزیک بووە و -وەک باس دەکرێت- خاوەنی دەنگێکی خۆشیش بووە.

زانا و ئەدیبی ناودار ئەبوبەکر خوانچە سپیهرەدین لە کتێبی (شمس البرهان)ی‌دا بەم جۆرە باسی ئەدەبی کردووە،



عەبدوڵڵابەگی میسباح الدیوان ناسراو بە ئەدەب کوڕی خوالێخۆشبوو ئەحمەدبەگ کوڕی برایمبەگی کوڕی ڕۆستەمبەگی کوڕی سەیفەدینە، لە گوندی ئەرمەنی بڵاغ لەدایک بووە، باوکی مرۆڤێکی ئاینپەروەر و ئەدەبدۆست بووە، چەندین قوتابخانەی لە زۆربەی گوندەکانی ئەو ناوچەیەی ژێر دەسەڵاتی خۆی‌دا کردووەتەوە. خوێندنی سەرەتایی ئەدەب لە گوندەکەی خۆیان بووە، لەوێ صەرف و نەحو و هونەرەکانی بە زمانی فارسی و عەرەبی خوێندووە و شارەزایی باشی تێدا پەیدا کردوون.

ئەدەب دووچاری ئەوین و خۆشەویستیی نوسرەت خانم بووە، کە دەکاتە کچی موزەفەرسەڵتانی ئەمیرتومانی کوڕی زەفەرولدەولە کوڕی فەڕوخ خانی براگەورەی عەزیزخانی سەرداری بۆکان، باوکی نوسرەت خانم میوزیکژەن و دەنگخۆش و خەتخۆشێکی توانا بوو.

دەڵێن کچەکانی ئەم مەزەفەرەدینە لە دواپلەی جوانی‌دا بوون و باسی جوانییان بووەتە ویردی سەر زمانی زۆرێک لە شاعیران. زێوەری شاعیر کاتێک لە گوندی قەرەگوێز بووە، یەکێک لەو کچانەی بە ناوی (شایستە)وە بینیوە و ئەم شیعرەی بۆ گوتووە:

**ابروی هلال و رخ چون شمس تو دیده‌است**
**در بیدق خود دولت عثمانی کشیده‌است**
**شمس و قمری هست که بر روی سماوات**
**در کسف و خسوفند که آن روی پدیداست**
**زیور نتواند که کند وصف جمالت**
**از کف بشکست خامه و کاغذ بدریداست.**

ئەدەب لە گەنجیدا تووشی نەخۆشیی ئیفلیجی (شەپلە) بووە، نوسرەتخانمی هاوسەری لێی جیا بووەتەوە، هەم نەخۆشییەکەی و هەم

دابڕانی لە هاوسەرەکەی خەم و داخی زۆری بە ئەدەب داوە و هەمیشە بە شیعرەکانی ئازار و ناهەموارییەکانی خۆی دەربڕیوە .


هەر لە منداڵییەوە بەهرەی خەتخۆشی و





نەقاشیی تێدا بووە، لە نیگارکێشانیشدا کارامە و مەزن بوو وەک باس دەکرێت دەرگا و ژوورەتایبەتەکەی خۆی بە وێنەی نوسرەت خانمی هاوسەری ڕازاندبووەوە، جگە لەوەی هۆگری میوزیک بووە و – وەک باس دەکرێت– خاوەنی دەنگێکی خۆشیش بووە، لە زانستی میوزیک و ئامێرەکانی میوزیکدا شارەزایەکی باش بووە، جگە لەوەی دەنگی خۆش بووە و ئاوازی بۆ هەندێک لە شیعرەکانی خۆی داناوە تائێستایش لە ناوچەی موکریان دەوترێنەوە.

لە خۆشنووسیدا خاوەنی خەتێکی جوان و سەرنجڕاکیش بوو، بەتایبەت لە خەتی (فارسی) نەستەعلیقدا پاشماوەی بەرهەم و نووسینەکانی لە دواپلەی جونیدان، لە پاشماوەی نووسینەکانی (١٧) پارچە غەزەلی شیعرەکانیەتی، کە لە ١٩١٢/١١/١٢ بۆ (کاپتان دۆپلاس) ی کونسوڵی ڕووسیا نووسیویەتی و بۆی ناردووە، لە کۆتایی غەزەلەکاندا بۆنە و مێژووی نووسین و ناردنیانی بەم جۆرە نووسیوە :

(در شب سه شنبه دویم شهر ذیحجه الحرام مطابق سیچقان ئیل سنەو یکهزار و سیصدو هجری قمری تسوید این اوراق که عبارت از هفده غزل اشعار کردی و وگفتەو این بنده عبدالله مکری متخلص ب(ادب) است باتمام رسیده وتقدیم حضور مبارک جناب دلالتماب کاپتان دوپلاس کونسول مقیم ساوجبلاغ مکری گردید انشاءالله مطبوع طبع اجل عالی خواهد شد. فی تاریخ فوق). بەنیاز بووە چەردەیەکی تریش بنووسێت بۆی و بۆی بنێرێت، بەڵام








سەد مخابن بە هۆی کۆچی دواییەوە ئەوەی بۆ نەکراوە.

لە خەتی سولسیش هەوڵی باشی هەیە، یەکێک لە پاشماوەی نووسینەکانی تابلۆیەکە کە بەو شێوە خەتە نووسیویەتی:

لي خمسة أطفيء بها حر الوباء الحاطمة المصطفى والمرتضى وأبناءهما والفاطمة

واتە: بۆ من پێنج شت هەن، گڕەی دەروونم خامۆشدەکەن، مستەفا (د.خ) و مورتەزا و نەوەکانی و فاتیمە (س.خ).

تابلۆکە بە شێوە خەتی سولس نووسراوە و دەخرێتە پاڵ ئەدەب، ئەم شیعرە زۆرێک لە خۆشنووسانی گەورەی عەرەب و تورک و فارس لەبەر گرنگی و بەها ڕۆحییەکەی نووسیویانە.

تابلۆکە لەسەر تەختێکی قاوەییڕەنگ نووسراوە و نەخشێکی جوانیشی بەدەوردا کێشراوە.

ئەدەب خاوەنی دیوانێکی شیعریی نایابە، کە زۆرێک لە شیعرەکانی بە خەتی خۆی نووسیوەتەوە کە شێوە خەتی نەستەعلیق (فارسی)یە، چونکە ئەدەب دەستێکی باڵای تێدا هەبووە.

دیوانی شیعرەکانی چەند جارێک لە ئێران و لە عێراقیش چاپ کراوە. پار لە لایەن ئەکادیمیای کوردییەوە بە قەڵەمی مامۆستای توانا محەمەد حەمە باقی چاپێکی نوێی کرایەوە و بەندەش نووسینی سەربەرگەکەیم نووسیوە، کە مامۆستا محەمەد حەمەباقی کۆمەڵێک زانیاریی نوێی تێدا لەسەر ژیان و بەرهەم و شیعرەکانی خستووەتە ڕوو.

بۆ ئامادەکردنی ئەم بابەتە سوودم لەم سەرچاوانە وەرگرتووە:

- ابراهیم افخمی، تاریخ فرهنگ و ادب مکریان، جلد اول بوکان.
- دیوانی ئەدەب عەبدوڵڵا بەگی میسباح دیوان، کۆکردنەوە و ساخکردنەوە و ئامادەکردنی محەمەد حەمە باقی، لە بڵاوکراوەکانی ئەکادیمیای کوردی. هەولێر ٢٠٢٣.

ڕۆژنامەی الإتحاد ژمارە ١٠٩ لە ١٩٩٤/١٢/١٠ أعلام الكرد في الخط العربي، اعداد احمدسعيد الخطاط.

# تەنگ و دەربەندەکانی سەر چەمی قەڵاچوالان و یەکگرتنەوەی لەگەڵ زێی خوارووودا

## چەند سەرنجێک لەسەر گەشتێکی باشووری کوردستان لە ساڵی ١٩٢١دا



**فرانسیس م. هاڵی**
پێشتر پزیشکی نەشتەرگەری مەدەنی بووە لە سلێمانی
وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە:
**محەمەد حەمەساڵح تۆفیق**


ئەم گەشتە ساڵی ١٩٢١ پزیشکێکی نەشتەرگەری بەریتانیی کردوویەتی، لە کاتێکدا کە لەگەڵ ئیدارەی ئینگلیزدا بۆ کاروباری تەندروستی لە سلێمانی بووە، لە دوای شکستی حکومەتی یەکەمی شێخ مەحموود لەو شارەدا. ئەم پزیشکە بۆ کاری تەندروستی و کۆکردنەوەی زانیاری لەسەر نەخۆشیی مەلاریا ئەم گەشتە و گەشتی پێشتریشی کردووە و بە باری هێستر داودەرمانی زۆریشی لەگەڵ خۆی بردووە بۆ چارەسەری نەخۆشییە باو و بڵاوەکانی ئەو سەردەمە بەتایبەتی مەلاریا. ئەم پزیشکە لە پاڵ کارەکەی خۆیدا و لە گەڕانیدا بە ناوچەکانی دووکان، کۆیە، ڕانیە، مەرگە، قەڵادزێ، ماوەت و شارباژێڕ سەرنجی خستووەتە سەر ئاڕاستە و ڕێڕەوی ئاوی قەڵاچوالان و ئەو تەنگ و دەربەندانەی پێیدا تێدەپەڕێت، بەتایبەتی لە ئاستی قەشان و ماوەت و تا دەڕژێتە زێی بچووک یان زێی خوارووەوە و بەراوردی کردووە لەگەڵ ئەو نەخشانەی سوپای بەریتانیا، کە تا ئەو دەمە باو بوون و لەم ڕووەوە کەموکوڕییەکانی دەستنیشان کردووە و خۆیشی نەخشەیەکی بۆ ڕێڕەوی ئاوەکە کردووە. پاشان ئەمە دەکاتە باسێک و سوودی دەبێت بۆ باسێکی تر لە سەر ئەم ناوچەیە، کە لە ساڵی ١٩٢٢دا لە گۆڤاری جوگرافیی سەر بە کۆمەڵەی شاهانەی جوگرافیای بەریتانیدا The Geographical

Journal – The Royal Geographical Society بڵاو بووەتەوە و دواتر هەر ئەم باسە و وردەکاریی ئەو گەشتە لە ژمارە (٢)ی بەرگی LXXXVI ساڵی ١٩٣٥ هەمان گۆڤاردا بڵاو بووەتەوە. ئەم باسە لە کاتی خۆیدا خزمەتێکی باشی بە سوپای بەریتانیا و ئیدارەی ئینگلیز کردووە لە سلێمانی و بۆ ئێستای ئێمەش خزمەتێکی باشە بە ئەرشیف و مێژووی وڵاتمان، کە تا ئێستاش یان نانووسرێتەوە یان هەر بە نیوەچڵی شتێکی لێهەڵدەکرووزێنین. منیش لە ناو هەندێک سەرچاوەی لای خۆمدا کە چاوم بە گۆڤارەکەدا خشاند و ناوی «قەڵاچوالان» سەرنجی ڕاکێشام، پاش خوێندنەوەی بەپێویستم زانی بیکەمە کوردی و بە دڵنیاییەوە لە سوود بەدەر نابێت و هەر هیچ نەبێت هەستێکمان لا دروست دەکات، کە پەڕۆیەک لەوان دابدڕین.

وەرگێڕ

**تێبینیی گۆڤارەکە**

لە گۆڤاری جوگرافیی شاهانەی بەریتانیی ژمارەی شوباتی ١٩٢٢دا (بەرگی ٥٩، ل ١٤٦) ئێمە تێبینییەکمان بڵاو کردەوە لە بارەی «ڕاستکردنەوەی نەخشەی لەشکری دیجلە لەسەر دەڤەری زێی خواروو» بە پشتبەستن بە نامەیەک لە بەڕێز سی. گاربێتەوە، لە سکرتاریەتی عێراق، کەوا کورتەیەکی ڕاپۆرتی پزیشکی نەشتەرکاری مەدەنیی سلێمانی لە ٢٩ی ئۆکتۆبەری ١٩٢١ بۆ ناردووین بێ ئەوەی ناوی بهێنێت و ئەمەی خوارەوەی تێدایە «بە شێوەیەکی تایبەتی ئاڕاستە و ڕێڕەوی ڕاستەقینەی ڕووباری قەرەچۆلان دەستنیشان کراوە بە T.C. ٢٣٠ کەوا ئاڕاستە و ڕێڕەوەکە بۆ یەکگرتنەوە لەگەڵ زێدا لە چوارگۆشەی A. A ٤ (B)، بەڵام ڕاستییەکەی ئاڕاستەی ڕێڕەوەکەی بەرەو باکوورە و یەکگرتنەوەکە لە چوارگۆشەی A. A ٧ (A) و نزیکەی پەنجا میل زیاتر لە سەرەوەی ڕێڕەوی زێیە و ناوچە شاخاوییەکانی ماوەت دەبڕێت بە چەند دەربەند و تەنگی هێجگار قووڵ و سەختدا تێدەپەڕێت». نامەکەی بەڕێز گاربێت هیچ نەخشەیەکی لەگەڵ نەبوو تا چەند مانگێک لەمەوبەر،




هەواڵنامەی کتێب

کە لەسەر داواکارییەک بۆ نەخشەکە و بە پێویستیی ئەوەی، کە دەستمان بکەوێت، نامە و نامەکارییەکە سەری بۆ ئەوە کێشایەوە کە ناوی نووسەری ڕاپۆرتەکەمان بۆ ئاشکرا ببێت، کە وا ئێستا لە هیندستانە و ڕەزامەندیی دەربڕیوە داوای باسوخواسی ئەم دۆزینەوەیەی لێ بکەین و وا ئێستا بە خۆشحاڵییەوە بڵاوی دەکەینەوە.

ئەو ناوچە بەرفراوانەی نەخشەکەی مستەر هاڵی گرتبوویەوە ئێستا بە پێوەرێکی نیو ئینج ڕووپێویی کراوە و نەخشەکە (خەریتەکە) لە لایەن بەشی ڕووپێویی عێراقەوە بڵاو کراوەتەوە و بە زەرووڕەت جێگەی ئەو نەخشە سکێچەی گرتووەتەوە، کە لەو کاتەدا دروست کراوە و ئێستا بەتاڵ کراوەتەوە. ئێستا ئێمە کۆپییەکی فۆتۆستاتمان لە نەخشە بنەڕەتییەکە گرتووەتەوە (فۆتۆستات واتە ئامێری لەبەرگرتنەوە بە وێنەگرتنی فۆتۆگرافی - وەرگێڕ)، کە دۆزینەوە بنەڕەتییەکەی بەڕێز هاڵی دەردەخات لە بارەی تەنگ و دەربەندەکانی قەرەچۆلانەوە (یان بە شێوەیەکی ڕاستتر بڵێین قەڵاچوالان). ڕێنووسی ناوەکان لە پەیپەرەکەی بەڕێز هاڵیدا هاوشێوەی نەخشەکانی ڕووپێویی عێراق کراوە. ڕێنووسەکە گەلێ جیاوازە لەوەی کە لە شیتەکانی پێشتری ڕووپێویی هیندستاندا بەکار دەهێنرا. ئەو ناوانەی کە لە لایەن بەڕێز هاڵییەوە بەکار هاتوون و لەسەر نەخشەی عێراق دەرنەکەوتوون بە خەتی لار italic چاپ کراون، چونکە پێدەچێت کە لە هەندێ حاڵەتدا ڕەنگدانەوەی فۆنەتیکی گۆکردنی ناوچەیی بن وەک لەوەی دەقاودەق گواستنەوە بن لە وشەی نووسراوەوە.

ئەم سەرنج و تێبینیانە پەیوەندییان بە گەشتێکەوە هەیە، کە وا نووسەر کردوویەتی، کاتێ کە پزیشکی نەشتەرگەری مەدەنی بووە لە سلێمانی یان دەڤەری باشووری کوردستان و دواتر، لە ساڵی ١٩٢١دا لەگەڵ عێراقدا بوو بە خاکی ماندێتکراو (ئینتیداب). ئەم ناوچەیە لەو دەمەدا کە من لە بارەیەوە دەنووسم لە لووتکەی شاخەکانی خوار ڕەواندزەوە درێژ بووەتەوە، کە زنجیرە چیاکانی Gurmanjan Gedik Nuchewan لە باکوورییەوە بەرەو ڕووباری سیروان لە باشوورەوە و لە سنووری وڵاتی فارس لە ڕۆژهەڵاتەوە بەرەو ڕۆژئاوای گوندی چەمچەماڵ بنکە و بارەگای حاکمی سیاسی لە سلێمانی بوو. ئەو ناوچەیەی دەکەوێتە جوغزی ئەم گەشتەوە بە شێوەیەکی سەرەکی دەکەوتە ڕۆژهەڵاتی زنجیرە چیاکانی زاگرۆسەوە، کە خاڵی جیاکەرەوەی نێوان هەردوو مەملەکەتی ئاشوور و میدیا بووە یان خاڵی جیاکەرەوەی قەڵەمڕەوی شا و سوڵتانە و لە ئێستادا عێراقە.



زاگـرۆس، کـواتـراس، زارا، زاراسـپـە نـاوی جۆراوجۆری ئەو زنجیرە چیایەن، کە هەردە و تەپۆڵکەی بانی ئێران لە دەشتاییەکانی دیجلە و فورات جیا دەکاتەوە، کە لە چەرخ و ڕۆژگاری کۆنەوە ناسراوە و ئەمڕۆ ناوێکی هاوبەشیان نیە. لە ئارگۆت داغ و قەندیل داغەوە لای باکوورەوە بۆ هەورامان داغ و دەربەندی تاقی گرەوە Tak – i – Girreh لە باشوور. زنجیرە چیاکە ناوی جیاجیای ناوچەیی وەردەگرێت لەو گوندانەوە، کە نزیکیەتی یان هەندێک لە لووتکە بەرز و ناودارەکانی. زنجیرە چیاکان یەکبینە لە باکووری ڕۆژئاواوە بەرەو باشووری ڕۆژهەڵات دادەکشێن و بە شێوەیەکی سروشتییش دۆڵ و شیویان تێ دەکەوێت.

ئەو نەخشانەی کە لەو کاتەدا بەردەست بوون ئەوانە بوون، کە لە لایەن سوپاوە بەکار دەهاتن لە هێرشی میزۆپۆتامیادا و ئاستی تۆکمەیی و وردەکارییان جیاواز بوو. سنووری نێوان وڵاتی فارس و عێراق بە ڕوونی دیاری کرابوو، لە لایەن کۆمیسیۆنی سنوورەوە لە ساڵی ١٩١٣دا و ئەو ناوچانەش، کە پەیوەندییان بە ئەگەری ئۆپەراسیۆنی سەربازییەوە هەبوو لە لایەن کارتۆگرافەرە تورکی و بەریتانییەکانەوە (داڕێژەرانی نەخشەکانی سنوور) ئاگاداری دەدرا. لە نێو ئەمانەدا گەلێ بۆشایی هەبوون، کە وا شوێنی گوندەکان و شوێنە سروشتییە دیارەکانی تێدا دەستنیشان دەکرا بە پێی زانیارییەکانی ناوچەکە و گێڕانەوەی ئەو گەڕیدانەی بە وڵاتەکەدا تێپەڕیبوون، بەڵام گێڕانەوە جۆراوجۆرەکانیان بە یەکەوە گرێدراو نەبوون و پچڕپچڕ بوون. ناوە جیاواز و جۆراوجۆرەکانی شاخ، ڕووبار، ڕاڕەو یان دۆڵ و شیو، چۆڵکردنی هەندێک گوند و پەیدابوونی هەندێکی تریان ڕێگر بوون لە دروستکردنی نەخشەی ڕێکوپێک و تەگەرەیان دەخستە ڕێ. نەبوونی بایەخی بازرگانی و باری ناسەقامگیری ناوچەکە وای کردبوو، کە ڕووماڵ و ڕووپێوییەکی تەواوی دەڤەرەکە مەحاڵ بێت بێ دەستێوەردانی سەربازی و بەم ڕەنگە نەخشەکانمان هەردووک زانیاریی نوێ و ئەوانەشیان تێدابوو، کە دەگەڕایەوە بۆ ڕۆژگاری چێسنی، ئەینسوێرس، لایارد، ڕیچ، لینچ و گەڕیدەکانی تری سەرەتای سەدەی نۆزدەهەم.

گەشتەکە لەم گێڕانەوەیەدا باس لە بەدواداچوونی بەراوردکاریی تووشبوون بە نەخۆشیی مەلاریا دەکات لە نێوان گوندەکانی چیا و دۆڵەکان و ئەوانی دەشتاییەکاندا. من گەشتەکەم لە سلێمانییەوە بە سواری ئەسپ دەست پێ کرد و بە ئۆتۆمبیلەڕێیەکی تا ڕاددەیەک باشدا ماوەی نزیکەی ٤٥ میلم بڕی بەسەر ناوچەیەکی بەرز و نزمدا بەرەو دووکان لەسەر زێی خواروو. ڕێگەکە لە دەسپێکەوە بە دۆڵی تانجەرۆدا هەڵکشا و لە نزیکەی نیوەی ڕێگا لووتکە شاخی پیرەمەگروونمان هاتەڕێ، کە بەرزییەکەی دە هەزار پێ دەبێت و لە سەر زنجیرەیەکە مل بەرەو ڕۆژهەڵات دەنێت. کاتێ کە لە چەمی تابین دەپەڕیتەوە دۆڵی سوورداشت دێتە ڕێ، کە بەرەو باکوور دەکرێتەوە و ڕێگەکە بە ناو تۆقەڵەداربەڕوو و باخەگوێزدا تێدەپەڕێت.

بەرەو ڕۆژهەڵات هەوراز و نشێوی سەختی زنجیرە چیاکانی سورداش بەردەوام دەبێت و لێرەدا شوورەیەکی نیمچە بازنەیی و پاشماوەی قەڵا و قایمکارییەکی سەردەمی بابان، بە ڕاسەری گوندێکی پیس و ناقۆلا دەردەکەوێت کە وا چیاکان ناوەکەیان لێوە وەرگرتووە کە ئەویش سورداشە. دوا جار لێژاییەکی تووش

و سەخت بەرەو چەمی زێی خوارووت دەبات، کە بەرەو باکووری ڕۆژهەڵات دەکرێتەوە و لە ئاسۆشەوە بە لێژایی و کەندەڵانەکانی دەربەندی شێخ سمایل دادەخرێت. ئەوجا بە ئاڕاستەی باکوور و ڕۆژئاوا لەوبەری ڕووبارەکەوە قەدپاڵی چیا و گردەکان بە دارستان داپۆشراوە، بەڵام لووتکەی ڕووتەنی چیای کۆسرەت داغ، کە بەرزییەکەی شەش هەزار پێیە زۆر بە زەقی دەردەکەوێت. هەروەها لە ڕۆخی باکووری زێوە کەلاوەی قەڵایەک لە سەر بەرزاییەکە و بە ڕاسەری لێژاییەکی زۆر تووش و سەختەوەیە و پێی دەڵێن قەڵای دووکان، کە پاشماوەیەکی دەسەڵات و قەڵەمڕەوی بەگەکانی ڕەواندزە (لە سەرەتاکانی سەدەی نۆزدەدا).

هەڵبەت کارێکی نابەجێ نییە، کە وای دابنێیت ئەمە ئەو هێڵە دێرینەی ڕێگەی شاهانەی وڵاتی فارس بوو بێت لە سوسەوە بۆ سەردیس، لەو بەشەی نێوان ئەربیل (ئەربیلا) و دەربەند و ڕاڕەوەکانی زاگرۆسدا (لە ڕۆژهەڵاتی قەسری شیرینەوە). وا دێتە بەر چاو ئەمە تاقە ڕێگەی ئاسان و سروشتی بێت لەم دەڤەرەدا و پاشماوە و شوێنەواری پردە کۆنەکان و بوونی ژمارەیەکی زۆر گرد و تەپۆڵکەی دەستکرد بەڵگەن بۆ بوونی هێڵێکی زۆر کۆنی پەیوەندیکردن و ڕەنگە مەوداکەی لە هەولێرەوە بە کۆیسنجەقدا تێپەڕیبێت و لە نزیک دووکانەوە لە زێ پەڕیبێتەوە و پاشان بە دۆڵی سلێمانیدا بەرەو دەشتی شارەزوور تێپەڕیبێت لە باشوورەوە (کە ئەمە سیازورۆسی دێرینە، کە مەڵبەندی پێشتری ئاگرپەرستیی ساسانییەکان بووە و پڕە لە گرد و تەپۆڵکەی دەستکرد و کێلی بەردینی سەر گۆڕەکان) و ئەوجا بە قەراخ ڕووباری سیرواندا بەرەو خوار بووەتەوە بۆ دیالە و بە دەربەندی تاقی گرە و Tak – i – Girreh دەروازەی زاگریکای Zagricae نزیک حەلواندا تێپەڕیوە.

لە دووکان، کە گوندێکی دە دوانزەماڵییە و دەکەوێتە سەر ڕۆخی چەپی زێکەوە، پەڕینەوە بە هۆی کەڵەکەوەیە (چەند لقەدارێکە بەسەر پێستی ئاژەڵی فووودراوەوە) لە کاتی لافاودا، یان بە پێ دەپەڕنەوە لە بوار و شوێنە تەنکاوەکاندا. ئێرە شوێنێکی زۆر پیس و پڕ لە ئەسپێ و مێروو بوو، من هەمیشە لە گەشتدا خۆم لێ لا دەدا و وام پێ باشتر بوو لە ڕووبارەکە بپەڕمەوە و لە ماڵە پاکوخاوێنەکەی کوێخا مستەفای میوانپەروەردا بخەوم (کوێخا واتە سەرۆک) لە گوندی گوڵنێسی Gulnesi. بەهەرحاڵ، پەڕینەوە هیچ وەختێک کارێکی زەحمەت نەبوو، چونکە قووڵیی ئاوەکە هەر تەنیا دوو پێ دەبوو و ڕاستییەکەی من لێقییەکی سوارەی کوردم بینی لە ئاوەکە پەڕییەوە بێئەوەی ئاوزەنگییەکەیشی تەڕ ببێت. بەڵام دەبوو بە کەمێک بە ئاگاییەوە بپەڕیتەوە ئەوبەر چونکە لافاو هەندێ شوێنی دڕیبوو و چاڵ و چۆڵی تێ خستبوو، بۆیە دەبوو ڕێنمایەک لە پێشتەوە بە پێ بدات لە ئاوەکە.

سەعاتە ڕێیەک بە سواری بە لاپاڵە خز و ترسناکەکانی هەیبەت سوڵتان داغدا دەتگەیەنێتە گوندە دوورەدەست و ئارامەکەی گوڵنێسی، کە لە شیوێکی قووڵی پڕ لە کێڵگە و مەزرای سەوزە و باخ و باخاتدایە و جۆگە ئاوێکی بچووکی بە لادا تێدەپەڕێت. شۆڕبوونەوە بۆ دۆڵی گوڵنێسی بە سەر تاوێر و چینە بەردی خز و هەڵوەریوی لاپاڵەکەدا بە ڕۆژی ڕووناکیش قورس و پڕ لە مەترسییە و کە تاریکیش داهات ئەوە خراپتر. لە بۆنەیەکی پێشتردا کە درەنگ گەیشتم، یەک لە هێسترە بارهەڵگرەکانم کە بە دەرمان بار کرابوو قاچی خزا و بەرەو خوار هەڵدێرا و لە

تاریکیدا لە چاو ون بوو، هێسترەوانەکەش کە جڵەوەکەی گرتبوو لەگەڵیدا گلا. لە تاریکیی بنی شیوە قووڵەکەوە دەنگێکی سامناک دەهات و من پێشبینیی ئەوەم دەکرد کەوا برێکی زۆری ئەو دەرمانانەی لەگەڵ خۆم بردبوون فەوتاون، وەک کەنین و خوێی ئیپسۆم و حەبی ڕەوانی. بەڵام کاتێ گەیشتمە ئاقاری گوند تەماشام کرد هێستر و هێسترەوانەکەش و بارە دەرمانەکەش بە تەواوی سەلامەتن و سەیر ئەوە بوو، کە تەنیا زیان ڕووشانی سمت و کەفەڵی هێسترەکە بوو سەرباری ئەوەی بۆ ماوەی نزیکەی دووسەد پێ بەرەو خوار خزابوو بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەر توانیبووی هاوتایی خۆی ڕابگرێت.

بۆ سبەی بەیانی بە سواری بە دۆڵەکەدا هەڵکشام بەرەو شانی خوارووی چیای کۆسرەت، کە لە دەشتی ڕانیە جیای دەکردمەوە و پاش هەڵکشانی نزیکەی سەعاتەڕێیەک بۆ سەر لووتکەکەی دیمەنێکی هێجگار جوان و دڵڕفێنم هاتە بەر چاو لە ڕۆژهەلات و باکوورەوە. لە خوارەوە دەشتاییەکی گەورە چاو دەکەم کە زێ پێچاوپێچ دەیبڕێت و ئەویش دەشتی بیتوێن (یان ڕانیە) لە باکوورەوە و دەشتی مەرگە لە باشوورەوە. لەوپەڕی ڕۆژهەڵاتیشەوە تەنگی دەربەندی ڕانیە دەبینرێت لەگەڵ ئەو هێڵەی ئاسۆس داغدا، کە لە خوارووی تۆقەڵە چیای کورکوت داغەوە کۆتایی دێت و هەندێک دوورتر بەرەو ڕۆژهەڵات زنجیرە چیای زەبەلاحی قەندیل داغ دەبینرێت (کە دە هەزار پێ بەرزە) لەگەڵ چیاکانی سنووری وڵاتی فارسدا. لەوێوە بەرەو خوار داکشام تا گەیشتمە دەشتەکە و لەوێوە بە شیوێکدا کە بەرەو زێ دەڕۆیشت چوومە گوندی میرزا ڕۆستەم، کە وا کەڵەکێکی لێ بوو بۆ پەڕاندنەوە لە زێ. ئەم گوندە بەناوێ بوو بۆ پیسی و مێروو و مێشوولەی لەو جۆرەی کە من بەدوایدا دەگەڕام.

لە نەخشەی کۆمەڵەی جوگرافیای شاهانەدا لەمەڕ تورکیای ئاسیایی و سووریا و ڕۆژئاوای وڵاتی فارسدا، کە لە ساڵی ١٩١٧دا دەستکاری کراوە و ڕاست کراوەتەوە، ڕووباری قەڵاچوالان، کە جێی بایەخی ئەم پەیپەرەیە، بە هێڵی خاڵ خاڵ دیاری کراوە، کە بە دەشتی مەرگەدا تێدەپەڕێت و ڕێک لەوبەری گوندی میرزا ڕۆستەمەوە دەڕژێتە زێوە و ڕاست لە پشتی ڕاڕەوی شێخ سمایلەوە و لە چیاکانی پشتی سورداشەوە سەرچاوە دەگرێت. بەڵام لە ڕاستیدا ڕووبارێکی قەوارە ئاسایی بەرچاو نەدەکەوت و دواتر کە بە سواری لە ناوچەکەدا سووڕامەوە لام بەرجەستە بوو. بەهەرحاڵ، من لە بەری ڕاستی زێوە بەردەوام بووم لەسەر ڕۆیشتن بە نێو دەشتە پڕ گژوگیاکەدا و لە تەنکاوێکی چەمی بەسەلام Basalam پەڕیمەوە و بە هەردوو گوندی قورەشینە و بازمووسیاندا گوزەرم کرد و لای ئێوارە گەیشتمە بارەگای جێگری حاکمی سیاسی، کەوا کەپرێکی تازەدروستکراوە و دووسەد یاردە لە ڕێگەی ڕانیەوە دوورە. جێگری حاکمی سیاسی بە تاقی تەنیا لێرە دەژی و نەوەد میل لە سلێمانییەوە دوورە کە بارەگای سەرەکیی حاکمی سیاسی لێیە و بنکەکەی ئەم لێرە بە تەنیا پێک هاتووە لە ماڵەکەی، ئۆفیسێک لە لای خواری گردەکەوە، شوێنی نیشتەجێی کارمەندانی پێویست و بنکەیەکی بچووک بۆ لێڤییەکان. ئەم هەندێک جار بەزمی ڕاوەبەرازی کێوی ڕێک دەخات لەگەڵ خەڵکی خێڵەکیی ناوچەکەدا و بەرازەکان لە ژاژ و بێشەڵانەکانی چەمی بەسەلام دەردەپەڕێنران و بە ئەسپەوە شوێنیان دەکەوتن و هەر لەسەر زینەوە تەقەیان

لێ دەکردن. لەم ڕاوەبەرازانەدا دەسکەوتی باش بەدەست دەهات. پیاوە کوردەکان لە مەیدانی ڕاودا زۆر خێرا بوون بەڵام زۆر دەستیان ڕاست نەبوو.

تەنگی دەربەند (مەبەستی دەربەندی ڕانییە کە هەر بە کوردییەکەی نووسیوێتی - و) زۆر بەرتەسکە و پێیدا تێپەڕبوون زەحمەتە و بەڵام خۆشبەختانە درێژییەکەی تەنیا سەد و پەنجا یاردە لە مابەینی زنجیرە تیغ ئاساکانی ئاسۆس داغدا. کەمێک لە ڕۆژئاوای ڕاڕەوەکەوە پاشماوەی قەڵا و قایمکارییەکی دێرین هەبوو، بەڵام هیچ سەردەمێک بوو ئەوە دەستنیشان نەکراوە و ئەستوور و تۆکمە بووە. لە ترۆپکی ئەو شاخ و بەرزاییانەوە کە بە ڕاسەری ڕاڕەوەکەوە بوون دیمەنی زۆر ژوان و سەرنجڕاکێش بوون، لە هەردوو بەری ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوای دەشتەکانی پشدەر و ڕانیەدا. دەشتی ڕانیە بەناوبانگە بە بەروبوومی تووتن بەڵام زۆر بە خراپی ناوی ڕۆیشتووە لە بارەی نەخۆشیی مەلاریاوە. لەو ماوەیدا کە لێرە مامەوە بە سواری چووم بۆ گوندی ڕانیە کە نزیکەی حەوت میل لە باکووری دەربەندەوەیە. گوندەکە، کە دەکەوێتە بنی گردێکەوە، زۆر پیس و ناخۆشە و مەلاریا تەنگی پێ هەڵچنیوە. بە ئاڕاستەی باکوور دۆڵ و شیوە پڕ لە دارستانەکانی ناوچەی شاور بەرەو کەندەڵانی گەرووی مەنجەڵ هەڵدەکشێن، کە دەکەوێتە سنووری ناوچەی ڕەواندز کە لە ژێر دەسەڵاتی تورک یان خێڵەکانی سەر بە تورکدایە و ڕێگایەکی پێچاوپێچی سەخت و هەڵەت لە بەرزایی شەش هەزار پێوە بەرەو دۆڵەکانی ڕەواندز دەچێت. ئەو گوندانەی دۆڵی شاور کە من لە ساڵی ١٩٢١دا سەردانم کردوون بە جوانی کەوتبوونە نێو دارستان و باخ و بێستان و لاپاڵە تەلان تەلانەکانی تووتن و کشتوکاڵی تر. تووتنی شاور ناوبانگێکی ناوچەیی زۆر بەرزی هەیە و بۆن و بەرامێکی سروشتیی تایبەتی هەیە.

ئێمە (واتە جێگری حاکمی سیاسی و من) بۆ ڕۆژی دواتر بە ئاڕاستەی ڕۆژهەڵات ڕۆیشتین بۆ سەردانی بابەکر ئاغای سەرۆکی کوردە پشدەرییەکانی قەڵادزێ، لە دەشتی پشدەری ڕۆژهەڵاتی دەربەندی ڕانیە. لە دەروازەی ئەو ڕێڕەوەوە کە زێی لێوە سەرچاوە دەگرێت قەڵایەکی بەردینی نیمچەڕووخاو هەیە و ئێمە پاش تێپەڕاندنی ئەو قەڵایە نزیکەی سەعات و نیوێک بە سواری ڕۆیشتین و گەیشتینە قەڵادزێ، کەوا گوندێکی بچووکە لە بنی گردێکدا. بابەکر ئاغا بەوە ناسراوە کە پیاوێکی باشە و دڵسۆزی حکومەتە و ئەم خەسڵەتە تا ڕاددەیەک لە ناو کورددا دەگمەنە. ئەم پیاوە بە شێوەیەکی هەمیشەیی چاوی چەپی داپۆشیوە و کەس نازانێت نەخۆشییە یان برینە پێوە، بەڵام من دەنگۆیەکم بیستووە کەوا لە گەنجیدا گرەوی لەگەڵ کەسێکدا کردووە و شتێکی زۆر قورسی هەڵگرتووە کە بووە بە هۆی تەقینی دەماری خوێن لە چاویدا.

لە لای ڕۆژهەڵاتەوە شاخەکانی سنوور دەوری دەشتی پشدەریان داوە و ڕێڕەوی وەزنەیان پێدا تێپەڕ دەبێت بەرەو وڵاتی فارس. هەردووک وەزنە و کێلەشین کە لە ناوچەی ڕەواندزن وا باسیان لێوە دەکرێت، کە ئەو ڕێڕەوە بن گوایە هیراکلیۆسی (هەرقەل - و) ئیمپراتۆری بیزەنتی لای دەریاچەی ورمێوە پێیاندا تێپەڕ بووبێت بۆ شەڕی نەینەوا لە هێرشی سێیەمیدا دژ بە فارسەکان (٦٢٦ - ٦٣٧ پ. ز). ئەمە هەردووکی ڕێی تێ دەچێت، بەڵام ڕێڕەوی کێلەشین و دۆڵ و شیوەکانی زێی گەورە ڕاستەوخۆتر و

گونجاوترن لەگەڵ گێڕانەوە هاوچەرخەکاندا. بەم پێیە، تێپەڕبوون بە ڕێڕەوی کێلەشین، ڕەواندز (ئۆراڤا)، ئاسکی کەڵەک (یان گردەمەک) لە بوارەکانەوە یان بە کەڵەک بووە بۆ نەینەوا. من بە سواریی ئەسپ بەم ڕێڕەوەدا تێپەڕیوم و پێم وایە گونجاو بووە بۆ گوزەرکردنی لەشکرێکی ڕاهاتوو بە باری شەڕوشۆڕی سەختی وەک لەشکرەکەی هیراکلیۆس. پاشان بە سواری قەڵادزێمان بەجێ هێشت بە نێو ناوچەیەکی پڕ لە دارستاندا و بە گوندی دەشتێودا تێپەڕین، کە شوێنی ڕەسەنی بەگزادەی پشدەر بوو (واتە سەرۆک خێڵ)، کە گۆڕستانی بنەماڵەکەیانی لێ بوو و لەوێوە پاش ڕۆژێکی درێژ و پڕ لە ماندووبوون بە سنووری وڵاتی فارسدا گەیشتینە گەرەماوە، کە گوندی عەباسی سەلیم ئاغای برای بابەکرە. لێرەدا دەبێت سەرنجی ئەوە بدرێت کە عەشیرەتی پشدەر پەیوەندییەکی پتەویان هەیە بە هەردوو دیوی سنوورەوە و بەشێکیشیان بە شێوەیەکی جێگیر لە وڵاتی فارس نیشتەجێن و بەشێکی زۆریشیان لەمدیو لە مانگەکانی هاویندا ڕوو دەکەنە چیاکانی وڵاتی فارس و وەک خۆیان دەڵێن دەچنە کۆهستان (کوێستان - و) یان ناوچە سارد و فێنکەکان. لە ڕۆژئاوای ڕێڕەوەکەمانەوە کە دەکەوتە نێو دۆڵەکانەوە چیاکانی ئاسۆس داغ و کورکوڕ داغ هەڵکشابوون (٦٠٠٠ پێ) لە پشتی دەربەند و تەنگە قووڵەکانی زێوە. لە یەکێک لەم شیوانەدا کە لە چایخانەیەک لامان دا بۆ چایخواردنەوە (واتە دووکانی چایخواردنەوەی سەر ڕێگا)، هەر بۆ کەیف و خۆشیی ئێمە شەڕەسەگێکیان ساز کرد لە نێوان دوو سەگی ڕکابەری پاسەوانی ڕانەمەڕەکانی ئەو نزیکانەدا. سەگەکان زۆر زل و دڕ و تیسکدرێژ بوون، بەڵام هەرچەندە ئەوان بە چاکی و بوێرانە شەڕیان دەکرد کەچی دیمەنەکە بە هیچ شێوەیەک مایەی خۆشحاڵی نەبوو بۆ کەسێکی وەک من کە سەگی خۆش دەویست و لەگەڵ ئەوەشدا کوردەکان زۆر کەیفیان پێ دەهات و بە شێوەیەکی تایبەتی چێژیان لێ وەردەگرت.

پێش ئەوەی بگەینە گەرەماوە Garamawa عەباس ئاغا بە یاوەریی هێزێکی بەرچاوی سوارە لە پێشوازیماندا بوون و بە ناوچەیەکی سەخت و هەڵەتدا یاوەرییان کردین بۆ گوندەکەی خۆی، کە کەوتبووە شیوێکی پڕ مەزرا و باخ لە ئاورێژی چیای زەردکە داغدا Zerdka Dagh کە ٤٧٠٠ پێ بەرز بوو لای ڕۆژهەڵاتەوە، کە سنووری وڵاتی فارس پێک دەهێنێت. ئەم نیشتەجێیەی عەباس مەڵبەندێکی ئەریستۆکراتی بوو، کە مۆرکی هەڵسوکەوتێکی نەرمونیان و نەریتی وڵاتی فارسی هەبوو وەک لەوەی سەرۆکێکی کوردی ئاسایی بێت. ئێمە لەسەر کورسیی دارینی کەوانەیی نەمسایی دانیشتین و بە چەقۆ و چەتاڵ لەسەر خوانی نانخواردن بەکار هێنا، کە پلاوێکی هێجگار بە تام و لەزەت بوو، لە هەمان کاتیشدا بە سەرسوڕمانەوە لە دیوارەکانمان دەڕوانی کە وێنەی ڕەنگاوڕەنگیان پیادا هەڵواسرابوو، وەک دیمەنی جەنگی ڕووس - تورک و پۆرترێتی سوڵتان و خاوەن شکۆی ئێمە شا ئێدواردی حەوتەم و نەوەکانی شاهانەی. لە پشتی گوندەوە ڕەزە تریی نێو تەلانەکان بە لاپاڵەکاندا هەڵکشابوون بەرەو لووتکە رووتەنەکانی گرد و چیاکان. پاشان لە شوێنێکی تەختکراوی نزیک بە کانیاوێک و لە ژێر سێبەری کۆمەڵە دارێکی کۆندا و دوور لە بێزارکردنی مێشوولە بە ئارامی خەومان لێ کەوت. هەڵبەت عەباس ئاغا کە زەوییەکی زۆری لە خاکی

کوردستانی باشووری بەدەستەوەیە، سەر بە حکومەتی وڵاتی فارس بوو چونکە بەشی زۆری موڵکەکانی دەکەوتە ئەوێوە و گەرماوەی نیشتەجێشی ڕێک دەکەوتە سەر سنوور، ئەگەرچی ئەو جەختی لەسەر دەکردەوە کە بە دیاریکراوی لە وڵاتی فارسدایە.

بۆ ڕۆژی دواتر، بە یاوەریی عەباس سوار بووم و بەرەو خوار بوومەوە بە لاپاڵی جوانی بە دارستان داپۆشراوی چیای تاڵش داغدا شۆڕ بوومەوە بۆ سەرچاوەکانی سەرەوەی ئاوی زێی خواروو، کە لێرەدا بە شیوێکی قووڵی نێو چیاکاندا دەڕوات کە بە دارستان داپۆشراون. ئەوجا بۆ لای ڕۆژئاواوە زێ یەکسەر بەرەو باکوور پێچ دەکاتەوە بە ناو تەنگ و دەربەندە زەبەلاحەکاندا بە درێژایی ڕۆژهەڵاتی بنی تۆقەڵە شاخی بەرز و هەزار بەهەزاری کوڕکوڕ داغ، کە بە شێوەیەکی دیار زاڵ بوو بە سەر ئەو ناوەدا. کاتێ گەیشتینە ڕووبارەکە تەماشا دەکەم عەباس ئاغا پردی تایەتی دووبارە دروستکردووەتەوە .Pirt – i – tyet پێکهاتەی پردەکە بریتی بوو لە کۆڵەکەی بەردی زل زل و سەرەوەشی بە داری ئەستوور دارەڕا کرابوو، پاشان چەپوڕاست لقەداری خرابووە سەر. من وا تێگەیشتم کەوا ئەم کارەی بۆ خێر کردووە و بۆ بەخشینی گوناحێک ئەگەر کردبێتی. من لەم شوێنەدا کە زێ بووبوو بە سنوور دۆعاخوازیم لە عەباس کرد و بە درێژایی قەدپاڵە بە دارستان داپۆشراوەکاندا بەرەو خوار بوومەوە بۆ ناوچەی ماوەت، کە دەکەوتە شوێنێکی بەرزی ڕاسەری ڕووبارەکەوە. لێرە لە دامێنی گوندی عیسا ئاواوە بە ڕوونی تێکەڵبوونی ئاوی قەڵاچوالان لەگەڵ زێدا دەبینرێت کە پێشتر بە تەواوی شوێنەکەی دەستنیشان نەکرابوو. ڕووباری قەڵاچوالان بە دیاریکراوی لە باشوورەوە سەرچاوە دەگرێت و بەرەو باکوور پێچ دەکاتەوە تا دەڕژێتە زێوە. ئێمە لە ڕێکردن بەردەوام بووین بە نێو گرد و چیا بە دارستان داپۆشراوەکاندا و بۆ لای ئێوارە گەیشتینە ماوەت و لەوێ شەو لای مودیر ماینەوە (مەبەستی بەڕێوەبەری ناحیەیە – و). بارەگاکەی بەڕێوەبەر هێند هاوشێوە بوو لەگەڵ کۆمەڵگە چیاییەکەدا کە وام لێ دەکات بە کورتی باسێکیان لێوە بکەم. گوندە شاخاوییەکان بە عادەت لە قەدپاڵی گرد و چیاکاندا دروست دەکرێن و خانووەکان بە زۆری چین لەسەر چین لەسەر یەکتر بەرز دەبنەوە و لە هەمان کاتیشدا ڕەزە مێوەکان بەرزاییەکانی سەرەوەیان داپۆشیوە و مەزراکان و باخ و باخات و توتن، شیوەکانی خوارەوەیان گرتووەتەوە. بە گشتی ئەم گوندانە دەوڵەمەندتر و پاکتر و زۆر جوانتریشن لەو گوندانەی کەوتوونەتە پێدەشتەکانەوە و بە شێوەیەکی سروشتی ئاوی باش و سازگاریان لەو کانیاوانەوە بۆ ڕەخساوە، کە لە قەدپاڵی شاخ و کێوەکانەوە سەرچاوە دەگرن. گوندی پێدەشتەکان بە شێوەیەکی سرووشتی نیشتەجێی هەژار و پیسوپۆخڵن و ئاویان کەمە و کشتوکاڵیشیان شتێکی ئەوتۆ نییە و بەشی خۆیان ناکات.

شێوەی ئاسایی خانووبەرەی کوردی لە بەرد و قوڕ دروست دەکرێت و یەک نهۆمە و بنمیچ یان ساپیتەی ژوورەکان نزمە بە داری دووکەڵاوی دارەڕا دەکرێت و پاشان گڵەبان دەکرێت. پەنجەرەکان بریتین لە کونی نارێکوپێک لە دیوارەکاندا و ئەرزی نێو ژوورەکانیش گڵە و ئاگردانێکی کراوە لە ناوەڕاستیدایە. لە گوندە شاخاوییە گەورەکاندا و بەتایبەتی کە بەرەو سنووری وڵاتی فارس دەچیت خانووی گەورە



دەبینرێت لەگەڵ بەرهەیوان و پەنجەرەی باشدا، بەڵام ئەمانە بە عادەت شوێنی نیشتەجێی شێخ و ئاغان و زۆربەی خانووە پەرپووتەکان لەو شێوازەن کە لەسەرەوە باسمان کردن.

هەڵبەت گوندی پێدەشتەکان لە ڕووی پاکوخاوێنییەوە لەمان باشتر نین، بەڵکوو بە زۆری لە کەڵەکەکردن و هەڵچنینی پاشەڕۆی ئاژەڵ درووست دەکرێن و سواغدان و سەرگرتن و کاروباری تریان وەک ئەوانی ترە. لە گوندە شاخاوییەکاندا بە هۆی زۆریی ئاوەوە بابەتی پاکوخاوێنی ئاسانتر ڕادەگیرێت و لە هەندێک شوێنیش بەو هۆیەوە ئاودەستی باشیان هەیە و ئاوەڕۆی بۆ کراوە ئەگەرچی تاکوتەرایشە.

کاتێ کە ماوەتم بەجێ هێشت بە لای ڕۆژئاوادا پێچم کردەوە و بە هەندێک زنجیرە چیا و هەورازی نارەحەتدا هەڵکشام و دواتر شۆڕ بوومەوە بۆ تەنگێکی چاوەڕواننەکراو، کە لەپڕ زەوییەکە بۆ نزیکەی دوو هەزار پێ لێژبووەوە و لە بنی شیوێکی تەواو قووڵ و تاریکەوە بەحاڵ جۆگەئاوێک دەبینرا و کە تەماشای لای ڕاستت دەکرد دیار بوو لەگەڵ زێدا تێکەڵ دەبن، بەڵام کە تەماشای لای خوارت دەکرد ڕێڕەوەکەیت بە ڕوونی چاو دەکرد کەوا لەسەرخۆ بە ناو گرد و چیاکاندا ڕێی دەکرد و ئەمە ئاوی قەڵاچوالان بوو. کە بە ڕاسەری ئەو دەربەندە تەنگەبەرانەدا دەڕۆیشتین چەندین گوندی بچووک بچووکی دوور لە ئاڕاستەکەی من دەردەکەوتن و لەملاشەوە هێسترەوانەکانم ترسی ئەم چەم و چخوردە دایگرتبوون.

ئاوی قەڵاچوالان، لە جیاتیی ئەوەی لە ٣٦ پلەی باکوور و ٤٥ پلەی ڕۆژهەڵاتدا بڕژێتە زێی خوارووەوە، وەک لە نەخشەکانی تا ساڵی ١٩٢٢ پیشان دەدرێت، لە ڕاستیدا ٣٥ میل بە لای ڕۆژهەڵاتەوە دەڕژێتە ناوی. بەڵام ئەگەر چاودێریی ڕێڕەوەکەی بکەیت نزیکەی ٦٠ میل دوورتر دەکەوێتەوە بە پێچەوانەی ڕەوتی ئاوەکەوە. تەنگ و دەربەندەکانی ئاوی قەڵاچوالان کە بە زنجیرە چیاکانی ماوەتدا گوزەر دەکات بە تەواوی تێپەڕکردنیان مەحاڵە کاتێ کە ئاوی زیاد دەکات تەنانەت بۆ ئەسپسواری تاکیش چونکە هیچ ڕێگە و بوارێکی تێپەڕین نادات.

پێدەچێت هەڵەی نەخشەدروستکەرەکانی جاران (کارتۆگرافەرەکان) لەو گریمانەیەدا بێت کە ڕووبارێک زنجیرەشاخێکی بەردەوام ناپێکێت و وای دەنوێنێت کە دیوارێکە ناسمێت، وەک تێبینی دەکرێت، تا پشکنینی ورد تەنگەبەرە ئاودڕەکانی دەرخست. هێڵی کەمترین بەرگری بە هێڵی خاڵ خاڵ پیشان دراوە بە درێژایی کەندڕ یان ئاودڕەکانی خوارو لە زنجیرەچیای ماوەتدا و ئەگەری گومان لەم بارەیەوە نییە، چونکە من خۆم بە شەخسی ڕێڕەوی ئاوەکەم بینیوە تا بەیەکگەیشتنی لەگەڵ زێدا لە خوارووی گوندی عیسا ئاواوە بەرەو سەرەوە بۆ ناوچەی شارباژێڕ، کە لەوێ ناوچەکە بە ئاوی قەڵاچوالان دەناسرێت. بۆ خوارەوە نزیکتر

لە شوێنی بەیەکگەیشتنەکە یەک لە دوای یەک پێی دەوترێت ئابی قەشان، ئابی ماوەت و ئابی عیسا ئاوا (ئاب لێرەدا بە مانای زێ یان ڕووبار دێت) کە وێک دێتەوە لەگەڵ ناولێنانە لۆکاڵییە ئاساییەکەدا (مەبەست لێرەدا چەم یان ئاوی قەڵاچوالانە کاتێ تێپەڕ دەبێت بە شوێن یان گوندی جیاجیادا و لە ئاستی هەریەکەیان ناوی ئەو شوێنە وەردەگرێت – و).

پاش بەجێهێشتنی ماوەت، من بە سواریی ئەسپ بەرەو خوار بوومەوە بۆ پردی قەشان – Pirt – i Qashan، کە وادێتە بەرچاو بنیاتێکی لاواز بێت بەسەر ڕووباری قەڵاچوالانەوە (یان قەشان)، کە لە خاڵێکدا دروست کراوە ئاوەکە خەریکە دەچێتە تەنگی زۆر گەورە و زەبەلاحەوە، کە بەرزاییەکانی ماوەت دەپێکێت بۆ ئەوەی بگاتە زێ. پەڕینەوە لەمە و پاشان سەرکەوتن بۆ ڕێڕەوێک بە قەراخ نزمایی و شیوێکدا چوومە دۆڵە دووردرێژە بەرتەسکەکەی دۆڵبێشکەوە کە ڕێگەکە تێیدا بە ژێر سێبەری داردا دەڕوات لە نێوان لاپاڵە بە دارستان داپۆشراوەکان و زنجیرە شاخەکانی نێڵەزەن و بەردیودا Nelazen and Bardiu تێدەپەڕێت لە ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاواوە، هەر لە دووبارە دەرکەوتنی ڕووباری قەڵاچوالان لە نزیک گوندی کونەماسییەوە. لێرەوە ناوچەکە زۆر پانوپۆڕ و بەپیت دەبێت و ڕووبارەکەش لە دۆڵەکەدا بەربڵاو دەبێتەوە و لاپاڵی چیا و گردەکان سەوزایی دایاندەپۆشێت. پاش ماوەیەکی کەم لە نزیک مۆکەبەوە لە ئاوەکە پەڕیمەوە و بینیم لەوێدا چەمی سیوەیلی تێدەڕژێت، کە لە ڕۆژهەڵاتەوە سەرچاوە دەگرێت. لێرەدا بەرزیی چیاکان لە پێدەشتی سلێمانیی دابڕیم، کە دۆڵێکی بەرتەسکی بە دارستان داپۆشراودا بەرەو ڕێڕەوی قەیوانی بردم و لەوێوە لابەلا داکشامە خوارەوە و لە پاش نزیکەی هەشت سەعات بە سواریی ڕێکردنی پڕ ماندووبوون گەیشتمەوە سلێمانی.

**• چەند سەرنجێکی وەرگێڕ:**

– هەندێک هەڵە لە ڕێنووسی ناوی شوێنەکاندا هەیە هەوڵم داوە ڕاستی بکەمەوە بە یارمەتیی خەڵکانی شارەزای ئەو ناوچانەی لێرەدا ناویان هاتووە و هەندێکیشیان، هەروەک خۆیان هێشتوومانەتەوە لەبەر نەبوونی زانیاریی پێویست، یان نەمان و گۆڕانی ئەو شوێنە کۆنانە و نەبوونی زانیاری لە بارەیانەوە لە ئێستادا و بۆمان ساغ نەبووەتەوە.

– ناوی وڵاتی ئێران لێرەدا بە وڵاتی فارس هاتووە، کە تا ئەو دەمەش ناوە ڕەسمییەکەی لە ڕۆژئاوا بەو شێوەیە بووە و وڵاتی فارس لە ساڵی ١٩٣٤ دا بە ڕەسمی کراوە بە ئێران.

– دەتوانرێت سوود لەم نووسینە و لە بەڵگەنامە و نەخشەکانی بەریتانیا وەربگیرێت لەسەر ئەم ناوچەیەی خۆمان کە جاران لە ژێر دەسەڵاتیاندا بووە، لە بارە ناوە جوگرافییەکانەوە کە زۆر ورد بوون تێیدا و بەو جۆرەی خەڵکە ڕەسەنەکەی ناوچە جۆراوجۆرەکان گۆیان کردووە وەهایان نووسیوە وەک مێتۆدێکی زانستی، نەک بەو شێوەیەی داگیرکەرانی تر یان تەنانەت خۆشمان کە ناوە ڕەسەنەکان دەشێوێنین.

سەرچاوە:
گۆڤاری جوگرافیی کۆمەڵەی جوگرافیای شاهانەی بەریتانی
ژمارە (٢)، بەرگی LXXXVI ساڵی ١٩٣٥
The Geographical Journal
The Royal Geographical Society, London
Vol. LXXXVI No. 2
August 1935

# قادر عەبدوڵا و کوردەکان



لەتیف فاتیح فەرەج


هەواڵنامەی کتێب


قادر عەبدوڵا نوسەرێکی ناسراوی هۆڵەندی ئێرانیە، ئێمە ئەومان لەڕێی شەفیقی حاجی خدرەوە ناسی ، ڕاستیەکەی من پێش وەرگێڕانەکانی شەفیق قادرم لەڕێی نامیلکەیەکە وە ناسی کە باس لەگەشتێکی ڕۆژنامەوانی خۆی دەکات بۆ کوردستانی ڕۆژهەڵات، ساڵی ١٩٧٩-١٩٨٠ ئەو سەروەختتی کۆماری ئیسلامی پەیدا دەبێت و خومەینی لەپاریس دەگەڕێتەوەو دەبێتە ڕابەری ئێران، ئەو یەک دووساڵەو تا ماوەیەک زیاتریش کوردستانی ڕۆژهەڵات بەدەستی کورد خۆیەوە بووە، گەرچی ناکۆکی و ناجۆری زۆریش هەبووە، لەگەڵ ئەوەشدا جۆرێک لە خۆخاوەنی دەڵەمەو فشەڵ هەبووە، قادر عەبدوڵا ئەو ڕۆژگارە دێتە کوردستان و کتێبۆکەیەک لەبارەی کوردەو دەنوسێت، پاشتر، کتێبەکە تا ئێستا یەک دوو جارم دیتون کراون بەکوردی، ئەو لەوێدا وێنەی ناجۆرو ناکۆکیانەی کورد نیشان دەدات.


وەکی شەفیق لەبەرایی ڕۆمانی خانوەکەی مزگەوتی، کەیەکێک لەڕۆمانە جوانەکانی قادر عەبدوڵایەو لەهۆڵەندیەوە کوردێنراوە دەڵێت، ناوی ڕاستەقینەی ڕۆماننوس حوسێن سجادی قایم مەقامی فراهانیەو ناوی خوازراوی نوسینی قادر عەبدوڵایە.

قادر عەبدوڵا لە ١٢-١٢-١٩٥٤ لە ئەراکی ئێران لەدایک بووە،لەخانەوادەیەکی دیندار پێگەیوەو باوکی کەڕو لاڵ بووە،، لەساڵی ١٩٧٧ زانکۆی تارانبەشی سروشت ناسی تەواو کردوە، دووساڵ دواتر هاتوەتە کوردستان و بەشارو دێیەکانی کوردستاندا گەڕاوە،، ئەو کات تەمەنی بیست و پێنج ساڵبووە.

کەسێکی ئازادیخوازو چەپبووە لەڕۆژگاری




سەرەتای ژیانیدا دژە ڕژێمی شاو دژە سەرکوتکردن بووە،، ناوەکەی لەناوی دووبرادەری ئازادیخوازی کورد خواستوە، قادر لەبواری پزیشکی و عەبدوڵاش بواری ئەلارسازی خوێندوە لەتاران، ئەو دوو کوردە یەکیان شاو ئەوی دیکەش ڕژێمی مەلایان لەسێدارەی دەدەن ئەوەش کاریگەری لەسەر قادر عەبدوڵا دەدەنێت و هەردوو ناوی یەکەمی ئەوان دەکات بەناوی خۆی.

قادرعەبدوڵا لە ساڵی ١٩٨٨ ەوە لەهۆڵاند نیشتە جێیە، نوسەرێکی دیارو ناسراوەو هۆڵەندیەکان خۆشیان دەوێ جارێکی باسی ئەوم بۆ یەک دوو هۆڵەندی دۆستی کورد کرد سەرسامبوون پێی پێیان وتم ئۆو تۆ ئەو دەناسی وتم لەڕێی شەفیقی حاجی خدرەوە دەیناسم ، کاتێک دوو جار سەردانی هۆڵەندام کرد زۆرم حەز دەکرد ئەو نوسەرە ببینم و بناسم ئەوەش هیمەتی شەفیقی دەویست، لێ ڕێکنەکەوت، بەئومێدم ئەو دیدارە بێتە دی، هەرچەندە شاعیران هەمیشە دەترسن مەرگ مەودا نەدا بەودیدارە ڕابگەین.

شانسی ئەوەم هەبووە چەندین شاکاری ئەو نوسەرە بخوێنمەوە، ئەوەش دەزانم کوردی خۆش گەرەکە، لێ ئەوەی کەسەرنجی من ڕادەکێشێت و چەند جارم خوێندوەتەوە، کتێبی کوردەکانێتی، کەڕەنگە ئێستا حەز ناکات بچێتەوە سەر ئەو باس وخواسە، پێم وابێ جارێک شەفیق پێی وتم ڕەنگە ئێستا ناوەڕۆکی نوسینەکەی زۆر لەبەر دڵان نەبێت، لەگەڵ ئەوەش کتێبەکە پڕە لەزانیاری وردی ئەو سەردەمەو بارودۆخی شارەکانی کوردستانی ڕۆژهەلات.

من لێرەدا بەکورتی هەڵوەستەم لەسەر ئەو نوسەرەو پەیوەندی بەکوردەوە کرد ، ناشمەوێ ناوەڕۆکی کتێبی کوردەکان باس بکەم هێندەی ویستم ئەو بناسێنم، ئەوەشم بیر نەچێت قادر عەبدوڵا لەوسەردەمە زۆر داخدارو غەمگینە بەبارو دۆخی کوردو ئەو ناکۆکی و دژبەریەی نێوانیان، جێی خۆیەتی پەسەنی شەفیقی حاجی خدریش بدەین بۆ ناساندنی بەرهەمەکانی ئەو بە خوێنەری کورد.

## حەمە عەرەب:

# زۆرم پێ خۆشە کورد سەربەخۆیی خۆی ڕابگەیەنێت



ئا: سەرهەنگ عەبدولڕەحمان

هەواڵنامەی کتێب

ناوی ڕاستەقینەی «حەمە عەرەب نەعیم عەزیز عەباس» ە، لە ساڵی ١٩٥٤ لە بەسرە لەدایک بووە و خوێندکاری زانکۆی موسڵ بووە، لە ساڵی ١٩٧٧ بۆ ١٩٧٨، بەڵام بە هۆی سەربازییەوە نەیتوانیوە تەواوی بکات. ساڵی ١٩٨٢ هەڵدێت بۆ کوردستان و لە گاپیلۆنی ناوچەی شارباژێڕی سلێمانی دەگیرسێتەوە و ساڵی ١٩٨٦ دەڕوات بۆ هەندەران و ساڵی ١٩٨٩ دەگاتە ئوسترالیا و لەوێ ماوەیەک شۆفێری شەمەندەفەر بووە، بەکالۆریۆسی لە پەروەردە و فێرکردندا بەدەست هێناوە و جگە لە زمانی عەرەبی و کوردی، زمانەکانی ئینگلیزی و فارسی و تورکی و ئەڵمانی ئەزانێت. ئێستاش نیشتەجێی وڵاتی ئوسترالیایە و ژنی نەهێناوە.

حەمە عەرەب لە ناوچەی شارباژێڕ و دۆڵی جافایەتی و تەنانەت لای پێشمەرگە و سەرکردە سیاسییەکانی شۆڕشیش کەسێکی ناسراوە و خۆشەویستی خەڵک و شۆڕش و پێشمەرگە بووە. هەر ئەم هەستەش وای لێ کردووە چەند جارێک سەردانی کوردستان بکاتەوە و بچێتەوە گاپیلۆن و سەردانی خەڵکەکەی بکاتەوە. ئەو لە کوردستان دۆستی زیاترە وەک لە عەرەبستان. کاتێک گفتوگۆی لەگەڵدا دەکەیت، هەست ناکەیت کە عەرەبە، بەڵکوو بە کوردییەکی ڕەوان بۆت دەدوێ و زۆر بە جوانی ناوی شوێن و شاخەکانی کوردستان و کەسەکانت پێ دەڵێت، کە وا هەست ئەکەی کوردە، لەگەڵ ئەوەشدا کەسێکی بەوەفایە و خۆی بە قەرزداری کوردستان ئەزانێ.

بۆیە بە پێویستمان زانی ئەم گفتوگۆیەی لەگەڵدا ساز بکەین.

***چۆن لە بەسرەوە خۆت گەیاندە ناوچە ئازادکراوەکانی کوردستان و لە ناوجەرگەی شۆڕشدا گیرسایتەوە؟**

- لە شەڕی ئێران عێراقدا، من سەربازی ڕژێم

بووم، بەڵام زۆر بێزار بووم و بۆیە ساڵی ١٩٨٢ لە سەربازی هەڵاتم و هاتمە سلێمانی و پەیوەندیم کرد بە برادەرێکەوە بە ناوی شێرزاد سەرسپی، کاک شێرزاد منی گەیاندە ماڵی شێخ جەلال باراوی لە گەڕەکی مەڵکەندی، بەو پێیەی برادەری شەهید غەفوری کوڕی بووم و لە سەربازی پێکەوە بووین. کە چوومە ماڵی شێخ جەلال، هەواڵیان دا بە شەهید غەفوور، کە لە دەرەوە بوو، هاتەوە و وتی: کاک نەعیم چەند خزمێکمان لە گاپیلۆن هەیە. گاپیلۆن گوندێکە لە دۆڵی جافایەتیی ناوچەی شارباژێر و ئێستا بووەتە ناحیە، ئەتنێرین بۆ ئەوێ و ماوەیەک لەوێ بمێننەرەوە، هەتا بارودۆخەکە باش ئەبێ، ئینجا کاغەزت بۆ ئەنووسم و ئەچیت بۆ هەندەران، وتم زۆر باشە، ئینجا ئەو گەڕایەوە ناوچەی شارباژێر و منیش چەند ڕۆژێک مامەوە تا شێخ جەلال باراوی دەلیلێکی پەیدا کرد، کە ناوی مەلا جەبار خەمزەیی بوو، جلوبەرگ و شتومەکیان بۆ کڕیم و پاشنیوەڕۆیەک چووینە دووکانێک، کە ئێستا بیرم نایەت ئەو دووکانە لەکوێ بوو، پیکابێک هات و شێخ جەلال شتومەکەکانی لەگەڵدا بار کردم و خواحافیزییم لێ کرد و پیکابەکە چووە دەرەوەی شار. پێش ئەوەی بگاتە کەڵەکن کە نزیکی شار بوو، سەربازگەی سارداوی لێ بوو، سەربازێکم لە دوورەوە بینی، لە ترسا خەریک بوو لە پیکابەکە خۆم هەڵدەمە خوارێ، ئەوە بوو نەفەرەکەی تەنیشتم وتی: نا نا مەترسە، ئێمە پێش بازگەکە لا دەدەین، ئەوە بوو چووینە کەڵەکن و شەو لە ماڵی حاجی کەریمی کەڵەکن ماینەوە و بەیانییەکەی لەگەڵ دەلیلەکەمدا بە پێ بەرەو شاخی قەیوان بەڕێ کەوتین و وتی ناوی ڕاستەقینەی خۆت بە کەس مەڵێ و بڵێ ناوم محەمەدە، لەو ڕۆژەوە ناوم لە نەعیم-ەوە گۆڕا بۆ محەمەد، پاشان هەر ئەو ڕۆژە گەیشتینە گاپیلۆن و پرسیاری ماڵی خزمەکانی شێخ جەلال باراویمان کرد، وتیان لێرە نەماون، ئەوەبوو دەلیلەکەم بردمیە ماڵی خزمێکی خۆی بەناوی خاڵە حەمەهەرزن. هەفتەیەک لە ماڵیان مامەوە، پاشان ئەو کوڕانەی خزمی شێخ جەلال هاتنەوە و هۆدەیەکیان گرتبوو، چوومە لای ئەوان، ئیتر وردە وردە شارەزای گوندەکە بووم و فێری کوردیش بووم و تێکەڵاوی خەڵکەکە بووم و زۆریش هاوکارییان کردم و ئەوە بوو ئەو کوڕانە لە گاپیلۆن نەمان و خۆم بە تەنیا مامەوە، تا ڕۆژێک خاڵە حەمەهەرزن کە ئێستا لە ژیاندا نەماوە، وتی نابێت ئیتر بە تەنیا بیت و دەبێت بێیت بۆ ماڵی ئێمە و ئیتر بوومە کوڕی ئەو ماڵە و وەکوو ئەندامێکی خێزانی خۆیان مامەڵەیان لەگەڵدا ئەکردم. هاوکات شۆڕشیش پاش ئەوەی لێکۆڵینەوە و بەدواداچوونیان کرد و زانییان کە کەسێکی پاکم و جاسووسی ڕژێم نیم، مۆڵەتیان پێ دام لەو گوندە بمێنمەوە و بەڵێنی هەموو هاوکارییەکیشیان پێ دام. ئیتر هەر مامەوە تا ساڵی ١٩٨٦ و دەرفەتم بۆ ڕەخسا و چوومە ئێران و تورکیا و لەوێشەوە بۆ ئوسترالیا.

***دیارە ئەو کاتە شێوازی پەیوەندیکردن کەمێک قورس بوو، تۆ کاتێ فیرارت کرد کەسوکارت بێئاگا بوون لە تۆ و هێندەی من بزانم، وایان زانیبوو تۆ لە شەڕی ئێران عێراقدا کوژراویت یاخود دیلیت، چۆن پەیوەندیت کرد بە کەسوکارتەوە؟**

- ڕۆژێکیان لە گاپیلۆن مام سەعید حاجی خدر، پێی




حمه عه‌ره‌ب

وتم کاکە حەمە برزایەکم هەیە بە ناوی مستەفای حاجی حەمەڕەشیی بایزاوا لە دائیرەی ڕێگاوبانی بەسرەیە، گەر پێت خۆشە و حەز ئەکەی، هەرچییەکت هەیە، نامە و شتومەک پێی ئەڵێین بۆت ببات بۆ کەسوکارت. منیش وتم زۆر باشە. ئەوە بوو ڕۆژێکیان کاک مستەفام لە گوندی وڵاغلوو بینی، کە هاتبوو بۆ پرسەیەک و نامە و ڕاسپاردەی خۆم پیا نارد و ناونیشانی ماڵەوەم پێ دا و ئەویش زۆر دڵسۆزانە گەیاندی و دڵی کەسوکارمی خۆش کرد و پاشان هەر ئەویش خوشک و براکانمی لە مفاوەزاتەکەی ١٩٨٤ دا هێنا بۆ سلێمانی، تاوەکوو یەکتری ببینین و بەو شێوەیە پەیوەندیم بە کەسوکارمەوە کرد، دیارە ئەوەش بەڵگەیە بۆ ئازایەتیی خەڵکی کورد و ئەو پیاوە بەڕێزە، چونکە لەو کاتەدا بەعس بەوەی بزانیایە بێگومان لەسێدارەی ئەدا، دەتوانم بڵێم گیانی خۆی خستە مەترسییەوە بۆ من.

***تۆ چۆن توانیت خۆت لەگەڵ دابونەریتی کوردیدا ڕابهێنیت؟**

– دابونەریتی کوردی زۆر جیاوازی نییە لەگەڵ عادات و تەقالیدی خۆمان، دیارە بە هەموو شێوەیەک ڕێزی خەڵکم دەگرت و ئەگەر کەسێک لە گوندەکە بمردایە دەمشۆرد و هەروەها لە پرسەکاندا چاییم تێ دەکرد و شوانیم دەکرد. هەرچییەک پێم بکرایە بۆ خزمەتی ئەو







خەڵکە دەمکرد و ئەوانیش زۆر هاوکارییان دەکردم.

*وا پێ دەچێت کوردییەکەشت زۆر باش بێت؟

– لەسەر ئەوە با بەسەرهاتێکی خۆشت بۆ بگێڕمەوە: هەر لەو ساڵانەدا، کە من لە گاپیلۆن بووم، دووکانم دانابوو، پێشمەرگە هەموو دەیانناسیم. ڕۆژێکیان بەرزانی قالەی خەڵووز و فەرهاد سەنگاوی گرەو لەسەر کوردیزانینی من ئەکەن. بەرزان ئەڵێ حەمە عەرەب کوردییەکەی زۆر باشە و فەرهاد سەنگاوی ئەڵێ وا نییە. ئەوە بوو گرەو ئەکەن لەسەر مریشکێک و ئەڵێن با تاقیی بکەینەوە. منیش زانیم گرەویان کردووە. فەرهاد سەنگاوی هات وتی: کاکە حەمە (کرت)ت هەیە؟ وتم چ ڕەنگێکت دەوێ! تەبعەن من زانیم کرت واتە ڕانکوچۆغە. ئەوە بوو کاک فەرهاد مریشکەکەی بۆ کڕین و خواردمان.

***باشە تۆ دوای ئەوەی چوویتە هەندەران، پەیوەندییت لەگەڵ کورددا مایەوە و سۆزت هەبوو بۆیان؟ یان پەیوەندییت لەگەڵ ڕەوەندی کوردی لە ئوسترالیادا چۆنە؟**

– بە دڵنیاییەوە، من پەیوەندییم نەپچڕا بە کورد و پەیوەنیم بە کۆمەڵێک برادەری کوردەوە کرد لە ئوسترالیا، لەوانە کاک سەربەست ئەحمەد فەتاح قولەڕەشی و بگرە پەیوەندییەکانم فراوان کرد.


سەرهەنگ - حمە عەرەب

بۆیە پەیوەندیم لەگەڵ ڕەوەندی کوردی زۆر باشە و لە هەموو ئەو ئاهەنگ و بۆنانەی کە پەیوەندییان بە کوردەوە هەیە بەشداری دەکەم و هەروەها بەشداری لە هەڵبژاردنەکانیشدا دەکەم و زۆر نزیکم لە ڕەوەندی کوردی و گەر بێت و ناوی کەسەکان بهێنم زۆری دەوێ، بەڵام بەگشتی لەگەڵ هەموو لایەنە کوردییەکان پەیوەندیم هەیە و نێوانمان زۆر خۆشە.

***ئەی تا چەند هەوڵت داوە سۆزی هاوڕێ عەرەبەکانت بۆ پرسی کورد ڕابکێشیت و تێیانبگەیەنی کە گەلی کورد گەلێکی ستەملێکراوە و مافی خۆیەتی چارەنووسی خۆی دیاری بکات و دەوڵەتی سەربەخۆی هەبێت؟**

– هەوڵم داوە و هەوڵیش ئەدەم، هەر وەکوو ئەو وتە بەنرخەی کە ئەڵێ: (الساكت عن الحق شيطان أخرس)، مرۆڤ ئەگەر لە هەرشوێنێ ناهەقییەکی بینی دەبێ بە هەموو جۆرێ ئەو ناهەقییە بخاتە ڕوو و قسەی لەسەر بکات، منیش چەندین جار لەگەڵیاندا باسم لەوە کردووە، کە گەلی کوردیش مافەکانی ڕەوایە، هەر وەکوو گەلی فەلەستین و ئیرلەندا، کورد داوای مافەکانی خۆی دەکات و هەقی خۆیەتی، چونکە لە ساڵی ١٩٢٥ و بە پێی پەیاننامەی سیڤەر دابەش کراوە، ئەمەش ناهەقییە بەرانبەری کراوە.

***ئەگەر لە داهاتوودا کورد جاڕی سەربەخۆیی خۆی بدات، تۆ وەک عەرەبێک هەڵوێستت چۆنە؟**

– لە ڕاستیدا من زۆر زۆرم پێ خۆشە، کورد هەڵوێستی وا بنوێنێ، چونکە ئەوە مافێکی ڕەوای خۆیانە، زۆر شادمانم بە هەڵوێستی لەو جۆرە.

***هەڵوێستت چۆنە سەبارەت بە وڵاتانی تورکیا و سوریا و ئێران و هەموو ئەو دەوڵەت و لایەنانەی دژی مافەکانی گەلی کورد دەوەستنەوە و دەڵێن باشووری کوردستان هەر دەبێت لە چوارچێوەی عێراقدا بمێنێتەوە؟**

– ئەمە شتێکی ناڕەوایە، من پێیان ئەڵێم، پێویستە هەموو ئەوانە لەو حەقیقەتە تێبگەن کە ئەمە تا سەر بۆیان ناچێتە سەر. ئەبێ واز لە شۆڤێنیەت بهێنن، ئاکامی هەموو ئەو دەوڵەتە داگیرکەر و سەرکوتکەرانە ڕووخان و هەڵوەشانەوەیە. باشترین نمونەش یەکێتیی سۆڤیەت و عێراقە.


***لە کۆتاییدا حەز ئەکەین بەسەرهاتێکی خۆشمان بۆ بگێڕیتەوە، کە لە شاخدا بەسەرتدا هاتووە، چونکە بەسەرهاتی خۆشت گەلێک زۆرە؟**

– بەسەرهاتی خۆش زۆرن، بەڵام سەرەتا کە فێری کوردی بووبووم، یەکێک چاکوچۆنی لەگەڵ یەکێکدا دەکرد و دەیوت نەخۆش نیت شکور. وا تێگەیشتبووم کە لە دەربڕیندا ئەڵێن نەخۆشی شکور. هەر بۆیە منیش بە کاک مەحموود چاوشینی مامی کاک بەرزان خەڵووزم وت: نەخۆشی شکور. ئەویش وتی کاکە حەمە بۆ پێت خۆشە من نەخۆش بکەوم. وتم ناوەڵڵا پێم ناخۆشە، بەڵام خەڵکەکە هەمووی وام پێ دەڵێن. وتی: چیت پێ دەڵێن، وتم پێم ئەڵێن: نەخۆشیت شکور. وتی نا، پێت ئەڵێن نەخۆش نیت شکور. ئیتر لە دوای ئەوە تێگەیشتم ئەبێ زۆر بە جوانی دیقەت لە دەربڕینەکان بدەم تا مانای وشەکان نەگۆڕم.

***گەر داوات لێ بکەن، ئامادەی لە هەرێمی کوردستان خزمەت بکەیت؟**

– زۆر بە شانازییەوە ئامادەم خزمەتی کوردستان بکەم، چونکە من قەرزداری کوردستانم، ئامادەم لە هەموو ڕوویەکەوە لە بواری گواستنەوە و شەمەندەفەر و هاتوچۆدا هەروەها لە بواری پەروەردە و ڕۆشنبیریدا ئامادەم و پێم خۆشە خزمەت بکەم.

# پرسی پەروەردە لە کوردستاندا



م. ڕزگار خدر مستەفا

گومانی تێدا نییە، کە پەروەردە ڕۆڵێکی گرنگ و کاریگەر لە گەشەکردن و پێشکەوتنی کۆمەڵگادا دەگێڕێت، هەروەها ڕۆڵێکی گرنگی هەیە لە پەرەپێدانی ڕاددەی هۆشیاریی تاک، گەیشتنە پلەی مرۆڤبوون، دادپەروەری، پێشکەوتنی ئابووری، بووژاندنەوە، بەرزکردنەوەی ئاستی پەرەپێدانی داهێنان، بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە و باشترکردنی ئاستی ژیان. پەروەردە ئەو ئامرازەیە کە تاکەکان دەتوانن لە ڕێگەیەوە زانیاری و شارەزایی بەدەست بهێنن، کە یارمەتیی پێشکەوتنی کەسی و کۆمەڵایەتی و بەدیهاتنی ئاواتەکانیان دەدات، تا لە ژیانی پیشەیی و کەسیدا سەرکەوتوو بن.

پەروەردە ڕۆڵێکی گرنگی هەیە لە بەرزکردنەوەی هۆشیاری و کولتوور و گیانی لێبوردەیی و بڵاوکردنەوە و پەرەپێدانی تێگەیشتن و زانیاری، کە واتە وەبەرهێنان لە پەروەردەدا وەبەرهێنانێکی گرنگە بۆ وڵاتان بۆ پەرەپێدانی بەردەوام و خۆشگوزەرانیی گشتی، بۆیە دەوڵەتانی پێشکەوتوو بەشێکی زۆری بودجەی ساڵانە و سەرچاوەی بەردەستیان بۆ پەروەردە و خوێندن بۆ هەمووان بە یەکسانی و بێ جیاوازی تەرخان دەکەن، لێرەدا پرسیارێک دێتە پێش ئایا حکومەتی کوردی لە ماوەی دەسەڵاتی چەند ساڵەی توانیویەتی لە ئاست ئەو بەرپرسیارییەتییە گەورەیەدا بێت و بایەخی تەواوی داوە بە پەروەردە؟ لە دوای ڕووخان و کۆتاییهاتن بە دەسەڵاتی بەعس و دروستبوونی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەیان کۆنفرانس و کۆنگرە و کۆڕ بەستراوە لە پێناو گۆڕانکاری و بەرەوپێشبردنی پەروەردەدا، بەڵام زۆربەیان بێهوودە بوون و نەیانتوانیوە لە

هەواڵنامەی کتێب

ئاست بەرەوپێشچوونی خێرای ئەو کەرتە پڕ بایەخە بن و لەبەر ئەوەی پلانێکی ستراتیژیی ڕوون و درێژخایەن نەبووە، ڕاسپاردەکان نەبوونە بڕیار و بڕیارەکانیش زۆرجار پێش پیادەکردنیان هەڵوەشێنراونەتەوە یا لە کاتی کابینەی نوێ و دەستبەکاربوونی وەزیری نوێ کۆمەڵێک ڕێنمایی و گۆرانکاریی نوێی کردووە و کۆتایی بەو بڕیارانەی پێشتر هێناوە. هیچ ساڵێک بودجەی دڵخۆشکەر بۆ پەروەردە تەرخان نەکراوە، بەتایبەت لە دوای ساڵی ٢٠١٤شەوە کە قەیران کەرتی پەروەردەشی گرتەوە و بەتایبەت بێمووچەیی و بایکۆتی مامۆستایان و داخستنی دەرگای قوتابخانەکان بۆ ماوەیەکی زۆر و ساڵانە چەندپاتەبوونەوە و دابڕانی قوتابی لە خوێندن و کەمبوونەوەی ڕۆژانی خوێندن، کە ساڵ بووە بووەتە ساڵی تێپەڕاندن و بەڕێکردن و قۆناغبڕین جێگەی پەروەردە و فێربوونی گرتەوە، نە تاقیگە و هۆی فێرکردن و کتێبخانە بەکار هێنران و میتۆدی بانکی بە هۆی کەمیی کات بووە مۆدێلی سەردەم و مێشکی قوتابی بە زانیاری دەئاخنرا بەبێ فێربوون و بەکردەییکردن و هەموو ساڵێ وانەکانی هونەر و وەرزش دەبوونە قوربانیی نەبوونی کات بۆ




تەواوکردنی پڕۆگرام. خوێندکار بە تەواوەتی جاڕس و بێزار دەبوون، مامۆستایانیش نەک وەڵامیان نەدرایەوە بەڵکوو شکۆیان شکێنرا و بە هەڕەشە و شەق شەقامیان پێ چۆڵ دەکردن و شکۆی مامۆستایان شکاند. لە کاتێکدا لە زۆر وڵات پارێزبەندییان هەیە و پیشەی مامۆستایەتی جێگەی بایەخ و ڕێزگرتنە، لە وڵاتێکی وەک یاباندا لە پێنج کەس کە داوای پیشەی مامۆستایەتی



دەکەن یەکێکیان ئەو شەرەفەی پێ دەبڕێت و هەموو کەس بەئاسانی ناتوانێت ببێتە مامۆستا، نەبوونی بودجەی پێویست بۆ دروستکردنی بینانی نوێ بۆ قوتابخانە و هەڕاجکردن و داگیرکردنی بینا کۆنەکان کەسوکاری قوتابییانی ناچار کرد، کە پەنا بەرنە بەر خوێندنی ئەهلی، قوتابخانە ناحکومییەکان جمەیان دێ و ڕێژەیان لەزیادبووندایە، لە لایەکی تریشەوە دەستوەردانی بەردەوامی دەستی حیزب لە ناوەندەکانی خوێندن  و بەزاندنی حەرەمی قوتابخانە، کە ئەمەش زیندووکردنەوەی کولتووری بەعسی دیکتاتۆرە، کە بەرهەمەکەی پێگەیاندنی تاکێکی بوودەڵەی هیچنەزانە.

پرسی زمانیش لە سایەی پەروەردەدا بابەتێکی تری گوێپێنەدان و بێبایەخکردنی پەروەردە و فێربوونە، زمان گەر بۆ نەتەوەکانی تر جارێک گرنگ بێ بۆ کورد دەیان جار گرنگترە کە هۆکاری بوون و مانەوەیەتی، مالیزییەکان دەڵێن (زمان گیانی نەتەوەیە)، ڕێکخراوی یونسکۆ لەبەر بایەخی زمان ساڵی ١٩٩٩ڕۆژێکی دیاری کرد بە ناوی ڕۆژی زمانی دایک، پەرلەمانی ئەورووپا لە ٢٠٠٦/١٠/٤ بڕیاری دا، کە زمانی قوتابخانەکان دەبێت زمانی دایک بێت، خوێندن و ئاخاوتن بە زمانی دایک لە سادەترین مافەکانی مرۆڤە، لە سەردەمی ئەمڕۆماندا بە هۆی جیهانبینی و کرانەوەی سنوورەکان بە ڕووی مرۆڤدا و کۆچی بەردەوامەوە زۆرێک لە زمانەکان ڕووبەڕووی لەناوچوون و توانەوە لە ناو بۆتەی زمانی نەتەوەی باڵادەستدا بوونەتەوە. گەر تا ئەمڕۆ زمانی کوردی پارێزەری نەتەوەی کورد بووبێت ئەمڕۆ کورد دەبێت زمانەکەی خۆی بپارێزێ و جێگەی بایەخی بێت، لە کاتێکدا کە لە دەستووری پێشنیازکراوی هەرێم جەخت لەسەر زمانی کوردی وەک زمانی فەرمی هەرێم و لە خاڵی ٣ی یاسای ژمارە ٤ی ساڵی ١٩٩٢ی وەزارەتی پەروەردەی هەرێمدا هاتووە، کە زمانی کوردی زمانی خوێندنە لە سەرجەم قۆناغەکانی خوێندندا، بەڵام وەک پێویست کاری پێ نەکراوە، هێندەی گرنگیی بە زمانی ئینگلیزی و عەرەبی و.... تاد دەدرێت بایەخ بە زمانی کوردی نەدراوە. ماوەیەک خوێندن بە زمانی ئینگلیزی ڕووی لە هەڵکشان بوو تا بە بڕیارێک لە ٢٠١٩/٨/١٩ هەڵوەشێنرایەوە، لە لایەکی ترەوە کردنەوەی ئەو ژمارە زۆرەی قوتابخانە و خوێندنگە ئەهلییەکان بە زمانی ئینگلیزی و عەرەبی و تورکی و فەرەنسی، کە تیایاندا زمانی کوردی پەراوێز خراوە و بەشەوانەکانی کەم کراوەتەوە و بایەخی پێ نادرێ و دوابڕیاریش، کە هێندەی دی زمانی کوردی بێبایەخ کرد بڕیاری خوێندنی باڵا بوو لە ٢٠١٧ بە ئەژمارکردنی ئارەزوومەندانەی زمانی کوردی بۆ وەرگرتن لە کۆلێژ و بەشە زانستییەکانی زانکۆ.  ئەمە جگە لە نەبوونی دەستەیەک لە کەسانی زمانزان و وەرگێڕی توانا لە بەشی پرۆگرامەکاندا، کە دەبینین کتێبەکانی خوێندن پڕن لە وشە و زاراوەی نادروست و وەرگێڕانی خراپ بۆ بابەتە زانستییەکان کە سەر لە مامۆستای پسپۆڕ و قوتابی دەشێوێنێت و بێزاریان دەکات. هەموو ئەمانە پێویستە کاری جیددییان بۆ بکرێت و پرسی پەروەردە خەمی هەمووان بێت. چۆن  چەمکی پەروەردە چەمکی مرۆڤسازی و ژیانسازییە، چاندنی بەها جوانەکانە، بۆیە  دەبێت ئەو ڕاستییە بزانین، کە بایەخنەدان بە پەروەردە وڵات بەرەو هەڵدێر و چارەنووسی ڕەش و نادیار دەبات.

# وزەی خۆر
# solar power



م. محەمەد ئەحمەد کەریم

هەر لە دێر زەمانەوە و لە سەرەتای مرۆڤایەتیدا بە چاوێکی گرنگ و پڕ بایەخەوە سەیری خۆر کراوە و درکیان بە گرنگییەکەی کردووە، لەبەر گرنگیی لای چەندین نەتەوە وەک خوا سەیریان کردووە و پەرستوویانە و لە ئاسەوارەکاندا زۆر بە ڕوونی دیارە. سەرەتا تەنیا وەک ڕووناکی و پاشان وەک گەرمی سوودیان لێ وەرگرتووە. بە تێپەڕبوونی کات و گەشەسەندنی زانست، زانایان توانییان تەواوی سوودەکانی بدۆزنەوە و بەکاریشی بهێنن.

خۆر تەنێکی گازی زۆر گەورەیە کە لە ٩٢ ٪ گازی هایدرۆجینە و ئەوی تری پلازمایە، کە قەبارەکەی ( ١,٤٠٠,٠٠٠) جار لە قەبارەی زەوی گەورە ترە وە (١٥٠ ) ملیۆن کیلۆمەتر لە زەوییەوە دوورە، پلەی گەرمیی چەقەکەی (١٥) ملیۆن پلەیە و ڕوی دەرەوەی ( ٥,٥٠٠ ) پلەی سیلیزی‌یە. ئەو وزەیەی خۆر بەرهەمی دەهێنێت لە کەمتر لە چرکەیەک یەکسانە بەو وزەیەی بە درێژای ساڵێک کە دانیشتووانی زەوی بەکاری دەهێنن. بەردەوام لە چالاکیدایە و گەرمی و ڕووناکی دەبەخشێت.

زانا ئەرخەمیدیس لە دوو سەد ساڵ پێش لەدایکبوونی مەسیحەوە هەوڵی داوە لە ڕێگەی دروستکردنی ئاوێنەیەکی گەورەوە و کۆکردنەوەی گەرمیی خۆر و ئاڕاستەکردنی بە مەبەستی سەربازی و سووتاندنی کەشتییە چارۆکەدارەکانی دوژمن بەکاری بهێنێت. هەرچەندە ئەمە تەنیا تۆمار کراوە وەک کردار هیچ بەڵگەیەکی ڕوون نییە. بەڵام لەم ساڵانەدا تاقی کرایەوە و سەرکەوتوو بوو هەتا چەند



پـرۆژەیـەک هـەیە وەک پـرۆژەی ( solar furnace ) لە چەند وڵاتێک دروست کراوە کە لە (١٠,٠٠٠) ئاوێنەی بچووک پێک هاتووە و پێکەوە یەک ئاوێنەی زەبەلاحی لێ دروست بووە کە پانیی (٥٤ ) مەتر و بەرزیی (٤٨ ) مەترە، هەموو گەرمی و ڕووناکییەکەی لە خاڵێکدا کۆ دەکاتەوە کە پلەی گەرمییەکەی سەروو (٣٠٠٠) پلەی سیلیزییە ئاسن وەک سەهۆڵ دەتوێنێتەوە. خـودکـاری (ئۆتۆماتیکی) لـەگـەڵ ئـاڕاسـتـە و گۆشەی لاری خۆردا دەجووڵێت.


چینییەکان لە ساڵی ٢٠ ی زاینی تۆماریان کردووە، کە توانیویانە سوود لە خۆر وەربگرن بۆ کردنـەوەی ئاگر. زۆربـەی میللەتانی زوو سوودیان لێ بینیوە.

خوای گەورە لەم زەوییەدا زیاد لە (١١٨) جۆر توخمی دانـاوە، کە دڵنیاین هـەر یەکەیان بە شێوازێک لە خزمەتی مرۆڤایەتیدایە. ئەوەشی تاکوو ئێستا سوودەکەی نەزانرابێت ئەوە هێشتا زانست پەیی پێ نەبردووە. لە ناو ئەو ماددە و توخمانەدا (سلیکۆن) یەکێکە لەو ماددە نایابانەی، کە لەم ساڵانەی دواییدا شۆرشێکی گەورەی پێشەسازی و پێشکەوتنی بەرپا کرد.

لە ساڵی ١٧٦٧ زانای سویسریی ( هۆراس دی) یەکەم کۆکەرەوەی خۆری لە جیهاندا دروست کرد و دواتر لە لایەن زانا (جۆن هێرشل) بۆ ئامادەکردنی خواردن بەکاری دەهێنا، لە کاتی گەشتەکەی بۆ ئەفەریقا لە ساڵی ١٨٣٠ دا.

پاشان لە ساڵی ١٨٣٩ زانای فەرەنسی ( ئێدمۆند بێکرێل ) یەکەم کەس بوو کە فۆتۆ ڤۆڵتایکی (photo voltaic) دۆزیـیـەوە دواتـر کـورت کرایەوە بۆ (PV) و ئەم پێشکەوتنە بەردەوام بـوو تـا سـاڵی ١٩١٨ زانـای پۆڵـەندی ( جان کۆلکراسکی) توانیی بۆ یەکەم جار سلیکۆنی تاک کریستاڵی بەکار بهێنێت و تێبینی کرد، کە ئەلیکترۆنی سەربەخۆ دروست دەبێت. هەر بەردەوام بوون لە پێشخستنی تا لە ساڵی ١٩٥٤ توانرا یەکەم خانەی خۆری (PV) لە ویلایەتە یەگرتووەکانی ئەمەریکا دروسـت بکرێت و وزەیـەکـی کەمی کـارەبـا بـدات، لـە دوای ئەم داهێنانەوە شۆرشێکی گەورە و جموجووڵێکی فراوانی لەو بوارەدا خستە گەڕ. توانرا لە ساڵی ١٩٥٨ بۆ مانگی دەستکردی ( Vanguard) دابنرێت و بە سەرکەوتوویی هەڵدرا بۆ بۆشای ئاسمان و کارەباکەی کە واتییەکی کەم بوو، لە ڕێگەی وزەی خۆرەوە دابین دەکرا.

ژاپۆنییەکان یەکەم بوون لە دروستکردنی تاوەرێکی ڕووناکی بۆ شەو لە ساڵی ١٩٦٣ کە بە بڕی ( ٢٤٢ ) وات کارەبایان دەست خست لەو کاتەدا ئەو وزە زۆرە نەبوو. لە ساڵانی دواییدا ئاژانسی فەزایی ناسا (NASA) هاتە ناو



پیشەسازییەکەوە و توانیی وێستگەیەکی ڕوانینی ئەستێرەکانی دروست بکات بە دابینکردنی ( ٥ ئەمپێر )بۆی.

لە ساڵانی ٢٠٠٠ بە دواوە لە هەموو جیهاندا بەرەوپێشچوونێکی زۆر ڕووی داوە لەم بوارەدا. چونکە مرۆڤایەتی دڵنیایە لەوەی کە لە سەد بۆ دوو سەد ساڵی داهاتوودا شتێک نامێنێت بە ناوی نەوت و سووتەمەنی، لە بیری دۆزینەوەی جێگرەوەیەکدان بۆ کارگەکان بۆ شارە گەورەکان بۆ گوندەکان بۆ ئۆتۆمبێلەکان.

لە ئێستادا لە جیهاندا بە دەیان پرۆژەی زەبەلاح لە بواری جێبەجێکردندایە وەک چین و ئەمەریکا و مەکسیک کە بە سوود بینین لە بوونی بیابانی فراوان و ڕووی دەریا و خۆرێکی باش و ماوەدرێژ. ئەم سیفەتانە بە زۆری بۆ ئەولاتانە زۆر بەسوودە کە دەکەونە سەر هێڵی پانیی ئیستیوا (هێڵی کەمەرەی زەوی ) و دەوروبەری، گۆشەی کەوتنی خۆر بۆ سەر زەوی زۆر گونجاوە و هەروەها لە ١٠ کاتژمێر تاکوو ١٤ کاتژمێر خۆر ڕووناکی دەدات بەراورد بە ولاتانی ناوچە ئەسکەندەنافییەکان، کە بێبەشن لەم داهێنانە زۆر سوودێکی ئەوتۆی نییە.

چونکە توانای (solar panel) واتە پلێتەکان بە پێی گۆشەی بەرکەوتنی ڕووەکە و ماوەی بەردەوامیی خۆر وزەکەی بەرزونزم دەکات، لە کوردستاندا بە گۆشەی نزیک ٤٥ دادەنرێت و دەخرێتە نێوان خۆرهەڵهاتن و خۆرئاوابوونەوە واتە نزیک ڕووەو قیبلە.

لە ئێستادا تازەترین و بەهێزترین (panel) کە دروست کراوە بە قوەتی (١٠٠٠ وات) واتە نزیک ٥ ئەمپێر بۆ هەرپلێتێک کە ڕێژەیەکی زۆر بەرزە ، لە کوردستان تاکوو جۆری (٧٥٠ وات ) هەیە بە قەبارەی ( ٢٢٧ سم بە ١١٣ سم ) واتە نزیک ٣ ئەمپێر. هەرچەندە نابێت ئەوش لە یاد بکەین کە باشترین کات کە پلێتەکان باشترین وزەمان بدەنێ، لە نزیک ١٠ی بەیانییان تاکوو نزیک ٣ ی دوانیوەڕۆ، لەم کاتەدا پلێتەکان زۆرترین وزەمان دەدەنێ بۆ نموونە ئەگەر ماڵێک ٤ پلێتی هەبێت لە سەربان لەو ماوەیەدا نزیکەی ١٠ – ١٢ ئەمپێری دەبێت، بەڵام لە بەیانییان و ئێواران دادەبەزێت بۆ ٣ ئەمپێر و گەر هەوریش بێت ئەوە زیاتر دادەبەزێت و لە زستانیشدا وزەیان بە تێکڕای کەم دەکات لەبەر کەمبوونەوەی ماوەی هەڵهاتن و ئاوابوونی خۆر، گۆڕین و زیاتر لاربوونەوەی گۆشەی بەرکەوتنی خۆر بە پلێتەکان. هەرچەندە لە هەندێ لە وڵاتان ئەمەیان چارە کردووە بە وەی کە بنکەکەی (قاعیدە)ی خودکاری (ئۆتۆماتیکی) لەگەڵ خۆرهەڵاتن و خۆرئاوابوون دەسوورێت و وەک گوڵەبەرۆژە ڕوودەکاتە خۆر.





**بەشەکان و پێکهاتەکەی solar power**

ئەم سیستمە ئێستا کە بەربڵاوە و لە زۆربەی وڵاتان بەکاری دەهێنن لە ئاستی حکومی و کۆمپانیا و مەدەنیدا پێک دێت لە:

١/ panel پانێڵ یان پلێت یان تاقە: ئەم پلێتانە چەندین قەبارەیان هەیە لە ٢٠ سم بە ٢٠سم تاکوو ٢٢٧ سم بە ١١٣ سم، قوەتەکەیان لە ٥ واتەوە دەست پێ دەکات تاکو ١٠٠٠ وات کە ئەمە گەورەترینیانەو بە پێی خواستی بەکارهێنەر ژمارەی پلێتەکان دیاری دەکرێت.

٢/ inverter ئینڤێرتەر: ئەو بەشەیە کە وەک محاویلە وایە چەند کارێکی جیاواز دەکات، ئەم ئامێرە ڤۆڵتییە لە پلێتەکانەوە وەردەگرێت و توانای خوێندنەوە و ڕێکردنەوەی ڤۆڵتیەی هەیە لە ٩٠ ڤۆڵتەوە تاکوو ٤٠٠ ڤۆڵت و دەرکردنی بۆ ناو ماڵ بە ڤۆڵتییەی ڕێکی ٢٤٠ ڤۆڵت و لە هەمان کاتدا دەست دەکات بە بارگاوی (شحن) کردنەوەی پاترییەکان. ئەم ئینڤێرتەرانە لە ٢٠٠ واتەوە دەست پێ دەکات تاکوو ٦٠٠٠ وات و زۆر زیاتریش.

٣ / Battery پاتری: ئەمیش لە ڕووی دروستکردن و پێکهاتەیەوە بە زۆری دوو جۆرە کە بەکار دێت.

جۆری یەکەم: کە هەرزانە و بەردەستە و زۆر بەکار دێت پاتری توبلەری هندییە، کە تەڕە و تێزابی تێدایە بەرگەی بارگاویکرنەوەی زۆر دەگرێت، بەڵام تەمەنی کورتترە و ١٨ مانگ زەمانی هەیە.

جۆری دووەم: پاتری لیثیۆمە پێکهاتەکەی جیاوازە و گرانترە و بەرگەی بارگاویکردنەوەی زۆر دەگرێت و زەمانی لە ٥ ساڵەوە تاکوو ١٠ ساڵ هەیە. بە پێی خواستی بەکارهێنەر ژمارەی پاترییەکان بۆ ماڵ دادەنرێت. بۆ نموونە ٤ پاتری ٢٠٠ ئەمپێری توبلەری هندی بەشی ٢ بۆ ٣ ئەمپێر کارەبا دەکات لە ٦ ی ئێوارەوە بۆ ٦ ی بەیانی. وزەی پاتری دیاری کراوە بە پێی خواستی خۆت بەکاری دەهێنیت، گەر زۆری لێ وەربگریت زووتر تەواو دەبێت.

٤/ Main box سندوقی سەرەکی: بۆ جێگیرکردنی چەند جۆزەیەک و چەند پاشکۆیەکی سەلامەتی، وەک جۆزەی دیاریکردنی سەرفکردنی ئەمپێر و جۆزەی هەورەبرووسکە و جۆزەی پاراستنی پاتری.

٥/ base ڕاگر: ئەم بەشە ڕاگری تایبەت بە خۆی هەیە، دەشتوانیت ئاسنی ئاسایی چوارگۆشەی ٤ سم بە ٤ سم بەکار بهێنیت بۆ جێگیرکردنی لە گەڵ بوونی چەند برخوو و چەند پارچەیەکی بچووک.

**چۆنیەتیی کارکردنی solar power**

ئەم سیستمە دوو جۆر کارەبای تێدیە، واتە کارەبای ڕۆژ سەرچاوەی دەستکەوتنەکەی وزەی خۆرە ئەمە لە کاتژمێر ٦ی بەیانییەوە بۆ ٦ی ئێوارە بەردەوام دەبێت، بەڵام جۆری




هەواڵنامەی کتێب



کارەبای دووەم لە ڕێگەی پاترییەوە دەست دەکەوێت لە ٦ی ئێوارەوە دەست پێ دەکات تاکوو ٦ی بەیانی.

بە ڕۆژ پلێتەکان دەست دەکەن بە دروستکردنی کارەبا و دەگوێزرێتەوەبۆ ئینڤێرتەرەکان لە ڕێگەی دوو کێبڵی تایبەتییەوە. لە ئینڤێرتەرەکەشەوە کارەباکە ڤۆڵتیەی ڕێک دەکرێتەوە دەنێرێت بۆ ناو ماڵەکە و زیادەکەشی پاترییەکانی پێ بارگاوی دەکرێتەوە و پڕ دەبێت بۆ شەو، لە کاتی نەمانی ڕووناکیی پاترییەکان ئەو وزەیەی هەڵیانگرتووە هەر لە ڕێگەی ئینڤێرتەرەکەوە دەکرێتەوە بە کارەبا ٢٤٠ ڤۆڵت و دەدرێتەوە بە ناو ماڵەکە

## سوودەکانی ئەم سیستمە

ئەم سیستمە لە ئێستادا زۆر بەسوودە و جێگرەوەیەکی باشی سووتەمەنییە و لە داهاتوودا زۆر پشتی پێ دەبەسترێت، هاوڕێی ژینگەیە و هیچ جۆرە پاشماوەیەک و دەردراوێکی نییە. خاڵێکی تر تێچوونی لە چاو موەلیدەی کارەبادا هەرزانترە و تەمەنی درێژترە بەتایبەتی پلێتەکان لە ١٥ ساڵەوە تاکوو ٢٥ ساڵ زەمانی هەیە و دووای ئەو ماوەیە وزەکەی کەم دەکات، بەشەکانی تریش لە ٢ ساڵ تاکوو ٥ ساڵ زەمانیان هەیە، گواستنەوە و دانان و دووبارە بەکارهێنانەوەی ئاسانە و هەر پارچەیەکی خراپ ببێت، کار لە پارچەکانی تر ناکات و زۆر بە ئاسانی دەگۆڕدرێت، خۆشبەختانە وڵاتی ئێمە لە ڕووی هەڵکەوتەی جوگرافییەوە زۆر گونجاوە و بە درێژایی چەند وەرزێک ئاسمان ساماڵ و بێهەورە.

## پێشنیارێک بۆ حکومەتی هەرێم

پێشنیارم بۆ حکومەتی هەرێم هەیە کە گرنگیی زۆر بدات بەم سیستمە و خۆی یان کۆمپانیای تایبەت ڕابسپێرێت تایبەت بەو بوارە، تاکوو هانی خەڵکی بدەن ڕوو بکەنە بەکارهێنانی ئەم سیستمە و داشکاندنی ٤٠ ٪ بکات بۆ گوندەکان و لە هەمان کاتدا ئەو لە ٦٠ ٪ ی ماوە بە قیستی درێژخایەن پێیان بدات، تاکوو لەسەر هاووڵاتییان و گوندنشیان بارگرانی نەبێت، زۆر کارئاسانییە بۆ کەمبوونەوەی لۆد لەسەر تۆڕی نیشتیمانی. هەروەها بۆ ئەو گوندانەی کە تاکوو ئێستا بێبەشن لە تۆڕی کارەبا لە بەر دوورییان زۆر پێویستە و لە جیاتیی ڕاکێشانی ستوونی کارەبا و دانانی فیدەر و محاویلە. ئەم سیستمە زۆر گونجاوە تەنانەت حکومەت دەتوانێت لەسەر پارچە زەوییەک پلێتەکان جێگیر بکات و بە یەک جار کارەبا بۆ سەرجەم گوندەکە دابین بکات. خۆشبەختانە زۆر بواری ژیان سوودیان لەم زانست و پێشکەوتنە بینیوە. دڵنیام ڕۆژێک دێت تێچوونی سووتەمەنی و گرانیی دەستکەوتنی ناچارمان دەکات ڕوو بکەینە وزەی خۆر.


سەرچاوەکان //

* زانستی سەردەم
* مجلة العلوم
* دیزاینی مەزن (ستیڤ هاوکینگ )
* کەشکۆڵی گەردوون (جمال محمد امین)

# کاریگەری جەنگ لەسەر سیستەمی تەندروستی جیهان



د. گۆران عبداللە - بەریتانیا

هێرشی ڕوسیا بۆ سەر ئۆکرانیا یەکێک لە گەورەترین دەستدرێژییە سەربازییەکانە بۆ سەر سیستمێکی تەندروستی لە دوای جەنگی دووەمی جیهانەوە. بەڵام سەرباری زەرەر و زیانێکی زۆری گیانی و ماددی بۆ سەر کەرتی تەندروستی لە ئۆکرانیا، ئەو وڵاتە توانیی نەک تەنیا خزمەتی تەندروستی بەردەوامی پێ بدات، بەڵکوو ڕیفۆرمی جیددی و گرنگیش لە سیستمی تەندروستیی وڵاتەکەدا بکات. ئەو ڕیفۆرمە بووەتە جێگای سەرەنج و سەرسوڕمان و دەستخۆشیی پسپۆران و شارەزایانی بواری سیستم و سیاسەتی تەندروستی لە جیهاندا. لەم وتارە کورتەدا هەوڵ دەدەین گرنگترین ڕەگەزەکانی ئەو سەرکەوتنە مەزنەی سیستمی تەندروستیی ئۆکرانیا بخەینە ڕوو. هیوادارین ئەم ئەزموونەی ئۆکرانیا بۆ وڵاتی خۆشمان سوودی هەبێت و دەسەڵاتداران و بەرپرسانی سیستمەکەی لا خۆمان وانەی لێ وەربگرن.

ڕوسیا یەکێک لە هەرە گەورەترین هێرشە سەربازییەکان، کە لەسەر سیستمێکی تەندروستی کرابێت دوای جەنگی دووەمی جیهان لەسەر ئۆکرانیا بەرپا کرد. تاوەکوو سەرەتای ساڵی ٢٠٢٤، ڕوسیا، ١٦٨٢ هێرشی سەربازیی کردووەتە سەر دەزگا تەندروستییەکانی ئۆکرانیا. ئەم هێرشانە بووەتە هۆی مردنی ١٢٨ تەندروستکار و بریندار‌بوونی ٢٨٨ی دیکە. نزیکەی ١٢٤٢ دەزگای تەندروستی بە تەواوەتی یا بە شێوەکی بەرچاو خاپوور بوون لە دەرئەنجامی هێرشەکانی ڕوسیا.

سەرباری ئەم هێرشانە، سیستمی تەندروستیی

هەواڵنامەی کتێب

ئۆکرانیا توانیی نەک تەنیا بەردەوام بێت لە پێشکەشکردنی خزمەت بەڵکوو ڕیفۆرمی گرنگیش بکات. ڕیفۆرمەکانی سیستمی تەندروستیی ئۆکرانیا لە سێ ڕەگەزی سەرەکیدا دەکرێت کورت بکرێنەوە، کە پەیوەندییان بە خزمەتی تەندروستیی سەرەتایی و ڕیفۆرمی دارایی و حکومڕانیەوە هەیە.

**یەکەم: خزمەتی تەندروستیی سەرەتایی:**

یەکێک لە هەرە گرنگترین سەرکەتنەکانی سیستمی تەندروستیی ئۆکرانیا ئەوە بوو، کە خزمەتی تەندروستیی سەرەتایی کردە کۆڵەکەی سەرەکیی سیستمەکە و چەقی گرنگیدانی خۆی. ئۆکرانیا بە گوێی ئەو ئامۆژگارییە کرد، کە ڕێکخراوی تەندروستیی جیهانی و زۆرێک لە پسپۆڕانی بوارەکە پێشکەشیان کرد بەوەی، کە گرنگیی تەواو بە تەندروستیی سەرەتایی بدات. ئۆکرانیا لەوەدا سەرکەتوو بوو، کە ئەو بودجە کەمەی لە بەردەستیدا بوو بۆ خزمەتی تەندروستی، بەشێکی گەورەی تەرخان بکات بە خزمەتی تەندروستیی سەرەتایی لە بنکە تەندروستییەکاندا. بەمەش توانیی خزمەتی گرنگی وەکوو خزمەتی داکایەتی، منداڵ، بەساڵاچوان، کوتان و دەروندروستی بەردەوامیی پێ بدات. ئۆکرانیا هاوکات توانیی لە ماوەیەکی کەمدا ژمارەیەکی زۆری تەندروستکار و کارمەندی تەندروستی ڕابهێنێت بۆ پێشکەشکردنی ئەو خزمەتانەی کە لە کاتی ئاساییدا لە لایەن پزیشکانەوە پێشکەش دەکرێت. هاوکات، ئۆکرانیا توانیی سوود لە داهێنانەکانی بواری تەکنۆلۆژیا و داتا و پەیوەندی وەربگرێت بۆ ئاسانکردنی پێشکەشکردنی خزمەتی تەندروستی بۆ ئەو شوێن و کەسانەی، کە دووردەستن یا لە بەرەکانی جەنگن.

**دووەم: ڕیفۆرمی دارایی لە سیستمی تەندروستیدا:**

یەکێک لە گرنگترین ڕیفۆرمەکانی سیستمی تەندروستیی ئۆکرانیا لە شێوازی کۆکردنەوەی و خەرجکردنی داهات بۆ خزمەتی تەندروستی خۆی دەبنێتەوە. لەم بارەوە، ئۆکرانیا سەرچاوەکانی داهاتی تەندروستی زیاد کرد و باجی بەکار هێنا بۆ کۆکردنەوەی داهاتی زیاتر بۆ سیستمەکە لە پاڵ سەرچاوەی دیکەش. هەروەها شێوازی







خەرجکردنی پارەی لە سیستمی تەندروستی گۆڕی. بۆ نموونە سیستمی کاپیتەیشنی هێنایە کایەوە بۆ تەندروستیی سەرەتایی. بە گوێرەی ئەم سیستمە، ئەوانەی خزمەتی تەندروستیی سەرەتایی پێشکەش دەکەن بڕێکی پارەی دیاریکراویان پێ دەدرێت بۆ هەرکەسێک، کە لە نۆڕینگە کە تۆمار دەکرێت، ئیتر کەسەکە خزمەتەکە بەکار بهێنێت یا نا. هەروەها ئۆکرانیا لیستێکی لە خزمەتی تەندروستی ئامادە کرد، کە لە بنکە و نەخۆشخانەکاندا پێشکەش بکرێت، کە هەموو کەسێک کە ناونووس کراوە بۆی هەبێت ئەو خزمەتە وەربگرێت بەبێ جیاوازی. هاوکات ئۆکرانیا سیستمێکی وەکوو ئەوەی بەریتانیای دامەزراند و ناوی نا سیستمی تەندروستیی نیشتمانی، کە هەموو پارەکە لە یەک شوێندا کۆ دەکرێتەوە و دواتر بە چاودێرییەکی توندەوە خەرج دەکرێت. هاوکات هەوڵێکی زۆر لە ئارادایە بۆ کەمکردنەوەی گەندەڵی و بەهەدەردانی داهات.

## سێیەم: ڕیفۆرمی حکومڕانی

یەکێکی دیکە لە هەرە گرنگترین ڕیفۆرمەکانی سیستمی تەندروستیی ئۆکرانیا ئەوە بوو، کە دەسەڵاتەکان لە سەنتەرەوە شۆڕ کرانەوە بۆ ناوچەکان. ئۆکرانیا توانیی لە ماوەیەکی کەمدا پرۆسەی لامەرکەزیەت لە حکومڕانیی تەندروستیدا جێبەجێ بکات. لە ڕێی ئەم پرۆسەیەوە توانرا دەسەڵات بدرێتە شوێنە دووردەستەکان و شارەوانییەکان بۆ ڕاییکردنی کاروباری تەندروستیی خۆیان. بەمە توانرا، کە باشتر کێشەکان چارەسەر بکرێن چونکە خەڵک و دەسەڵاتدارانی ئەو ناوچانە باشتر لە بیرۆکراتەکانی ناو وەزارەتی تەندروستی لە پایتەختی وڵاتەکە لە کێشەکانی خۆیان تێدەگەیشتن. هاوکات پرۆسەکە پایەکانی دیموکراسیی پتەوتر کرد و متمانەی خەڵکی بە سیستمەکەش زیاتر کرد.

بە کورتی، ئۆکرانیا توانیی سەرکەوتنی گەورە لە ڕیفۆرمی تەندروستی جێبەجێ بکات. بەڵام ئەبێت ئەوە بوترێت، کە ئەم ڕیفۆرمە چەندین ساڵە دەستی پێ کردووە و دەستدرێژیی سەربازیی ڕوسیا پرۆسەکەی خێراتر و چڕتر کرد. هاوکات، هێشتا کێشە و ئاڵەنگاریی زۆر ماوە، کە سیستمی تەندروستیی ئۆکرانیا بەسەریاندا سەر بکەوێت. بەڵام سەرباری ئەمانە، سەرکەوتنەکانی ئۆکرانییەکان جێگای سەرنج و دەستخۆشی و لێوەفێربوونە و هیواداریین دەسەڵاتدرانی هەرێمی کوردستانیش ئەو ڕیفۆرمە بخوێننەوە و سوودی لێ وەربگرن.

# بۆچی گرنگی بە یارییە جۆراو جۆرەکانی بواری وەرزش بدرێت؟



ئومێد محەمەد پیرۆت

گرنگیدان بە هەموو یارییە جۆراوجۆرەکانی وەرزش پێویستی بە کارکردنێکی جیددی و دەستی گشتی هەیە، لە پاڵ ئەوەشدا هێزێکی گەورەی ماددی و مەعنەویی گەرەکە، تا کارەکتەرەکان بتوانن بە باشی کارەکانیان بۆ بەرەوپێشبردن و گەیاندنەلووتکەی یاریزانان ڕایی بکەن.

ئەوەتا لە وڵاتانی بیانیدا هەموو یارییەکان لە ناو بواری وەرزشدا بە یەک ئاڕاستە و بە دادپەروەرانە گرنگییان پێ دەدەن و کردنەوەی خول و پاڵەوانێتیەکان و زیادکردن و بەهێزکردنی یاریزانانی یارییە جۆراوجۆرەکان دیارترین بەرهەمە جوانەکانیانن.

ئەوەی لە کوردستاندا دەبینرێت، تەنیا کارکردنە بۆ گرنگیدان بە تەنیا یەک یاری و ئەویش تۆپی پێیە. بەداخەوە چەند ساڵێکە یارییەکانی تر، جگە لە تۆپی پێ، خولەکانیان، گرنگیپێدانەکانیان، دروستبوونی یاریزانانیان، جێگەی ئەوە نین هیوای زۆرمان بەوە هەبێت، کە لە یارییە جۆراوجۆرەکانی بواری وەرزش، جگە لە تۆپی پێ پاڵەوانی زۆرمان لەسەرئاستی عێراقدا هەبێت، ئەم قسەیەم ڕێکخراوی (ژیما) ناگرێتەوە، چونکە ئەم ڕێکخراوە بە پێچەوانەی دۆخی ئێستای وەرزشی هەندێک لە یانەکانی کوردستان، زۆرترین یاریزانی بۆ کوردستان و عێراق بەرهەم هێناوە، توانیویانە کاریگەر بن لە بوارەکەدا لەسەر ئاستی عێراق بۆ بەرهەمهێنانی یاریزانانی باسکە، بەڵام بەداخەوە دۆخی وەرزشی ئێستای کوردستان ساڵ بەساڵ تیپی یارییە جۆراوجۆرەکان لە یانەکاندا بەرەو نەمان

دەچن، بگرە زۆر لە یارییەکان لە هەندێک یانەدا نەشماون.

ئەوەی ئەمڕۆ لە کوردستان دەیبینین، پاشەکشەی ئارەزوومەندانی یارییەکانی ترە، بە بەراورد بە تۆپی پێ، چێژ و خۆشی و جموجووڵێکی زۆر لە ناو کایەی وەرزش وشک هەڵاتووە و ئەمەش لایەکی هاندان و خۆشیی جەماوەری وەرزشی بەرەو سستی بردووە. کەمبوونەوەی خولەکانی یارییە جۆراوجۆرەکانی ناو بواری وەرزش بۆ یانەکان، کەمبوونەوەی بەرهەم و پێگەیاندنی یاریزانانی ئەو جۆرە یارییانەی لێ کەوتووەتەوە لە ناو یانەکاندا وەک (تۆپی دەست و تۆپی باسکە و تێنسی سەر زەوی و هتد...) تا ڕاددەیەک تۆپی بالە باشترە.

هەر بۆیە ئەمە وا دەکات بە هۆی نەبوون و پێگەیاندنی یاریزانانی ئەم یارییانە، کەمتر وەرزشکارانی کورد بەشداری هەڵبژاردەی وڵاتەکەی خۆیان بکەن و لە دەرەوەی سنووری وڵاتەکەی خۆیانەوە دەربکەون، کە ئەمە زیانێکی یەکجار گەورە بە دەروون و خۆپێگەیاندنی یاریزانانی یانەکان دەگەیەنێت و بێهیوایی جێی ئەمە دەگرێتەوە.



گرنگیدان بەم یارییانە وا دەکات ژمارەیەکی زیاتر لە لاوان سەرقاڵ بکات بە خۆیەوە، بەتایبەت ئەو لاوانەی ئارەزوومەندن بە یارییەکانی تری بواری وەرزش، جگە لە تۆپی پێ، هەروەها لە ڕێگەی ڕاهێنەرانیشەوە ڕێنمایی دەکرێن و بە پەروەردەیەکی جوانی وەرزشی گۆش دەکرێن و باش پەروەردە دەکرێن و دەبنە نموونەیەکی جوان لە ناو کۆمەڵگادا، ئەمەش لە پێناو کۆمەڵگایەکی تەندروست و باشدا. جگە لەمە گرنگیدان بەم یارییانە، سەرقاڵکردنی ژمارەکی زۆری کادیرانی وەرزشییە بە پەروەردەکردنی لاوان و منداڵان، لە فێرگەکان و هەم لە تیپەکاندا، بەمەش خۆشیی چالاکی و جموجووڵی وەرزشی، پانتایی زیاتر لە ڕۆحی ئارەزوومەندەکانی دەگرێت، بە بەراورد لەگەڵ خۆشی و کاتبەسەربردن لە کافتریاکان و خۆشیی کاتە بەتاڵەکاندا.

چی بکرێت باشە؟ پێویستە لایەنی پەیوەندیدار، هەموو لیژنەکانیان چالاک بکەنەوە، لە هەرشارێک خەڵکانی ئارەزوومەند و پەیوەندیدار بەو یارییانە ڕابسپێررێن و گرنگی بە فێرگە و خول و ڕاهێنەران بدەن، تا هەر نەبێت سەرەتایەک لە کارکردن بۆ پێشخستنی ئەم یارییانە بناغەی بۆ دابڕێژرێ، چی تر دۆخی وەرزشی لە ناو چوار دیواری ئەستووردا قەتیس نەبێت، تەنیا بە گرنگیدان بە یەک یاری، کە وایە پێویستە دۆخێک بێنینە ئاراوە پێشنیار و تێبینییەکان بۆ پێشخستنی یارییە جیاجیاکانی بواری وەرزش، بکرێن بە پراکتیکی و لە قۆناغی تەنیا گوێگرتنەوە بچینە نێو قۆناغی بەپراکتیککردنی پێشخستنی کۆی یارییەکانی بواری وەرزش و بەجەماوەرکردنیان و گرنگیپێدانیان لە کوردستاندا بکرێتە کولتوور.

# Pirsî KURD

Govarêkî Roşnbîrî Giştî Serbexoy Werzîye
Jimare (2) Sal'î Yekem - Payzî 2724Ku- 2024 z

## - Nêrgiz Le Dozexî Enfalda

## - Êzîdyekan Kurdin Êmeyn Mameley Kurdyan Letekda Nakeyn

## - Mêjûî Jin u Hengawêkî Bwêr

## - Malî Ktêb

هەواڵنامەی کتێب

# KURDISH ISSUE MAGAZINE

No. (2) Autumn 2024